# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

نەجمەدین عەزیز سمایل

## بەرگی دوانزەهەم

کوردستان- هەولێر - ٢٠٢٥

* ناوی کتێب: خۆم و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی دوانزەهەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمانەوانی: بەهادین جەلال مستەفا
* نەخشەسازی و بەرگ و سەرپەرشتیی چاپ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٢٥٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر
* مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
* نرخی (١٠،٠٠٠) دینارە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٢٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە.

# پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لەسەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

هەواڵنامەی کتێب

## خوێنەرانی بەڕێز..

## ئەو ڕاستییەی دەبێت بوترێت

ڕوون و ئاشکرایە یەکێک لە کۆڵەگە هەرە گرنگەکانی(نەتەوە - القومیة) زمان و ڕۆشنبیری و کولتوور و بەرژەوەندیی هاوبەشە، لەم سۆنگەیەوە بیرۆکەی ئەم پرۆژە ئەدەبییەم و دەسپێکردنی بە ڕاوێژکردنم لەگەڵ هەردوو هاوڕێی دێرینم شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نازم دڵبەند و نووسەر و ڕۆژنامەنووس هیوا سەرهەنگ بوو، بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم لە گەڵ شاعیر و نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندانی کورد، بەو پێیەی هەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩، چ لەو کاتەی قوتابیی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووم و، کارکردنم وەکو(مذیع- بێژەر)لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا و، تا وەکو سەرۆکی بەشی لێژنەی(تعضید و النشر) و سەرۆکی بەشی(الثقافي- ڕۆشنبیری)ماوەیەک و، ناوبەناویش سەرۆکی هەردوو بەش بوویمە لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی حوکمی زاتی لە هەولێر و، تێکەڵ بوونم لەگەڵ ئەدیب و ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی هەموو کوردستان، سەرەتا دەستم بە نووسینی بیرەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستاکانم لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا کردو، دواتریش ئەو شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانەی کە کارم لەگەڵیاندا کردووە، پاش تەواوکردنی نووسینی بەرگی یەکەم، دیسان هەر بە ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوڕێکانم لەوانە (هیوا سەرهەنگ، ئیحسان ڕەشاد موفتی، نازم دڵبەند، حەمید بەرخان) بە هاوکاریی هونەرمەندی دیزاینەر مامۆستا عوسمان پیردواود کواز بەرگی کتێبەکەمان بە ناوی(خۆم ئەستێرە گەشەکان) دیارکرد، دیارە دیسان هەر بە هاندانی هاوڕێکانم و ئێوەی ئازیز و شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان بەردەوام بووین تا گەیاندمانە (١٢) بەرگ کە تێیاندا (٩٢٨) شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی هەموو کوردستان (باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، وڵاتانی(پشتی قەوقاز- ما وراء القوقاز) و ئەورووپا و ئەمەریکا و

کەنــەدا و ئوســتراليا، ژيــان و بەرهــەم و چالاكييەنيانــم تۆماركــردووە، بەبــێ جياوازيی(ڕەگەز، ئايين، مەزهەب و بيروباوەڕ).

لێرەدا دەمەوێت ئەو ڕاستييە ڕوون بكەمەوە كە من لە وڵاتی هۆڵەندا دەژيم لە بەر نەبوونی كتێبخانە و كەمی سەرچاوەی نووسراو، بەڵام لە پاش ساڵی ٢٠٠٠ەوە، بەبوونی ئەنتەرنيت و سايتە ئەليكترۆنييەكان و ڕێكخراوی كورديپێديا و چەندين سەرچاوەی ديجيتاليی ديكەش بۆ كۆكردنەوەی زانياری لەسەر ژيان و بەرهەمی ئەو كەسانەی لە ژيان نەماون، سوودم وەرگرت، جگە لە زانياريی خۆم و زانياريی ئەو نووسەر و پسپۆر و شارەزايانەی بواری زمان و ئەدەبی كوردی، بۆ ئەو كەسانەشی كە لە ژياندا ماون، بەشی هەرە زۆريان پەيوەنديم پێوەكردوون و، زانيارييەكانم لە(خودی)خۆيان بەزارەكی(شفهي)وەرگرتووە، يان بە نووسين بۆيان ناردووم، منيش بە شێوازی خۆم، ئەوەی بەكەڵكی كتێبەكە هاتبێت نووسيومە، دەمەوێت ئەوەش بڵێم بۆ ڕاستی و دروستی و ورديی زانيارييەكان، پەيوەنديم بە ژمارەيەكی زۆر لە شاعير و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر و پسپۆرانی بواری زمان و ئەدەبی كوردی لە ئەورووپا و هەموو كوردستان(باشوور، باكوور، ڕۆژهەڵات ڕۆژئاڤا) كردووە، ئەوانيش هيچ دريغی و بەخيليیەكيان نەكردووە لە دەوڵەمەندكردنی زانيارييەكانی ناو هەموو بەرگەكان، هەر لێرەدا دەمەوێت فەرامۆشی ماندووبوونی ئەوانيش نەكەم، كە ئەم بەڕێزانەن: لە ئەورووپا و دەرەوەی كوردستان(فەرهاد شاكەلی، دكتۆر جمشيد حەيدەری، ڕەوانشاد سەربەست بامەڕنی، دكتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، هيوا سەرهەنگ، دكتۆر جەبار قادر، حەسەن سەيفی قازی، كەريمی حيسامی، ڕەزا شوان، حەميد بەدرخان، زانا خەليل، سەلام محەمەد، خاتوو پەيمان سەرهەنگ، خاتوو سەلما تۆما كاكۆ، خاتوو بەيان سەلمان، خاتوو نارين عومەر، هاشم عەلی مەندی، بەدەل ڕەفۆ... و عەبدولوەهاب تاڵەبانی) و لە هەولێر(فەرهاد عەونی، ممتاز حەيدەری، ئازاد عەبدولواحيد، عەبدولڕەحمان فەرهادی، نازم دڵبەند، ئيحسان ڕەشاد موفتی، دكتۆر وريا عومەر ئەمين، تاريق جامباز، قاسم شێروانی، حەمە ساڵح فەرهادی، حەيدەر عەبدولڕەحمان، ڕەوانشاد زاهير عەبدوڵڵا، بەكر مەعروف، سەعدون يونس، خاتوو سروە عوسمان، بەهرام محەمەد

تاهیر، مەسعود پەرێشان، محسن ئاوارە، جەمال مەولود بڵباس، محەمەدە زادە، دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، دکتۆر مەغدید سەپان، ڕەوانشاد دکتۆر ئازاد عوبێد، دکتۆر هاوژین سلێوە، نیعمەت عەبدوڵڵا، سالار کۆشار، سابیر ڕەشید، مەغدید حاجی و چەندانی دیکەش) لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان هەر یەک لە(خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، عەبدوڵلا عەباس، ئەحمەد حسێن، دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، ئەمین محەمەد، محەمەد ساڵح عەبدولکەریم بەرزنجی، عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی، جەمیل مەلا قەرە، خالید فاتیحی، ئیبراهیم هەورامی، ئاراس حەمە ساڵح، جەواد بۆکانی، نازم کەریم و سۆران نەدار)، لە دهۆکیش هەر یەک لە(حەسەن سلێڤانی، ئیسماعیل بادی، موسەدەق تۆفی، حەجی جەعفەر، شەماڵ ئاکرەیی، جەمال بەرواری، هێرش کەمال ڕیکانی) لە ڕۆژئاڤاش(کۆنێ ڕەش و بەشیرە دەرویش، ئیبراهیم عەباس)زۆر سوپاسی هەر هەموویان دەکەم.

بێ گۆمان هەر نووسینێک لە هەر بوارێکدا بێ کەم و کوڕی نابێت و ڕەخنەی لێدەگیرێت، خۆ ئەگەر ڕەخنەی لێنەگیرا واتە(بەمردوویی لە دایکبووە) بۆیە لێرە و لەوێ ڕەخنەم لێگیراوە کە گوایە پۆلێنکردن و ڕیزبەندیی ناوی شاعیر و نووسەران بەپێی(پیتی ئەبجەدی- حروف ابجدي) نەبووە، منیش بەپێی ناسین و زانیاریم لەگەڵ بەشێکی زۆری ناوەکان نەهاتمە سەر ئەو قەناعەتەی کە بۆ نموونە ناوەکانی ڕەوانشادان(مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، شوکر مستەفا، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و چەندنی دیکەش) کە ناوەکانیان بەپیتی(م، ش، ع) دەستپێدەکات بکەونە بەشی دواوەی بەرگەکان، کەچی نووسەرێک کە ناوی بەپیتی(أ، یان ب)دەستپێدەکات بکەوێتە سەرەتای هەر بەرگێک، ئەمەش لە نرخ و ئاستی ئەوانی دیکە کەم ناکاتەوە، بە هەرحاڵ بەرگەکان لە بەردەستی خوێنەرانی کورددان، دەتوانن زۆر ئازادانە ڕەخنەی لێبگرن و زۆریش بەخۆشحاڵی و سنگفراوانی وەریدەگرم و سوودیشی لێوەردەگرم.

ماوەتەوە بڵێم زۆر سوپاسی هەر یەک لەم شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر و لێکۆڵەرانە مامۆستایان (نازم دڵبەند، هیوا سەرهەنگ، فەرهاد شاکەلی، ڕەوانشاد سەربەست بامەڕنی، ممتاز حەیدەری، ڕێبوار سیوەیلی، خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، فەرهاد عەونی، عەبولڕەحمان

مزووری، جان دۆست و حەمەکەریم هەورامی) بکەم کە پێشەکی هەر(١١) بەرگی زنجیرە کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان)یان بۆ نووسیوم و زۆر سوپاسی ماندووبوونی هەر یەک لە هاوڕێیانی دێرینم نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهائەدین جەلال مستەفا و هونەرمەندی دیزاینەر عوسمان پیرداود کاواز نووسەر و ڕۆژنامەنووس هیوا سەرهەنگ و هاوسەرەکەی خاتوو پەیمان سەرهەنگ و هاوسەرەکەم خاتوو نەسرین حەسەن ئیسماعیل دەکەم، کە وەکو ستافی ئەم پرۆژەیە شەونخوونیان لە گەڵدا کردووم، ئیتر دەست و چاوی هەر هەمووتان ماچ دەکەم.

**نەجمەدین عەزیز سمایل**
**ئەمستلفین- هۆڵەندا**
**٢ - ٢ - ٢٠٢٤**

هەواڵنامەی کتێب



# مەلا محەمەدی شەلماشی

زانـای ئایینـی و نووسـەر و وەرگێڕ و شـارەزای کەلتـوور و کەلەپـووری کـوردی، ڕەوانشـاد مـەلا محەمـەدی شـەلماشـی لـە ڕۆژهـەڵاتـی کوردسـتان...

مامۆسـتا و زانـا و نووسـەر و وەرگێـڕ مـەلا محەمـەدی شەلماشـی لـە سـاڵی ١٩٣٢ لـە گوندی(شـەلماش)ی سـەر بەناوچـەی سـەردەشتی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە خێزانێکـی ئایینپـەروەر لـە دایـک بـووە، باوکـی نزیکـەی (٥٠) سـاڵ مـەلا و پێشـنوێژی مزگەوتـی شەلماشـی بـووە، ئـەو بـرای شـەهید(مەلا ئاوارە)یـە، سـەرەتا لـە حوجرەی باوکـی دەسـتی بەخوێندنـی ئایینـی کـردووە و(تۆمـار و ئەحمـەدی و گوڵسـتان و بۆسـتان)و هەندێکیـش قورئانـی پیـرۆزی خوێنـدووە و بووەتـە فەقـێ، دواتـر بـۆ خوێنـدن چووەتـە حوجرەی(مـەلا عەلـی موفتـی ناسـراو بـە قازیـی سـەردەشـت)، پاشـان بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لای مـەلا سـاڵحی گۆیژەیـی لـە گوندی(گەلاوێ)زانسـتە ئایینییەکانـی لە(أصـول الفقـة- العقیـدة)ی خوێنـدووە و بـۆ درێـژەدان بـە خوێندنـی زانسـتە ئایینییـەکان کوێسـتان و گەرمیانـی کـردووە و لەنێـوان سـنوورەکانی ڕۆژهـەڵات و باشـوور هاتوچـۆی کـردووە، دواتـر دووبـارە گەڕاوەتـەوە لای مـەلا عەلـی موفتی(قازیـی سـەردەشت)،(تسـریح افـلاک و رسـالة الحسـاب)ی خوێنـدووە و هـەر لەسـەر دەسـتی ئەویـش ئیجـازەی مەلایەتـی وەرگرتـووە.




لە لای ڕاستەوە: زانای ئایینی و نووسەر مەلا محەممەدی شەلماشی، میدیاکار مامۆستا کاوە ئەمین

مـەلا محەمـەدی شەلماشـی بەهـۆی هەڵوێسـتە سیاسییەکانی و نزیکبوونـی لـە حیزبـی دیموکراتـی ئێـران تووشـی چەندیـن گیروگرفـت و لێکۆڵینـەوە و لێپێچینـەوە بـووە، بۆیـە لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو بەناچـاری ڕووی لـە باشـووری کوردسـتان کـردووە و لـە شـاری سـلێمانی نیشـتەجێبووە، پـاش تاقیکردنـەوە پێکردنـی لـە لایـەن مـەلا و زانایانـی ئایینیـی سـلێمانی، بووەتـە مـەلا و پێشـنوێژی مزگەوتـی(عومـەری کـوڕی خەتـاب) دواتـر لەسـەر داخوازیـی ڕەوانشـاد شـێخ محەمـەدی خـاڵ بووەتـە ئیمامـی مزگەوتی(مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی)هەر لـە شـاری سـلێمانی.

ئەو ماوەیەک لە شاری(هلسنکی)ی وڵاتی فنلندا ژیاوە و دواتر گەڕاوەتەوە باشـووری کوردسـتان و، لـە شـاری سـلێمانی ژیـاوە، تـا لـە ڕۆژی ٥ - ١٢ - ٢٠٢٤ کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

مـەلا محەمـەدی شەلماشـی یەکێکـە لـەو مەلایـە دەگمەنانـەی کـە لـە تـەک نووسـینی زانسـتە ئایینییەکان، چەندین نووسـینی لە بواری وەرگێڕانی(ڕۆمان) و کۆکردنـەوەی کەلتـوور و کەلەپـوور و حیکایەتـی کـوردی و پەنـد و قسـەی نەسـتەق و قسـەی زانایـان هەیـە، هەمـووی لـە چەنـد کتێبێکدا چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:

- کتێبی(بێ نەوایان) نووسینی ڤیکتۆر هۆگۆ، وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی.
- کتێبی(خەرمان لۆغە)، چاپی یەکەم و دووەم.
- کتێبی(مەجلیسی ئەولیا) بەرگی یەکەم و دووەم، ساڵی ١٩٩١.
- کتێبی(خاپەڕۆ) پەند و ئامۆژگاریی زانایان، نووسین و کۆکردنەوەی خۆی، چاپی یەکەم، هلسنکی- فنلندا، ٢٠٠٢،








زانای ئایینی و نووسەر و وەرگێڕ ڕەوانشاد مەلا محەمەدی شەلماشی



شەهید مەلا ئاوارە

–




**بەرهەمەکانی زانا و نووسەر و وەرگێڕ مەلا محەمەدی شەلماشی**

هەواڵنامەی کتێب

کتێبی(سەوزی و میوەی شیفا بەخش)، وەرگێڕان.

– کتێبی(دەنگی مینبەر)پێشنوێژ و خوتبە خوێندن لە خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی، سلێمانی ١٩٨٢.

سەرچاوەکان:

١ – کوردیپێدیا.

٢ – ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسینێکی مامۆستا کامەرانی مەلا ئەحمەد، لە ٨ – ١٢ – ٢٠٢٤.

٣ – فیلمێکی دوکیومێنتاریی کەناڵی NRT٤، لە ١٧ – ٧ – ٢٠١٩.

٤ – فیلمێکی دوکیومێنتاری لە کەناڵی Rudaw،(بەرنامەی پەنجەمۆر)بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار کاوە ئەمین. لە ٢٣ – ٤ – ٢٠٢٢

٥ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## مستەفا نەریمان

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستای پەروەردەکار و نووسەر و ڕووناکبیری ناسراوی کورد ڕەوانشاد مستەفا نەریمان ...

ناوی تەواوی(مستەفا کوڕی سەید ئەحمەد بەرزنجی)یە، لە ناوەندی پەروەردە و ئەدەب و ڕۆشنبیری بە مستەفا نەریمان ناسراوە، لە ٢٨ - ٦ - ١٩٢٥ لە شاری (کفری) شاری وەزیران لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کفری و کەرکووک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٤٤ خانەی مامۆستایانی لە شاری بەغدا تەواوکردووە و، بووەتە مامۆستا لە شارۆچکەی کەلار(ئەو کات)، لە ساڵی ١٩٤٢ پەیوەندی بەحیزبی (هیوا) کردووە و، ساڵی ١٩٤٦ بووەتە ئەندام لە(پارتی دیموکراتی کورد) کە ئێستا(پارتی دیموکراتی کوردستان) ە، لە بەر هەڵوێستە سیاسی و کوردپەروەرانەکەی چەندین جار دەستگیر کراوە و، بۆ ماوەی کورت کورت زیندانی کراوە و لە کاری مامۆستایش دوور خراوەتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە سەر کاری مامۆستایی خۆی و، لە ساڵی ١٩٤٨ گواستراوەتەوە شاری کەرکووک و تا ساڵی ١٩٦١ لەوێ ماوەتەوە، هەر لە ساڵی ١٩٦١ ماوەیەکی کورت گیراوە و دواتر ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ و ١٩٦٦ بۆ جاری دووەوم و سێیەمیش دەستگیرکراوە و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمال بابان، مامۆستا عەزیز پشتیوان، نووسەر مستەفا نەریمان**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مستەفا نەریمان، نووسەر و مێژوونووس عەلائەدین سەجادی،**
**نووسەر و مێژوونووس جەمال بابان**

دواتر ئازادکراوە، پاشان چووەتە شاری بەغدا و لەوێ نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ١٩٦٧ گەڕاوەتەوە سەر کاری مامۆستایی و بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە بەغدا و، لە ساڵی ١٩٧٠ تاوەکو ساڵی ١٩٨٢ وەکو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەردەوام بووە و، ماوەی(٣٨) ساڵ لە بواری پەروەردە و فێرکردن خزمەتی کردووە.

مامۆستا و نووسەر و ڕووناکبیر مستەفا نەریمان لە ساڵی ١٩٤٣ دەستی بەنووسینی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی و پەروەردەیی و وەرگێڕانی هاوبەش کردووە، ئەو زیاتر لە(٢٠) کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، لە(٢٠) کتێبی پەروەردەییش تایبەت بە پرۆگرامی قوتابخانەکان لەگەڵ نووسەرانی دیکە بەشدار بووە، ئەمانەش هەندێ لە بەرهەمەکانی نووسەر مستەفا نەریمان- ن:

- هاواری لاوان، چاپخانەی الجامعة- بەغدا، ١٩٥٣.
- هەڵبەست بۆ قوتابیان، چاپخانەی تەرەقی، کەرکووک، ١٩٥٥.
- عەلی ئەفەنی، چاپخانەی شیمال، کەرکووک، ١٩٥٨.
- شا ڕووخا، چاپخانەی شیمال، کەرکووک، ١٩٥٩.
- کتێبخانەی کوردی، چاپخانەی شارەوانی، کەرکووک، ١٩٦٠.
- مامۆستای نەمر، چاپخانەی الامة، بەغدا، ١٩٧١.
- بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی ١٨٧٨-١٩٧٥، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٧.



**لە لای ڕاستەوە: مێژوونووس دکتۆر جەمال ڕەشید، نووسەر دکتۆر کوردستان موکریانی، مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی، موسڵح جەلالی، نووسەر و مێژوونووس و وەرگێڕ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، نووسەر مستەفا نەریمان، نەناسراوە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری**

- توێژینەوەیەک لە پێنج بەهرەی نجم الدین مەلا، چاپخانەی دار الحریة، بەغدا، ١٩٧٩.
- ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٨١.
- وشەی کوردی لە هەڵمەتی نیشتمانی گشتی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمیدا، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨١.
- ما أسداه الکرد الی المکتبة العربیة، مطبعة الحسام، بغداد، ١٩٨٣.
- فەرهەنگی ئەدیبان و نووسەرانی کورد، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، ١٩٨٦.
- شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ، بەغدا، ١٩٨٧.
- بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٨٨.
- بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەی «هاوکاری»، بەغدا.
- دیوانی مینە جاف، بەغدا، ١٩٩٠.
- دەیان وتار و کورتەباس و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆری لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو( گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە، ڕۆژی نوێ، هاوکاری، ڕۆشنبیری نوێ، بەیان، ڕەنگین و چەندانی دیکەش) بڵاوکردۆتەوە.
- دەیان نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگر تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی نووسەر مستەفا نەریمان.

نووسەر و ڕووناکبیر مستەفا نەریمان چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٥٧ یەکەم ڕۆژژمێری کوردی لە چاپداوە و لەسەر ئەمەش دەستگیرکراوە، دواتر دوو ڕۆژژمێری دیکەی کوردیشی داناوە بەناوەکانی(کوردستان، پیرەمێرد).
- ساڵانی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ بەشداریی هەر دوو کۆنگرەی مامۆستایانی کوردی کردووە.
- ئەو یەکەم کەس بووە بیبلۆگرافیای بۆ کتێبی کوردی داناوە.
- ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری(بەیان)بووە.



**بەرهەمەکانی نووسەر مستەفا نەریمان**

- ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری(ڕەنگین)بووە.
- ماوەیەکیش جێگری سەرنووسەری گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)بووە.

ئەو لە ٢٧ - ٥ - ١٩٩٤ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی(محەمەد سەکران)بەخاک سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ئەرشیفی دیجیتالی بنکەی(ژین).

٤ - مستەفا نەریمان، فەرهەنگی ئەدیبان و نووسەرانی کورد، لاپەڕە ١٣٧.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

هەواڵنامەی کتێب



# کەریم زەند

هەواڵنامەی کتێب

نووسەر و گەریدە و جوگرافیاناس و مێژوونووس و وەرگێڕ ڕەوانشاد کەریم زەند....

ناوی تەواوی(کەریم کوڕی حەمەئاغای کوڕی ئەمین ئاغا)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسییەوە بە کەریم زەند ناسراوە، لە ساڵی ١٩٢٥ لە گەڕەکی(مەڵکەندی)ی ناو شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی ئایینی و سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٤٤ خانەی مامۆستایانی لە(أعظمیة)ی شاری بەغدا تەواوکردووە و بۆ ماوەی ساڵێک بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەی(فەیسەلییە)ی سلێمانی، پاشان چووەتە ئازربێجان و لەوێشەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٤٦ بەشداریی لە کۆماری کوردستان(مهاباد)کردووە، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان چووەتە ڕووسیا، دواتر هاتۆتەوە کوردستان.

نووسەر و گەریدە و جوگرافیاناس کەریم زەند ساڵی ١٩٣٨ تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە لە گەڵ(کۆمەڵەی برایەتی، حیزبی هیوا، ژێکاف-ژیانەوەی کورد، کاژیک و پارتی دیموکراتی کورد)، ئەو وەکو گەریدەیەک



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر کەریم زەند، قانیعی شاعیر، هونەرمەند ڕەفیق چالاك، شاعیر شێخ نوری شێخ ساڵح**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، نووسەر کەریم زەند، نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر سەڵاح هروری، نووسەر ڕەوانشاد ئیسماعیل تاهیر**

هەر لە ئەرمینیاوە تا کەنداو و لە چیاکانی زاگرۆسەوە تا ئەسکەندەرۆنە بەپێ گەڕاوە و، بۆ ماوەی(١٣) ساڵ بەمەبەستی نووسینەوەی جوگرافیای کوردستان کە خۆی ناوی لێناوە(قۆچانی ڕەش)، لە ساڵی ١٩٥٨ بڵاوی کردۆتەوە، بەهۆی هەڵوێستە کوردپەروەرانەکەی خۆی و ماڵ و منداڵەکانی سەرماو گەرما و دەردەسەرییەکی زۆریان بینیوە، دووساڵ لە زیندانی(ئەبوغرێب و بەندیخانەی ناوەندی)ی بەغدا زیندانی کراوە، دواتر بۆ

ماوەی(٧)ساڵ دوورخراوەتەوە ناحیەی(قلعة سکر) لە لیوای (ناصرية)، دواتر بۆتەوە مامۆستا و لە ساڵی ١٩٦٨ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشیکراوە.

نووسەر کەریم زەند لە ساڵی ١٩٤٠ دەستی بەنووسین کردووە و بەگەریدەیی هەر چوار پارچەی کوردستان گەڕاوە و، زانیاریی تەواو و ڕاستی لەسەر زۆربەی شوێنەکان و هۆز و تیرە و ڕەگەز و زمان و شێوەزار و مێژووی کوردستانی گەورە تۆمارکردووە، زۆربەی گەشتەکانی بەپێ بووە، ئەو(١٢)کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە و زیاتر لە(٦٠٠) وتار و کورتە باسی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، هەندێ لە بەرهەمەکانی ئەمانەن:

- تێبینییەک لە ئابووریی سیاسیدا.
- پیرۆزگە: دەستنووسی کەریم زەند.
- تۆماری تەمەن، بەرگی چوار، سوڕی ژیان، سلێمانی ٢٠٠٣.
- تۆماری تەمەن، بەرگی هەشت، کوردستانی پەرەکراو، سلێمانی ٢٠٠٨.
- تۆماری تەمەن، بەرگی شەش، پەیک، سلێمانی ٢٠٠٦.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر کەریم زەند، مامۆستا ئەنوەر عارف، مامۆستا عەبدوڵڵا سۆفی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر کەریم زەند، نووسەر کاکەی فەلاح، مامۆستا ئەکرەم قەرەداغی، نووسەری ڕەوانشاد عەبدولکەریم شێخانی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر کەریم زەند، بەڕێز ئاسۆ کەریم زەند کوڕی نووسەر کەریم زەند، خاتوو ئامینە غەفور هاوسەری کەریم زەند**

- تۆماری تەمەن، گەشەی زەند، هەولێر ٢٠٠٤.
- میللەتی کورد، سلێمانی ١٩٧٠.
- تۆماری تەمەن، بەرگی یەک، گەشت، سلێمانی ٢٠٠٤.
- گەشتی زەند، هەولێر ٢٠٠٤.
- زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان، ١٩٧٧.

- تۆماری تەمەن، بەرگی پێنج، ڕەو، ٢٠٠٥.
- بەهائی کێیە و چییە؟
- تۆماری تەمەن، بەرگی سێ، خەرمان - شار.
- کورتەی جوگرافیای کوردستان، ١٩٥٨.
- تۆماری تەمەن، بەرگی دوو، کوردستانی پەرتکراو، ١٩٩٢.
- کرکوک والسليمانية صنوان، ١٩٩٢.
- کورتەباس، بەرەی هەقە.
- یەکەم کەس بووە کتێبی(ئینجیلی)وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

چەندین نووسەر و لێکۆڵەر، زۆر وتار و لێکۆڵینەوەیان لەسەر خودی کەریم زەند و بەرهەمەکانی نووسیوە، لەوانە(نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد محەمەدی مەلا کەریم و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل



لە لای ڕاستەوە: خاتوو چرۆ کەریم زەند کچی نووسەر کەریم زەند، نووسەر کەریم زەند







نووسەر کەریم زەند لە دوو کاتی جیاوازدا






بەرهەمەکانی نووسەر کەریم زەند

هەواڵنامەی کتێب

بادی و چەندانی دیکەش).

نووسەر و وەرگێڕ و مێژوو و جوگرافیاناس کەریم زەند چەندین جموجۆڵ و چالاکی و خزمەتی لە بوارە جۆربەجۆرەکان کردووە لەوانە:

- لە سەدەمی کۆماری کوردستان(مهاباد) ماوەیەک مامۆستای زمانی کوردی بووە.
- دبلۆمی باڵای لە قاهیرە وەرگرتووە.
- پلەی زانستیی(پرۆفیسۆر)ی لە لایەن زانکۆی(ماینز گۆتینبێرگ)ی ئەڵمانی پێبەخشراوە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی کورد بووە.
- سەرپەرشتیاری نەهێشتنی نەخوێندەواری بووە.
- بریکاری سەندیکای مامۆستایانی کوردستان بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکانی(ڕۆژی نوێ و نووسەری کورد) بووە.

- ماوەیـەک جێگـری ئەنجومەنـی پارێـزگای سـلێمانی بـووە و خۆبەخشـانە خزمەتـی کـردووە.
- ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی لە فیستیڤاڵی هەڵبەستی کوردی لە دهۆک کردووە.
- چەندین جـار لـە لایـەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیری و حکومییـەکان خـەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

لـە ڕۆژی ١٠ - ١٠ - ٢٠١٧ لـە شـاری سـلێمانی کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

١ - کوردپیپێدیا.
٢ - ویکیپیدیا - ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٣ - دوو فیلیمـی دوکیومێنتاریـی تەلەفزیۆنـی ڕووداو لـە ٢٥ - ١١ - ٢٠١٤ و لـە ١٠ - ١٠ - ٢٠١٧.
٤ - فیلمێکی دوکیومێنتاری لە Youtube.
٥ - ماڵپەڕی فەیسبووکیAware Nabee.
٦ - نووسینێکی نووسەر و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی لە ١٠ - ١٠ - ٢٠١٧.
٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

هەواڵنامەی کتێب



# دکتۆر عەلی گەلاوێژ

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و میدیاکارێکی(چـەپ)، هەڵگـری بیروباوەڕی(ئەنترناسیۆلیزم)ی جیهانی، کوردپەروەرێکی بێ وێنە، ڕەوانشـاد دکتـۆر عەلـی گەلاوێـژ...

نـاوی تەواوی(عەلی کوڕی برایم خان کوڕی سـەڵاح)ە، لـە سـاڵی ١٩٢٢ لـە گوندی(سـاروقامیش)ی ناوچەی(بـۆکان) لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە دایـک بـووە، لـە لای باوکییـەوە لـە عەشـیرەتی فەیزوڵـڵا بەگـی موکرییـە، لـە لای دایکیشـی دەچێتـەوە سـەر بنەماڵەی(ئەردەڵان)ییـەکان، بەهـۆی کاری(برایـم سـەڵاح)ی باوکـی کـە پلـەی ئەفسـەری هەبـووە لـە سـوپای ئێـران و لـە شـاری(تەورێز)بووە، دکتـۆر عەلـی گەلاوێژ لە منداڵییـەوە چووەتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی(فیردەوسـی) هـەر لـە شـاری تەورێـز و سـاڵی ١٩٤٠ بڕوانامـەی دبلۆمـی خوێندنـی ناوەنـدی وەرگرتـووە، لـە سـەروبەندی جەنگـی دووەمـی جیهانـی، لـە سـاڵی ١٩٤١ کـە وڵاتانـی بەرەی(الحلفـاء - سـوێندخۆرەکان) ئێرانیـان داگیرکـردووە، باوکـی لـە سـوپای ئێـران هاتۆتـە دەرەوە و بەمـاڵ منداڵـەوە هاتۆتـەوە مهابـاد و، بووەتـە فەرماندەیـەک لـە سـوپای کۆمـاری کوردسـتان(مهاباد)، لـە کاتی دامەزراندنی کۆمـاری کوردسـتان  بە فەرمانی فەرمیـی کۆمـار نزیکـەی(٦٠)لاو و گەنجـی کـورد نێردراونەتـە شـاری (باکـۆ)

هەواڵنامەی کتێب



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر دکتۆرعەلی گەلاوێژ ، ئەوانی دیکە نەناسراون**

پایەختی کۆماری ئازربێجان بۆ خوێندن، دکتۆر عەلی گەلاویژیش یەکێک بووە لەو گەنجانە، هەر لەسەر فەرمانی کۆماری کوردستان لە کۆلێژی سەربازی دەستی بەخوێندن کردووە، بەڵام پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵەکانی، هەندێک لەو لاو و گەنجانە گەڕاونەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، هەر یەک لە(دکتۆر عەلی گەلاوێژ، دکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی، دکتۆر سوڵتان ئۆتەمیشەیی، دکتۆر کەریم ئەیوبی، دکتۆر مستەفا شەلماشی)نەگەڕاونەتەوە، دکتۆر عەلی گەلاوێژ خوێندنی خۆی گۆڕیوە بۆ کۆلێژی(العلوم السیاسة- ئابووری و ڕامیاری)دوای چەند ساڵێک بڕوانامەی دکتۆرای لە ئابووریی سیاسی بەدەستهێناوە و نامەی دکتۆراکەشی بەزمانی ڕووسی و تورکی(ئازەری) چاپکراوە، کە بەناونیشانی(پێوەندیی کشتوکاڵی لە کوردستانی ئەمڕۆی ئێران)بووە و ماوەیەک وەکو مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی باکو بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پسپۆڕی خۆی، پاشان بووەتە ئەندامی ئەکادیمیای زانستەکانی ئازربیجان.

دکتۆر عەلی گەلاوێژ لە ساڵانی ١٩٤٦ لە باکۆ لەگەڵ دکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی کە برای(محەمەد حوسێن سەیفی قازی)بووە، لە پەنای ڕۆژنامەی ئازربێجان(ڕۆژنامەی کوردستان) یان کە ئۆرگانی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو لە باکۆ دەرکردووە، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٧ - ١٩٦٠) نزیکەی(١٣٣٧) ژمارەیان لێدەرچوواندووە، لە هەمان کاتدا(مذیع - بێژەر)ی ڕادیۆی ئەو حیزبەش بووە، پاشان چووەتە ناو



وێنەیەکی مێژوویی ڕادیۆی(پەیکی ئێران)لە وڵاتی(بوڵگارستان- بلغاریا)

حزبی(تـوودەی ئێرانـی)و ناردوویانەتـە وڵاتی(بلگاریـا- بولگارسـتان)لەوێ لەگـەڵ نووسـەر و میدیاکارانـی ناسـراو هـەر یـەک لە(حەسـەن قزلجـی و کەریمی حیسامی) وەکو بێژەر و سەرپەرشتیاری ڕادیۆی(پەیکی ئێران) یان بە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی(ئازەر)ی بەڕێوەبردووە، هەرچەندە ئەم ڕادیۆیە(ئۆرگان- زمانحاڵ)ی حزبی توودەی ئێرانی بووە، بەڵام ئەو و هاوڕێکانی(حەسـەن قزلجـی و کەریمـی حیسـامی)جاروبار سـنووریان بەزانـدووە و، کـەم و زۆر باسـی مافـە ڕەواکانـی گەلـی کوردیـان کـردووە.

پـاش شۆڕشـی گەلانـی ئێـران(١٩٧٨ - ١٩٧٩) دکتـۆر عەلـی گەلاوێـژ گەڕاوەتەوە تاران و لەگەڵ هاوڕێکانی لە حیزبی توودە درێژەیان بەخەباتی سیاسیی خۆیان داوە و بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی توودە و بەرپرسی ناوچەکانی کوردستان بووە، لە ساڵی ١٩٨٨ بە تاوانی خەباتی سیاسـی دەسـتگیرکراوە و لـە بەندیخانەی(ئیڤیـن) لـە تـاران زیندانـی کـراوە و پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر لە مانگی خەرمانان(مانگی هەشت)ی



**لە لای ڕاستەوە: حەمید محەممەد زادە، شاعیر هەژار موکریانی، خاتوو ڕەعنا هاوسەری قادری مەحمووود زادە، قادری مەحمووود زادە، عەبدوڵڵا ڕەزم زۆدر، دکتۆر ڕەحیم قازی، نووسەر دکتۆر عەلی گەلاوێژ، نووسەرانی ئازربێجان ساڵی ١٩٤٩**

هەمان ساڵ لە سێدارە دراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

دکتۆر عەلی گەلاوێژ وەکو شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس چەندین بەرهەمی هەبووە لەوانە:

- ڕۆمانی(بارام و گوڵنار)ئەم ڕۆمانەی چاپ نەکراوە، هەر بەدەستنووسی ماوەتەوە و ئێستاش نەماوە، بەڵام گوایە بەسەرهاتی داهاتووی خۆی نووسیوەتەوە.
- کتێبی(پێوەندیی کشتوکاڵی- وەرزێرەکان- لە کوردستانی ئەمڕۆی ئێراندا) کە نامەی دکتۆراکەیەتی و بەزمانی ڕووسی و تورکی(ئازەر)ی ساڵی ١٩٥٥چاپکراوە.
- کتێبی(مناسبات ارضی در کردستان)کە لە لایەن دەزگای(زوربە)چاپکراوە، بەڵام هەر زوو قەدەغەکراوە، هەر چۆنێک بێت(PDF)ی ئەم کتێبە لە لایەن بەڕێز(عەبدوڵڵا شەهبازی)یەوە بە ئەلیکترۆنی بڵاوکراوەتەوە.
- بەشێک لە شیعرەکانی خۆی لە ڕۆژنامەی(ئازادی)کە ڕۆژنامەیەکی حیزبی شیوعیی عێراقی بووە بڵاوکردۆتەوە.
- هەندی بەرهەمی شیعریشی لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(بۆکان ڕۆژهەڵات) بڵاوکردۆتەوە.
- چەندین پارچە شیعر و وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بەشی زۆریان پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەبووە لە گۆڤاری(دنیا) بڵاوکردۆتەوە.

دکتۆر عەلی گەلاوێژ نووسین و بەرهەمی زیاتری هەبووە، بەڵام دیارە کە(٣٠) ساڵ زیاتر لە غوبەرت ژیاوە، هەلی بۆ نەڕەخساوە بەرهەمەکانی چاپ بکات.

ئەو نووسەر و شاعیر و مرۆڤێکی(مارکسیزم و لینینزم)بووە و هەڵگری بیروباوەڕی(ئەنترناشیۆنالیزم)ی جیهانی بووە و تەواوی نووسینەکانیشی لە سەر کورد و کوردستان بووە، باوەڕیشی وا بووە کە مەسەلەی کورد هەر دەبێت لە ڕێگای(نیزام- سیستەم)ی سۆشیالیزم چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەو کوردێکی زۆر کوردپەروەر بووە، بۆیە پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران لە یەکێ

لە کۆڕەکان کە لە هۆڵی شەهید(کەمال حەمیدی)لە شاری بۆکان بەزمانێکی کوردیی ڕەوان وتوویەتی:(لەو ماوە دوورودرێژەی غەوارەیی(غوربەت) تاقە یادگارێکی گرنگ و بەنرخ کە هەمیشە بۆ هەموو شوێنێک پێم بووە، ئەویش کارتی ئەندامێتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بووە و لە گیرفانی(کۆتەکە - چاکەتە)ی دەرهێناوە و نیشانی بەشداربووانی کۆڕەکەی داوە، کارتەکەش مۆری کۆماری کوردستانی پێوە بووە و پاش ئەو هەموو ساڵە دەتگوت تازە چاپکراوە).

نموونەی شیعری شاعیر و نووسەر دکتۆر عەلی گەلاوێژ:

(١)

”ئەی خاکی پیرۆز، قەزای تۆ لە خۆم
ببم بە خۆڵیش، هەر پێشمەرگەی تۆم
لە دەردی دووری با کوێر و شەل بم
با دەستەملانی پەیکی ئەجەل بم
نیشتمان یا هو! کوردستان هەیهات
بۆ مردنیش بێ، هەر دێمەوە بۆ لات“

*******

(٢)

لە دەورم کۆ ئەبن خوشک و برازا
بە خاڵە – خاڵە یا خۆ مامە – مامە
لە ملیان لائەچی کۆتی ئەسیری
بە فیشاڵی مەزانن، ئەم کەلامە
لە خوێندنیان ئەنێم بە زمانی کوردی
کە زگماکی زمانی عەقڵ و فامە
ئەبێ بێستوون بە جەولانگای شیرین
ئەکا فەرهادی کێوبڕ ئەم مەڕامە

لەوێ کێ پیر ئەبێ و کێیە کە بمرێ؟
سەری خەرمان و نوخشەی خاس و عامە
سەماکەن دۆست و هاوپەیمانی کۆنە
بەدەنگی "تەیرەکر" و "شیرین هەلامە"

سەرچاوەکان:


١ - کوردیپێدیا.
٢ - ویکیپیدیا - ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٣ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر مامۆستا جەمیل مەلاقەرە، لە ٢٢ - ٤ - ٢٠٢٤، هەر ئەویش چەند وێنەیەکی نووسەر دکتۆر عەلی گەلاویژی بۆ ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٤ - ماڵپەڕی کوردستان میدیا، نووسینێکی دکتۆر کامەران ئەمین ئاوە، لە ٢ - ٢ - ٢٠٢٢.
٥ - ماڵپەڕی کوردستان میدیا، دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووس و نووسەر غەنی بلوریان لەگەڵ نووسەر دکتۆر کامەران ئەمین ئاوە، لە ٧ - ٧ - ٢٠٢٢.
٦ - ماڵپەڕی Xahak tv، نووسینێکی نووسەر پشکۆ کامەران، لە ٣ - ٦ - ٢٠٢٠.
٧ - ماڵپەڕی ڕۆژ پریس Roj press، لە ١٢ - ٩ - ٢٠١٩.
٨ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دكتۆر جۆزێف(يوسف)ئۆربێللی

مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی لینینگراد و ڕۆژهەڵاتناس و کوردنناسی رووسی، رەوانشاد پرۆفیسۆر دکتۆر جۆزێف(یوسف)ئۆربێللی..

ناوی تەواوی(جۆزێف ئابگارۆڤ ئۆربێللی)یە، لە ٨ - ٣ - ١٨٨٧ لە شاری(کۆتایس)ی جۆرجیا لە خانەوادەیەکی دیار و بەناوبانگی ئەرمەنی لە دایک بووە، ئەو تەمەنی یەک ساڵان بووە خێزانەکەیان چوونەتە شاری(تفلیس)، لە ساڵی ١٩٠٩ بەشی مێژووی لە زانکۆی(سان پترسبۆرگ) تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩١١ لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی خوێندنی تەواوکردووە، بەم جۆرە دوو بڕوانامەی بەدەستهێناوە، ئەو لە ناوچەیەک ژیاوە کورد و ئەرمەن پێکەوە ژیاون و، ژیان و فەرهەنگ و زمان و کەلتوور و فۆلکلۆر و داب و نەریتی کورد بۆ ئەو وەک تێکۆشانێکی زانستی ئەرمەنی بووە، بۆیە دەستی بە نووسینەوەی وشە و شێوەزار و کەلتوور و کەلەپووری کورد کردووە، خۆشەویستی کورد لە ناخیدا دروست بووە، بۆیە لەسەر پێشنیاری مامۆستاکەی(نیکۆلای مارا) لە لایەن ئەکادیمیای زانستیی سان پترسبۆرگ ناردراوەتە شارەکانی(وان و مۆکس)، مۆکس ناوچەیەکی بچووکە لە باشووری دەریاچەی(وان) بۆ ماوەی دوو ساڵ ماوەتەوە، لە ساڵی ١٩١٥ لە پرۆسەی کۆمەڵکوژی کورد و ئەرمەن لە



**لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: نەناسراوە، دکتۆر قەناتی کوردۆ، دکتۆر ئۆربێللی، سەید عەزیزی شەمزینی، دکتۆر خاتوو ڕۆدینکۆ، ڕیزی پشتەوە ڕاوەستاوەکان: یەکێکیان ئۆردیخانی جەلیلی، ئەوانی دیکە نەناسراون**



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، ئۆربێللی، نەناسراوە، نەناسراوە**

لایەن دەوڵەتی عوسمانی زۆربەی دانیشتووانی(مۆکس)کوژراون و، تەنها ژمارەیەکی کەمیان ڕزگار بوون، ئەوان ئێستا هیچ ئاسەوارێکیان نەماوە تەنها وشە و زاراوەکانیان نەبێت ئەویش لەسەر دەستی دکتۆر ئۆربێللی ماوەتەوە، ئەو ناوچەیە ئێستا بە ناوچەی(باخچە سەرا)ناونراوە.

ئەو چەندین بابەتی لەسەر وشە و زمان و شێوەزارەکانی کوردی کۆکردۆتەوە و فەرهەنگی کوردی (کرمانجی) - ڕووسی و فەرهەنگی ئەرمەنی - ڕووسی داناوە، فەرهەنگە کوردی - ڕووسییەکە وشەی کوردی

زۆر پاک و پاراو  و زانیارییەکی زۆری دەربارەی دەنگ و ڕێنووسی تایبەت بە ناوچەی(مۆکس) تێدا تۆمارکردووە، هەتا خۆی لە ژیاندا بووە ئەم فەرهەنگە چاپ و بڵاونەکراوەتەوە، پاش خۆی هەندێکی لێ بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر و مێژوونووس و کوردناس دکتۆر ئۆربێلی لە ساڵی ١٩١٤ مامۆستای زمانی کوردی بووە لە زانکۆی سان پترسبۆرگ، لە ساڵانی ١٩٣٣ - ١٩٥٠ بەڕێوەبەری مۆزەخانەی(ئێرمیتاج)بووە لە لینینگراد، لە کاتی جەنگی




**کۆمەڵێك ئەکادیمی و ناودارانی کورد و ڕووسی لە بواری کودۆلۆژی و دیراساتی ڕۆژهەڵاتناسی لە لینینگراد(سان پترسبۆرگ)ی سۆڤیەتی جاران، لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: سەید کەریمی ئەیوبی، جەلیلی جەلیلۆف، ئێ.نا.سمیرتۆڤا، ژ. س. موسەیلیان، ئێ. بێ. ڤاسیلێیڤا، لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: قەناتی کوردۆ، جۆزێف ئەبگاروڤ ئۆربێللی، منداڵەکە(دیمتری کوڕی ئۆربێللی)، سەید عەزیزی شەمزینی، دکتۆر مارگریتا ڕۆدینکۆ**



**لەلای ڕاستەوە: نەناسراوە، ئۆربێللی**




دکتۆر ئۆربێللی و خێزانەکەیان





کوردناس و زمانناس پرۆفیسۆر دکتۆر جۆزێف ئۆربێللی لە دوو کاتی جیاوازدا




پەیکەری ئۆربێللی


دووەمی جیهانی و گەمارۆدانی شاری لینینگراد، ئەو بەزیرەکی و توانایی خۆی توانیویەتی تابلۆ و ئاسەوار و بەڵگەنامە گرنگەکانی بنیرێتە دەرەوەی شاری لینیگراد و، بەشی زۆری کەل وپەلەکانی دیکەی لە ژێر زەوی بە کۆنکریت داخستووە و لە فەوتان ڕزگاری کردوون، هەر بۆیەش لەسەر ئەم کارانەی مەدالییەی لینینی پێبەخشراوە و، دوو جاریش مەدالییای سووری دراوەتێ.

لە ساڵی ١٩٥٩ بە پێشنیار و دەستپێشخەریی دکتۆر ئۆربێللی لە ئینستیتوی ڕۆژهەڵاتناسی

لینینگراد کە بەسەرۆکایەتیی خۆی بووە، ئەو کات(گروپی کوردناسی) دامەزراندوە و وتوویەتی(بەبەر چاو گرتنی پێویستی بە شارەزایی لە بواری کوردناسیدا و بەرەو کردنەوەی بەشی کودۆلۆژیا....) لە ١ - ٣ - ١٩٥٩ گروپێکی لە کوردناسان کە ئەو کات سەر بەبەشی(ئێرانناسی)بوو و، هەر بەسەرۆکایەتیی خۆشی بووە، لەم ئەندامانە(ک.ک. کوردۆییف(قەناتی کوردۆ)، ئی.ئی. دیمینییەڤا (ڤاسیلیڤیا)، قوتابیانی خوێندنی دکتۆرای ئەو کات هەر یەک لە(ئی.ئە. سمینۆڤا، زاریٚ یوسوپۆڤا، کەریمی ئەیوبی و جەلیلۆڤ(جەلیل جەلیلی) پێکهێناوە، ئامانجی ئەم گروپەش لێکۆڵینەوە بووە بە شێوەیەکی زانستی لە بوارەکانی مێژوو و زمان و کەلتووری گەلی کورد، تا ئێستاش کوردناسی لە ڕووسیا هەر لەسەر ئەو ڕێبازەی ئۆربیللی دەڕوات.



کتێبێک لە سەر ئۆربێللی نووسراوە



ئارامگای ئۆربێللی



بەرهەمی ئۆربێللی


مەدالیەکانی ئۆربێللی

ئەو کتێبێکی نایابی بەناوی(فۆلکلۆر و نەریتی مۆکس)نووسیوە و ساڵی ١٩٨٢ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

هەر یەک لە پرۆفیسۆران(زاریێ یوسوپۆڤا، یڤکینیا ڤاسیلیڤا، ئیرینا پۆپۆڤا)چەندین بابەتیان دەربارەی دکتۆر ئۆربێللی نووسیوە و لە کتێبێکدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەو کوردی زۆر خۆشویستووە و بەبەردەوامی لە گیروگرفتی قوتابیانی کوردی ئەو سەردەمی پرسیوە و جار وباریش بانگهێشتی ماڵەکەی خۆی کردوون، لە هەر بۆنەیەک کە وتاری خویندبێتەوە باسی کورد و منداڵانی کردووە.

ئۆربێللی لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری سان پترسبۆرگ(لینینگراد) کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش پەیکەرێکی بۆ دروستکراوە و داندراوە، ڕەوانی شاد و ئارام بێت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا، نووسینێکی دکتۆر زاریێ یوسوپۆڤا، وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر.

٢ - ماڵپەڕی مێژووی کورد، نووسینێکی نووسەر دیدار عوسمان، لە ٦ - ١١ - ٢٠٠٨.

٣ - نووسینێکی نووسەر جەلال تەقی لە گۆڤاری کاروانی ژمارە(١١٤).

٤ - ماڵپەڕی ڕووداو، فلمێکی دوکیومێنتاری(بەڵگە فلیم).

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## حەمەسەعید حەسەن

**با هەست بە غەریبی نەکەی**
**ئەوە دڵم**
**وەرە بیکە بە نیشتمان**
**هانێ ئەوە دەستەکانم**
**وەرە بیانکە بە ستیان**
**ئەوە شانەی برژانگی من**
**وەرە قژتی پێ دابێنە**
**ئەوە جۆلانەی ئامێزم**
**وەرە سەرخەوێ بشکێنە**

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگرێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون، مامۆستا حەمەسەعید حەسەن...

شاعیر و نووسەر حەمەسەعید حەسەن لە ٢٢ - ٢ - ١٩٥٠ لە (قەرەداغ) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی قوناغەکانی



شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕ و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەن

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەساڵی خوێندنی ١٩٦٩ - ١٩٧٠ خانەی مامۆستایانی لە شاری سلێمانی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستا لە گوند و شار و شارۆچکەکانی ناوچەی شارەزوور و دواتریش ناو شاری سلێمانی، ئەو تا ساڵی ١٩٨٢ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، بەهۆی هەڵوێستە سیاسی و نیشتمانپەروەرییەکەی کەوتووەتە ژێر چاودێری و ڕاونان لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعسی ئەو کات، بۆیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگەی ڕزگاریخوازی کوردستان و لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش وەکوو مامۆستا و نووسەر و ئەدیبێک چالاکییەکانی خۆی نواندووە، هەر لە شاخیش(٤) کتێبی بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕووی لە ئەورووپا کردووە و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە، تا ساڵی ٢٠٠٥، پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ەوە سەرۆکی ئەکادیمیای کوردییە.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر حەمەسەعید حەسەن هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنەوەی شیعر و زمان و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی بووە، ئەو بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیک و هاوچەرخ و نوێخوازی

کوردی و عەرەبی و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی دەستی پێ کردووە و پاشـخانێکی ڕۆشـنبیری و ئەدەبی پوختـی پەیـدا کـردووە، لـە کۆتایـی شەستەکانی سـەدەی ڕابردوو دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری کـردووە. نۆبـەرەی بەرهەمەکانـی خـۆی سـاڵی ١٩٧٨بـڵاو کردووەتـەوە کە کۆمەڵـە شیعری(تاڤگە و بنار)بووە و ئیدی کەوتووەتـە نـاو دنیای نووسینی شیعر و لیکۆڵینـەوە و توێژینـەوە و وەرگێڕان و ڕەخنەگرتن لـە بوارەکانـی شـیعر و ڕۆمـان و بابەتـی مێژوویـی و ئایینـی و فیکـری و فەلسـەفی و ئازادی و خۆشـەویستی و مافـی ژنـان و کولتـوور و کەلەپوور، سـەرەڕای نووسـینی سـەدان وتـار و کورتـە بـاس کـە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییەکانـدا بـڵاوی کردوونەتـەوە.


نووسـەر و لێکۆڵـەر حەمەسـەعید حەسـەن لـە نووسـینەکانیدا شـێواز و سـتایلێکی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، ئـەو زۆر ئـازا و بوێرانـە ڕاز و نیـاز و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر حەمەسەعید حەسەن، نووسەر ڕەوانشاد خاتوو مەهاباد قەرەداغی**

بیرو بۆچوونەکانی خۆی بەڕاشکاوانە و بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی(ڕەخنەئامێز)دەخاتەڕوو، بەبێ بەزاندنی سنووری(داب و نەریت و عورف)ی کۆمەڵی کوردەواریمان و بەبێ ئیحراجکردنی هیچ کەس و لایەنێکیش، هەموو ئەوانەی بە زمانێکی کوردی باڵا و و پاک و ڕەوان نووسیوە. ئەو تائێستا زیاتر لە (٦٠) کتێبی چاپ و بڵاوکردووەتەوە کە ئەمانەن:

- لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، وەرگێڕان لە سویدییەوە ٢٠٠٣ دەزگای ئاراس.
- قوڵپی پێکەنین، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس.
- ئەو پەیڤانەی لەدڵەوە هەڵدەقوڵێن، کۆشیعر ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس.
- نووسین بەبێ وشە، کۆشیعر ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس.
- شیعر و شمشێر، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس.
- هونەری ڕاوەژن، ساتیرە چیرۆک ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس.
- ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، دیمانە ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس.
- هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٥ دەزگای ئاراس.
- کۆتر و پڵنگ، بیر و بۆچوون ٢٠٠٥ دەزگای ئاراس.
- ئەڤیننامە، کۆشیعر ٢٠٠٦ دەزگای ئاراس.
- دیرۆک و جوگرافیای سوێد، وەرگێڕان لە سویدییەوە ٢٠٠٦ دەزگای ئاراس.
- ڕۆشنبیر و دەسەڵات، ڕەخنەی ئەدەبی و بابەتی دیکە ٢٠٠٧ دەزگای ئاراس.
- تاڤگەیەک لە زیو، ڕەخنەی ئەدەبی و شتی دیکەیش ٢٠٠٨ دەزگای ئاراس.
- بەفر و گڕکان، ڕەخنەی ئەدەبی و فیکری ٢٠٠٨ دەزگای ئاراس.
- لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم، ڕەخنەی ئەدەبی ٢٠١٠ دەزگای ئاراس.



**نووسەر حەمەسەعید حەسەن بەجاحێڵی لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

- بووکەشووشـەیەکی فەرامۆشـکراو، شـانۆنامە، وەرگێـڕان لـە سـوێدییەوە ٢٠١١ دەزگای ئـاراس.
- کاریکاتێر بە وشە، ساتیر ٢٠١١ دەزگای ئاراس.
- لەسەر باڵی هەورەوە، ڕەخنە ٢٠١١ دەزگای ئاراس.
- سێوی هۆشیاری، لیکۆڵینـەوە لـە بارەی شیعر و فیکرەوە ٢٠١١ دەزگای ئـاراس.

- هونەری نووسینی چیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی ٢٠١١ دەزگای ئاراس.
- چۆن دڵت هات جێم بهێڵی؟ شیعر ٢٠١١ دەزگای ئاراس.
- ئەوین و ئاوەز، لێکۆڵینەوە ٢٠١٣ خانەی موکریانی.
- مێ لە سایەی ستەمدا، لێکۆڵینەوە ٢٠١٣ خانەی موکریانی.
- شیعر لە زاری ژنەوە، لێکۆڵینەوە ٢٠١٣ خانەی موکریانی.
- جەلالینامە، ڕەخنەی سیاسی ٢٠٠٤ چاپخانەی هەڵەبجە.
- بە ڕووخسەتی حەزرەتی شێخ ڕەزا، ساتیرەشیعر ٢٠٠٤ چاپخانەی هەڵەبجە.

**ئەو کاتەی لە شاخ بووە ئەم چوار کتێبەی بڵاوکردۆتەوە:**

- ئایا شێوە لە ناوەڕۆک گرنگترە؟ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ١٩٨٣.
- یەکێتیی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ دوو بەش ١٩٨٣ و ١٩٨٥.
- شەپۆلی شەقام، شیعر ١٩٨٦.
- سەمای گوڵاڵەسوورە، شیعر ١٩٨٧.

**ئەو ماوەیەی کە لە وڵاتی سوید ژیاوە، ئەم کتێبانەی لە سوێد بڵاو کراونەتەوە:**

- هەڵەبجە غەززەی خەمناکە، شیعر، بنکەی سارا ١٩٨٨ ستۆکهۆڵم.
- لە سایەی چەقۆدا، شیعر، چاپخانەی هەڵەبجە ١٩٩٠ سوێد.
- بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور، ساتیرەشیعر، چاپخانەی هەڵەبجە ١٩٩١ سوید.
- سەبارەت بە شیعری هاوچەرخی کوردی، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٢ ستۆکهۆڵم.
- پەپوولە پاییزە، شیعر، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٣ ستۆکهۆڵم.
- هاژە، شیعر، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٦ ستۆکهۆڵم.
- دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم، ساتیرەشیعر، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٦ ستۆکهۆڵم.
- شیعر و تەور، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٨ ستۆکهۆڵم.





بەرهەمەکانی نووسەر حەمەسەعید حەسەن

- زەدەخەنەی هەنسک، ڕەخنەی ئەدەبی چاپخانەی ئاپێک ٢٠٠٢ ستۆکهۆڵم.
- گۆرانییە باڵنەکراوەکان، بابەتی فیکری، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم.
- توانەوە لە زەریای عیشقی خوادا، توێژینەوە لەبارەی سۆفیگەرییەوە، ماڵی وەفایی ٢٠١٧ هەولێر.
- خۆشەویستی لە ڕوانگەی ئۆشۆوە، ناوەندی ئاوێر ٢٠١٨ هەولێر.
- ئازایەتی لە ڕوانگەی ئۆشۆوە، ناوەندی ئاوێر ٢٠١٨ هەولێر.
- ئایین و ئازادی، توێژینەوە لەبارەی ئیسلامەوە، ناوەندی ئاوێر ٢٠١٨ هەولێر.



- ڕۆمــان و ژیاننامــە، توێژینــەوەی ئەدەبــی، ناوەنــدی ئاوێــر ٢٠١٨ هەولێــر.
- فڕیـن بـە باڵـی شـیعر، توێژینـەوەی ئەدەبـی، ناوەنـدی ئاوێـر ٢٠١٨ هەولێـر.
- داکۆکـی لـە جوانـی، توێژینـەوەی کولتـووری، ناوەنـدی ئاوێـر ٢٠١٨ هەولێـر.




- مانیفێستی خۆشەویستی، شیعر، ناوەندی ئاوێر ٢٠١٨ هەولێر.
- ترس لە وشە، ناوەندی ئاوێر ٢٠٢٠ هەولێر.
- سـەما لەسـەر پشـتی دووپشـک، ناوەنـدی ئاوێـر ٢٠٢٠ هەولێـر.
- کریشـنا مورتـی وای گـوت، ناوەنـدی ئاوێـر ٢٠٢٠ هەولێـر.
- بە شوێنپێی مەولانادا، ناوەندی ئاوێر ٢٠٢٠ هەولێر.
- تۆلستۆی وای گوت، ناوەندی ئاوێر ٢٠٢٠ هەولێر.
- ڕۆمان وەک ناسنامە، ڕۆکسانا ٢٠٢٢ سلێمانی.
- داعش فەزای گشتیمانی داگیر کردووە، ڕۆکسانا ٢٠٢٢ سلێمانی.
- داستان و دیرۆک، ئایینناسی، دەزگای ئایدیا ٢٠١٩ سلێمانی.
- کرۆکی فیکری ئۆشۆ، دەزگای ئایدیا ٢٠١٩سلێمانی.
- دەڵێی ڕەژوو دەشۆێنەوە، فیکر، دەزگای ئایدیا ٢٠١٩ سلێمانی.
- ئەڤیـن و ئـاوەز، توێژینـەوە لەبـارەی خۆشەویسـتییەوە، دەزگای ئایدیـا ٢٠١٩ سـلێمانی.
- چۆن دڵت هات جێم بهێڵی؟ دەزگای ئایدیا ٢٠١٩ سلێمانی.

چەنـدان پارچـە شـیعر و هەنـدێ نموونـەی بەرهەمەکانـی وەرگێردراونەتـە سـەر زمانەکانی(ئینگلیـزی، عەرەبـی، فارسـی، سـویدی، ئەلمانـی و ئیسـپانی).

چەندیـن نووسـەر و لێکۆڵـەر و توێـژەر و ڕەخنەگـری کـوردی، تیشـکیان

خستۆتە سەر بەرهەمەکانی نووسەر و لێکۆڵەر حەمەسەعید حەسەن لەوانە(ڕێبوار سیوەیلی، دکتۆر کوردستان موکریانی، دیاکۆ هاشمی، حەمید قەڵادزەیی، حەکیم کاکەوەیس، عەلی مستەفا، غازی حەسەن، سیروان عەباس، خاتوو پەری عومەر خەیلانی و چەندانی دیکەش).

نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگری بەتوانا و خاوەن ئەزموون حەمەسەعید حەسەن لە بواری ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان و ڕۆژنامەوانیش، چەندین چالاکی نواندووە لەوانە:

لە سالانی ١٩٧٩- ١٩٨٢ ئەندامی دەستەی کارگێڕی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی بووە.

ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سوێد بووە .

سەرنووسەری گۆڤاری(خەرمانە)بووە کە لە سالانی ١٩٩١ - ١٩٩٣ لە وڵاتی سوید دەردەچوو.

بۆ شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەن هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینە پوخت و پڕ بەهاکانت.

سەرچاوەکان:


١ - کوردیپیدیا.

٢ - Kurd collect.

٣ - کوردستان تیڤی، نووسینێک بەناونیشانی(ئەزموونی قەڵەمێک لەگەڵ حەمەسەعید حەسەن)، لە ٢٠٢١.


٤ - ڕووداو نێت، نووسینێکی نووسەر سیروان عەباس، لە ٣ - ١٠ - ٢٠١٧.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی چاوی کورد، نووسینێک لە مانگی(٧)ی ٢٠٢٤.

٦ - ماڵپەڕی دیاسپۆرا، نووسینێکی نووسەر غازی حەسەن لە ٢٩ - ١٠ - ٢٠٢٤.

٧ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی وشە، نووسینێک لە ٦ - ١ - ٢٠١٨.


٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەسەن سەیف قازی

نووسەر و شارەزای زمان و مێژوو و کولتووری کوردی، وەرگێڕ و میدیاکاری بەتوانا و خاوەن ئەزموون حەسەن سەیف قازی....

حەسەن سەیفی قازی کوڕی گەوەرتاجی سەدر قازی و ڕەحیم سەیف قازییە، ئەو لە بنەماڵەی قازییەکانی ساباڵغە، ڕەحیمی سەیفی قازی باوکی یەکێک بوو لەو(٥٥) خوێندکارەی کە ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن کۆماری کوردستانەوە ناردراونەتە شاری (باکۆ)ی پایتەختی وڵاتی ئازربایجان بۆ خوێندنی زانستی سەربازی، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان هەندێ لەو خوێندکارانە هاتوونەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەمێکیشیان نەهاتوونەتەوە، لەوانە ڕەحیم سەیفی قازی لە سۆڤیەتی جاران ماوەتەوە ، حەسەن قازی لە مانگی(١٠)ی ساڵی ١٩٤٦ واتە دوو مانگ بەر لە ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە بارەگای سەرکردایەتیی کۆماری کوردستان لە دایک بووە، باوکی لەوێ نەبووە، پاشان لەگەڵ دایکی چوونەتە تاران لەوێ لە باخچەی ساوایان تۆمارکراوە و فێری زمانی فارسی بووە، دواتر هاتوونەتەوە



نووسەر و وەرگێر
حەسەن قازی بەجاحێڵی




**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی، نووسەر حەسەن قازی،**
**وێنەکە ساڵی ١٩٨٤ گیراوە**

شاری مهاباد، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری مەهاباد و تاران تەواو کردووە، هەوڵیشی داوە زمانە کوردییەکەی بە ڕێگای کۆکردنەوەی بەیت و بالۆرە لە گوندەکانی دەوروبەری شاری مهاباد باشتر بکات و، بە خوێندنەوە و لە بەرکردن و نووسینەوەی دەستخەتی شیعرەکانی هێمن موکریانی لە مەهاباد، کە ئەو سەردەمە لە نێو ڕۆشنبیرانی کورد ئاڵوگۆڕ دەکران، فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بووە.

لە ساڵی ١٩٥٩ کە گرتن و ڕاونانی ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن حوکمی حەمەڕەزا شا دەستی پێکردووە و خەڵکێکی زۆر دەستگیرکراون، دیارە کاریگەری لەسەر فیکری سیاسیی حەسەن قازی هەبووە، لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ ماوەیەک چۆتەوە شاری تاران و لەوێ لەگەڵ هەر یەک لە (سوارەی ئیلخانزادە و سمایل شەریف زادە) کۆمیتەیەکی پشتگیریکردنی حزبی ڕزگاریان دامەزراندووە، بەڵام ئەم کۆمیتەیە زۆر درێژە و کاریگەری نەبووە.

نووسەر و وەرگێڕ حەسەن قازی لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ ماوەی ساڵێک لە

باشووری کوردستان و لە ناوچەی قەڵادزی و ڕانیە بووە. دواتر بە هیوای ئەوەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بتوانن بۆ خوێندن بچن بۆ سۆڤیەت، دیارە بۆی ڕێک نەکەوتووە. لە ٣١ – ئاداری ساڵی ١٩٧١ لە ڕێگای ئەستەنبووڵەوە گەیشتووەتە وڵاتی ئەڵمانیا، لەوێش بەمەبەستی سەردانی ڕەحیمی قازیی باوکی لە (بەرلینی ڕۆژهەڵات)ەوە بە هاوکاریی کەسانێک لە حزبی تودە بە شەمەندەفەر چووەتە مۆسکۆ، ئەو پاش(٢٥) ساڵ لە تەمەنی بۆ یەکەم جار باوکی خۆی بینیوە و سەفەرێکی شاری(باکۆ)شی کردووە، دواتر هاتۆتەوە ئەڵمانیا، پاشان چووەتە بەریتانیا لە لەندەن درێژەی بە خوێندن داوە و لە لای زماناسی ئەفسانەیی کورد students of Kurdish legendary linguist T. Wehbi in London. هێندێک دەرسی دەنگسازیی زمانی کوردی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ حەسەن قازی، نووسەر پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور



لە لای ڕاستەوە: تێکۆشەر عومەر شێخ موس، شاعیری نەمر جگەرخوێن، نووسەر و وەرگێڕ حەسەن قازی، وێنەکە لە ٢٥ - ٨ - ١٩٧٩ لە شاری ستۆکهۆڵم گیراوە

خوێنـدووە. لـە سـاڵی ١٩٧٢ وەکـو خوێندکارێـک لـە کۆنگـرەی سـاڵانەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپا لە(بوخارسـت)ی پایتەختـی وڵاتـی ڕۆمانیـا بەشـداری کـردووە، لـە ١٦ - ١٠ - ١٩٧٦ بەریتانیـای بەجێهێشـتووە و چووەتـە بەلجیکا و دواتریـش فەرەنسـا، لـە سـاڵی ١٩٧٧ ڕووی لـە وڵاتـی سـوید کـردووە و لـەوێ نیشـتەجێبووە و تاوەکـو ئێسـتاش لـەوێ دەژییێـت.

نووسـەر و وەرگێـر و میدیـاکار حەسـەن قـازی زمانەکانـی ئینگلیـزی، سـویدی، نۆرویـژی و فارسـی، تورکـی ئازەربایجانـی و هێندێـک عەرەبـی دەزانێـت، لەگـەڵ نووسـەر هیـوا کاردۆی فەرهەنگیکـی (سـویدی- کـوردی) یـان چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە، چەنـد نامیلکەیەکی(سـویدی - فارسـی)شـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە، ئـەو زیاتـر لـە(٧٠) وتـار و کورتـە باسـی لـە بـواری زانسـتی و ئەدەبـی و مێژوویـی و کۆمەڵایەتـی و چەندیـن وتـاری و نووسـینی پرۆفیسـۆر(مارتین ڤـان بروێنسـن)و نووسـەرانی دیکـەی لـە زمانەکانـی ئینگلیـزی و سـویدی و فارسـی و ئازەربایجانییـەوە وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، تـا ئێسـتا چەندیـن بەرهەمـی پوخـت و بەنرخـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:







نووسەر و وەرگێڕ و میدیاکار حەسەن قازی لە چەند کاتێکی جیاوازدا



هاتنەوەی ڕەحیم قازی بۆ کوردستان دوای(٣٣)ساڵ دووری لە نیشتمان و پێشوازی کردنی لە لایەن ڕەوانشاد حەمەدەمینی موعینی کە یەك لە وەزیرانی کۆماری کوردستان و باوکی شەهیدانی مەزن(سلێمان موعینی و عەبدوڵلا و خانەی موعینی)یە، ئەو کەسەی لە نێوانیان ڕاوەستاوە نەمر فەتاح سەیف قازی کوڕی گەورەی شەهید محەمەد حوسێن سەیف قازی یە،

وێنەکە لە مانگی(٤)ی ساڵی ١٩٧٩ لە سابلاغ(مهاباد)گیراوە

- کتێبی( کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری)نووسینی خەلیلی فەتاحی قازی، ئامادەکردن و وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٩.
- کتێبی(ژیان و شیعرە کوردییەکانی سەیفولقوزاتی قازی(١٨٦٧- ١٩٤٥) نووسین و ئامادەکردنی نووسەر ئەنوەر سوڵتانی حەسەنی قازی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨.
- کتێبی(پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان) وەرگێڕان، نووسینی نووسەر ریچارد ئا. مۆبلی.
- پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەر عەباسی وەلی، ١٩٩٥.
- پەرتووکخانە دۆسییەی ٢ی ڕێبەندان. - حاکمییەتی (سەروەری) سیاسی چییە؟نووسینی عەباسی وەلی، ئامادەکردنی نووسەر حەسەن قازی، ٢٠٢٣.
- زمانناسیی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕان، نووسینی پیتر تراد گیل، چاپی سوید، ٢٠٢٢.




نووسەر حەسەن قازی لە بەردەم پەیکەری(کارل مارکس)

- وێنەکانی گەمەی دوایی، وەرگێڕان، نووسینی جان چالێنکۆ، ٢٠٢٢.
- بەرگری لە دوو سیمای هەڵکەوتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕان، نووسینی نووسەر سارمەدین سادق وەزیری، ٢٠٢٢.
- حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) بە ڕیوایەتی وێنە، ٢٠٢١.
- مێژووی وێنەی کۆماری کوردستان- بەشی یەکەم، ٢٠٢١.
- کورد و مارتین، وەرگێڕان، نووسینی مارتین ڤان بڕاونێسن، هەولێر ٢٠١٧.
- یازدە هەڤپەیڤین لەگەڵ پرۆفیسۆر عەبباس وەلی، ٢٠٢٤.
- دە هەڤپەیڤین لە گەڵ دکتۆر شیڤان سەعید، ساڵی ٢٠٢٤.
- کورتەباس ساداتی نەهری یان گەیلانیزادەی کوردستانی نێوەندی، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، نووسینی مارتین بڕاونێسن.
- کورتەباس فەیلی یەکان، کوردەکان و لوڕەکان، ناڕوونی لە سەر سنووری ئێران و عێڕاق، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، نووسینی مارتین ڤان بڕاونێسن.
- کورتەباس Komełnasîy ziman – Ziman û Komeł
- کورتەباس Ziman û Mirovayetî
- کورتەباس ZIMAN Û NETEWE
- کورتەباس ZIMAN Û GRÛPÎ ÊTNÎKÎ
- کورتەباس ZIMAN Û ÇÎNÎ KOMELAYETÎ
- کورتەباس Ziman û Cînsî komelayetî
- کورتەباس ZIMANAN ÇON DEMIRIN

- کورتەباس Witûwêj sebaret be firezimanî


- وەرگێڕانی بەیتی لاس و خەزال و بەیتی سەیدەوان بە هاوبەشی لەگەڵ محەمەدی قازی.

نووسەر و وەرگێڕ و میدیاکار حەسەن قازی وەکو میدیاکارێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون چەندین چالاکیی میدیایی و ڕۆژنامەنووسی و ڕێکخراوە پیشەییەکان نواندووە کە ئەمانە هەندێکیانن:







- چەندین وتاری لە ڕۆژنامەی(کوردستان)ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوکردۆتەوە.

- لە ساڵانی ١٩٧٢ - ١٩٧٦ بەشداری لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا کردووە و لە ساڵی ١٩٧٧ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ئاکسا (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات) و یەک لە کارگێڕانی ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێران بووە.



- بۆ ماوەی(٤)ساڵ وەکو شارەزای ئەدەبی کوردی لە ئەنجومەنی فەرهەنگی سویدی کاری کردووە.

- پانێل و وتووێژی لەگەڵ هەر یەک لە(دکتۆر تۆڤێ سکوتناب- کانگاس(Dr. Tove Skutnabb-Kangas) پسپۆڕی بەناوبانگی جیهانی زمانەوانی و مافی مرۆڤ ، پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەن پوور، پرۆفیسۆر

بەرگی بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ حەسەن قازی

مارتین ڤان بروینسن ، پرۆفیسۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و زمانزان و فەیلەسوفی ئێرانی داریوش ئاشوری ، خانم دانییل میتران، ئاننا لیند وەزیری دەرەوەی سوید وچەندین کەسایەتیی ئەوروپی و جیهانیی دیکە کردووە کە پەیوەندیان بە مەسەلەی کورد هەیە یان دۆستی کوردن.

- چەندین نووسەر و ڕاگەیاندنکار وتووێژ و دیمانە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نووسەر وەرگێڕ حەسەن قازی کردووە لەوانە(جانی دیلان. سیاوەش گودەرزی، محسین میرزایی، عینایەت فانی، ڕادیۆی دیالۆگ، ستێرک تیڤی و چەندانی دیکەش).

بۆ نووسەر و وەرگێڕ و میدیاکاری بەتوانا و خاوەن ئەزموون حەسەن سەیفی قازی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسین و چالاکییەکانت.

سەرچاوەکان:

١- ڕادیۆی کوردیی دەنگی ئەمەریکا، بەبۆنەی ساڵیادی(٦٦)ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان وتووێژ لەگەڵ جانی دیلان، لە ٢١- ١١ - ٢٠١٢.

٢ - ماڵپەڕی تاراوگە، حەسەن سەیفی قازی، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ئامادەکردنی میدیاکار سیاوەش گودەرزی، لە٢٠٢٣.

٣ - ستێرک تیڤی، وتووێژ لەگەڵ حەسەن قازی.

٤ - ماڵپەڕی خانە کتاب کردی، لە ٣٠ - ٥ - ٢٠١٩.

٥ - ماڵپەڕی Kurd cellect، نووسینێکی نووسەر مانو بەرزنجی لە ٢٠ - ٢ - ٢٠٢٣.

٦ - ڕادیۆی دیالۆک، لە ١ - ٣ - ٢٠٢١. ٧ - فیلمێکی دوکیومێنتاری Aryen tv، لە ٢ - ٦ - ٢٠٢٣.


٧ - نووسین و ئامادە کردنی خۆم.



## کەریمی حیسامی

سیاسەتمەدار و نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار ڕەوانشاد کەریمی حیسامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ....

ناوی(عەبدولکەریم حیسامی)یە، لە ناوەندی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە کەریمی حیسامی ناسراوە، لە ڕۆژی ٩ - ١ - ١٩٢٦ لە گوندی(بەیرەم)ی سەر بەشاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خێزانێکی جوتیار و هەژار لە دایک بووە، بەمنداڵی لە لای میرزای ئاغای گوندەکەیان کە گوایە پیاوێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو بووە و لای هەندێ مەلای دیکە و باوکی دەرسی ئایینی و خوێندنی دیکەشی خوێندووە، دواتر لە بەر دەستکورتی و بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەیان و یارمەتیدانی باوکی وازی لە خوێندن هێناوە، لە ساڵی ١٩٤٩ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان، لە ساڵی ١٩٥٣ وەکو نوێنەری لاوان لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەی فیستیڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهانی لە(بوخارێست)پایتەختی وڵاتی ڕۆمانیا بووە، کەهاتۆتەوە لە لایەن ڕژێمی شای ئەوسای ئێران بۆ ماوەی دوو ساڵ زیندانی کراوە، ئەو کاتەی لە زیندان بووە باوکی و خێزانەکەی و منداڵێکی کۆچی دواییان کردووە، دواتر ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری مهاباد لە ژێر(چاودێری و نیشتەجێی زۆرەملێ- تحت



له لای ڕاستەوە: نووسەر کەریمی حیسامی، شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری، نووسەر کەریمی حیسامی، نەناسراوە

المراقبة و الإقامة الجبرية)بووه، بۆیه له ساڵی ١٩٥٩ ڕووی له باشووری کوردستان کردووه و دواتر له شاری بەغدا گیرساوەتەوە، ساڵی ١٩٦٠ بەناچاری ڕووی له وڵاتی(چیکۆسلۆفاکیا)ی ئەو کات کردووه، لەوێ دەستی بەخوێندن کردووه و بڕوانامەی لیسانسی له زانستە کۆمەڵایەتییەکان له زانکۆی(براگ) بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٦٤ چووەتە وڵاتی(بولگاریا) لەوێ وەکو(مذیع - بێژەر)له ڕادیۆی(پەیکی ئێران) کاری کردووه، ئەو ڕادیۆیه

سەر بە حزبی توودەی ئێرانی بووە و دژ بە دەسەڵاتی ڕژێمی پەهلەویش بووە و ڕەوانشادان عەلی گەلاوێژ و حەسەن قزلجی بەڕێوەیان دەبرد، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بووەتە ئەندامی(مەکتەبی سیاسی - دەفتەری سیاسی)حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دوو خول و وەکو جێگری سکرتێری ئەو حیزبە دەسبەکار بووە، پاش ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٨٤ بۆ سەردانی




لە لای ڕاستەوە: نووسەر و میدیاکار عەلی کەریمی، نووسەر و میدیاکار کەریمی حیسامی



لە لای ڕاستەوە: شاعیری نەمر هێمن موکریانی، نووسەر کەریمی حیسامی، مامۆستا هادوین شەتەوی



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عیسمەت شەریف وانلی، نووسەر کەریمی حیسامی، نووسەر دکتۆر جمشید حەیدەری، نووسەر دکتۆر جەبار قادر**

منداڵەکانی گەڕاوەتەوە بولگاریا، هەر هەمان ساڵ بە نامەیەکی کورت لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەم حیزبە دوورخراوەتەوە، ساڵی ١٩٨٦ لە بولگاریاوە ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و تا کۆتایی ژیانی لە شاری ستۆکهۆڵم ژیاوە.


نووسەر و وەرگێڕ کەریمی حیسامی پاش ئەم ڕووداوانە، بەخامە جوان و ڕەنگینەکەی بەردەوام بووە لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری ی کوردی، لە ساڵانی ١٩٨٥ - ١٩٨٦ لە گەڵ نووسەر دکتۆر جمشید حەیدەری بەشدار بووە لە دەرچوواندنی ڕۆژنامەی(سەردەمی نوێ)لە شاری ستۆکهۆڵم، چەندین وتاری سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی تێدا بڵاوکردۆتەوە، چەندین شاکاری جیهانیشی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەتێکڕایی ئەو(٤٨)کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە(١١) یان بیرەوەرییەکانی خۆیەتی، ئەمانەش هەندێک لە بەرهەمەکانییەتی:

- لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی ١.
- لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٢.
- لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٣.

- له بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٤.
- له بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٥.
- له بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٦.
- له بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٧.
- له بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٨.
- له بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٩.
- له بیرەوەرییەکانم، بەرگی ١٠.
- له بیرەوەرییەکانم، بەرگی ١١.
- ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ، بەشی ١.
- ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ، بەشی ٢.
- یادی هێمن.
- دیموکراسی چییە؟،چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠١.
- کاروانێک له شەهیدانی کوردستانی ئیران.
- پێداچوونەوە، بەشی ١.
- پێداچوونەوە، بەشی ٢



**له لای ڕاستەوە: نووسەر کەریمی حیسامی، شاعیر ئەحمەد دڵزار، نووسەر دکتۆر جمشید حەیدەری.**





نووسەر و میدیاکار و وەرگێڕ کەریمی حیسامی لە دوو کاتی جیاوازدا

- سەفەر بۆ کوردستان ،
- ڕۆژەکانی ئێران.
- دایک، وەرگێڕان، لە نووسینی مەکسیم گۆرکی.
- ئازادی یان مەرگ، وەرگێڕان، لە نووسینی نیکۆس کازانتزاکیس.
- نان و شەڕاب، وەرگێران، لە نووسینی ئیگنازیۆ سیلۆنێ.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ کەریمی حیسامی لە ڕۆژی ٦ - ١ - ٢٠٠١ لە شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.




ئارامگای نووسەر کەریمی حیسامی لە شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوید




**بەرهەمەکانی نووسەر کەریمی حیسامی**

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی Kurd cellect.

٤ - ماڵپەڕی Shehid.com، نووسینێک لە ساڵی ٢٠٢٢.

٥ - فلمێکی دوکیومێنتاری وتووێژی ڕۆژنامەنووس عەلی کەریمی لە گەڵ نووسەر کەریمی حیسامی، ساڵی ١٩٩٥.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر و مێژوونووس خاوەنی فەرهەنگی ناودارانی کورد لە مێژوودا، پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی کوردی ئوردنی ....

ناوی تەواوی(محەمەد عەلی حەسەن سوەیرەکی کوردی)یە، لە ساڵی ١٩٦١ لە گوندی(تبنە)ی ناوچەی (الکورة)ی سەر بەپارێزگای(اربد)ی وڵاتی ئوردن لە خێزانێکی کورد لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە قوتابخانەکانی(دیر ئەبو سەعید) تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٤ بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی(الیرموک-یەرموک) تەواو کردووە و، بووەتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای(اربد)، لە ساڵی ١٩٩٩ بڕوانامەی ماستەری لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە و، نامەی ماستەرەکەی بەناونیشانی(النقوش الصفوية في شمالي الاردن) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی(عمّان العربية) لە عەممان بەدەستهێناوە و نامەی دکتۆراکەی بەناوی(المناهج و طرق تدريس اللغة العربية)بووە.

پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی کوردی ماوەیەک وەکو موحازر لە کۆلێژی(تولید و ئەهلی)ی لە شاری(اربد) کاری کردووە، لە



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد شا(حسێن) پادشای ئوردن. نووسەر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی**

ساڵانی ١٩٨٢ - ٢٠٠٩ وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی و سەرپەرشتیاری ئیداری لە بەشی زانیاری و کتێبخانەکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵای ئوردنی درێژەی بەخزمەتکردن داوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە تا ساڵی ٢٠٢٢ وەکو مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی(مەلیک عەبدولعەزیز)لە شاری(جدە)ی وڵاتی عەرەبستانی سعودی خزمەتی کردووە.

دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەی کوردی، کوردێکی دڵسۆز و کوردپەروەرە، هەموو خوێندنەکانی بە زمانی عەرەبی خوێندووە و زمانی کوردیش کەم دەزانێت، بەڵام چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی و توێژینەوەی لە سەر مێژووی کوردانی ئوردن و ڕۆڵیان لە بنیاتنانی وڵاتی ئوردنی هاوچەرخ و نوێ نووسیوە، چەندین کتێب و فەرهەنگیشی لەسەر ناودارانی کورد لە مێژوودا هەیە و، سەرەڕای باس و لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بەداب و نەریت و فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپووری کوردی، جگە لە بەرهەمەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردنی زمانی عەرەبی و شوێنەوارەکانی و مێژووی وڵاتی

ئوردنیش، ئەو تا ئێستا(٤٨) کتێبی بەزمانی عەرەبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- الأكراد الأردنيون ودورهم في بناء الأردن الحديث. عمّان، دار سندباد، ٢٠٠٤، الطبعة ٢، بنکەی ژین، السليمانية إقليم كردستان، ٢٠٠٥، الطبعة ٣، ترجم الى اللغة التركية، دكتور قدري يلدريم، دار آفستا، ديار بكر، اسطنبول، تركيا، ٢٠٠٦.
- معجم أعلام الكورد في التاريخ الإسلامي. بنکەی ژین، السليمانية، إقليم كردستان، ٢٠٠٧.
- الكورد في بلاد الشام ومصر، دار الثقافة والنشر الكردية، وزارة الثقافة، بغداد، ٢٠٠٧.
- مقالات ودراسات عن الاكراد، مركز كوردولوجي، السليمانية، إقليم كردستان، ٢٠٢٠.
- تاريخ الأكراد في بلاد الشام ومصر، أمانة عمّان الكبرى، عمّان، ٢٠٢٠.
– كتيب عن الأسماء الكردية، اربد، ٢٠١١.
– الموسوعة الكبرى لمشاهير الكورد عبر التاريخ، بيروت، دار العربية



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی، نووسەر و لێکۆڵەر سابیر ڕەشید**



له لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی، دکتۆر زرار سدیق تۆفیق



له لای ڕاستەوە: نووسەر و فەیلەسوف ئەدیب عەباسی، نووسەر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی

للموسوعات، ٢٠٠٧ – ٢٠١٢( ٨ مجلدات)، بەرگی نۆیەمیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن.

– تاريخ الأكراد في الإتحاد السوفيتي السابق، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٥.

- الأستاذ علي سيدو الكردي، عمّان، ٢٠٠٨.

– الأمثال الكردية في كردستان الشمالية، لعلي سيدو الكردي، تحقيق، عمّان، ٢٠٢٢.

- رحلـة إلى ملطيـة أو جولـة في كردسـتان الشـمالية، لعـلي سـيدو الكـردي، تحقيـق، إربــد، دار ركاز، ٢٠٢٤.

بەرهەمەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن و مێژوو و ڕۆشنبیری ئوردنی:

- التعبير الشفوي، عمّان، إربد، طبعة ١، ٢٠٠٦، الطبعة ٢، إربد، ٢٠٠٧.

- التعبير الكتابي التحريري، إربد، دار الكندي، ٢٠٢٠.

- الألعاب اللغوية، عمّان، ٢٠٠٥، الطبعة ٢، إربد، دار الكندي، ٢٠١٢.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی، نووسەر دکتۆر ئەمجەد عوبێد گاڤەرکی**





**نووسەر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی کوردی، لە دوو کاتی جیاوازدا**



له لای ڕاستەوە: دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی بە خۆی و یەک لە کوڕەکانی و دوو لە نەوەکانی

- التعبير الوظيفي، إربد، دار الكندي، ٢٠١١.
- الأردن في أشعار العرب، عمّان، وزارة الثقافه، ١٩٩٨، الطبعة ٢، مكتبة الأسرة، عمّان، وزارة الثقافة، ٢٠٢١..
- نوابغ الأردن في العصر الإسلامي، عمّان، دار عمار، ١٩٩٠.
- شرقي الأردن والعهد الفيصلي، عمّان، دار عمار، ١٩٩١، الطبعة ٢، مكتبة الأسرة، وزارة الثقافة، ٢٠١٩.
- مصادر ومراجع عن الثورة العربية الكبرى، عمّان، لجنة تاريخ الأردن، ١٩٩٦.
- تاريخ السلط والبلقاء ودورهما في بناء الأردن الحديث، عمّان، دار عمار، نشر بدعم وزارة الثقافة، ١٩٩٨..
- عمّان تاريخ وحضارة وآثار، دار عمار، عمّان، ٢٠٠٠.
- إربد المدينة تاريخ وحضارة وآثار، أمانة عمان الكبرى، عمّان، ٢٠٠٦.
- مذكرات إسماعيل عريضة، مذكرت مجاهد في الثورة السورية الكبرى ١٩٢٥ - ١٩٢٧، تحقيق، مركز الأردن للدراسات، دار سندباد، عمّان، ٢٠٠٦.
- مصادر ومراجع عن الأردن، لجنة تاريخ الأردن، عمّان، ٢٠٠٧.

– كتـاب تـاج الملـوك النفيـس بترجمـة الإمـام الشـافعي محمـد بـن إدريـس، إسـماعيل العجلوني،تحقيق، دار الكنـدي، إربد، نشـر بدعـم مـن وزارة الثقافة، ٢٠١٠.

- عائشـة الباعونيـة، مطبعـة دار دجلـة، عـمّان، نـشر بدعـم مـن وزارة الثقافـة، ٢٠٠٦، الطبعـة ٢، مكتبـة الأسرة، وزارة الثقافـة، عـمّان، ٢٠١١.

- الحكمة الأردنية: في الأمثال الشعبية في شمالي الأردن، عمّان، ٢٠١٣.

- الأضرحـة والمـزارات والمقامـات وأماكـن العبـادة في السـلط ومـا حولهـا للديانتـين الإسـلامية والمسـيحية، عـمّان، وزارة الثقافــة، ٢٠١٧.

- ملياغـروس بـن يوكراتيـس، أمـير شـعراء سـورية في العـصر الهلنسـتي، اربـد، دار ركاز، نــشر بدعــم وزارة الثقافــة، ٢٠٢١.

- أديب عباسي، ناسك الحصن. عمّان، وزارة الثقافة، ٢٠٢٢.



لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد دایکی دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی،
نووسەر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی




بەرهەمەکانی دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی

- معجـم الألفـاظ والمصطلحـات الأجنبيـة في اللهجـة العاميـة الأردنيـة. إربـد، دار ركاز، ٢٠٢٢.
- دراسات في التراث الشعبي الأردني. إربد، دار ركاز، ٢٠٢٣.
- الترجمة في الأردن خلال القرن العشرين. إربد، دار ركاز، ٢٠٢٤.

دكتۆر محـەمـەد عەلـى سـوەيرەكى كوردى چەندين چالاكيى ديكـەى هەبووە و هەيـە لەوانـە:

- بەشـداريى چەنديـن كۆڕوكۆبوونـەوە و كۆنفـراس و كۆنگـرەى ئەدەبـى و ڕۆشـنبيرى و زانسـتى لـە نـاوەوەى ئـوردن و دەرەوە كـردووە، لەوانـە لـە مانگـى ١٠ ى سـاڵى ٢٠٢٤ لـە فيسـتيڤاڵى شـيعريى دهـۆك لـە هەرێمـى كوردسـتان ئامـادە بـووە.

- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە(خەڵاتی زانستیی کۆمەڵایەتی لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئوردن ساڵی ١٩٩٥، خەڵاتی( شرحبیل بن حسەنە) بۆ دیراساتی کۆمەڵایەتی لە لایەن شارەوانیی(اربد الکبری)ساڵی ٢٠٠٨ و چەندانی دیکەش).

- لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەر و ئەدیبانی ئوردنییە.

-ئەندام و ئەمین سڕی کۆمەڵەی(الکتابات القدیمة - نووسیەنەکانی کۆن)ە، لە شاری اربد.

- ئەندامی کۆمەڵەی(عون الثقافة الوطنیة)یە، لە شاری(عمّان- عەممان).

بۆ مامۆستا و نووسەر و پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی کوردی، هەر سەرکەوتوو بەردەوام بێت لە نووسینە سوودبەخشەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانی دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی کوردی، لەسەر داخوازیی من و دکتۆر ئەمجەد عوبێد گاڤرکی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# لەیلا بەدرخان

خانمە شازادەیەکی کوردی ئازا و بوێر و ڕێچکەشکێن و یاخی، یەکەمین کچە کورد لە مێژوودا کە چۆتە مەیدانی هونەری(سەمای بالێ- رقصة البالية)ڕوانشاد لەیلا بەدرخان....

ناوی تەواوی(لەیلا عەبدولڕەزاق بەدرخانی)یە، بەڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی بەدرخانییەکانی میری بۆتان، بنەماڵەی بەدرخانییەکان بەشی زۆری پیاوەکان و ژنەکانیان ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر بوونە، خاتوو ڕەوشەن بەدرخان شاعیر و نووسەر بووە، کارە هونەرییەکانی لەیلا بەدرخانیش هیچ گرنگییان کەمتر نەبووە لە کاری ئەوان، ئەو لە ٣١- ٧ - ١٩٠٧ لە شاری ئەستەنبووڵ لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوەش ساڵی لە دایکبوونی دەگێڕنەوە بۆ ساڵی ١٩٠٨. باوکی میر عەبدولڕەزاق بەدرخان(١٨٦٤ - ١٩١٨)لە لایەن والی عوسمانی لە شاری مووسڵ ساڵی ١٩١٨ لە سێدارەدراوە و تەرمەکەشی لە گۆڕستانی(الغرباء)هەر لە شاری مووسڵ نێژراوە، دایکیشی ناوی(هنریتا هورتک)کچە یەهودییەکی(نەمسا)وی بووە و هونەری سەمای بالێی زانیوە.

خانمە هونەرمەند لەیلا بەدرخان پاش لە سێدارەدانی باوکی لە گەڵ دایکی چوونەتە شاری(القاهرة - قاهیرە)لە وڵاتی میسر، تەمەنی منداڵیی



**لە لای ڕاستەوە: یەك لە کوڕەکانی میر عەبدولڕەزاق بەدرخان، میر عەبدولڕەزاق بەدرخان باوکی هونەرمەند لەیلا بەدرخان، هونەرمەندی سەمای بالی لەیلا بەدرخان.**

خۆی لەوێ بەسەربردووە، لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی هەر لە گەڵ دایکی چوونەتە ئەوروپا و لە شاری(ڤیێنا)ی پایتەختی وڵاتی(سویسرا) نیشتەجێبوونە.

ئەو هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هونەری مۆسیقا و سەما بووە، ئەو کاتەی لە میسر بووە دیارە تەماشای ژنە سەماکەرە میللییەکانی میسری کردووە، هەندێ سەرچاوەش دەڵێن: کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سەماکەری سەمای بالێی جیهانی(ئیسادۆرا دونجان – Isadora Duncan)بۆیە هونەری سەمای بالێی هەڵبژاردووە، لە وڵاتی نەمسا دەستی بەخوێندنی هونەری سەمای بالێ کردووە و لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی فەرەنسا تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٢٤ یەکەم جار لە سەر شانۆیەکی نەمسا دەستی بە سەمای بالێ کردووە، چەندین ئاهەنگ و نمایشی لە وڵاتانی( سوید، ڕۆمانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، میسر و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)گێڕاوە و چەندین بەرپرس و لێپرسراو و مەلیک و پیاوانی ناوداری ئەوڕوپا و وڵاتانی عەرەبی ئامادەی نمایشەکانی بووینە، لە ساڵی ١٩٢٧ چووەتە ئەمەریکا و

لەوێش چەندین ئاهەنگی لەسەر بەناوبانگترین شانۆ و بە ئامادەبوونی بەناوبانگترین مۆسیقاژەنی ئەمەریکی ئەنجامداوە، پاش جەنگی دووەمی جیهانی وازی لە هونەری سەمای بالێ هێناوە و پەیمانگایەکی فێرکردنی سەمای بالێی لە پاریس کردۆتەوە.

هونەرمەند لەیلا بەدرخان بەهۆی چوونە ناو دنیای سەماوە پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان (نیمچەبڕاو) بووە، بەڵام ئەو وەکو کچە کوردێکی ئازا و بوێر و ڕێچکەشکێن و یاخی بووە، هەر خۆی بە کچە کوردێکی دڵسۆز و کوردپەروەر زانیوە و شانازیشی بەکوردبوونی خۆی کردووە و لە شوێنێکدا دەڵێت:(من کوردم، باپیرم میر بووە لە کوردستان دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی زۆردا هەبووە)، ئەو لە سەمای بالێ شێواز و ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەبووە و دیسان هەر خۆی لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:(من کەمتر لاقەکانم بەکار دەهێنم و زیاتر لە تابلۆکانی سەماکردنمدا دەست و جسمم) بەکار دەهێنم، لەبەشی زۆری تابلۆکانی سەمای کوردی و ئێرانی و تورکی و میسری و قەفقاسی و ئەسپانی)زانیوە و بەکاریهێناون، بایەخێکی زۆریشی بە کەلتوور و کەلەپووری کوردی داوە بەتایبەتی لە بواری شایی و دیلان و سەماکردن و ئاوێتەی تابلۆکانی کردوون، لایەنی




**هونەرمەندی سەمای بالێ لەیلا بەدرخان**





هونەرمەندی سەمای بالێ لەیلا بەدرخان






Prinsessan av Kurdistan

Prinsessan Leila, vars bild vi här s
är dotter till den siste emiren av Ku
distan. Hennes skönhet och talang h
ställt henne bland stjärnorna. Den
december skall hon ha dansafton p
Champs Elysées i Paris.

ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی کوردیشی فەرامۆش نەکردووە، چەندین باس و لێکۆڵینەوەی لە بواری ئایینی زەردەشتی و ئێرانی و میسری و هیندی کۆن هەیە، بەناوبانگترین تابلۆکانی تابلۆی سەمای(رقصة الافعی - سەمای مار، بالي ملكة بلقيس - بالێی مەلیکە بەلقیس)ە، لە سەمای مەلیکە بەلقیس دەوری مەلیکە و کچە(غجر- قەرەج)ێکی بینیوە.

هونەرمەندی سەمای بالێ لەیلا بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٠ هاوسەرگیری لەگەڵ (هنری توشی) کە پیاوێکی(پۆلۆن)ی بووە کردووە و، تەنیا کچێکیان هەبووە بەناوی(نڤین)کە ئێستا ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوە لە وڵاتی میسر.

ئەو لە مانگی(٩)ی ساڵی ١٩٨٦ لە شاری پاریس کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی(Cloud – Saint) هەر لە شاری پاریس نێژراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - نووسینێکی شاعیر و نووسەر مامۆستا کۆنی ڕەش بەزمانی عەرەبی دەربارەی هونەرمەند لەیلا بەدرخان لە قامشلۆ بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٤ - ماڵپەڕی(ڕۆژئاڤا نیوز)نووسینێکی شاعیر و نووسەر خاتوو نارین

عومـەر بەزمانـی عەرەبی بەناونیشـانی(لیلی بدرخـان المـرأة الشـرقية الكورديـة المتمـردة ١٩٠٨ - ١٩٨٦) لـە ١٨ - ١٠ - ٢٠١٦.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی(اسو)نوسینێک بەزمانی فارسی بەناونیشانی(قصندەی فراموش)لە نووسینی بەڕێزان(سومانگهداری نیا، منسور محەمەدی)لە ٧ - ١٢ - ٢٠٢٢.

٦ - ماڵپـەڕی Afrin Tv، فلمێکـی دوکیومێنتـاری لـە ئامادەکردنـی میدیـاکار زەکەریـا دادۆ، لـە ٢٩ - ٦ - ٢٠٢٣.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## عەبدولڕەحمان زەبیحی

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە عەبدولڕەحمان زەبیحی و لە باشووری کوردستان بە مامۆستا عولەما و لە ڕۆژئاڤای کوردستان بە عیسا عەرەفات ناسراوە، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و سیاسەتمەداری ناسراو و دیاری کورد ڕەوانشاد عەبدولڕەحمان زەبیحی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.....

ناوی تەواوی(عەبدولڕەحمان محەمەدئەمین زەبیحی یان عەبدولڕەحمان سۆفی مینەی کڵاودروو)ە، لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری(سابڵاغ - مهاباد) لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، سۆفی مینە کڵاودرووی باوکی، پیاوێکی دەستکورت و ئیماندار بووە(بانگدەر- مۆذن)ی مزگەوتی(ڕۆستەم بەگ)بووە لە شاری مهاباد و دەنگیشی زۆر خۆش بووە و لە لای خەڵکیش زۆر خۆشەویست بووە، شەش منداڵی هەبووە، سێ کوڕ و سێ کچ، بەناوەکانی(عەبدولڕەحمان، عەبدوڵڵا، محەمەد، فاتم و ڕەعنا و هاجەر)دوو کچی دیکەشی هەبووە هەر بەمنداڵی مردوون، عەبدولڕەحمان زەبیحی کوڕی گەورەی بووە. نووسەر و فەرهەنگناس عەبدولڕەحمان زەبیحی هەر لە منداڵییەوە ئەلف و بێی قورئانی پیرۆزی لە لای باوکی و ڕێزمانی عەرەبی لە لای(مەلا بایزی زگدڕاوی) فێربووە و، لە لای مەلا قادری مودەریسیش دەرسی(جەبری)خوێندووە، هەر لەسەر دەستی ئەویش فێری




**کۆمەڵێک کەسایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باغی سیسەی شاری مهاباد ساڵی ١٩٤٢، لە ڕیزی یەکەم لە لای ڕاستەوە: عەلی ڕەیحانی، ئەحمەد ئیلاهی، محەمەد سدیق، نەناسراوە، نەناسراوە، ڕیزی دووەم لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، عەبدولڕەحمانی موهتەدی، محەمەد سەعیدی کانی مارانی، ڕیزی سێیەم لە لای ڕاستەوە: محەمەد ڕەسووڵی(دڵشاد ڕەسوڵی)، عەلی خوسرەوی، نەناسراوە، نەناسراوە، نەناسراوە، سەید تەهای ئەیوبی، هاشم خەلیل زادە(سوهەیلی)، نەناسراوە، ڕیزی چوارەم و پشتەوە: نەناسراوە، عەبدولڕەحمان زەبیحی، سمایل خانی فەروخی، نەناسراوە، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار موکریانی)**

کوردپەروەری بووە، لە ساڵی ١٩٣٢ کە بیستوویەتی مامۆستا گیو موکریانی هاتۆتە مهاباد و دوکانی(عەکاسی - وێنەگری)داناوە، دەچێتە لای ئەویش و فێری زمانی فەرەنسی دەبێت، خوێندنی سەرەتایی لە شاری مهاباد تەواوکردووە و لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی(ئەو کات لە شاری مهاباد) لە ساڵی ١٩٣٧ خوێندنی ناوەندی لە شاری(ورمێ) تەواوکردووە، هەمان ساڵ لە ئیدارەی(فەرهەنگ- پەروەردە)ی مهاباد دادەمەزرێت و کاروباری قوتابیانی زۆر بەچالاکی بەڕێوەبردووە و، دواتر لای حاجی ساڵح شاتری بووەتە بەرپرسی وەکالەی نەوتی مهابادی و کاروبارە ئیداری و داراییەکانی ئەویشی زۆر بە ئەمینی جێبەجێ کردووە.

نووسەر و وەرگێڕ و فەرهەنگناس عەبدولڕەحمان زەبیحی زۆر زیرەک بووە، لەگەڵ شاعیران(هەژار موکریانی و هێمن موکریانی)هاوڕێ و

هاوتەمەنی یەکتری بوونە، ئەو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە و بەناوی نهێنی(ع. بێژەن)بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە، گوایە هەر سێ ناسناو(هەژار، هێمن، ع بێژەن)زەبیحی خۆی داینـاوە، بۆیە(هـەژار موکریانی شـاعیر ١٩٢١ - ١٩٩١) سـەبارەت بـە زیرەکیـی زەبیحـی لـە کتێبی(چێشـتی مجێـور)دا لـە لاپـەڕە(١٨ - ١٩)دا دەڵێت:(ڕۆژێـک وەک بـەڵای ناگەهانـی منداڵێکیـان هێنـا حوجرەکـە، بەتەمـەن لـە مـن باوخۆشـتر و بەبـاڵا لـە مـن کورتـە باڵاتـر بـوو، یەکێکی سووری چاوزین، لێم بوو بە عیزرائیل، دەبوایە ئەویش گوڵستان بخوێنـێ، هەتیـو ئەوەنـدە زیـرەک بـوو کـە نەبێتـەوە، مـن بەهـەزار گێـرە و نێـرە دوو خەتـم ڕەوان دەکـرد، ئـەو پـەڕە و دوو پـەڕەی تێدەپەڕانـد، وەک ئاگری قودرەتی وا بوو، جا وەرە زلـلە و چەپۆک بخۆ کە بۆ ئەو هێندە و هێندەی ڕەوان کردووە و تۆ هەر منجە منجت دێ؟! هـەر لەبـەر خۆمـەوە لـە خوا دەپاڕامـەوە، ئـەو بەدفـەڕە بمرێ و لـە کۆڵ دنیا بێتـەوە، نـاوی ئەویش عەبدولڕەحمان کوڕی سۆفی مینە بوو، کە لـە دوا ڕۆژدا بـە زەبیحـی ناسـرا).

هێمـن موکریانیـی شـاعیریش لـە لاپـەڕە(١٥) دیوانی(تاریـک و ڕوون) دا دەڵێت:(جێگایـەک هەبـوو کـە ناکرێـت نـاوی بێنـم، ئـەو جێگایـە مەکـۆی ئـەو لاوانـە بـوو کـە هـەوای نیشـتمانپەروەریان کەوتبـوە سـەر، زەبیحـی و ڕەسـوڵی



**لە لای ڕاستەوە: دووەم کەس شێخ عیزەدینی حوسێنی، نووسەر عەبدولڕەحمان زەبیحی، ئەوانی دیکە نەناسراون**



**لە لای ڕاستەوە: مەلا عەولای حاجی سمایل ناسراو بە(مەلا ماتۆڕ)، نووسەر عەبدولڕەحمان زەبیحی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولڕەحمان زەبیحی، شاموراد بۆرەکەیی**

میکاییلی و قزلجی و نانەوازادە و ئیلاهی و سەیدی و زۆر کەسی دیکەم لەوێ ناسین، هەژاریش هەر چەند جار هاتبا شار بەماڵی ئێمەدا دەهات، ئەو ڕەفیقانەی کۆڕی ئەدەبی بچووکی کوردیان پێک دەینا و بەنهێنی شیعری کوردییان دەخوێندەوە و دەیان نارده کوردستانی عێراق و هەر چی کتێبی لە وێ چاپکرابان بۆیان دەهات و دەیاندا بە منیش).

زەبیحی یەکێک بووە لەو(١٠)کەسەی مهاباد کە کۆمەڵەی(ژ. ک) ژیانەوەی کورد، یان(ژیاندنەوەی کوردی)یان بەسەرپەرشتیی ئەفسەرێکی کوردی عێراقی بەناوی(میرحاج) لە ١٦ - ٩ - ١٩٤٢ لە یەکێک لە باغەکانی شاری مهاباد دامەزراندووە و، زەبیحیش بە یەکەم سکرتێری ئەو ڕێکخراوە ناسیونالیزمەی کورد هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٤٥ شەهید قازی محەمەد وەک ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە وەرگیراوە و خەباتی ئەو کۆمەڵەیە بەئاشکرا دەستی پێکردووە.

ئەو لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٣ ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە دەرچوواندنی یەکەم بڵاوکراوەی سەربەخۆی(ژ.ک) بەناوی(دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ لاوانی کورد) و دواتریش کە کۆمەڵەی ژ. ک هەڵوەشاوەتەوە و بووەتە ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو وەکو ئەندامێکی چالاک لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سەرپەرشتیکاری گۆڤاری (نیشتمان) بووە،کە (٩) ژمارەی لە مهاباد لێدەرچووە.









**نووسەر و فەرهەنگناس عەبدولڕەحمان زەبیحی لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

پاش دەستگیرکردنی زەبیحی و قاسم قادری و دڵشاد ڕەسوڵ بۆ ماوەی(٨) مانگیک و ڕووخانی کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦، زەبیحی ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و لە گوندی(سیتەک)ی سەر بەناوچەی شارباژێر ماوەیەک لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفید خۆی حەشارداوە و لەگەڵ هاوڕێکانی ژمارە(١٠)ی گۆڤاری (نیشتمان)یشیان هەر لەوێ دەرچوواندووە.

زەبیحی ماوەیەک لە شارەکانی سلێمانی و کەرکووک ژیاوە، دواتر چووەتە بەغدا بەنهێنی لەوێ ژیاوە و ئاشنای حەسەن قزلجی و چەند کەسایەتییەکی دیکەی کورد بووە، بۆ بژێوی ژیانی خۆی لە چێشتخانە و هۆتێلەکان کاری کردووە، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو چەند جارێک دەستگیر کراوە و ڕەوانەی ئەودیوی سنوور کراوەتەوە، بەڵام دیارە هەموو جارەکان هەر زوو گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، لە ساڵانی ١٩٥٣ - ١٩٥٤ یش لە گەڵ حەسەن قزلجی گیراوە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە ڕێگای مووسڵ خۆی گەیاندۆتە گوندی(تربە سپی)ی ماڵی حەسەن ئاغای حاجۆ، لەوێ ناسنامەیەکیان بەناوی(عیسا عەرەفات) بۆ دروست کردووە و چووتە (دیمەشق) لەوێ لە گەڵ هەریەک لە(قەدری بەگ، حەمید دەرویش، عوسمان سەبری، نورەدین زازا) پارتی دیموکراتی سووریيان دامەزراندووە، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ هاتۆتەوە عێراق و لە بەغدا و کەرکووک، وەکو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین بەپرسیارێتی بینیوە، ئەو پیاوێکی زۆر زیرەک و هێمن و دووربین و ئەمین بووە، ئاگای لە هەموو گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەم بووە، بۆیە لە کوردستانی باشوور ناوی مامۆستا(عولەما) یان لێناوە، بەڕاستی کوردێکی کوردپەروەر بوو، هەموو کوردستانی گەورەی بەهی خۆی دەزانی، زیاتر باسی ئەو کوردپەروەرە بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.

عەبدولڕەحمان زەبیحی جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەرمەنی و فەرەنسی و ئینگلیزی زانیوە، وەکو شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و مێژوونووس و فەرهەنگناس، کۆمەڵێک بەرهەمی پوختەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە یان دوای خۆی بۆی چاپ و بڵاوکراوەتەوە کە ئەمانەن:




بەرهەمەکانی خۆی و ئەو بەرهەمانەی بۆی ئامادە و کۆکراونەتەوە.

- قاموسی زمانی کوردی(کوردی - کوردی)، پیتی(ء)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کوردی، بەغدا، ساڵی ١٩٧٧.
- قاموسی زمانی کوردی(کوردی - کوردی)بەرگی دووەم، پیتی(ب)بەینەت، کۆڕی زانیاریی کوردی، بەغدا، ساڵی ١٩٧٩.
- جوغرافیای کوردستانی ئێران، وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کوردی، بەغدا، ساڵی ١٩٨٠.
- کتێبی(ڕەتدانەوەی کۆسمۆپۆلیتیزم)نووسینی خۆی و ئامادەکردنی نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەلی کەریمی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- کتێبی(مێژووی زمانی کوردی)، مهاباد، ٢٠٢٣.
- کتێبی(سەرەتایەکی مێژووی زمانی کوردی)بەهاوبەشی لەگەڵ هەر یەک لە(دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف، نووسەر ئەمیری حەسەنپوور)، ئامادەکرن و پێشەکی نووسەر عەلی کەریمی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٢٣.

- کتێبی(ژیـان و بەسـەرهاتی عەبدولڕەحمـان زەبیحـی، مامۆسـتا عولەمـا)، نووسـین و ئامادەکردنـی نووسـەر عەلـی کەریمـی، سـلێمانی ٢٠٠٥
- کتێبی(زەبیحـی ڕووناکبیرێکـی گـۆڕ غەریب)نووسـین و کۆکردنـەوە و ئامادەکردنـی نووسـەر فەرەیـدون حەکیـم زادە.
- قاموسـی زبانـی کـوردی، وەرگێڕانـی بەرگـی دووەمی(قاموسـی زمانـی کـوردی) بـۆ زمانـی فارسـی لـە لایـەن ئینتیشـاراتی سـەلاحەدینی ئەیوبی(ورمێ)بەرگـی دووەم سـاڵی ١٩٨٨.
- چەند بەرهەمێکی شیعری شاعیر مستەفا لوتفی مەنفەلوتی، وەرگێڕاوەتە سـەر زمانی کوردی.
- دیوانـی ئەبولقاسـمی لاهوتی)وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، بـەڵام بڵاونەکراوەتـەوە.

ئەو لەبەغدا، چەند ژمارەیەکی لە گۆڤارێک بەناوی(باهۆز)دەرکردووە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨١ ماوەیەکی کەم سـەردانێکی شـێخ عیزەدین حوسـێنی کـردووە، تـا ئێسـتاش سـاغ نەبۆتـەوە لـە دیـوی ئێـران یـان لـە عیـراق بـێ سـەرو شـوێن کـراوە، بـەڕای هەمـوو چاودێرانـی سیاسـی و هاوڕێکانـی هـەر لـە لایـەن ڕژێمـی بەعسـی گۆڕبەگـۆڕ بـێ سەروشـوێن کـراوە و، تـا ئێسـتاش تەرمەکـەی دیـار نییـە، ئـەو شـەهیدی کـورد و کوردسـتانە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

سەرچاوەکان:


١ - کتێبی(ژیـان و بەسـەرهاتی عەبدولڕەحمـان زەبیحـی- مامۆسـتا عولەمـا)، ئامادەکردنـی نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس عەلـی کەریمـی.

٢ - کوردیپیدیا.

٣ - ویکیپیدیا - ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٤ - چەند زانیارییەک لە نووسەر جەمیل مەلاقەرە وەرگیراوە.

٥ - نووسـینێکی شـاعیر و نووسـەر ڕەزا شـوان لـە ٢٥ - ٦ - ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتـەوە، ئـەو لـە وڵاتـی سـوید بـۆی ناردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٦ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# هاشم ئەحمەد زادە

نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، شارەزای دیراساتی ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆی(ئۆپسالا)ی سویدی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر هاشم ئەحمەد زادە...

نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر و توێژەر هاشم ئەحمەد زادە لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری(مهاباد) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە مهاباد تەواوکردووە و، ساڵی ١٩٨٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆیەکی ئێران بەدەستهێناوە. دیارە بۆ درێژەدان بەخوێندن لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە، لە ساڵی ١٩٩٥ لە زانکۆی(ئۆپسالا) بڕوانامەی بەکالۆریۆسێکی دیکەشی لە ڕۆژهەڵاتناسی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی ماستەری لە هەمان بوار و هەمان زانکۆی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠٥ لە زانکۆی ئۆپسالا لە بوارەکانی مێژوو و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زمان و ئەدەبی فارسی و زمانە ئێرانییەکان وەکو وانەبێژ دەستبەکار بووە، لە هەمان کاتیشدا خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە و نووسینەوەی نامەی دکتۆراکەشی بووە، لە ساڵی ١٩٩٦ - ١٩٩٧ ساڵی یەکەمی دەورەی دکتۆراکەی لە بەشی(مەدرەسەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەفریقاناسی لە زانکۆی لەندەن خوێندووە)، دواتر دکتۆراکەی تەواوکردووە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥



**لەلای ڕاستەوە:هونەرمەندی گەورەی کورد مەزهەری خالقی،**
**نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر هاشم ئەحمەد زادە**

تا ۲۰۱۲، سەرەتا وەک مامۆستا و دواتر وەک پڕۆفیسۆری یاریدەدەر لە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە زانکۆی(ئێگزێتری)بریتانیا کاری کردووە، لە ساڵانی۲۰۱۲ تا ۲۰۱۵ وەک لێکۆلەر لە (ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان) کە ناوەندەکەی لە هەولێرە دەستبەکار بووە، هەر لەم ساڵانیشدا لە زانکۆی فەڕەنسی لوبنانی هەر لە هەولێر مامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی بووە، لە مانگی(۹)ی ساڵی ۲۰۱۵ دیسانەوە هاتۆتەوە سوید و لە زانکۆی ئوپسالا دەستی بە وانە وتنەوە و لێکۆڵینەوە کردۆتەوە. لە ساڵی ۲۰۱٦ تا ۲۰۱۸ لە مەدرەسەری وەرگێڕانی سوێد وانەبێژ بووە، ئێستا پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی زمانناسی و لێکۆڵینەوە لە زانکۆی ئوپسالای سویدی.

نووسەر و وەرگێڕ و توێژەر دکتۆر هاشم ئەحمەد زادە لە سەرەتای ساڵانی دووهەزارەکان دەستی بە نووسینی کتێبی(ڕۆمان و نەتەوە) کردووە، دواتر لە بوارەکانی ئەدەبی، فەرهەنگی، زانستی سیاسی، و پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین کتێب و وتار و کورتە باسی نووسیوە و چەندین شاکاری نووسەرانی ئەورووپی و فارسی لە زمانەکانی سویدی و ئینگلیزی و فارسی وەرگێراوەتەوە سەر زمانی کوردی، تا ئێستا چەند بەرهەمێکی ئاست بەرز و سوودبەخشی بەزمانەکانی کوردی، فارسی سویدی و ئینگلیزی نووسیوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- نەتەوە و ڕۆمان بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی، تورکی و فارسی


چاپ کراوە، دوو جار بە فارسی چاپ کراوەتەوە و لە پێشەنگای نێونەتەوەییی کتێب لە تاران لە ساڵانی ٢٠١٨- ٢٠١٩ لە ڕیزی کتێبە زۆر فرۆشراوەکان بووە.


- زمان، ئەدەب و ناسنامە (هەتا ئێستا چوار جار لە کوردستان و دەرەوەی وڵات چاپ کراوەتەوە).
- ڕۆمان و ناسنامە بە کرمانجی (دوو جار چاپ کراوەتەوە).
- جیهانی ڕۆمان (دوو جار چاپ کراوە).
- گێڕانەوەناسی، زمان، مێژوو، ڕۆمان، (دوو جار چاپ کراوە).
- مێژوو بە ڕاوێژی ئەدەب (دوو جار چاپ کراوە).
- هەرچی هەیە ڕاڤەیە، ٢٠٢١.
-فەرهەنگ و ڕزگاری، وتار، ڕەخنە، دیمان و یاداشت، ٢٠٢٤.





نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر هاشم ئەحمەد زادە لە چەند کاتێکی جیاوازدا














**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر هاشم ئەحمەد زادە**

- هونەری داستان، وەرگێڕان لە نووسینی نووسەر دێڤید لاج، چاپی یەکەم، مهاباد.
- دەفتەری سوور.
- هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان، وەرگێڕان، لە نووسینی بەهرۆز بوچانی.
- کوردەکان و ئەوانی دیکەیان.
- کورد و کۆمەڵگەی مەدەنی.
- مێژوونووسیی کوردی و ڕەچەڵەکناسیی کورد.
- سەردانی پزیشکی تایبەت، وەرگێڕان لە سویدییەوە، لە نووسینی نووسەر پەرتەلۆڤ ئینگڤیست، چاپی یەکەم سلێمان، ٢٠٢٤.
- دەیان وتاری ئەدەبی، ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەی بە زمانەکانی ئینگلیزی، سوێدی، فارسی و کوردی بڵاو کردۆتەوە.
- دەیان دیدار و چاوپێکەوتن و هەڤپەیڤینی لەگەڵدا کراوە.

- بەشداری دەیان دیداری ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی کردووە و لەسەر بوارەکانی ئەدەبی، فەرهەنگی و زانستی سیاسی و بابەتی هەمەجۆری دیکە قسەی کردووە.
- بەشداریی دەیان کۆنفراس و کۆنگرەی زانستی و ئەکادیمی نێودەوڵەتی لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەلات و ئەوروپا کردووە.

بۆ نووسەر و وەرگێڕ و توێژەر دکتۆر هاشم ئەحمەد زادە هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و وەرگێڕان.


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینساکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان.


٤ - خانە کتاب کردی، نووسینێکی ئازاد حاجی ئاکایی، لە ٢٠١٨.

٥ - فلمێکی دوکیومێنتاری، پەیجی دکتۆر هاشم ئەحمەد زادە، لە ٢٠٢٠.

٦ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی VOA kurdish، فلمێکی دوکیومێنتاری.

٧ - پەیجی ڕوانگە، فیلمێکی دوکیومێنتاری هەڤپەیڤین لە گەڵ دکتۆر هاشم ئەحمەد زادە، لە لایەن نووسەر و وەرگێڕ و میدیاکار حەسەن قازی بەبۆنەی ساڵیادی دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور، لە ٢ - ١٠ - ٢٠٢٤.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم..



# دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر و زمانناس ڕەوانشاد پرۆفیسۆر دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان..

نووسەر و توێژەر دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور لە ١٠ - ٨ - ١٩٤٣ لە شاری(مهاباد) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی ساڵی ١٩٦٤ بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی(تاران)تەواوکردووە و، بۆ تەواوکردنی خزمەتی سەربازی ماوەیەک لە(ترویج و ئابادانی- پێشکەوتن و گەشەپێدان و ئاوەدانی کستوکاڵی)خزمەتی کردووە، پاشان وەکو مامۆستا لە کۆلێژی ڕاهێنانی مامۆستایانی تاران ڕاهێنانی کردووە و، بووتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکانی شاری مهاباد، لە ساڵی ١٩٦٨ بڕوانامەی ماستەری لە زمانەوانی هەر لە زانکۆی تاران وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی دکتۆراشی هەر لە زمانی ئینگلیزی و لە هەمان زانکۆی تاران بەدەستهێناوە. ئەو بۆ خوێندن چووەتە ئەمەریکا لە زانکۆی(ئیلینۆس)لە ئۆربانا و بڕوانامەی لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە، دیارە دواتر گەڕاوەتەوە ئێران، لە ساڵی ١٩٨٣ جارێکی دیکە چۆتەوە ئەمەریکا و، لەساڵی ١٩٨٦ەوە ڕووی لە وڵاتی کەنەدا کردووە و، لە ساڵانی





لە ڕاستەوە: میدیاکار و نووسەر حەسەن قازی لە دیدارێکدا، دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور


١٩٨٧ – ١٩٩٣ لە زانکۆی(ویندسۆر)وەکو وانەبێژ و توێژەر دەستبەکار بووە، لە ساڵی ١٩٩٣ - ١٩٩٤ماوەیەک چووەتە زانکۆی(یۆپسالا)لە سوید، لە ساڵانی ١٩٩٤ - ١٩٩٦ لە زانکۆی(کۆنکۆردیا) وانەبێژ بووە، وەکو مامۆستای یاریدەدەر لە فاکەڵتی شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک) لە زانکۆی(تۆرینتۆ) بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، دواتریش لە زانکۆی(UOFT)هەر لە کەنەدا بەردەوام بووە لە کارەکانی تا ڕۆژی ٢٤ – ٦ – ٢٠١٧ هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور هەر لە لاویێتیدا هەڵگری بیروباوەڕی(چەپ) بووە، بەشی زۆری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکانی لە بواری مێژووی زمان و زمانی نەتەوەیی و یەکگرتووی کوردی و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک، بەزمانی ئینگلیزی و فارسی نووسیوە، سەرەڕای نووسین و گفتوگۆکانی دەربارەی دیموکراتی و ڕەخنەگرتن و ناسیۆنالیزم و گرفتە نەتەوەییەکان و جینۆساید و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، ئەو تا ئێستا چەند بەرهەمێکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- کتێبی(ناسیولیزم و زمان لە کوردستان ١٩١٨ – ١٩٨٥)، ساڵی ٢٠١٧.

- کتێبی(ئەمیر حەسەنپوور) لە هەر کوێیەک بێت!)لە نووسینی نووسەر و ڕووناکبیر مەسعود محەمەد.
- سەدەیەک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا(تیوری- سیاسەت- ئایدۆلۆژی)، کە وتووێژێکە لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیر تۆفیق وەهبی ساڵی ١٩٧٦ کردوویەتی و تۆماری کردووە، نووسینەوە و ئامادەکردن و پەراوێز نووسین و خوێندنەوەی نووسەرکەمال ڕەئوف محەمەد(باب لالۆ).







**دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور لە چەند کاتێکی جیاوازدا**




بەرهەمەکانی دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور




- کتێبی(ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان ساڵی ١٩٥٢ – ١٩٥٣).
- کتێبی(سەرەتایەکی مێژووی زمانی کوردی) بەهاوبەشی لەگەڵ نووسەر عەبدولڕەحمانی زەبیحی و نووسەر دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف، سلێمانی ٢٠٢٣.
- کورتە باسی(کێشەی زمانی کوردی(زانکۆی برۆکسێل) لە ٤ – ٤ – ٢٠٠٣.
- کتێبی(گەشتێک بەنێو ئاوالار ساهیلیندە) ٢٠١٩.
- کورتە باسی(سیاسەتی زماننناسی)بەزمانی ئینگلیزی، ، نووسەر پارسا کرمانجیان کردوویەتی بەکوردی.
- کورتە باسی(دەبێت هەموو لەهجەیەک ئازاد بێ)لە کوردی کرمانجییەوە نووسەر حەسەن قازی وەریگێڕاوەتەوە سەر شێوەزاری سۆرانی.

چەندین نووسەر و لێکۆڵەری کوردی و بیانیش تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی نووسەر دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور.

نووسەر دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور چەندین دیدار و وتووێژی لەگەڵ نووسەرانی کورد کردووە لەوانە (تۆفیق وەهبی، جەلیلی گادانی و چەندانی دیکەس) هەندێکیان کراونە کتێب، هەندێکیشیان لە گۆڤار و و سایتە

ئەلیکترۆنییــەکان بڵاوکراونەتــەوە.

چەندیـن نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و میدیـاکار دیـدار و چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ نووسـەر دکتـۆر ئەمیـر حەسـەنپوور کـردووە لەوانە(حەسـەن قـازی، سـەلاحەدین بایـەزی و چەندانـی دیکـەش) و لـە گۆڤـارە کـوردی و ڕادیـۆی دەنگـی ئەمەریـکا بڵاوکراوەتـەوە.

ئـەو هاوسـەرگیری لەگـەڵ خاتوو(شـەهرەزاد مۆجاب)کـردووە و خاوەنـی کوڕێک بوونـە، خـوا تەمـەن درێژی بکات، بۆ خۆشـی ڕەوانـی شـاد و ئـارام بێت.

سەرچاوەکان:


١ - ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیی ڕوانگـە، هەڤپەیڤینی نووسـەر هاشـم ئەحمـەد زادە لەگـەڵ دکتـۆر ئەمیـر حەسـەنپوور، لـە ١٦ - ١١ - ٢٠١٧بڵاوکراوەتـەوە.

٢ - کوردپیپیدیا.

٣ - ویکیپیدیا - ئینساکلۆپیدیای ئازاد.

٤ - ماڵپەڕی مێژووی کورد، نووسینێکی گۆران حەکیم لە ٩ - ٩ - ٢٠١٧.

٥ - کتێبی(کوردستان لە سێبەری مێژوودا) لە نووسینی(سوسـان مەیسـێلاس) دا لەمـەڕ مـەزاری قازییەکان.

٦ - ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، نووسـینێکی دکتـۆر نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد لـە ٢٥ - ٦ - ٢٠٢٤.

٧ - نووسـینێکی نووسـەر شـوان ئەحمـەد لـە ژمـارە(١٧٨٠)ی هەفتەنامـەی هاوڵاتـی لـە ٢٢ - ٦ - ٢٠٢٢.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەیدایێ کەلەش

شاعیری شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕۆژئاڤای کوردستان، شاعیری نەتەوەیی و خەمخۆری ئازار و مەینەتی میللەتەکەی، ڕەوانشاد سەیدایێ کەلەش...

ناوی تەواوی(حسێن محەمەد کەلەش حسێن)ە، بە سەیدایێ کەلەش ناسراوە، لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی(بزگۆری) دەوروبەری پارێزگای ماردین لە باکووری کوردستان لە خانەوادەیەکی کوردی کوردپەروەر لە دایک بووە و لە عەشیرەتی(ئۆمەریان)ە، ئەو نۆبەرەی دایک و باوکی بووە و دوو برا و خوشکێکیشی هەبووە، لە تەمەنی(٥) ساڵیدا، باوکی کۆچی دوایی کردووە و ساڵێکیش پاشتر دایکیشی ئۆغری کردووە و تەمەنی منداڵێتی خۆی زۆر بە چەرمەسەری بەسەربردووە، لە تەمەنی(١٠) ساڵیدا ڕووی لە ڕۆژئاوای کوردستان کردووە و لە شاری(عامودا) نیشتەجێ بووە، دەستی بەخوێندنی قورئانی پیرۆز لە لای(مەلا عەبدولڕەزاق) لە گوندی (خالید) کردووە و بۆ درێژەدان بە خوێندنی زانستە ئایینییەکان چووەتە گوندەکانی(کەرکوود، تەل عەربید، کریاوی، عاگولە و تەل مەعروف) لە دەوروبەری شاری(عامودا)، فێری زمانی عەرەبی بووە و دواتریش فێری



**له لای ڕاستەوە: شاعیر جگەرخوین، شاعیر سەیدایێ کەلەش**

نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی بووە و، دەستی بەنووسینی شیعری کلاسیکی (وزن و قافیە - کێش و سەروا) بە (ئەلف و بێی) عەرەبی کردووە و پاشانیش کە فێری پیتی کوردی لاتینی بووە شیعرەکانی بە پیتی کوردی لاتینی نووسیوە، هەر لەنێوان قامشلۆ و عامودا ئاشنایەتی لە گەڵ شاعیری نەمر(جگەرخوین١٩٠٣ - ١٩٨٤)پەیدا کردووە و بەرهەم و دەستنووسەکانی بە جگەرخوین پیشانداوە و ئەویش ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردووە و ڕێگای ڕاست کوردایەتیشی پێپیشانداوە، بۆیە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شاعیر جگەرخوین خۆشی بە قوتابی ئەو زانیوە.

شاعیر سەیدایێ کەلەش لە تەک هەر یەک لە شاعیران(جگەرخوین، سەیدایێ تیرێژ، ئۆسمان سەبری، سەبری بۆتانی، کەمال دەرویش، فەرهاد عجمۆ)بە پێشەنگی شیعری کلاسیکی لە ڕۆژئاواشای کوردستان هەژمار دەکرێن، ئەو شیعرەکانی زیاتر نیشتمانپەروەرین، کەلتوور و کەلەپوور و مێژووی کورد و نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر و کەسایەتییەکانی کورد لە

شیعرەکانی زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، جوانیی سروشتی کوردستان و ئافرەتیشی لە شیعرە جوانەکانی فەرامۆش نەکردووە.

ئەو لە ژیانی خۆی(٤)دیوانی شیعری چاپ و بڵاوکردۆتەوە، پاش خۆشی چەند دیوانێکی شیعری و کتێبێکی بیرەوەرییەکانی چاپ و بڵاوکردوەتەوە و چەند دەسنووێکیشی هێشتا بڵاونەکراونەتەوە، بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

- Em û dijmin 1986
- Rêka gel 1981
- Derdê millet 1993
- Ronahî 1994
- Berbang

ئەم بەرهەمانەشی هێشتا چاپ نەکراون:

Xebat.






**شاعیر سەیدایێ کەلەش لە دوو کاتی جیاوازدا**

Helebçe.

Jiyan û bîraninên min.

hêvî.

baxista .




بەرهەمی شاعیر
سەیدایێ کەلەش

شاعیر سەیدایێ کەلەش شاعرێکی کوردپەروەور بووە و خزمەتێکی زۆری شیعری کلاسیکی ڕۆژئاوای کوردستان و هەموو کوردستان کردووە، هەر بۆیەش چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە:

- خەڵات و ڕێزلێنانی فیستیڤاڵی شیعری کوردی، ساڵی ٢٠٠١.
- خەڵات و ڕێزلێنان لە دیداری ڕۆشنبیری قامشلۆ، ساڵی ٢٠٠٢.
- خەڵاتی(جگەرخوێن بۆ داهێنان)لە دەورەی یەکەم. ساڵی ٢٠٠٢.

شاعیر سەیدایێ کەلەش لە ١٨ - ٦ - ٢٠٠٧ لە شاری قامشلۆ کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی(قدوری بەگ)هەر لە قامشلۆ بەخاک سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر سەیدایێ کەلەش، شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش لە قامشلۆ بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - کوردیپێدیا.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ڕوناهی، نووسینێک لە ساڵی ٢٠٢٣.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنییREBAZ، نووسینێک لە ١٧ - ٦ - ٢٠٢٣.

٥ - ماڵپەڕی ولاتێ مە، welate me.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەیدایێ تیرێژ

**ڕابــە تفەنگــێ هەمــی پێشــمەرگەنە**
**ڕەختـا بـاوی سـەر ملـی وێ پێشـمەرگەنە**

شـاعیر و نووسـەری کوردپـەروەر ڕەوانشـاد سـەیدایێ تیرێـژ لـە ڕۆژئاڤای کوردستان ....

ناوی تەواوی(نایف کوڕی حەسـەن یان حەسۆ)یە، بە مـەلا نایف حەسۆ ناسـراوە، شـاعیری نەمر (جگەرخوێن) نازناوی (تیرێژ)ی پێبەخشـیوە، لە سـاڵی ١٩٢٣ لـە گوندی (نەجمۆک)ی سـەر بەشـاری قامشـلۆی ڕۆژئاڤای کوردسـتان لـە خێزانێکی کوردپـەروەر لـە دایک بـووە، پاشـان چوونەتـە گوندی(توکێ) دواتر کە تەمەنی بووەتـە(٥ - ٦)سـاڵی ڕوویان لـە گوندی(سـێمێتک) کـردووە و لـەوێ نیشـتەجێبوونە، هـەر لـەوێ چووەتـە بـەر خوێندنـی ئایینـی لـە سـەر دەسـتی (مـەلا ئیبراهیم گۆلی) چەنـد کتێبێـک و قورئانـی پیـرۆزی خوێندووە، فێـری خوێنـدن و نووسـین بـووە، لـە سـاڵی ١٩٣٧ ڕووی لـە شـاری(عامودا) کـردووە و لـەوێ(٥) سـاڵ لـە قوتابخانـەی حکومی خوێندووە، دیارە لەبەر هەر هۆیـەک بووبێ نەیتوانیوە درێژە بـە خوێندنەکـەی بدات، هـەر لەوێش سـاڵی ١٩٥١ ئاشـنایەتی لە گەڵ ئەدیب و شـاعیر و ڕۆشـنبیرانی کورد پەیدا کردووە لەوانە(جگەرخوین، قـەدری جـان، نورەدیـن زازا، عوسـمان سـەبری، حەسـەن



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر سەیدایێ تیرێژ، شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش

شیار، حەمزە بەگ، ڕەشید کورد، یوسف حرسان، بەڕێوەبەری معارفی جزیرێ و چەندین کوردپەروەری دیکەش)، ئەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شیعر و بەرهەمەکانی هەر یەک لە شاعیران جگەرخوین و قەدری جان، هەر بۆیەش هەستی کوردایەتی لە دڵیدا چەسپاوە و لە ساڵی ۱۹۵۱ لەگەڵ ئەوان بووەتە ئەندام لە (جڤاتا خۆیبوون) دواتریش لە(یانەی وەرزشیی نەجەوانانی کوردستان- نادي کشافة کردستان الریاضي) بەشدار بووە، چەندین چالاکیی سیاسی نواندووە، بۆیە لە ساڵی ۱۹۵۲ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعسی سووریا دەستگیرکراوە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆریان داوە و، دیوانێکی شیعری دەستنووسی پێبووە و ئەویشیان لێ فەوتاندووە و دواتر ئازادکراوە، هەر لە ترسی دەستگیرکردنەوەی ڕووی لە گوندێکی عەرەبنشینی عەرەبەکانی عەشیرەتی(الشمر یان الجبور) کردووە، ماوەی زیاتر لە(۲۰) ساڵ لەناو ئەو عەشیرەتانە ژیاوە و سوێندێشی بە هاوسەرەکەی و منداڵەکانی خواردووە کە لە(ماڵەوە یەک کەلیمە بە عەرەبی قسە نەکەن)، لە ساڵی ۱۹۷۳ هاتۆتەوە شاری حەسەکە و لەوێ ژیاوە تا کۆچی دوایی.

شاعیر و نووسەر سەیدایێ تیرێژ شاعیرێکی کوردپەروەر بووە و کورد و کوردستانی زۆر خوشویستووە، بەشی زۆری شیعرەکانی بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان و شەهیدان و بەهار و نەورۆز و جوانی چیا و ڕووبار و

دار و درەخت و سروشتی کوردستان نووسیوە، چەندین دیوانی شیعر و کورتە چیرۆکی لە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:


- دیوانی خەڵات، پێشەکی، دکتۆر زەنگی، لوبنان، بەیروت، ١٩٨٥.
- دیوانی زۆزان، پێشەکی، دکتۆر زەنگی، لوبنان، بەیروت-١٩٩٠.
- دیوانی جودی، پێشەکی، دکتۆر زەنگی، لوبنان، بەیروت-١٩٩٨.
- ئەزموونەکانی کورد، چاپی یەکەم لە ساڵی ١٩٩٢ لە چاپخانەی زانین (گۆڤار) چاپ کراوە و لە ساڵی ٢٠١٤ بە وەرگێڕانی فارسی لە ئێران چاپ کراوەتەوە.

ئەم بەرهەمانەشی وەکو دەستنووس ماونەتەوە و هێشتا چاپنەکراون.

- مەولودا کوردمانچی.
- کۆمەڵە شیعرێک.
- ئەزموونەکانی کورد، بەشی (٢).
- نووسەر و لێکۆڵەر ما،مۆستا گۆڤان، خانکی لە دهۆک کتێبێکی بەناوی(سەیدایێ تیرێژ و یەزیدییاتی) نووسیوە و ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.



**شاعیر و نووسەر سەیدایێ تیرێژ لە چەند کاتێکی جیاوازدا**




پارچە شیعرێکی خۆی لەسەر کێلی گۆڕەکەی هەڵکەندراوە




ئارامگەی
شاعیر سەیدایێ تیرێژ

- چەندین پارچە هەڵبەستی کراوەتە سروود و گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژانی کورد.

وەکو ڕێزلێنانێک بۆ خۆی و بەرهەمەکانی چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە:


- خەڵاتی ڕۆژی شیعری کوردی لە سوریا، ساڵی ١٩٩٥.
- خەڵاتی( ١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ساڵی ١٩٩٨، لە هەولێر.
- خەڵاتی گروپی فۆلکلۆری کوردیی هەڵەبجە، لە جزیرێ حەسەکە، ساڵی ٢٠٠١.

شاعیر و نووسەر سەیدایێ تیرێژ سێ وەسیەتی هەبووە، ئەویش ئەمانەن:


١ – کە مردم چەنگێک لە(ئاخ - خۆڵ)ی لالش بهێننە سەر گۆڕەکەم، دیارە ئەمەیان بۆ جێبەجێ کردووە.

٢ - مرازی ئەو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی باشوور بووە، دیارە ئەوەی نەدیت.

٣ - لە ئاهەنگێکی نەورۆز لە دیاربەکر بەشدار بێت و هەڵبەستێک بخوێنێتەوە، دیارە ئەو مرازەشی حاسڵ نەبوو.




لە ڕۆژی ٢٣ - ئاداری ساڵی ٢٠٠٢ لە نەخۆشخانەی دکتۆر(حیسام بەغدە)لە شاری حەسەکە کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گوندی(گرفتارۆ)ی دەوروبەری شاری حەسەکە بەخاک سپێردراوە، ڕەوانیشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.




بەرهەمی شاعیر سەیدایێ تیرێژ

شاعیری نەمر جگەرخوێن بۆ شاعیر سەیدایێ تیرێژ دەڵێت:

ئەو خوێندن و زانابوونمان
نزیک دەکەن سەرخۆبوونمان
لاوی وەک ئێوە زانا
دەبێ بڵێ نەزانە
با دەستی یەکتر بگرین
با لەم ڕێیەدا بمرین
جگەرخوێن.

سەرچاوەکان:


١ - waar midia، فیلمێکی دوکیومێنتاری ،لە ١٦ - ١١ - ٢٠٢٤.

٢ - فلیمێکی دوکیومێنتاری، بەرنامەی سەمای پەیڤ، لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٢٤.

٣ - زانیاری و کورتە ژیاننامەیەکی شاعیر سەیدایێ تیرێژ، شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش لە قامشلۆ بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم

٤ - Kurdsop، نووسینێکی نووسەر(شادی)لە ١٧ - ١١ - ٢٠٢٤.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عومەرێ لەعلی

خاوەنی تیکستی گۆرانی:

**ئای لێ گولێ گولا منێ.**

Xem û xeyalê - Ey lê gulê - Yarek min heye

شاعیری شیعری کلاسیکی و نوێخواز، مرۆڤێکی شۆڕشگێر و دڵسۆز، ڕەوانشاد عومەرێ لەعلی لە ڕۆژئاڤای کوردستان...

شاعیر عومەرێ لەعلی لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە(ڕێنجبەر) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی(قەسر دەلی)ی ڕۆژهەڵاتی جزیری بۆتان لە باکووری کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ماڵباتەکەیان چوونەتە ڕۆژئاوای کوردستان و لە گوندەکانی(عین دیوار، مزری، تل خنزیر، زغات)ی دەوروبەری شاری (دێرک) ژیاون دواتریش ناو شاری دێرک، لە ساڵی ١٩٩٧ تووشی ڕووداوێک بووە و چووەتە شاری دیمەشق و نزیکەی (٧) ساڵ لەوێ ژیاوە، دواتر بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانپەروەری و سیاسییەکانی بەناچاری ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و، لە شاری زاخۆ نیشتەجێبووە، لە ساڵانی ٢٠١٠ - ٢٠١١ تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە و لە نەخۆشخانەکانی(دهۆک، هەولێر، سلێمانی، ئەستەنبووڵ، باتمان و دواتریش لە دیمەشق)چارەسەری بۆ کراوە، ئەو لە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عومەرێ لەعلی، نووسەرو ڕۆشنبیر کۆنی ڕەش**

ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربانی ڕێکەوتی ٦ - ١١ - ٢٠١١ لە شاری(ڕمێلان) ی سووریا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی شاری(دێرک حەمکۆ))بە خاک سپێردراوە.

شاعیر عومەرێ لەعلی پاش شاعیران(جگەرخوین، سەیدایی تیرێژ و کەلەش) یەکێکە لە شاعیرە پێشەنگەکانی شیعری کلاسیکیی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان، شیعری نوێخوازیشی نووسیوە، بەشی بەشی زۆری شیعرەکانی، شیعری نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕین و تام و بۆی شیعری (مقاومة - بەرگری) یان لێدێت، خۆشەویستیی وڵات و جوانیی سروشتی کوردستان و ئەڤینیشی لە بەرهەمە شیعرییەکانی فەرامۆش نەکردووە.

یەکەمین بەرهەمی خۆی ساڵی ١٩٥٨ بەبۆنەی هاتنەوەی سەرکردەی کورد مەلا مستەفای بارزانی لە ڕووسیا نووسیوە و، ئیدی بەردەوامە بووە لە نووسینی شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی بۆ شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، ئەو هەموو بەرهەمەکانی بە پیتی لاتینیی کوردی نووسیوە و، (٥)

دیوانی شیعری چاپ و بڵاوکردۆتەوە و(٤)دەستنووسی شیعریشی ماوە هێشتا چاپنەکراون، دیوانە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

- Xem û sawêr
- Çar çira
- Tewafa yarê
- Welat binase
- Evin û welat



شاعیر عومەرێ لەعلی لە چەند کاتێکی جیاوازدا



له لای ڕاستەوە: شاعیر عومەریٚ لەعلی، شاعیر ئەلند مزوری



ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنی تەرمی شاعیر عومەریٚ لەعلی

چەندین هەڵبەستی کراونەتە گۆرانی لە لایەن هەر یەک لە گۆرانیبێژان(محەمەد شێخۆ، شڤان پەروەر، سەعید گاباری، مەحمود عەزیز شاکر، بلّند ئیبراهیم، بەها شێخۆ و چەندانی دیکەش).

شاعیر عومەریٚ لەعلی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا ساڵی

١٩٥٧ لەگەڵ هەر یەک لە (جگەرخوین، نورەدین زازا، عوسمان سەبری، عەبدولرەحمان زەبیحی).

- بەشداری لە چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری لە ڕۆژئاوای و باشووری کوردستان کردووە.

- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە و لەوانە خەڵاتی(سەیدایی تیرێژ)ساڵی ٢٠٠٦.

شاعیر عومەرێ لەعلی هاوسەرگیری کردبوو و خاوەنی شەش کوڕ و سێ کچە بەناوەکانی(سمکۆ. کادار، ڤیندار، هوشیار، میوان، جڤین، گوڵچین، پەیمان و بەهیە)هەموویان لە بواری ئەدەبی و هونەری دەوری بەرچاویان هەیە و خودا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ شاعیر عومەرێ لەعلی ڕەوانت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی(العظماء الکرد)نووسینێک لە ٢٠١٥.

٢ - ڕادیۆی ARtA، لە ٦ - ١١ - ٢٠٢٣.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنییRebaz FM.

٤ - ماڵپەڕی ئۆنلاین، موقع اخباري کوردي، نووسینێک لە ١٢ - ١١ - ٢٠٢٤.

٥ - مالپەڕی ARK، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ٦ - ١١ ٢٠٢٣.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر زاریَ یوسوپۆڤا

کوردناس و زماناس و لێکۆڵەر و توێژەر ڕەوانشاد پرۆفیسۆر خاتوو زاریَ یوسوپۆڤا....

ناوی تەواوی(زاریَ عەلییڤنا یوسوپۆڤا)یە، بە ڕووسی) Заре Алиевна Юсупова)، لە ساڵی ١٩٣٤ لە شاری(تبلیس)ی پایتەختی(گورجستان - جۆرجیا)ی سۆڤیەتی جاران لە خێزانێکی کوردی ئێزیدی لە دایک بووە، ئەوان لە بنەچەدا خەڵکی شاری(وان)ی باکووری کوردستان بوونە، ئەو تەمەنی(٧)ساڵان بووە دایک و باوکی کۆچی دواییان کردووە و ئەرکی پەروەردە و گۆشکردنی دوو برا بچووکەکەی خۆی گرتۆتە ئەستۆ و دەستی بەخوێندن کردووە ، زۆریش زیرەک بووە، ساڵی ١٩٥٣ قۆناغی خوێندنی تەواوکردووە و مەدالیای زێڕینی پێبەخشراوە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا چووەتە شاری(لینینگراد - سان پترسبۆرگ)ی سۆڤیەتی جاران و بەشی زانستی زمانەوانی لە زانکۆی لینینگراد تەواوکردووە، دواتریش لە(پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناس) هەر لە شاری لینینگراد بووەتە قوتابیی دکتۆرا، لە ساڵی ١٩٥٩- ١٩٦٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی زمان بەدەستهێناوە، نامەی دکتۆراکەشی بەناونیشانی(ئامرازەکان و چاووگ(مصدر)لە دیالێکتی زمانی کوردی(باشوور- سۆرانی)بووە، ئەو بەرهەمەش بەیەکێک لە لێکۆڵینەوە گرنگەکانی بواری زمان و ئەدەبیاتی



**له لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر جمشید حەیدەری، نووسەر دکتۆر زاریێ یوسوپۆڤا، نووسەر پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار**

کوردی دادەنرێت.

لە ساڵی ١٩٥٩ ئەو کاتەی پرۆفیسۆر ئۆربێلی بەشی کوردناسی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لینینگراد دامەزراندووە، دکتۆر زاریێ یوسوپۆڤا قوتابیی دکتۆرا بووە لەوێ، لەگەڵ مامۆستایانی و قوتابیانی کوردی ئەوسەردەم هەر یەک لە(ک.ک کوردۆییێف- قەناتی کوردۆ، ئی. ئی. دیمینییەڤا- ڤاسیلییڤا، سەمیرئۆڤا، کەریمی ئەیوبی، جەلیلوف - جەلیلی جەلیل)گروپێکیان پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر زمان و ئەدەبیات و مێژوو کەلتوور و کەلەپووری کوردی.

دکتۆر زاریێ یوسوپۆڤا (٨) کتێب و زیاتر لە (٨٠) باس و لیکۆڵینەوەی لەسەر زمانی کوردی و شێوەزارەکانی(سۆرانی ، کرمانجی، گۆران و هەورامی)نووسیوە و بڵاویشیکردوونەتەوە، هەندی لە باس و لێکۆلێنەوەکانی بە تاکە کەسیی بووە و، هەندێکیانیش بەهاوبەشی بووە لەگەڵ پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ و نووسەرانی دیکەش، بەشی زۆری لێکۆڵینەوەکانیشی دەربارەی دیالێکتەکانی کوردی بووە و زیاتریش سەرنجی خستۆتە سەر دلیالێکتی(سۆرانی و هەورامی و گۆران) ئەو پشتی بە تێکست و دەقی شیعری

شـاعیرانی کلاسـیکی بەتایبەتـی لـە دیالێکتـی هەورامـی بەدیوانی(مەولـەوی ١٨٠٦ – ١٨٨٢)بەسـتووە، لیکۆڵینەوەکانیشـی دەربارەی دیالێکتی گۆران پشـتی بە شـیعر و ئەدەبیاتی سـەدەی(١٨ – ١٩)بەسـتووە. لـە بەشـی زۆری بـاس و لێکۆڵینەوەکانی بایەخـی بە(فۆنەتیک، مۆرفۆلـۆژی، ڕێنووس، سـینتاکس)داوە، بەشـی زۆری نووسـینەکانی بەزمانـی ڕووسـی بـووە، ئەمانـەش هەنـدی لـە کتێبـە چاپکـراوەکان و لێکۆڵینەوەکانییەتـی:

– (شـێوەی سـلێمانی زمانـی کوردی)بـە ڕووسـی: Сулейманийский диалект курдского языка]، سـاڵی ١٩٨٥ نووسـیویەتی و بڵاویکردۆتەوە و دکتـۆر کوردسـتان موکریانـی وەریگێڕاوەتـەوە سـەر زمانـی کـوردی و کـۆڕی زانیاریـی کوردسـتان سـاڵی ٢٠٠٥ لـە هەولێـر چاپـی کـردووە.

– ڕەگـی کارەکانـی هەورامـی (لەسـەر بنەمـای دەقـی دیوانـی مەولـەوی) [بـە ڕووسـی: Глагольные основы в аврамани (по тексту литературного памятника XIX в. — дивана Мавлави)]، سـاڵی ١٩٨٥ بڵاوکراوەتـەوە.

– پریپۆزیشـن و پۆستپۆزیشـن لـە سـۆرانیدا (بـە ڕووسـی: Предлоги



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر زارێ یوسوپۆڤا، نەناسراوە

и послелоги в сорани)ساڵی ١٩٦٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

- کتێبی(شێوەزاری هەورامی لەسەر بنەمای دیوانی سەیدە ١٧٨٤ - ١٨٤٨)کە دەربارەی ڕێزمانی شێوەزاری هەورامییە.

- فەرهەنگی کوردی - ڕووسی، بەهاوبەشی لەگەڵ نووسەر پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، نووسەر دکتۆر جمشید حەیدەری پێشەکی ئەم فەرهەنگەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

- پێشگر و پاشگر لە دیالێکتی کوردی باشوور(سۆران)ی بە هاوبەشی لەگەڵ پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ.

ئەمانەش هەندێ لە لێکۆڵینەوەکانین کە بە زمانی ڕووسی نووسیویەتی:

Южнокурдские фольклорные тексты (транскрипция, перевод,примечания)،СПб., 2004Курдский диалект аврамани. М. ٢٠٠٠.

Курдский диалект горани по литературным памятникам XVIII -XIX вв. СПб، ١٩٩٨.

Курдские забавные истории и анекдоты / Пер. с курдск -



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر زارێ یوسوپۆڤا، نووسەر دکتۆر جمشید حەیدەری، نووسەر ئۆریخانێ جەلیلی



نووسەر و زماناس دکتۆر زارێ یوسوپۆڤا لە چەند کاتێکی جیاوازدا

Юсуповой،1996

- Сулейманийский диалект курдского языка1995

Курдско-русскийсловарь(сорани).Совм.сК.К. Курдоевым.М.,1983.

Функции послелога –ewe в курдском языке. – Краткие-сообщения ИНА АНСССР, 1964, № 68, с. ٤٠ - ٧

Предлоги и послелоги в сорани. Тезисы доклада. – ППиПИКНВ/I. М., с.54

56. Предлоги и послелоги в южном диалекте курдского языка - (сорани). Автореф

канд. дисс. Л., 1965, 16 с.

Курдские новеллы (пер. с курд. яз.) – Сб. “Суп и солнце”. М. - 1965, с.30—42

Послелоги в южном диалекте курдского языка (сорани). – ППиПИКНВ/2. М

1966, с.71—73

Функции местоименной энклитики –к в курдском языке. – Сб. V-я

межвузовская конференция по иранской филологии. Тезисы - докладов


Душанбе, 1967, с.325—328

Изафетное словосочетание и сложное слово.. – ППиПИКНВ/IV. - М., 1968

с.127—129

Курдско-русский словарь (сорани). Тезисы доклада. – ППиПИКНВ/V. М

1969, с.167—170








بەرهەمەکانی نووسەر دکتۆر زاری یوسوپۆڤا

Об особенностях употребления предлога bo в южном наречии- курдского

языка. – Сб. К 60-летию со дня рождения профессора А.Н.Болдырева. Л

1969, с.110—113

О некоторых особенностях употребления предлог[1][2]

نووسەر و لێکۆڵەر و کوردناس و زماننـاس دکتـۆر زارێ یوسـوپۆڤا لـە ڕۆژی ٣ - ٢ - ٢٠٢٢ لـە شـاری سـانت پترسـبۆرگ وڵاتـی ڕووسـیا کۆچـی دوایـی کـردووە و ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

ئـەو خزمەتێکـی زۆری بەبـواری زانسـت و ئـەدەب و مێـژووی کـورد کـردووە، هـەر بۆیـەش ئەکادیمیـای کـوردی لـە هەولێـر ئەندامێتی(فخـري-شـاناز)یان لـە ٩ - ٢ - ٢٠٢٢ پێبەخشـیوە.

سەرچاوەکان:

١ - چەند زانیارییەک لە نووسەر دکتۆر جەبار قادر وەرگیراوە و سوودیش لە نووسینێکی دکتۆر زارێ یوسوپۆڤا وەرگیراوە دەربارەی زمانناسانی کورد لە لینینگراد کە بەڕووسی نووسراوە و هەر دکتۆر جەبار قادر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٢ - چەند وێنەیەک و هەندێ زانیاری لە نووسەر دکتۆر جمشید حەیدەری وەرگیراوە.

٣- نووسـینێکی نووسـەر و پسـپۆری بـواری ڕاگەیانـدن دکتـۆر مەغدیـد سـەپان، لـە ٢٢ ئـاداری ٢٠١٨

٤ - کوردیپێدیا.

٥ - ویکیپیدیا - ئینساکلۆپیدیای ئازاد.

٦ - ماڵپەڕی ڕووداو دیجیتاڵ. نووسینێک لە ٤ - ٢ - ٢٠٢٢.

٧ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی D Bpedia، نووسینێک بە زمانی هۆڵەندی لە ٢٠ - ١٠ - ٢٠٢٤.

٨ - ماڵپەڕی ئەکادیمیای کوردی، نووسینێک لە ٩ - ٢ - ٢٠٢٢.

٩ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی مێژووی کورد، نووسینێکی نووسەر دیدار عوسمان، لە ١٢ - ٤ - ٢٠١٦.

١٠ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر جەلیلی جەلیل

نووسـەر و مێژوونـووس و لێکۆڵـەر و کەلتوورناسـی کـورد پرۆفیسـۆر دکتـۆر جەلیلـی جەلیـل لـە کوردانـی ئەرمەنسـتان...

نـاوی تەواوی(جەلیلـی جاسـمێ جەلیـل) لـە ٢٦ - ١١ - ١٩٣٦ لـە شـاری یێریڤـان لـە خێزانێکـی کـوردی ئێزیـدی لـە دایکبـووە، ئـەوان بەڕەچەڵـەک خەڵکـی گونـدی (قزڵقـۆلا)ی سـەر بەشـارۆچکەی (دیکـۆر)ی ناوچـەی (قـارس) ی باکـووری کوردسـتانن ، لـە ئەنجامـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی ئـاوارەی ئەرمنسـتان بوونـە، باوکـی جاسـمێ جەلیلـی پیاوێکـی ڕۆشـنبیر و ئەدەبدۆسـت بـووە، لـە تەمەنـی(٢٢) سـاڵاندا بووەتـە بەرپرسـی قوتابخانـەی کـوردی و دایکیشـی خوێنـدکار بـووە لـەوێ، دواتـر هاوسـەرگیریان کـردووە و خاوەنـی چـوار منـداڵ بوونـە بەناوەکانی(ئۆردیخـان، جەلیلـی، جەمیلـە، زینـە).

نووسـەر و مێژوونـووس دکتـۆر جەلیلـی جەلیل لـە ساڵی ١٩٥٤ خوێندنـی تەواوکـردووە و سـاڵی ١٩٥٩ چووەتـە ئەکادیمیای زانسـتی ڕۆژهەڵاتناسـی لـە لینینگراد(سـان پترسـبۆرگ) بەشـی مێـژوو و کوردۆلـۆژی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٦٣ بڕوانامـەی دکتـۆرای لەسـەر ڕاپەڕینـی ئازادیـی کوردەکان لـە سـاڵی ١٨٨٠ و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم وەرگرتـووە، سـاڵی ١٩٦٤ هاتۆتـەوە یێریڤـان و وەکـو مامۆسـتای مێژوو و ئـەدەب و ئینتۆلـۆژی و ڕۆژنامەگەریی



له لای ڕاستەوە: نووسەر کۆنێ ڕەش، نووسەر و لێکۆڵەر جەلیلی جەلیل



له لای ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر جەلیلی جەلیل

کوردی لە بەشی کوردۆلۆژی لە یێریڤان دەستبەکاربووە، دواتر ماوەیەکی درێژ لەگەڵ براکەی ئۆردیخانی جەلیلی کارێکی زۆریان لەسەر ئەدەب و مێژوو و فۆلکلۆر و بەیت و بالۆرە و داستان و چیرۆکی کوردی کردووە، هەموو ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە گوند بە گوند گەڕاون و تۆماریان کردووە و، دواتر لە ڕۆژنامەکانی مۆسکۆ و لینینگراد بڵاویان کردۆتەوە.

نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر جەلیلی جەلیل ساڵانی ۱۹۸۲ - ۱۹۸۵ - ۱۹۸۸ سەردانی ناوچە کوردییەکانی سووریای کردووە و چاوی بە نووسەر و

ئەدیبانی ئەو کات کەوتووە، هەوڵی داوە زۆرترین نووسین و دەستنووس دەربارەی فۆلکلۆر و داب و نەریتی کوردان و ستایش و گۆرانیی ئایینی ئێزیدی نووسیوەتەوە، چەندین دەستنووسیشی کۆکردۆتەوە لەوانە(کتێبی(شێخ سنان و فەقێی تەیران و سەیفلملوک)، لە ساڵی ١٩٩٢ ڕووی لە ئەورووپا کردووە و، لە وڵاتی نەمسا گیرساوەتەوە و، لە ساڵی١٩٩٤ەوە ماوەی چەند ساڵێک مامۆستای زمان و مێژووی کورد بووە لە زانکۆی ڤیێننا، ئێستاش هەر لە شاری(ڤیێننا)دەژییێت.

نووسەر دکتۆر جەلیلی جەلیل لە بوارەکانی مێژوو و زمان و ڕۆژنامەگەری و هونەر و گۆرانیی فۆلکلۆر و داستان و داب و نەریتی کوردانی ئەرمەنستان و باکوور و ڕۆژئاڤا، بەتایبەتی هەندێ گۆرانی و ستایشی ئایینی ئێزیدی، چەندین بەرهەمی بە خۆی و هەندێکیشی بەهاوبەشی لە گەڵ ئۆردیخانی برای نووسیوە و، هەندێکیانی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی چەندین وتار و کورتە باس، ئەو هەموو بەرهەمەکانی بەزمانی کوردی کرمانجی بەپیتی لاتینی نووسیوە کە



**لە لای ڕاستەوە ڕیزی یەکەم: حەسرەتیان، قەناتی کوردۆ، ڤ.زاریێ یوسۆپۆڤا، چەتۆییڤ، خالڤین، لە لای ڕاستەوە ڕیزی دووەم: کەمال عەلی، شەرەف ئاشتریان، ئۆریخانی جەلیل، نەناسراوە، نەناسراوە، لە لای ڕاستەوە ڕیزی سێیەم:نووسەر جەلیلی جەلیل، عومەر حەسۆ، نووسەر دکتۆر جمشید حەیدەری**

ئەمانـەن:

1. Serhildana kurdan li sala 1880: Moskva 1966. (Bi zimanê rûsî). Her wiha di sala 1979 de bi zimanê erebî û sala 1987. (Bi kurdîya soranî li Bexdad, di sala 1992 an de li Stokholim û di sala 1998 an de li bi Tirkî
2. Çîr û çîvanokên kurdî: Yêrêvan 1971. (Bi zimanê ermenî).
3. Mesele û metelokên kurda: Tevî Ordîxanê Celîl. Moskva 1972. Bi zimanê kurdî û rûsî. Û li Zürixê 1976. (Bi zimanê kurdî).
4. Gulçin. Tevî Ordîxanê Celîl: Yêrêvan 1972. (Bi zimanê kurdî). Her ew. Dihok 1985. Bi tîpên erebî.
5. (Kurdên împêratorya Osmanîyê li nîveka pêşîn ya sedsalya XIX.). Moskva 1973. (Bi zimanê rûsî). Her ew. Kurdekanî împêryatoryatî Osmanî. Bexda 1987. (Bi kurdîya soranî). Her ew. Min tarix el-emarat fi el-embiryetoryet al-Osmanîyet. Dumişiq 1987.



جاسمێ جەلیل و هاوسەرەکەی(دایك و باوکی)جەلیلی جەلیل







نووسەر و مێژوونووس جەلیلی جەلیل لە چەند کاتێکی جیاوازدا

(Bi zimanê erebî) Her ew. Anqara 1992. (Bi zimanê turkî. Her ew. Kurdekanî împêryatoryatî Osmanî. Swêdên1996. (Bi kurdîya soranî). Her ew. Kurdehayî Empêryatorî Osmanî. Têhran 1381. (Bi zimanê).


6. Çîrokê cimeta kurda.Tevî Ordîxanê Celîl. Yêrêvan 1974. (Bi zimanê kurdî).
7. (Sîyarê bahozê). Amadeker û werger Zîna Celîl û Algîrdas Alyonîs. Vîlnîûs 1977. (Bi zimanê Lîtvanî).
8. Zargotina kurda. Tevî Ordîxanê Celîl. Cilda I, II. Moskva 1978.
9. Zargotina kurda. Tevî Ordîxanê Celîl. Cilda 1. Yêrêvan 1978.
10. Kirdakan gîrki Hayastanûm, 1930-1980. (Pirtûkên kurdî li li salên 1930-1980). Yêrêvan 1981. (Bi zimanê kurdî, ermenî).
11. Qisaed min el-folklor el-kurdî. Tevî Ordîxanê Celîl Beyrût 1982.

(Bi zimanê erebî).

12. Zargotina kurda. Tevî Ordîxanê Celîl. Cilda 2. Yêrêvan 1982.

13. Nehzet el–ekrad el–siqafîyet we el–qewmîyet (Nihayet el–qurn el– eşir bidayet el–qurn el–eşrîn. (Dumşiq) 1984. (Bi zimanê erebî). Her ew. Jîyana rewşenbîrî û sîyasî ya kurdan (Di dawîya sedsala 19–a û 20–ada). Swedên Ûppsala 1985. (Bi kurmancî). Her ew. Nehzet el–ekrad el–siqafîyet we el–. (Fî el–qurn el–tase eşir bidayet el–qurn el–eşrîn). Beyrût 1986. (Bi zimanê erebî). Her ew. Hendê sîmayî jîyanî û sîyasî û kultûrî kurd le kotayê sedeyî nozdeyem û seretayî sedeyî bîstemda. Stokholm 1993. (Bi kurdîya soranî). Her ew. Îz îstorîî 351;çestvênno–polîtîçêskoy jîznî kurdov v kontsê XIX– naçalê XX vv. Sankt–Pêtêrbûrg 1997. (Bi zimanê rûsî). Her ew. Bujaneweyî roşenbîrî û neteweyî kurd. Kotayîyê sedeyî nozdeyem–seretayî sedeyî bîstem. Suleymanî 2000. (Bi kurdîya soranî). Her ew. Kurd aydinlanmasi. Stenbol 2001. (Bi zimanê turkî).




بەرهەمی نووسەر جەلیلی جەلیل

14. Gulançkzêrîn. Zargotina kurda. Tevî Ordîxanê Celîl. Yêrêvan 1984.

15. Zargotina kurdê Sûryaê. Poêzîya. Yêrêva 1985. Her ew. Bi tîpên latînî.

Swêdên, Uppsala 1989.

16. Têkoşîna kurda li dema nû û nûjenda. Tevî hevkara). Moskva 1987. (Bi zimanê rûsî). Her ew. Yênî ve yakin çaxda kürt hereketî. Swêdên 1991. (Bi zimanê turkî). Her ew. El–hereket el–kurdîye fî el–etr el–hedîs. Beyrût 1992. (Bi zimanê erebî). Her ew. Yênî ve yakin çaxda kürt sîyaset tarîhî. Stenbol 1998. (Bi zimanê turkî).

17. Avsûnên kurdî. Tevî Ordîxanê Celîl û Zîna Celîl. Vîlnyûs 1987. (Bi zimanê lîtvanî).

18. Kurdên Ermenistana Sovêtîyê. Bîblîografîya 1920–1980). Yêrêvan 1987. (Bi zimanê kurdî, ermenî û rûsî).

19. Çîrok lêgênd û efsûnên kurdî. Tevî Ordîxanê Celîl û Zîna

Celîl. Moskva 1989. (Bi zimanê rûsî). Her ew, (parçek). Mixtarat min asatîr û hikayat şerqîye. Heleb 1996. (Bi zimanê erebî)

20. Mesele û metelokê gelê kurda. Tevî Ordîxanê Celîl. Yêrêvan 1991.

Her ew. Wîen 2005. (Bi tîpê latînî).

21. Çîrokên kurdî. Tevî Ordîxanê Celîl. Frankfûrt 1993. (Bi zimanê almanî).

22. Destanên kurdî. Tevî Ordîxanê Celîl. Stenbol 1994.

23. Zargotina kurdan. Tevî Ordîxanê Celîl. Cilda I. Swêden, Bromma 1995.

24. Dîwaro terame – bûkê, tu guhdar be. Hewlêr 1999. Her ew 2000. (Bi zimanê turkî û kurdî).li Stenbolê.

25. Avtobîografîya Ebdulrizaq Bedirxan. Berlîn 1999. Her ew. Dihok 1999. Her ew. Biqet zu'e min mezkerat Ebdulrizaq Bedirxan. Bêrlîn 2000. (Bi zimanê erebî). Her ew. Abdulrizaq Bedirxan Oto–bîyografya.

Îstanbûl 2000. (Bi zimanê turkî û kurdî) ,Her ew Bîrewerîyê Bedirxan. Hewlêr (2001). (Bi kurdîya soranî).

26. Sîyapûş, Seyfulmuluk. (Dastan). Wîen 2000. (Bi tîpên latînî).

27. Sîyapûş, Seyfulmuluk. (Dastan). Wîen 2000. (Bi tîpên erebî).

28. Sêzde rûpelên balkêş ji dîroka gelê kurd. Wîen 2002.

29. Feqîyê Teyran şêxê Sen’anîya. (nezîrîye). Wîen 2003.

30. Keşkûla kurmancî. Sedsalîya X–XX. 2004.

- هەندێ لە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر شێوەزاری(سۆرانی، کرمانجی و زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ڕووسی و ئەرمەنی و لیتوانی و ئەڵمانی) لەوانە کتێبی(ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، کە دکتۆر کاوس قەفتان لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی- شێوەزاری سۆرانی، ساڵی ١٩٨٧ لە چاپخانەی(الزمان) لە بەغدا چاپکراوە.

نووسەر و مێژوونووس و شارەزای فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپووری کوردی دکتۆر جەلیلی جەلیل چەندین چالاکی دیکەی هەبووە لەوانە:

- چەند ساڵێک سەرۆکی(کۆمەڵەی خۆسەویستی کتێبی کوردی)بووە، هەر بە یارمەتیی ئەوانیش نامیلکەیەکی بەناوی(کتێبە کوردییەکان لە ئەرمینیا)چاپکردووە.
- وەکو ڕێزلێنانێک بۆ جەلیلی جەلیلی و ئۆردیخانی جەلیلی برای، لە ساڵی ١٩٧٩ لەسەر پێشنیازی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا ئەندامێتیی(فخري - شانازی) دراوەتە جەلیلی جەلیل و ئۆردیخانی جەلیلی)لە لایەن بەشی کوردی لە کۆڕی زانیاریی عێراقی.
- ئەندامی یانەی(_Pen - قەڵەم)ە و ئەندامی ئینستیتوی کوردییە لە پاریس.
- ئەندامی یەکێتیی کتێبی ئەرمەنییە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ لە ڤیێنا لەگەڵ هاوکارانی پەیمانگای دیراساتی کوردی دامەزراندووە و ماوەیەکیش هەر خۆی سەرۆکی ئەم پەیمانگایە بووە.
- یەکەم خەڵاتی ساڵانەی ماڵی کەلتوور(مۆزەخانەی جەمال نەبەز)لە

سلێمانی کە قەڵەمێکی زێڕینە لە ١ - ١٢ - ٢٠٢١ بە مێژوونووسی کورد پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل بەخشراوە.

نووسەر و لێکۆلەر دکتۆر جەلیلی جەلیلی ئەمڕۆ تەمەنی بووە(٨٨)ساڵ، پیرۆزبایی لێدەکەین و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین.

سەرچاوەکان:


١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی دکتۆر جەلیلی جەلیل، شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش لە قامشلۆ بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم

٢ - ماڵپەڕی کوردستانی نوێ، نووسینێکی نووسەر عەتا مەحموود لە ٣٠ - ٨ - ٢٠٢٣.


٣ - کوردیپیدیا، دیداری ڕۆژنامەنووس شوان ئەحمەد و خاتوو کەژاڵ ئەحمەد لەگەڵ دکتۆر جەلیلی جەلیل لە شاری سلێمانی ساڵی ١٩٩٩.

٤ - Kurdsat Brosdcasting Corporation، نووسینێک لە ١ - ١٢ - ٢٠٢١.

٥ - ماڵپەڕی kuridstan 24، وێنەیەک.

٦ - ماڵپەڕی VoA،فیلمێکی دوکیومێنتاری(پەرتوکخانەی پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل)ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار خاتوو زۆزان یەشار، دەنگی ئەمەریکا، ئەستەنبوڵ ساڵی ٢٠٢٠.


٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەمین شوان

مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر ئەمین شوان ....

ناوی تەواوی(ئەمین محەمەد عەبدولڕەحمان)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ئەمین شوان ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی(مام ڕەش) ی سەر بەناوچەی شوانی پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە شار و شارۆچکەکانی سلێمانی تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەییشی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و، بووەتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە شاری کەرکووک و دەوروبەری و، ماوەیەکیش وەکو فەرمانبەر لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا کاری کردووە، ئەو بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە دام و دەزگانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان تا لە ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین بووە.



نووسەر
ئەمین شوان بەجاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد دکتۆر ئازاد عوبێد، د. جەبار قادر، ڕەوانشاد نووسەر عوسمان هەورامی، نووسەر عەبدوڵڵا زەنگەنە، نووسەر ئەمین شوان، نەناسراوە، نەناسراوە**

نووسەر و وەرگێڕ ئەمین شوان هەر لە لاوێتیدا زۆر چالاک بووە و حەز و ئارەزووی خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی و عەرەبی هەبووە، ساڵی ١٩٥٧ وەکو قوتابییەکی کوردی کوردپەروەر هەر زوو خۆی خزاندۆتەوە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و، دواتر بووەتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان و، چەندین چالاکی و بەرپرسیارێتی گرتۆتە ئەستۆ، زیاتر خەبات و چالاکیی ئەو لە بواری سیاسی بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.

ئەو زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکیی عوسمانی و تورکمانی دەزانێت، بۆیە دەستی بە نووسین کردووە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیش، چەندین وتار و کورتەباسی لە ڕۆژنامەکانی وەک (التآخي و هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە، دواتریش ڕووی لە وەرگێڕان کردووە و چەندین شاکاری لە زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و چاپ و بڵاویشکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- (بیرەوەرییەکانی ژیان)ی هونە رمەندی گە ورەی کۆمیدیای جیهانیی چارلی چاپلن – لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی- بەغدا، لە پێشدا بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی هاوکاری و دواتر لە شێوەی کتێبدا، مامۆستا و نووسەر یاسین قادر

بەرزنجی بە کلیپ لەسەر سیدی بڵاوی کردوتەوە.

- (بەفری کلیمانجارو) لە نووسینی( ئیرنەست هەمینگوای) لەپاڵ چەند کورتە چیرۆکی بەنرخی هەمان ڕۆماننووسدا لە ئیگلیزیەوە بۆ کوردی – دە زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی بەغدا .
- (توپ)ڕۆمانێکی مێژووییە لە ئینگلیزییەوە بۆ کۆردی، باشترین کتێبی ساڵی ١٩٤٦ بووە لە بەریتانیا، باسی شەڕی ساڵی(١٨٠٠)ەکانی نێوان فەرەنسا و ئیسپانیا دەکات و ڕووداوەکانی لە هی شۆڕشی ئەیلوولی کورد دەچێت.
- (کورد و کوردستان) لە نووسینی نووسەر دکتۆر ئارشاک سافراستیان، وەگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، دەزگای ئاراس لە هەولێر، ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ نووسیوە.

(چەردە باسێک لە بارەی کوردانەوە) نووسینی دکتۆر میهردادی ئیزهدی، لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، دەزگای سەردەم لە سلێمانی چاپی کردووە، ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ نووسیوە.


- (مذکرات فداتی اسیر)وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆعەرەبی، لە بڵاوکراوکانی ڕێکخراوی (چریکهای فدائی خلق)ی ئێرانی.



نووسەر و وەرگێڕ
ئەمین شوان بەجلی کوردی



لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد محەمەد عەبدولڕەحمان باوکی نووسەر ئەمین شوان
کچەکە خاتوو شوکریە(میمك- پلك)ی نووسەر ئەمین شوان







**نووسەر و وەرگێڕ ئەمین شوان لە چەند کاتێکی جیاوازدا**


- (حول الجيش الايراني)وەرگێڕان، لە فارسییەوە بۆ عەرەبی، لە بڵاوکراوەکانی موعارەزەی ئێرانی.
- (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی) تویژینەوە و ساغکردنەوە و وەرگێڕانی شیعرە تورکی و فارسی و عەرەبییەکانی، دوکتۆر نوری تاڵەبانی پێشەکی بۆ نووسیوە .
- (کەتنە گەورەکەی چێرچل)، وینستن چێرچل چۆن عیراقی ئەم سەردەمەی لە نەبووەوە دروست کرد)، نووسینی کریستوفەر کاثەروود، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، لەژێر چاپدایە .




- وەرگێڕانی چەندین ژمارەی ڕۆژنامە و بەڵگەنامە، کە بەتورکیی عوسمانی نووسراون بۆ کوردی یان عەرەبی بۆ

دەزگا و كەسانی پەیوەندیدار.

مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ ئەمین شوان وەكو وەرگێڕ و كاری ڕێكخراوەیی چەندین چالاكیی دیكەی هەبووە لەوانە:




- وەرگێڕی یاسایی سوێندراو(مترجم محلف)ە، لە بەردەم دادگاكانی عێراقی.
- چەندین بابەتی هەمەجۆری لە سایتی ئەلیكترۆنیی(صوت العراق) بەزمانی عەرەبی و بیانی بڵاوكردۆتەوە.
- كاری وەرگێڕانی(ڕاستەوخۆ و یەكسەر- ترجمة فورية) بۆ چەندین ڕێكخراوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی كردووە.
- كاری وەرگێڕان و میدیایی بۆ چەندین ڕێكخراو و ئاژانس و دەزگاكان بە زمانی ئینگلیزی كردووە.

-ئەندامی كارای سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی عێراقە.

- ئەندامی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانە.

- ئەندامی یەكێتیی نووسەرانی كورد- لقی كەركووكە.

نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا ئەمین شوان هەر چەندە بەتەمەن كەوتووە، بەڵام هەر بەردەوامە لە نووسین و وەرگێڕانە پوخت و سوود بەخشەكانی، هیوای سەركەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازین.


سەرچاوەكان:

١ - كورتەیەك ژیاننامە و بەرهەم و چالاكییەكانی نووسەر ئەمین شوان، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەكەم.

٢ - ئامادەكردن و نووسینی خۆم.



# فەهمی کاکەیی

مامۆستای زمانی کوردی و نووسەر و چیرۆکنووس و لێکۆڵەر و هونەرمەندی ئەکتەر و شانۆ و شانۆنامەنووس فەهمی کاکەیی....

ناوی تەواوی(فەهمی محێدین ئەلماس)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە فەهمی کاکەیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی(دەلس) ی سەر بەناحیەی(داقوق- طاوغ)ی پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، دیارە هەر منداڵ بووە ماڵیان چووەتە ناو شاری کەرکووک، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواوکردووە و ساڵی ١٩٧٠ خانەی مامۆستایانی هەر لە کەرکووک بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧١ بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی(بیرەبات و خەرابە)ی سەربە ناحیەی کەندێناوە، پاشان گواستراوەتەوە پارێزگای سلێمانی، لە گوند و شارو شارۆچکەکانی ئەوێش بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ پاش ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لە گەڵ ڕژێمی ئەوسای بەعس بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ماوەیەک بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و، ماوەیەک لە گوندی(ئۆمەرە گەدە)ی سەر بە شارۆچکەی(قەرە حەسەن) و ئۆردوگاکانی(سەراو گەرم) لە سەرپێیڵی زەهاو مامۆستای شۆڕش



نووسەر فەهمی کاکەیی، ڕەوانشاد عەزیز محەمەد، ڕەوانشاد نووسەر خاتوو مهاباد قەرەداغی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر فەهمی کاکەیی، ڕەوانشاد نووسەر عوسمان سەبری، مامۆستا سیامەند ئیبراهیم، وێنەکە ساڵی ١٩٩٢ لە ماڵی ڕەوانشاد عوسمان سەبری گیراوە


بووە، پاش نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ هاتۆتەوە کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٢ جارێکی دیکە بۆتەوە پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و، ماوەیەکیش لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کاری کردووە، زیاتر خەباتی سیاسیب ئەو، بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێین، لە ساڵی ١٩٨٧ ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و ئێستاش خانەنشینە هەر لەوێ دەژییێت.

شاعیر و نووسەر و زماناس فەهمی کاکەیی هەموو خوێندنەکانی بەزمانی عەرەبی خوێندووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ دەستی بەشیعر نووسین بەزمانی عەرەبی کردووە، دواتر چیرۆک و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە

و توێژینـەوە و وتـار و کورتـە باسـی فیکـری و کۆمەڵایەتـی و ئاییـنی بـە تایبەتـی ئاییـنی(یارسـان) و بیروبـاوەڕی کاکەییـەکان نووسـیوە، سـەرەڕای نووسـینەکانی دەربـارەی ئەلـف و بێـی زمانـی کـوردی، دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو پـاش نووسـەر ئیبراهـم ئەمیـن باڵـدار چووەتـە نـاو دنیـای نووسـینی کتێبـی خوێندنـەوەی زمانـی کـوردی، کـە بەشـێوەیەکی زانسـتی و فراوانتـر و سـەردەمیانەتر لـە باڵدار، ئـەو تـا ئێسـتا بەزمانـی کوردی و عەرەبی و سـویدی زیاتـر لـە (٢٢) کتێـب و کورتـە باسـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:



لە لای ڕاستەوە: نووسەر فەهمی کاکەیی، نووسەر دکتۆرفازل جاف، ڕەوانشاد غەفور حەوێزی، لە شانۆگەریی(دایکی شەهید) لە نووسینی نووسەر مستەفا پەژار و دەرهێنانی هونەرمەند سەلمان فایەق



لە لای ڕاستەوە: نووسەر فەهمی کاکەیی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی

- شانۆگەریی ژان، وێنەی بەرگ، هونەرمەند ئیسماعیل خەیات.
- شانۆگەریی تەرم.
- شانۆگەریی تاراوگە.
- خوێن هەڵات (شیعری پێشمەرگایەتی).
- مینای چاوجوان(چیرۆک بۆ مێردمنداڵان)، وێنەکان هونەرمەند کاکەیی زادە.
- گێلاس لە بەهاردا و چەند بەسەرهاتێکی تر لە کوردستانەوە (چیرۆکی منداڵان بە سویدی)، وێنەکان، هونەرمەند کەمال عەلی ڕەزا.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی ئەکتەر عەلی کەریم، نووسەر فەهمی کاکەیی، هونەرمەندی دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان، شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند**





**لە لای ڕاستەوە: نووسەر فەهمی کاکەیی، نووسەر محەمەد موکری**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر فەهمی کاکەیی، خاتوو(شاناز کاکەیی)هاوسەری نووسەر فەهمی کاکەیی**

- ئەمە چییە چیی پێ دەڵێن، ١٠٠١ پرسیار بۆ مێردمنداڵان، وێنەکان: لێنا ڕوسێل.
- ڕۆژ باش، پەڕاوی ڕاهێنان بۆ فێربوونی ئەلفبێی کوردی، وێنەکان: ئێڤالۆتتا لیند، پێداچوونەوەی زمانەوانی، شاعیر و زمانەوان فەرهاد شاکەلی.
- گەرمیان، پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی، بە هاوکاریی نووسەر ڕەوانشاد خاتوو مەهاباد قەرەداغی و ئەمجەد شاکەلی، پێداچوونەوەی زمانەوانی نووسەر و زماننناس فەرهاد شاکەلی، وێنەکان، ئاشنا ئەحمەد دەوڵەت.
- باوەگوڕگوڕ، پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی، بە هاوکاریی نووسەر خاتوو مەهاباد قەرەداغی و ئەمجەد شاکەلی، پێداچوونەوەی زمانەوانی، شاعیر و نووسەر فەرهاد شاکەلی، وێنەکان ئاشنا ئەحمەد دەوڵەت.
- دیلان، پەڕتووکی خوێندنەوەی کوردی، بە هاوکاریی: مەهاباد قەرەداغی و ئەمجەد شاکەلی، پێداچوونەوەی زمانەوانی شاعیر و نووسەر فەرهاد شاکەلی، وێنەکان، تالیب ئۆزمانی و ئێڤالۆتتا لیند.







نووسەر و چیرۆکنووس فەهمی کاکەیی لە چەند کاتێکی جیاوازدا

- کراسێکی گوڵنێرگز بۆ نازێ، وێنەکان، تالیب ئۆزمانی، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ئەلفبێ پەڕاوی ڕاهێنان بۆ فێربوونی ئەلفبێی کوردی، وێنەکان، هونەرمەند هیوا عەبدوڵلا کاکەیی.
- پەڕتووکی خوێندنەوە و ڕاهێنان، بەرگی یەکەم، پێداچوونەوەی زمانەوانی، زماننناس فەرهاد شاکەلی، وێنەکان، هونەرمەند هیوا عەبدوڵلا کاکەیی.
- پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی، بەرگی دووەم، پێداچوونەوەی زمانەوانی نووسەر فەرهاد شاکەلی، وێنەکان، هونەرمەند هیوا عەبدوڵلا کاکەیی.

- پەڕتووكی خوێندنەوەی كوردی، بەرگی سێیەم، پێداچوونەوەی زمانەوانی، نووسەر فەرهاد شاكەلی، وێنەكان هونەرمەند هیوا عەبدوڵلا كاكەیی.
- پەڕتووكی خوێندنەوەی كوردی، بەرگی چوارەم، پێداچوونەوەی زمانەوانی، نووسەر فەرهاد شاكەلی، وێنەكان هونەرمەند هیوا عەبدوڵلا كاكەیی.
- ئەلفبێ پەڕاوی ڕاهێنان بۆ فێربوونی ئەلفبێی كوردی، نووسەر خاتوو گولێ باجلۆری كردوویە بەشێوەزاری بادینانی، وێنەكان، هونەرمەند هیوا عەبدوڵلا كاكەیی.
- پەڕتووكی خوێندنەوە و ڕاهێنان، بەرگی یەكەم، نووسەر خاتووگولێ باجلۆری كردوویە بەشێوەزاری بادینانی، پێداچوونەوەی زمانەوانی: شاعیر و نووسەر موئەییەد تەیب، وێنەكان، هونەرمەند هیوا عەبدوڵلا كاكەیی.
- پەڕتووكی خوێندنەوەی كوردی، بەرگی دووەم، نووسەر خاتوو گولێ باجلۆری كردوویە بە بادینانی، پێداچوونەوەی زمانەوانی شاعیر موئەییەد تەیب، وێنەكان، هونەرمەند هیوا عەبدوڵلا كاكەیی.
- مینای چاوجوان، (چیرۆك بۆ مێردمندالان)، نووسەر سۆران زەكی كردوویە بە فینلەندی، وێنەكان، هونەرمەند كاكەیی زادە.
- پرسبڕكێ، كتێبی پێشبڕكێی پرسیاران بۆ منداڵانی قوتابخانە، وێنەی بەرگ، هونەرمەند هیوا عەبدوڵلا كاكەیی.




بەرهەمەكانی نووسەر و هونەرمەند و لێكۆڵەر فەهمی كاكەیی

نووسـەر و چیرۆکنـووس و هونەرمەنـد فەهمـی کاکەیـی چەندیـن چالاکیی دیکـەی هەبـووە و هەیـە لەوانـە:

- وەکو ئەکتـەر و شـانۆنووس لـە گـەڵ تیپـی هونەرمەندانـی عێـراق و(تیپـی مەشـخەڵ و تیپـی کۆمەڵـی هونـەری و وێـژەی کـوردی لقـی کەرکـووک) چالاکـی نوانـدووە.
- چەندین زنجیرە درامای بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا ئامادەکردووە.
- لەگەڵ(٨٠)نووسـەر و ڕۆشـنبیری دیکـەی ئامـادەی کردنـەوە و ڕاگەیاندنی(فیدراسـیۆنی نێودەوڵەتیـی زمانـی کـوردی) لـە دیاسـپۆرای ئەڵمانیـا بـووە.

بـۆ نووسـەر و چیرۆکنـووس و لێکۆڵـەر و هونەرمەنـد مامۆسـتا فەهمـی کاکەیی هـەر بـەردەوام و سـەرکەوتوو بێت بـۆ نووسـینی بەرهەمـە پوخـت و جوانەکانـت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - kurd collect، نووسینێک لە ١٣ - ٢ - ٢٠٢٤.

٣ - ماڵپەڕی فیچەر، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٠٢١.

٤ - ماڵپەڕی waar midia.

٥ - ماڵپەڕێ ڕووداو، نووسینێک لە ٥ - ٧ - ٢٠٢٤.

٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Rewend.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جیهاد دڵپاك

شـەهید ئەنوەر زۆرابی برای وەسییەتی کردووە و پێی وتووە:(ڕێگایەکی ڕاسـت بـۆ خـۆت هەڵبژێـرە....)، مامۆسـتا و هونەرمەنـدی ئەکتـەری شـانۆ و زنجیرە دراما و فلیمـی سینەمایی کوردی، ڕەوانشـاد جیهاد دڵپـاك...

نـاوی تەواوی(جیهـاد زۆراب ئەحمـەد)ە، لـە ناوەنـدی هونـەری بـە جیهـاد دڵپـاک ناسـراوە، لـە ١٢ - ٤ - ١٩٤٨ لـە شـاری کەرکـووک لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر لـە دایک بووە، ئەو برای شـەهید ئەنوەر زۆرابە کە لـە ٢١ - ١١ - ١٩٧٦ لە لایەن ڕژێمی بەعس لە سێدراوە دراوە و، وەسییەتی کردووە بۆ جیهاد دڵپاک پێی وتووە:(مامۆستا بوویت یان شانۆکار، میللەتەکەت لە بیـر بێ، ئەگـەر زانیـت مـن ڕێگەیەکـم پیشـانداوی و هەڵەیـە، تـۆ ڕێگەیەکـی ڕاسـت بـۆ خـۆت هەڵبژێـرە و پاشـکۆ مەبـە، ئەگـەر سیاسـەتت کـرد بیـر لـە تەکەتـوول و پـارە و ئافرەت مەکـەوە).

هونەرمەنـد جیهـاد دڵپـاک خوێنـدنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و خانـەی مامۆسـتایانی هـەر لـە شـاری کەرکـووک تەواوکـردووە و بووەتـە مامۆسـتا، دواتـر دیـارە بەهـۆی هەڵوێسـتە کوردپەروەرانەکـەی لەگـەڵ کۆمەڵێـک هونەرمەنـد و نووسـەری دیکـەی شـاری کەرکـووک، ڕژێمـی بەعـس قەدەغـەی کـردوون لـە نـاو شـاری کەرکـووک وەزیفەیـان هەبێـت، بۆیـە ماوەیـەک



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد ئاری بابان، مامۆستا ئازاد سەعید، هونەرمەند جیهاد دڵپاک، مامۆستا خەتاب**

دەستبەسەربووینە و دواتر ئازادکراون و، پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥گواستراونەتەوە شاری دهۆک، ئەو دوو ساڵ لە شاری دهۆک وەکو مامۆستا خزمەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ گواستراوەتەوە شاری سلێمانی لەوێ لە چالاکیی قوتابخانەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی درێژەی بە خزمەتی خۆی لە بواری پەروەردە و هونەر داوە.


هونەرمەندی شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی کوردی جیهاد دڵپاک پیاوێکی دڵپاک و کوردپەروەر و خەمخۆری میللەتەکەی بوو، هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە خولیا و عەشقی هونەری نواندن بووە، لە ساڵی ١٩٧١ بۆ یەکەم جار لە شاری کەرکووک شانۆی(ژیانی کچەلالەکە)ی پێشکەش کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢بەشداری لە کاری درامای(بەهاری دزراو) کردووە، لە ساڵی ١٩٩٧ لە گەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندانی شاری کەرکووک بەشداریی میهرەجانی شانۆی کوردییان لە بەغدا کردووە، لە ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی شاری سلێمانی و کەرکووک شانۆگەری(تاوان و سزا)یان نمایش کردووە، ئەو زیاتر لە(٤٠)ساڵ خزمەتی هونەری شانۆ و درامای کوردی کردووە، بەشداری لە چەندین شانۆ و زنجیرە دراما و فلیمی سینەمایی کوردی کردووە لەوانە(مەرەزە، ژاڵە، بەهاری دزراو،

مامە ڕیشە، کەرکووک چوار، بەشەکانی زنجیرە درامای گەردەلوول، گوڵی خوێناوی، لاپەڕەکانی کەرکووک، تاوان و سزا و چەندانی دیکەش).

ئەو کاتەی لە گەڵ هونەرمەندی ئەکتەر عەلی کەریم لە شاری دهۆک بووینە دوو شانۆگەرییان بە زمانی عەرەبی پێشکەش کردووە، کە ئەویش شانۆگەریی(کاتێ برینەکان ئەدوێن و شانۆگەریی لافاوی بێدەنگی) بووە کە لە نواندنی هەردووکیان و دەرهێنانی هونەرمەند جیهاد دڵپاک بووە.

ئەو لەگەڵ هونەرمەندانی دەرهێنەر حسێن میسری و ناسر حەسەن و جەلیل زەنگەنە) وەکو ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنەر کاری کردووە.

هونەرمەند جیهاد دڵپاک یەکێ لە خەونەکانی ئەوە بووە کە زنجیرە درامایەک لەسەر هونەرمەندی مەقام و گۆرانیی کوردی ڕەوانشاد عەلی مەردان بنووسێت و کاری لە سەر بکات.



لەڕاستەوە هونەرمەند ناسر حەسەن، جیهاد دڵپاک





هونەرمەند جیهاد دڵپاک لە چەند کارێکی هونەریدا



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند خاتوو ڕووناک دڵپاک، هونەرمەند جیهاد دڵپاک





هونەرمەند جیهاد دڵپاک لە دوو تەمەنی جیاوازدا

داواشی لە شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس کردووە کە شیعرێکی لەسەر کەرکووک بۆ بنووسێت و هیواشی ئەوە بووە کە (یادەوەری پایسکلێکی کەرکووکی) بکاتە زنجیرە دراما، بەڵام دیارە نەخۆشکەوتنی و دوا جار کۆچکردنی ڕێگای پێنەداوە ئەو خەونانەی بهێنێتە دی.

له سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی هونەرمەندانی کورد و بەشداریش بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی هونەری میللیی سلێمانی.

ئەو هاوسەرگیری لە گەڵ هونەرمەند خاتوو ڕووناک دڵپاک کردووە و چەندین کاری هونەریشیان بەیەکەوە ئەنجامداوە، خاوەنی چەند کچێکن کە ئەوانیش ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە خزمەتی شانۆ و هونەری کوردی.

هونەرمەند جیهاد دڵپاک ڕۆژی ٢٥ - ٩ - ٢٠١٣ بە نەخۆشی لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە شاری سلێمانی و، لە گۆڕستانی گردی سەیوان بەخاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.



**پەیکەری هونەرمەند جیهاد دڵپاک**
**لە بەردەم هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی**

لە شاری کەرکووک قوتابخانەیەک بەناوی هونەرمەند جیهاد دڵپاک کراوە.

لە بەردەم هۆڵی ڕۆشنبیریی شاری سلێمانی پەیکەرێک بەدەست و پەنجە ڕەنگینەکانی هونەرمەندی پەیکەرساز(بەختیار هەڵەبجەیی) دروستکراوە و داندراوە.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەریkurdistani nwe، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ١٣ - ٢ - ٢٠٢٢.


٢ - ماڵپەڕی Glawej، نووسینێکی نووسەر خەلیل عەبدوڵلا لە ١ - ١٠ - ٢٠٢٢.

٣ - کوردیپیدیا.

٤ - ماڵپەڕی ڕووداو، نووسینێکی نووسەر جەمال ئەحمەد جەمیل لە ٦ - ٩ - ٢٠١٣.

٥ - کەناڵی ئاسمانیی کەرکووک، فلمێکی دوکیومێنتاری لەسەر هونەرمەند جیهاد دڵپاک.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەلی کەریم

نووسەر و هونەرمەندی شانۆ و زنجیرە دراما و فلیمی سینەمایی و تەلەفزیۆنیی بەتوانا و خاوەن ئەزموون مامۆستا عەلی کەریم ...

هونەرمەندی شانۆ و زنجیرە درامای کوردی عەلی کەریم لە ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی(تەپەی مەلا عەبدوڵڵا)ی ناو شاری کەرکوک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی بەزمانی عەرەبی هەر لە شاری کەرکووک تەواو کردووە و لە ٣١- ١ - ١٩٧١ وەکو مامۆستا لە شاری کەرکووک و دەوروبەری دەستبەکار بووە، دواتر گواستراوەتەوە شارەکانی دهۆک و سلێمانی، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن تا ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشینکراوە.

هونەرمەند عەلی کەریم هەر لە منداڵییەوە خولیا و عەشقی هونەری نواندن بووە، ئەو کاتەی تەمەنی(٦ - ٧) ساڵان بووە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی لە شاری کەرکووک خەرجیی ڕۆژانەی خۆیان کۆکردۆتەوە چوونەتە سینەما بۆ بینینی فلیمەکانی ئەو کات، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەم جار دەستی بە کاری هونەری نواندن کردووە، ئەو کاتەی وەکو ئەکتەر



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەلی کەریم، هونەرمەند کامەران ڕەئووف لە فلیمی فرمێسکی ڕەش



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەمە سەعید ئیبراهیم، هونەرمەند عەلی کەریم،
هونەرمەند عەلی توانا، هونەرمەند شۆڕش قادر، نەناسراوە

بەشداری لە شانۆگەریی(پارەی دەرمانەکە) بە زمانی عەرەبی کردووە، کە لە نووسینی هونەرمەندی گەورەی عێراقی(یوسف العاني)و دەرهێنانی(انور محمد رمضان) بووە، ئیدی وەکو ئەکتەرێکی بەتوانا کەوتۆتە ناو دنیای نواندن و شانۆ و زنجیرە دراما و فلیمی سینەمایی کوردی و، چەندین بەشداری و چالاکی هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٧٢ بەشداری لە شانۆگەریی(بەهاری دزراو)کردووە.

- هەر لە ساڵی ١٩٧٢ بەشداری لە درامای(مەرەزە)کردووە، کە دیمەنی سینەماییشی تێدا بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٤بەشداری لە شانۆگەریی(تەقینەوە) لەگەڵ هونەرمەندی بەتوانا(جیهاد دڵپاک)کردووە و خەڵاتی باشترین ئەکتەری وەرگرتووە.
- لە ساڵی ١٩٧٩ بەشداری لە شانۆگەریی(دوو ڕەگ)کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ بەشداری لە درامای(ژاڵە)کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ بەشداری لە شانۆگەرییەکانی(پاسەوان، دیڤز دیڤز، سزا







هونەرمەندی شانۆ و دراما عەلی کەریم لە چەند کارێکی هونەریدا




هونەرمەند عەلی کەریم لە چەند کاتێکی جیاوازدا

و تاوان) و(سروودی خۆشنودی)کە شانۆی تاک ئەکتەرییە(مۆنۆدراما) کردووە، بەهۆی چالاکی و نواندنە جوانەکەی لە شانۆگەری سروودی خۆشنودی ڕەخنەگرە عەرەبە عێراقی و میسرییەکان خەڵاتی باشترین ئەکتەریان پێبەخشیوە.

- ئەو بەشداری لەم زنجیرە دراما و فلیمە سینەماییانەش کردووە(خۆرنەوازان، خەمی چۆلەکەکان، ژیلەمۆ، ڕابوون، یوسف ناگەڕێتەوە، گەردەلوول، سلاو گولۆکانی پایز، گەمەی پڕ گوناە، دانیشتووانی عەلیاوە، بازاڕی کۆنەفرۆشان، گولچین و خەیالەکانی ڕۆستەم و گولەکان ناگەشێنەوە)، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە فلیمەکانی(مەرگی ئەرخەوانی، فرمێسکی ڕەش و مەملەکەتی خۆڕ)یش کردووە.

ئەو لە گەڵ هەر یەک لە هونەرمەندانی دەرهێنەر(حسێن میسری، ناسر حەسەن، جەلیل زەنگەنە، جیهاد دڵپاک و چەندانی دیکەش)کاری هونەری کردووە.

هونەرمەند عەلی کەریم وەکو نووسەریش چەندین وتار و کورتە باسی لە بواری شانۆ و نواندن لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە، چەند بەرهەمێکی پوخت و ئاست بەرزیشی هەر لە بواری شانۆ و شانۆگەری وەرگێڕاوە و، هەندێکیش لە نووسینی خۆیەتی کە ئەمانەن:

- کتێبی(نواندن لە سینەمادا)وەرگیڕان، لە نووسینی نووسەر ماری ئالن ئۆبراین.
- کتێبی(لە بازنەی شانۆدا) سلێمانی، ٢٠٠٠.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەلی کەریم، هونەرمەند ڕەوانشاد جیهاد دڵپاک




بەرهەمەکانی نووسەر و هونەرمەند عەلی کەریم

- کتێبی(مەرگی سوشاب) سلێمانی، ١٩٩٩.
- کورتە باسی(گەمەی خۆشەویستی)، شانۆنامەی تاک ئەکتەر(مۆنۆدراما).
- کتێبی(پادشا دەمرێت- چوارینە) وەرگێڕان لە شانۆی فەرەنسییەوە، لە نووسینی نووسەر بۆژین یۆنسکۆ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨.
- شەڕە قۆچ – دەمبەست، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەر ئەلفۆنسۆ سانستری، ٢٠٠٧.
- کتێبی(اضواء على المسرح الكردي)، مقالات صحفية – نصوص مسرحية، بەزمانی عەرەبی، سلێمانی ٢٠٢٤.

بۆ هونەرمەندی شانۆ و دراما عەلی کەریم، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە چالاکییە هونەرییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک لە ژیاننامە و چالاکییە هونەرییەکانی هونەرمەند عەلی کەریم، لەسەر داخوازیی من لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ – زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ئەحمەد محەمەد

شاعیری ڕەوانشاد شێرکۆ بێکەس(بە ئارامی شیعری گۆرانیی کوردی) وەسفی کردووە.

شاعیر و نووسەر مامۆستا ئەحمەد محەمەد...

شاعیر ئەحمەد محەمەد ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەکی کانێسکانی ناو شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە سەرەتای ژیانی لاوێتیدا حەز و خولیای چووەتە سەر شیعر و ئەدەبی کوردی، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، ئەو یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کوردستان و شێواز و ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەیە، شیعرەکانی زیاتر شیعری گۆرانی و بە ڕیتم و ئاوازی ناسک و جوانن، زیاتر لە(٣٠٠) تێکستی شیعری لە لایەن هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی کوردستان کراونەتە گۆرانی لەوانە (کەریم کابان، ناسری ڕەزازی، عەدنان کەریم، ئاڤان جەمال، بڵند عەبدوڵڵا، کەمال محەمەد، دیاری قەرەداغی، دانا غەنی، لەیلا فەریقی، ڕێبوار بەنگینە، هانی موجتەهیدی و چەندانی دیکە)، هەر یەک لە هونەرمەندانی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر(ئەنوەر قەرەداغی، ڕزگار خۆشناو، بێژەن کامکار، نامدار قەرەداغی و چەندانی دیکە) ئاوازیان بۆ شیعرەکانی داناوە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەحمەد محەمەد، هونەرمەند بڵند عەبدوڵڵا**

ئەو وەکو شاعیرێکی شیعری گۆرانی ناسراوە لەم بارەیەوە شاعیری ناسراوی کورد ڕەوانشاد شێرکۆ بێکەس (بە ئارامی شیعری گۆرانیی کوردی) وەسفی کردووە.

چەندین شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگر تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر ئەحمەد محەمەد، زۆر قوتابیی بەشی زمانی کوردیی زانکۆکانی کوردستان بۆ نووسین و نامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا سوودیان لە بەرهەمەکانی وەرگرتووە.

ئەو تا ئێستا چەند بەرهەمێکی شیعری ئاست بەرزی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- خۆزگەی وەریو، شیعر، نامیلکە.
- ئارامی دڵان.
- هەتاوی سارد، شیعر، نامیلکە.
- ناسنامەی یاران، شیعر، نامیلکە.
- عەشقباران، شیعر نامیلکە.
- ئەستێرەباران، کۆمەڵە شیعر.
- دەشتی نێرگز، کۆمەڵە شیعر.

- وەرزی گۆچان، کۆمەڵە شیعر.
- دیوانی ئەحمەد محەمەد، شیعر، کۆبەرهەم، ساڵی ٢٠١٠.
- بەشی زۆری نامیلکەکانی لە دووتوێی دیوانێکدا کۆکردۆتەوە بەناوی(تەمەن) ساڵی ٢٠١٢ لە چاپخانەی چوارچرا لە تاران چاپکراوە، ئەم دیوانە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانەکانی(ئیتالی، فەرەنسی و سویدی).
- چەند ئەلبۆمیکی شیعری بەدەنگی خۆی و مامۆستا باست حەمەغەریب و دکتۆر دڵشاد مستەفا و شوان عەتوف و ناهید حوسێنی) تۆمار و بڵاوکراوەتەوە.

شاعیر ئەحمەد محەمەد چەندین کۆڕی شیعر خوێندنەوەی لە شارەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات ئەنجامداوە، لەوانە شارەکانی(سلێمانی، کەرکووک)و دەرەوەی وڵاتیش(ئەڵمانیا و فەرەنسا و سوید).

چەندین جاریش لە لایەن دەزگا و ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و میدیایی و هونەری و زانستییەکان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی و بیانی لەگەڵدا کراوە.




بۆ شاعیر و نووسەر ئەحمەد محەمەد هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینی شیعرە ناسک و جوانەکانت.




لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەحمەد محەمەد، خاتوونێکی فەرەنسی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند ناسری ڕەزازی، شاعیر ئەحمەد محەممەد



بەرهەمەکانی شاعیر ئەحمەد محەممەد

## نموونەی شیعری شاعیر ئەحمەد محەممەد:

### تەمەن

ئـەی تەمەنـی پڕئەسـرینم ، ئـەڕۆی ئـاورِ نادەیتـەوە
لەگـەڵ هەمـوو هەنگاوێکتـا، لـە عومـری مـن ئەسـڕیتەوە
خۆزگە منیش وەک پەپولە، گشت تەمەنم وەرزێک بوایە
دور لـە خـەم و تاڵـی ژیـان، تەنیـا گوڵـم بناسـیایە
ڕێگام سـەودای تەنیاییـە و کەسـێک نایـەت بۆ سـەردانم
ئیتـر چیبکـەم لـەم تەمەنـە، کـە لـە هەمـووی پەشـیمانم
لـە گریانـی منداڵیمـا، پێکەنینـم بـە خـەم ئەهـات

کەچی ئێستا خەم دەریایە و، بۆ کەنارم شەپۆل دەدات
لە سەد جارا تەنیا جارێ، زەردەخەنە دێتە میوان
وەک سێبەری لای ئێوارەی خۆرنشینی دارئەرخەوان
ئەی هاوڕێیان چاوم نوقمی نیگارێکی پڕبەهارە
تاسەم وەری بەڵام هێشتا خۆشەویستیم هەر بێدارە
ئێستاش گەڵای عومری گەنجیم وەکوو پایز هەڵوەریوە
کێ وەکوو من تەم و غوبار پەنجەرەکەی داپۆشیوە


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - فیلمێکی دوکیومێنتاریی کەناڵیNRT، بەرنامەی بەیانی باش، لە ساڵی ٢٠٢٣.

٣ - فیلمێکی دوکیومێنتاریی کەناڵی کوردسات، kurdsat Daily، لە ٢٠٢١.

٤ - ماڵپەڕی BMC، نووسینێکی نووسەر ڕێبەند نەسرەدین لە ٢٢ - ٢ - ٢٠٢٤.

٥ - ماڵپەڕی گوڵان، دوو نووسین لە ١٤ - ١٠ - ٢٠١٢ و ٨ - ٨ - ٢٠٢٢.

٦ - ماڵپەڕی گوڵان، نووسینێکی نووسەر ئاسۆ کاکەیی لە ٢٠٢١.

٧ - فیلمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی کوردستان ٢٤، بەرنامەی یادگار، لە ٢٠٢١.

٨ - ماڵپەڕی Channel ٨، نووسینێکی نووسەر خاتوو ژیلە نەجات، لە ٢٧ - ٦ ٢٠٢٤.

٩ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# موحسین محەمەد

هونەرمەندی ئەکتەر و سیناریست ودەرهێنەری شانۆ و زنجیرە درامایی و ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی، نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگری شانۆیی مامۆستا موحسین محەمەد ....

ناوی تەواوی(موحسین محەمەد حەمەد ئەحمەد ئیسماعیل قادر)ە، ئەوان لە بنەچەدا خەڵکی گوندی(زەنگەنان) بووینە، عەلی لاوک کوڕی ئەحمەد ئیسماعیل قادر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم دایک و باوکی کۆچی دواییان کردووە و بەخۆی و هەر سێ براکەی(حەمەد، ئیسماعیل، قادر) لە زێی بادینان پەڕیونەتەوە و هاتوونەتە ناوچەی بەڕانەتی و لە گوندی(گاینج) ی دەوروبەری هەولێر نیشتەجێبوونە و، هەر لەو گوندەش کۆچی دوایی کردووە، حەمەدی برا بچووکی عەلی لاوک لە ڕەشبگیرییەکەی عوسمانی بووەتە سەرباز و پاش ماوەیەک لە سەربازی ڕایکردووە و هاتۆتەوە گوندی(گاینج)و، ناسناوی(حەمەد ڕۆمی)یان پێبەخشیوە و، هەر لە گوندی گاینج هاوسەرگیری کردووە و، دوو کوڕ و کچێکی هەبووە بە ناوەکانی(محەمەد، ئەسعەد و حەنیفە)، محەمەد کە کوڕی گەورەی حەمەدە، ئەویش هەر لە گوندی گاینج هاوسەرگیری کردووە، خەریکی فەلاحەتی و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و هونەرمەند موحسین محەمەد،**
**هونەرمەندی دەهێنەر ڕەوانشاد تەڵعەت سامان**

مەڕومالأت بەخێوکردن بووینە، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هاتوونەتە شاری هەولێر و لە گەڕەکی(تەیراوە) نیشتەجێبوونە، محەمەدی باوکی نووسەر موحسین سێ منداڵی هەبووە بەناوەکانی(موحسین، مزەفەر و سەبیحە) لە هەولێر بووەتە خاوەن دوکان.

نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگر موحسین محەمەد لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی (تەیراوە)ی ناو شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (مەریوان) تەواوکردووە و خوێندنی ناوەندیشی لە ناوەندی (سەلاحەدین) خوێندووە، هەر ئەو کاتیش چووەتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ڕووی لە شاخ کردووە و، بووەتە پێشمەرگەی کوردستان، پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ ماوەیەکی کورت ئاوارەی ئێران بووە و، دواتر هاتۆتەوە هەولێر و لە دائیرەی (ڕێگاوبان- طرق و جسور) دامەزراوە و بەردەوام بووە لە خزمەتکردن و لە ساڵی ١٩٨٨ خزمەتی وەزیفی خۆی گواستۆتەوە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان و، وەکو بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری دەستبەکار بووە و بەردەوام بووە و، لە ساڵی ٢٠٠١ خانەنشین بووە و ئێستا لە هەولێر دەژییێت.

نووسـەر و لێکۆڵـەر و ڕەخنەگر و هونەرمەند و شـارەزای بـواری شـانۆ و زنجیـرە درامـای تەلەفزیۆنـی و سـینەمایی موحسـین محەمـەد ئـەو کاتـەی قوتابیی ناوەندی بووە شـانۆگەریی(کاوەی ئاسـنگەر و ئاوارە)ی بینیوە، دیارە زۆر سـەرسـام بـووە بـەم دوو شـانۆگەرییە، بۆیـە حـەزی چووەتـە هونـەری شـانۆ و فیلمـی سـینەمایی، لـە سـاڵی ١٩٧٦ لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـی لەوانـە سـەلام مەحمـوود عەدۆ(ئاشتی)، موئەیـەد فەقێ یوسـف، جەودەت مەحمـوود، ئەحمـەد جەمیـل، زایـەر کەریـم، ئـازاد عەبدوڵـڵا و کەریـم عوسـمان(کیمۆ) تیپێکـی شـانۆییان دامەزرانـدووە و، هـەر هەمـان سـاڵ چەنـد چالاکییەکیـان نواندووە، لەوانە نمایشـکردنی شـانۆگەرییەکانی(ڕزگاری و فەڕاشـێکی گەمژە) و ئۆپەرێتی(کاروانی خەبات)ی نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس ممتـاز حەیـدەری،



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕەخنەگری شانۆیی محەمەد تەیمور، هونەرمەند موحسین محەمەد لە کۆڕێکی شانۆیی ساڵی ١٩٨٤**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ژیلوان تاهیر، نووسەر و ڕەخنەگر موحسین محەمەد، لە کۆڕێکی شانۆیی**

ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای هونەری شانۆ و درامایی و فیلم و کورتە فیلمی دوکیومێنتاری و زنجیرە درامای ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی، شان بەشانی چالاکییە هونەرییەکانی وەکو ئەکتەر و یاریدەردەری دەرهێنەریش کاری کردووە، دەستیشی بە نووسینی وتار و کورتە باسی ڕەخنەی شانۆیی و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسیش کردووە، ئەو زیاتر لە (٣٠٠) بابەتی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان لەوانە (هاوکاری، عێراق، برایەتی، خەبات، کوردستانی نوێ، ڕێگای کوردستان، ئالای ئازادی، بەیان، کاروان، ئۆتۆنۆمی، ڕامان، هەولێر، نووسەری نوێ، سینەماو شانۆ، هونەری نوێ، هەفتەنامەی گولان، سڤیل، یەکەم چرا و چەندانی دیکەش) بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا (٧) کتێبی لە بواری شانۆ و مێژوو و ڕەخنەی شانۆیی نووسیوە و، چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- خانزادی سۆران لە کورتە درامادا.
- ڕەخنەی شانۆیی، ١٩٨٨.
- شانۆگەریی نەهەنگی وشکایی.
- ڕامانی پاک لە تەنیاییدا، شەش دەقی شانۆییە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕەخنەگەری شانۆیی مامۆستا حەیدەر عەبدولڕەحمان، نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا مەغدید حاجی، نووسەر و ڕەخنەگری شانۆیی موحسین محەمەد



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئوسامە جەمیل، هونەرمەند شوکروڵڵا شێخانی، نووسەر و هونەرمەند موحسین محەمەد**

- مێژووی شانۆی کوردی، ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.
- شانۆگەریی سەلاحەدینی ئەیوبیی، ساڵی ١٩٢١ یەکەمین چرای هونەری شانۆ لە هەولێر داگیرسا، بەبۆنەی(١٠٠)ساڵەی پەیدابوونی هونەری شانۆ لە کوردستان، ٢٠٢١.
- شانۆیی مەرگەساتی مەرج، ١٩٩٠.

نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگر موحسین محەمەد لە بواری هونەری و ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەیی، چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- ساڵی ١٩٧٧ یەکەمین دەقی شانۆیی بەناوی (تەڵەکەباز)نووسیوە کە هونەرمەند موئەیەد فەقێ شانۆگەرییەکەی بۆ بەشی ڕۆشنبیریی یانەی هێرش دەرهێناوە.
- ساڵی ١٩٨٠ شانۆگەریی ( سەندووقی خۆڵ)ی ئەدوارد ئەلبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ژمارەی تایبەت بە چیرۆک و شانۆگەری بڵاوکردۆتەوە.
- هەر هەمان ساڵ بووەتە ئەندام لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد- لقی هەولێر(هونەرو وێژەی ئێستا)، بەشداری لە شانۆگەریی

(گێچەڵەكانی حەمە وەی وەی) كردووە، كە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەندی ڕەوانشاد تەڵعەت سامان بووە.

- هەر لە تیپی هونەرە جوانەكان بەشداریی چەندین بەرهەمی شانۆیی كردووە لەوانە(بەزۆركراوە بەدكتۆر، نەخۆشی ددان، ئیمپراتۆر جۆنز، ماری).
- ساڵی ١٩٨٤ دوای ئەوەی نووسەر و هونەرمەند سەعدی عەلی دامەزرێنەری (تیپی شانۆی كرمانج) بە هۆی چالاكییە سیاسییەكانی دەستگیركراوە، لەسەر داوای لاوانی تیپەكە ئەو دەبێتە دەرهێنەر و سەرپەرشتیاری تیپەكە، دوو شانۆگەریی بۆ(مێردمنداڵان) كە (خوولەی تەمەڵ و بێخەمی ناوبەرمیلەكە) بووە بۆ ئەو تیپەی دەرهێناوە، شانۆگەریی سێیەمیش (كەلیلە و دمنە) بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی- نووسینگەی هەولێر دەرهێناوە و لەسەر شانۆی ڕۆشنبیری نمایش كراوە.
- ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ هونەرمەندانی كۆمەڵەی هونەرە جوانەكان دووەمین یانەی سینەما لە هەولێر دادەمەزرێنن، چەندین شاكاری سینەمای جیهانی نمایش دەكەن و كۆڕ بۆ فیلمەكان ساز دەكەن لەوانە (چارۆگە سوورەكە، دیوار، ملیۆنێك ساڵ بەر لە ئێستا) هەر لەو یانەیەش یادی سەد ساڵەی لە دایكبوونی(شارلی شابلن) یان كردۆتەوە و فیلمی (چیرۆكی سەردەمی نوێ) یان نمایش كردووە و گفتوگۆشیان لەسەر كردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٨بووەتە بەڕێوەبەری هونەری لە كۆمەڵەی هونەرە جوانەكان.
- كە حكومەتی هەرێمی كوردستان دامەزراوە ماوەیەك بووەتە پەیامنێری تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان لە پەرلەمانی كوردستان.
- لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١وەكو ئەندامی( لێژنەی دادوەر) لە یەكەمین ڤیستڤاڵی شانۆیی لە سلێمانی بەشدار بووە.
- لە بواری نواندن وەكو ئەكتەر لە دوو شانۆگەری بەشداری كردووە كە (شانۆگەریی كامە ڕەوایە و كامە ناڕەوا) لە دەرهێنانی جوانە سەعەدو

(شـانۆگەریی بـەرەو خـۆر) دەرهێنانـی هونەرمەنـد ئەرسـەلان دەروێش بـووە، پاشـان وازی لـە کاری نوانـدن هێنـاوە.

- لـە سـاڵی ١٩٩٦بووەتـە بەرپرسـی دانانـی بەرنامەکانـی ڕادیـۆی لقـی(٢) ی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، چەندیـن درامـا و زنجیـرەی ڕادیۆیـی بـۆ ڕادیـۆی هەرێـم تۆمـار کـردووە لەوانـە (زەماوەنـدی خوێنـی لـۆرکای شـاعیر).
- لە بـواری درامـای تەلەفزیۆنیشـدا وەکـو یاریـدەدەری دەرهێنـەر بەشـداری لە(زنجیـرەی درامـای کەوەکانـی قەرەچـوغ) و زنجیـرەی درامـای (تـەلاری مەزنـی) و فیلمی(هەڵگەڕانـەوە) کـردووە کـە لـە نووسـین و دەرهێنانـی مامۆسـتا تەڵعـەت سـامان بـووە.
- سـاڵی ٢٠٠٠کاری دەرهێنانـی هونـەری بـۆ فیلمـی دیکۆمێنتی(خاکـە ونبووەکان)بـۆ تەلەفزیۆنـی هەرێـم کـردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ کاری دەرهێنان و دۆبلاژی فیلمی دیکۆمێنتی( شـەپۆلەکانی جەنگ)ی تایبـەت بـە جەنگی ئازادکرنی کوێت کردووە.

-لە سـاڵی ٢٠٠٦ وەکـوو شـاندی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری بانگهێشـتی شـانۆی( ئەنـدەر ڕۆهـەری) کراوە لـە ئەڵمانیـا.

- لە ساڵی ٢٠٠٩ بەگرێبەسـت وەکـوو شـارەزا لـە بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر دادەمـەزراوە و، وەکو ئەندامـی شـاندێک سـەردانی ئێرانی کردووە بۆ گرێبەسـت لەگـەڵ تاقیگەی سینەمایی(بەدیع).
- هـەر سـاڵی ٢٠٠٩ وەکـو بەڕێوەبـەری بەرهـەم بەشـداری کـردووە لـە فیلمی(گەڕەکـی داهۆڵـەکان) کـە سـیناریۆی نووسـەر شـێرزاد حەسـەن و دەرهێنانـی هونەرمەنـد حەسـەن عەلـی بـووە.
- لە ٢٠١٠ بەشداریی ڤیستیڤاڵی سینەمایی قاهیرەی نێودەوڵەتی کردووە.
- لە ٢٠١١ بەشداری لە ڤیستیڤاڵی سینەمایی بەیروت کردووە.
- لە ٢٠١٨ بووەتـە ئەندامی(لیژنـەی دادوەری) بۆ هەڵسـەنگاندنی سیناریۆ لـە ڤیسـتیڤاڵی سـینەمای نێودەوڵەتیی سلێمانی.
- بەشـداری لـە یەکەمیـن وەرزی شـانۆیی منداڵان کـردووە بـە شـانۆگەریی

(خەنجەری ناو سەندوقەکە) کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆی و، شانۆگەریی(ماسیگرو ژنەکەی) لە نووسینی خۆی و دەرهێنانی هونەرمەند فارس حازم بووە.

- لە ساڵی١٩٩٨ ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری وەرزیی (سینەما و شانۆ) بووە.

-لە ساڵی٢٠٠٤ ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری وەرزیی (هونەری نوێ) بووە، ئەو دوو گۆڤارە ئێستا وەستاون.

- لە ٢٠٢١ەوە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ساڵانەی( یەکەم چرا) یە کە تا ئێستاش بەردەوامە لە دەرچوون..

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداریی کۆنفرانسی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند بەکر مەعروف، هونەرمەند موحسین محەمەد لە شانۆگەریی نەخۆشی ددان، ساڵی ١٩٨٤






ڕێزلێنانی نووسەر و هونەرمەند موحسین محەمەد




بەرهەمەکانی نووسەر و ڕەخنەگر موحسین محەمەد

هەولێری کردووە.

- لە ساڵی١٩٩٢ بەشداری لە کۆنگرەی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانی کردووە.
- بەشداریشی لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کردووە.
- لە ٢٠٠٦ وەکوو ئەندامی لیژنەی باڵای کۆنگرەی یەکبوونی هونەرمەندانی کوردستان بەشداری لە کۆنگرەکە کردووە و بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵا.
- لە ٢٠١٠ بەشداری لە یەکەمین کۆنگرەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی شانۆ بەڕێوەبەرایەتیی شانۆی هەولێر لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم، خەڵاتی داهێنانی پێبەخشراوە.

- ساڵی ٢٠١٣ بەبۆنەی بەشداربوونی لە دووەمین فیستیڤاڵی ئەدەبی، کونسوڵخانەی بەریتانی لە هەولێر خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشیوە.
- ساڵی ٢٠٢١ بەبۆنەی(١٠٠)ساڵەی پەیدابوونی هونەری شانۆ لە کوردستان و خزمەتی پەنجا ساڵەی نووسەر موحسین محەمەد، حکومەتی هەرێمی کوردستان خەڵاتی شانۆی پێبەخشیوە.

نووسەرو هونەرمەند موحسین محەمەد ئێستاش هەر بەردەوامە لە نووسینە پوخت و سوود بەخشەکانی لە بواری شانۆ و نووسینی سیناریۆ، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی شانۆ و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر و هونەرمەند و ڕەخنەگر مامۆستا موحسین محەمەد، لە سەر داخوازیی من لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# تەڵعەت تاهیر

شاعیر و وەرگێڕ و نووسەری وتار و کورتە باسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی، مامۆستا تەڵعەت تاهیر....

ناوی تەواوی(تەڵعەت تاهیر خورشید)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە تەڵعەت تاهیر ناسراوە، لە ١٨ - ١ - ١٩٧١ لە داوێنی چیای قەرەچووغی سەرکەش لە شارە جوان و گەرم و خنجیلانەکەی(مەخموور) کە ئەو کات سەر بەپارێزگای هەولێر بووە، لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر لە دایک بووە، ساڵی ١٩٨٥ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(قەرەچوغ)ی سەرەتایی هەر لە مەخمور تەواوکردووە، بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو کات دیارە ماڵیان هاتۆتە شاری هەولێر، خوێندنی ناوەندیی لە ناوەندیی(ئیبن خولەکان - ئیبن خەلەکان) لە(حي العمال - گەڕەکی کرێکاران) و دواناوەندیشی لە دواناوەندیی (عەنکاوە) بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵی ٢٠١٨ بەشی ڕاگەیاندنی لە پەیمانگای تەکنیکی لە سلێمانی تەواوکردووە و، لە دام و دەزگا ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکانی شاری سلێمانی دەستبەکار بووە و، ماوەیەکیش جێگری سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ بووە و ئێستاش لە شاری سلێمانی دەژییێت.

شاعیر و نووسەر تەڵعەت تاهیر هەر لە منداڵییەوە تا تەمەنی(١٣- ١٤)



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر تەڵعەت تاهیر، هونەرمەند مامۆستا عومەر دزەیی**

ساڵی لە شاری مەخموور و دەشتی قەراج و کەندێناوە ژیاوە، کە لانە و لانکە و هەوارگەی لاوک و حەیران و سەربردە و بەیت و باڵۆرەی ڕەسەنی کوردییە و، لەم کەش و هەوایە پەروەردە و گۆشکراوە، بۆیە هەر زوو حەز و خولیای چووەتە شیعر و ئەدەبیات و کەلتووری کوردی، هەر لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی و عەرەبی و شاکارە وەرگێڕدراوە جیهانییەکان کردووە، پاش پەیداکردنی پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری زۆر باش، دەستی بە نووسینی شیعر و وتار و کورتە باسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی و دواتریش وەرگێڕان کردووە.

ئەو لە ساڵی ١٩٨٦نۆبەرەی بەرهەمە شیعرییەکانی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە بەناونیشانی(ساباتی خۆشەویستی) لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە و، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعرە ناسک و جوانەکانی، ئەو هەموو ڕاز و نیاز و خەم و پەژارە و نەهامەتیی خۆی

و میللەتەکەی بە تابلۆی شیعری جوان پڕ ڕیتم و ئاواز کێشاوە، بواری ئافرەتان و کێشەی کۆمەڵایەتی و عیشق و ئەڤینی و جوانیی سروشتی کوردستانیشی فەرامۆش نەکردووە، تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزی لە شیعر و وەرگێڕان و بابەتی هەمەجۆری ئەدەبی و ڕەخنەیی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەن:

- لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی، شیعر، ٢٠٠٩.
- ڕۆژگاری وشک و چاوی تەڕ، دونیابینینی ئەدەبی.
- ناوی تۆ ئیمزای منە، نزیکەی(٢٧٠)کۆپلە شیعرە، چوار جار چاپکراوە.
- ئەو گوڵەگەنمانەی بوونە گسک کورتە باسی ئەدەبی.
- دەرچوون لە سووریی نووسین، ڕۆمان، چاپی یەکەم ٢٠١٠، چاپی دووەم ٢٠١٨.
- بنەچەی سەوسەن، وەرگێڕانی شیعری ئەدۆنیس، ٢٠١٠.
- عەتری ئەو عاشقانەی مردن، وەرگێڕانی شیعر، کۆبەندی شیعرەکانی شاعیری عەرەب ئەدۆنیسە، ٢٠١٦.



**لە لای ڕاستەوە: چیرۆکنووس سەلاح عومەر، شاعیر تەڵعەت تاهیر، نووسەر و لێکۆڵەر سابیر ڕەشید**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی ڕەوانشاد زایەر عەبدوڵڵا، نەناسراوە، شاعیر و نووسەر تەڵعەت تاهیر**

- ئارام بە هاملێت، شێتی ئۆفیلیا هەڵمژە، وەرگێڕانی شیعری ئەدۆنیس، ٢٠١٢.
- کتێبی(شیعر و نیگار) بەهاوبەشی لە گەڵ هونەرمەندی شێوەکار مامۆستا ڕۆستەم ئاغاڵەیە، بەزمانی ئینگلیزی لەژێر چاپدایە و خوا یار بێت بەم نزیکانە دەکەوێتە بەر دەست و دیدی خوێنەران.
- کتێبی(نامەئلوفکردنی مەئلوف لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا) لە نووسینی مامۆستا فەرمان محەمەدئەمین حەسەن، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠٢٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کتێبی توێژینەوەیەک بەناوی(پێگەی ئافرەت لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا) لە نووسینی خاتوو هێلین فەرهاد و خاتوو ژیلە عەبدوڵڵا، لە زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ٢٠٢٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- نامیلکەی(پێگەی ئافرەت لە شیعری تەڵعەت تاهیردا) لە نووسینی دکتۆر کوردستان موکریانی، ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

- چەندین قوتابیی دیکەی زانکۆکانی کوردستان و نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگر تیشکیان خستۆتە سەر شیعر و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر تەڵعەت تاهیر.
- چەندین پارچە هەڵبەستی شاعیر تەڵعەت تاهیر لە لایەن هونەرمەندانی کوردستان ئاوازیان بۆ دەندراوە و کراونەتە سروود و گۆرانی.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ تەڵعەت تاهیر وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- بەرنامەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هەفتانە بەناوی(فەرهەنگ) لە کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردسات ئامادە و پێشکەش دەکات.
- دەیان کۆڕو کۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوەی لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، گەرمیان، کۆیە، سۆران و چەندین شار و شاروشارۆچکەی دیکەی کوردستان) ئەنجامداوە.



- لەگەڵ هەر یەک لەشاعیران (قوبادی جەلیزادە، دڵشاد عەبدوڵلا و چەندانی دیکەش) کۆڕی شیعر خوێندنەوەی ئەنجامداوە،
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی چەند گۆڤار و پاشکۆی ئەدەبی بووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.



بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر تەڵعەت تاهیر

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- وەکو میدیاکارێکیش چەندی دیدار و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لە لایەن کەناڵە لۆکالی و ئاسمانییە کوردییەکان لەگەڵدا کراوە.


شاعیر تەڵعەت تاهیر لە ١٢ - ١٠ - ٢٠٠٢ لە شاری سلێمانی هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی دوو کچی جوانە بەناوەکانی(هانە و وێنە) خودا تەمەن درێژیان بکات.

ئەو ئێستاش هەربەردەوامە لە نووسینی شیعر و وتارە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی، ناوە بەناوەش لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆی خوێنەر و هەوادارانی بە پارچە شیعرێکی ناسک و جوان یان وتارێکی پوخت و سوودبەخش بەسەردەکاتەوە.

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ تەڵعەت تاهیر هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - ویکیپیدیا- ئینساکلۆپیدیای ئازاد.
٢ - کوردیپێدیا.
٣ - ماڵپەڕی فەرمیی تەڵعەت تاهیر، چەند فیلمێکی دوکیومێنتاری.
٤- Youtube، فیلمێکی دوکیومێنتاری، هەندێک لە شیعرەکانی شاعیر تەڵعەت تاهیر بەدەنگی خۆی، ٢٠٢٢.
٥ - ماڵپەڕی ڕووداو، فیلمێکی دوکیومێنتاری، چاوپێکەوتن لە گەڵ میدیاکار ڕەنج سەنگاوی، ٢٠٢٠.
٦ - ماڵپەڕی Kurd max، فیلمێکی دوکیومێنتاری، ٢٠٢٣.
٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ئەحمەد قەرەنی

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر و ڕۆژنامەنووس، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەحمەد دکتۆر قەرەنی..

ناوی تەواوی(ئەحمەد محەمەد مام عوسمان قەرەنی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە دکتۆر ئەحمەد قەرەنی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە شارۆچکەی (ئاکرێ)ی سەر بەپارێزگای دهۆک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە(شنگال و ئاکرێ و مووسڵ)تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٥ خانەی مامۆستایانی لە دهۆک تەواوکردووە و، بووەتە مامۆستا لە شار وشارۆچکەکانی دەوروبەری دهۆک و مووسڵ، لە ساڵی ٢٠٠١ بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر تەواوکردووە



نووسەر دکتۆر
ئەحمەد قەرەنی بەجاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد دکتۆر مارف خەزنەدار، نووسەر ئیبراهیم قادر جاف،**
**نووسەر دکتۆر ئەحمەد قەرەنی**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر محسن قۆچان، نووسەر ئازاد دارتاش، نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا ئەنوەر**
**محەممەد تاهیر، هونەرمەند شەماڵ ئاکرەیی، نووسەر ئەحمەد قەرەنی،**
**شاعیر و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی**

و، ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی هەر لە هەرمان زانکۆ وەرگرتووە و، نامەی ماستەرەکەی بەناونیشانی(شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا)بووە، ساڵی ٢٠١٠ش، بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدبی کوردی بەدەستهێناوە و، نامەی دکتۆراکەی لەژێر ناوی (ڕەخنەی ئایڕۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا ١٩٢٥ - ١٩٧٠) بووە، لە ٣ - ١ - ٢٠١٨ پلەی زانستی یاریدەدەری پرۆفیسۆری پێبەخشراوە.

مامۆستا و نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر ئەحمەد قەرەنی لە نێوان ساڵانی

١٩٧٦ - ٢٠١٩ وەکو مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و ڕاوێژکاری پەروەردەیی و بەڕێوەبەری گشتیی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان لە دیوانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە هەولێر درێژەی بەخزمەتکردن داوە تا لە ١٥ - ٩ - ٢٠١٩ خانەنشیکراوە.

ئەو وەکو نووسەر بەزمانی کوردی و عەرەبی لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و پەندی پێشینان و قسەی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ئەحمەد قەرەنی، نووسەر ڕەوانشاد جەلال زەنگابادی، مامۆستا سەباح ئارام



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕەخنەگر دکتۆر کەمال غەمبار، مامۆستا مەهدی تەیب، نووسەر ڕێکار مزووری، نووسەر دکتۆر عەبدوڵلا ڕەحمان، نووسەر دکتۆر ئەحمەد قەرەنی

نەسـتەق و داب و نەریتـی کۆمەڵـی کـوردەواری و لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە و ڕەخنـەی ئەدەبی، کۆمەڵێـک بەرهەمـی بەنـرخ و ی نووسـیووە و چـاپ و بڵاویشـی کردوونەتـەوە کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:

- کانی ـ کۆمەڵە تێکستێن فۆلکلۆرینە، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا ١٩٨٤.
- ئەزموونـا خویندنگەهێـن شۆڕەشـێ ل دەڤـەرا بادینـان، چ١، ژ وەشـانێن یەکەتییا لاوێن دیموکراتییا کوردستانێ، چاپخانەیا خەبات، ڕاژان ١٩٨٩. چ٢، چاپخانەیـا وەزارەتـا پەروەردەیـێ، هەولێـر١٩٩٩.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ئەحمەد قەرەنی، نووسەر سدیق وەلی، مامۆستا کەریم بەیانی




- شۆڕەشـێن بێدەنگێـن ئەدەبی و پەرەسـەندنا ئیدیۆلۆژیـکا کـوردی، ژ وەشـانێن کۆمـەلا نڤیسـەرێن کـورد، چاپخانەیـا خەبـات، ڕاژان ١٩٨٩.
- چەوا کورد دیرۆکا خوە ڤەدگێڕن، چاپخانەیا خەبات، ڕاژان ١٩٩١.
- ڕەوشەنبیریا چیای، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ١٩٩٢.
- ئەزموونـی گـەلان لـە بـواری پـەروەردەو فێرکردنـدا ـ بەشـی یەکـەم، لـە بڵاوکراوەکانـی گۆڤـاری ئاسـۆی پـەروەردە، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر ٢٠٠٣.
- ئەزموونـی گـەلان لـە بـواری پـەروەردەو فێرکردنـدا ـ بەشـی دووەم، لـە بڵاوکراوەکانـی گۆڤـاری ئاسـۆی پـەروەردە، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر ٢٠٠٤.
- شـیعری فێرکـردن لـە ئەدەبی کوردیـدا ـ نیوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم، لـە بڵاوکراوەکانـی دەزگـەی ئـاراس، چاپخانـەی ئـاراس، هەولێر٢٠٠٦.
- ڕەخنـەی ئایرۆنـی لـە شـیعری نوێـی کوردیـدا ١٩٢٥ـ ١٩٧٠(نامـەی دکتۆراکـەی)، لـە بڵاوکراوەکانـی ئەکادیمیـای کـوردی، چاپخانـەی حاجـی






لە لای ڕاستەوە: پرۆفیسۆر(یۆنگ)سەرۆکی زانکۆی سیئۆلی پەروەردە، نووسەر دکتۆر ئەحمەد قەرەنی، لە کاتی پێشکەشکردنی دیارییەکی کوردەواری بۆ پرۆفیسۆر(یۆنگ)ساڵی ٢٠١١.

هاشــم، هەولێــر٢٠١٢.

- ســەمایا هەلبەســتێن ساڤا ـ بیرەوەری و ئەزموونا شعری، چاپخانەیـا دارا ، هەولێـر٢٠١٧.
- هەنـدێ کێشـەی زمانەوانـی لـە پرۆگرامەکانـی خوێندنـدا، لـە بڵاوکراوەکانـی وەزارەتــی پــەروەردەی حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتان، چاپخانــەی وەزارەتــی پــەروەردە، هەولێــر ٢٠١٨.
- پیڤەرێـن ڕێکخسـتنەڤەیا جڤـاکا کوردسـتانێ ـ شـرۆڤەکرنەکا شـیکاریی ڕەخنەییـە، لـە بڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (٤٠١)، چاپخانـەی زانکـۆی ســەلاحەددین، هەولێـر٢٠١٩.
- گۆتنێن پێشـینان د ناڤبـەرا چانـدا جڤاکـی و پەروەردەیـا خێزانـی دا، چاپخانەیا فـەرەج پرینتینگ، هەولێر٢٠١٩.
- زمانــی ئەدەبــی کــوردی لەنێـوان تێڕوانینــە نەریتگەراییــەکان و بیــردۆزە هاوچەرخەکانـدا، لــە بڵاوکـراوەی ئەکادیمیــای کــوردی، ژمــارە (٥٤١)، چاپخانــەی زانکــۆی ســەلاحەددین، هەولێــر٢٠٢٣.
- ڕەوشـەنبیرییا کـوردی د ناڤبـەرا شـیانێن تاکـی و ڕێکخسـتنا جڤاکـێ دا، چ١، ژ وەشـانێن پارێزگەهـا دهۆکـێ ب هەماهەنگـی د گـەل ناڤەنـدا خانـی یـا ڕەوشـەنبیری و ڕاگەهاندنـێ، چاپخانەیـا پارێزگەهـا دهۆکـێ، دهـۆک ٢٠٢٣.
- بزاڤـا شـانۆیا کـوردی د نێڤبـەرا هەبـوون و نەمانـێ دا، چاپخانەیـا بادینـان، دهـۆک ٢٠٢٤.









بەرهەمەکانی نووسەر دکتۆر ئەحمەد قەرەنی

- جۆگەک ژ ڕوبیارێ ئەڤینیا من، چاپخانەیا ( الحوادث)، بەغدا١٩٧٨.
- مان، چاپخانەیا ( الحوادث)، بەغدا ١٩٨٣.
- تولیتا، چاپخانەیا ( الحوادث)، بەغدا ١٩٨٦.
- بێدەنگیا خالێن سۆر، چاپخانەیا گەل، ئورمیە ١٩٨٩.
- شۆڕەشا ئەڤینێ ماکا ئەڤینییا شۆڕەشان، چاپخانەیا خەبات، ڕاژان١٩٩٠.
- مە ژین لبەرە، چیرۆکە شیعر، چ١، چاپخانەیا خەبات، ڕاژان ١٩٩٠. چ٢، چاپخانەیا وەزارەتا پەروەردەیێ، هەولێر٢٠٠١.
- گەرمیا ئازادیا نەرم، چاپخانەیا خەبات، شەقلاوە ١٩٩١.
- حورییێن چیایێ خەمگین، کۆشعر١، سەرجەما کۆمەلە شعرێن پێشترێ چاپبووین ب خوە ڤە دگریت، چاپخانەیا ڕۆژهەلات، هەولێر٢٠١٧.
-ڕوبیارێ ڕاڤینا، ڕۆمان، چاپخانەیا فەرەج پرینتینگ، هەولێر٢٠٢٢.
- گڤاندە، کورتە چیرۆک، چاپخانەیا فەرەج پرینتینگ، هەولێر ٢٠٢٤.
- (٤٥) توێژینەوەی ئەدەبی و زمانەوانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بڵاوکردۆتەوە.
- کتێبە چاپکراوەکانی بە زمانی عەرەبی:
- صورتان من هوية واحدة، منشورات إتحاد الشبيبة الديمقراطية الكردستانية، مطبعة خبات، راژان ١٩٨٩.
- على أمواج الصراحة، قصاصات صحفية حول الفكر الكردي المعاصر،

مطبعـة وزارة التربيـة، أربيـل ٢٠٠٢.

- ملامح طفولة الفكر الكردستاني، مطبعة شهاب، أربيل ٢٠١١.
- أدب التبصير، مطبعة فرج برينتينك، أربيل ٢٠٢٠.
- صحافة الجبل ـ المعجم المفهرس لثقافة المقاومة الكردستانية، مطبعة فرج برينتينك اربيل ٢٠٢٠.

شـاعير و نووسـەر و لێكۆڵـەر دكتـۆر ئەحمـەد قەرەنـی لـە بـواری كاری ڕێكخراوەیـی و ڕۆژنامەنووسـی چەندیـن چالاكیـی دیكـەی هەبـووە لەوانـە:

- ماوەیـەک ڕاوێـژكاری پەروەردەیـی بـووە لـە گۆڤـاری (پەلكەزێڕینـە)ی منـداڵان.
- لە ساڵانی ١٩٩٥ – ١٩٩٦ بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاكرێ بووە..
- ماوەیـەک ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (ئاسـۆی فۆلكلـۆر)ی مانگانـە بـوو كـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری دەریدەكـرد.
- لـە سـاڵانی ٢٠٠٠ – ٢٠٠٧ سەرنووسـەری گۆڤاری (ئاسـۆی پەروەردەیی) ی مانگانـە بـووە كـە بەكـوردی دەردەچـوو.
- لـە سـاڵانی ٢٠٠٢ – ٢٠٠٦ سـەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (فێرخوازان)بـووە كـە بایەخـی بـە كاروبـاری نەهێشـتنی نەخوێندەواری لـە هەرێمـی كوردسـتان دەدا.
- ماویـەک سەرنووسـەری گۆڤـاری (ئاسـۆی منـداڵان) بـوو كـە بـە زمانـی كـوردی و سـریانی دەردەچـوو.
- لـە سـاڵانی ٢٠٠٩ – ٢٠١٤ سـەرنووسـەری گۆڤاری (پـەروەردەو فێركـردن) بـوو، كـە گۆڤارێكـی وەرزی بـوو، بـە كـوردی و عـەرەبی دەردەچـوو.
- ماوەیـەک سەرنووسـەری گۆڤـاری (آفـاق تربویـة) بـوو، كـە بـە زمانـی عەرەبـی دەردەچـوو.

لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە بەرپرسی مەلەفی كرمانجییە لە گۆڤاری ڕامان.

- دوو سـاڵ ئەندامـی لیژنـەی بـاڵای كۆنفرانسـی سـاڵانەی زمانـی كوردی بووە،

کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و ئەکادیمیای کوردی بە هاوکاریی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئەنجامی دەدا.

- ئەندامی لیژنەی بەرنامەی نوێکردنەوەی کەرتی گشتی پەروەردەیە لە عیراقدا.
- بەشداری لە چەندین کۆنفرانسی زانستی و خولی پەروەردەییدا کردووەو لە چەندین کۆبوونەوە و دانیشتندا لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی کردووە و چەندین بابەتی پەروەردەیی پێشکەش کردووە کە ڕەوشی فێرکردن و زمانی کوردی لە کوردستان خستۆتەڕوو.
- وەکو ئەندام بەشداری و سەرپەرشتی پرۆسەی پەروەردەیی لە ناوچە لێقەوماوەکان کردووە و لە نامیلکەیەکدا بە ناوونیشانی (ئەزموونی قوتابخانەکانی شۆڕش لە ناوچەی بەهدینان ١٩٨٧ ـ ١٩٨٨) دیکۆمینت کراوەو دوو جاریش چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- وەکو ئەندام لە لیژنەی پرۆگرانی ئێزدیاتی بۆ پۆلەکانی ١-٦ بنەڕەتی بەشداری بووە.
- بەشداری لەدانانی پرۆگرامی مافی مرۆڤ بۆ پۆلی یازدە و قۆناغی یەکەمی پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە کردووە و یاداشتێکی ڕوونکردنەوەیشی لەبارەی وردەکارییەکانی پرۆژەکە ئاراستەی (٤٣) ڕێکخراوی بیانی و لۆکاڵ کردووە، کە لە هەرێمی کوردستان ئەرکی پەروەردەییان هەبووە. دواتر سەرجەم کارەکانی پرۆژەکە وەک بەشێکی سەرەکی لە کتێبی (صحافة الجبل ـ المعجم المفهرس لثقافة المقاومة الكردستانية)دا بڵاوکردۆتەوە.
- سەرپەرشتیی پرۆژەی بەئینگلیزیکردنی هەر دوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان کردووە و، دواتر سەرجەم کار و ئەرکەکانی پرۆژەکە لە دووتوێی کتێبێکدا بەناونیشانی (هەندێ کێشەی زمانەوانی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا) چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

- له ساڵی ١٩٧٩ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتییە(IFJ)یە.

بۆ نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر ئەحمەد قەرەنی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینە ئاست بەرز و بەنرخەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی دکتۆر ئەحمەد قەرەنی کە لەسەر داخوازیی من لە دهۆک بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ڕەزوان بادینی

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و وەرگێڕ و پسپۆری بواری ڕاگەیاندن و میدیا دکتۆر ڕەزوان بادینی...

ناوی تەواوی(رضوان خضر علي- ڕەزوان خدر عەلی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە ڕەزوان بادینی ناسراوە، ئەو بادینییە ناوی(عەشیرەت) ێکە لە ڕۆژئاڤای کوردستان نەک (دەڤەری بادینانی خۆمان لە باشووری کوردستان)، ساڵی ١٩٥٥ لە شاری(حسكة - حەسەکە) ی ڕۆژئاڤای کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری حەسەکە تەواوکردووە، ساڵانی خوێندنی ١٩٧٢ - ١٩٧٦ بەشی(ماف- حقوق)ی لە کۆلێژی حقوقی زانکۆی دیمەشق تەواو کردووە، لە ساڵانی ١٩٧٧ - ١٩٨٣ بڕوانامەی ماستەری بە پلەی(ممتاز- نایاب) لە کۆلێژی(الصحافة - ڕۆژنامەگەری) ی زانکۆی مۆسکۆی حکومی(میخائیل لومونوسوف)وەرگرتووە، لە ساڵانی ١٩٨٣ - ١٩٨٦ بڕوانامەی دکتۆراشی لە بواری ڕاگەیاندن لە هەمان کۆلێژ و هەمان زانکۆی بەدەستهێناوە، نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی(خصائص



**لە لای ڕاستەوە: سەرۆك مەسعود بارزانی، نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر ڕەزوان بادینی**

الصحافة الكردية في الشتات ١٩٧٥ - ١٩٨٥) بووە، لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٩ دبلۆمی باڵای لە زانکۆی(پاریس العاشرة - پاریسی دەیەم - نانتیر) بەناونیشانی (لغة التجارة الحية- زمانی زیندووی بازرگانی) وەرگرتووە.

دکتۆر ڕەزوان بادینی لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، وەکو مامۆستای(بواری ڕاگەیاندن، مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهانی، زانستی پەیوەندی و کۆمەڵایەتی)یەکان لە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر دەستبەکاربووە و لە ساڵانی ٢٠٠٧ - ٢٠١١ سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن بووە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین تا ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن، ئەو وەکو سیاسەتمەدارێک بەشداریی بەشی زۆری کۆنفراس و کۆنگرە و چالاکییەکانی(المعارضة السورية - ئۆپۆزسیۆنی سووری) کردووە، زیاتر خەباتی سیاسیی ئەو بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسیی لێدەگەڕێم.

مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر ڕەزوان بادینی ئەو کاتەی لە حەسەکە بووە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و

ئامادەیی بەزمانی عەرەبی خوێندووە، بەڵام ئەو بە خوێندنەوەی شیعرەکانی مەلای جزیری و خانی و فەقێی تەیران و جگەرخوێن دەستی پێکردووە، هەر خۆی خۆی فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردیی- کرمانجی بەپیتی لاتینی کردووە، ئەو زمانەکانی(کوردی، عەرەبی، ڕووسی، فەرەنسی، ئینگلیزی) بە باشی دەزانێت، لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی چیرۆک و وەرگێڕان لە بوارەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕاگەیاندن و بواری هەمەجۆری دیکەش کردووە، تا ئێستا چەندین بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- جگرخوين، مرآة الشعب الكردي، بەزمانی عەرەبی، بەیروت ١٩٨٦.
- أطروحة دكتوراه: خصائص الصحافة الكردية في الشتات، سنوات(١٩٧٥ ١٩٨٥)بەزمانی ڕووسی.
- في سبيل كردستان، نووسینی نووسەر زنار سلوبي، وەرگێڕانی نووسەر ئیمانۆیل هسرتیان لە تورکی بۆ زمانی رووسی، دکتۆر ڕەزوان بادینی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ڕەزوان بادینی، فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنسی برنارد هنری لیڤی

وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٨٧.

- الطائر الغریب، کۆمەڵە چیرۆکێکە بەزمانی کوردی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١.
- الأسد والأکراد: شریعة الغاب، بەزمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ٢٠٠٤.
- أکراد سوریا: موعد مع التاریخ، بەزمانی عەرەبی، پاریس، ٢٠٠٥.



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر، نووسەر و وەرگێڕ ڕەزوان بادینی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ڕەزوان بادینی،**
**جێگری وەزیری دەرەوەی(ئەو کات)ی رووسیا میخائیل بەگدانۆڤ**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ڕەزوان بادینی، میدیاکار ڕەوانشاد خاتوو شیفا گەردی**

- کردستان- روسیا: مذکرات دبلوماسي كوردي، وەرگێڕان لە ڕووسی بۆ سەر زمانی عەرەبی، دهۆک - عێراق، ٢٠١٠.
- تاريخ وسوسيولوجيا الصحافة الدولية، هەولێر ٢٠١٠.
- زیاتر لە(٢٥٠) وتار و کورتەباس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بەزمانەکانی کوردی ، عەرەبی، ڕووسی و فەرەنسی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبی و بیانییەکان بڵاوکردۆتەوە و، چەندین وتاریشی بەناوی خوازراوی(ر. علي- د . رضوان)بڵاوکردۆتەوە.

دکتۆر ڕەزوان بادینی جگە لە نووسینەکانی وەکو هونەرمەند و شێوەکار و وەرگێڕ و میدیاکار چەندین چالاکی دیکەی نواندووە لەوانە:

- لە ساڵانی ١٩٨٩- ١٩٩٠ وەکو وەرگێڕی زمانەکانی(فەرەنسی - ڕووسی)









**نووسەر و وەرگێڕو ڕاگەیاندنکار دکتۆر ڕەزوان بادینی لە چەند کات و تەمەنی جیاوازدا**


بەیاوەریی چەند کۆمپانیایەکی بازرگانی فەرەنسی لە گەڵ کۆمپانیا رووسییەکان و چەند کۆمپانییایەکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کاری کردووە، لەوانە کۆمپانیاکانی(الفا، ستوک دی یوروب)ی فەرەنسی.

- لە ساڵانی ١٩٩٠ - ١٩٩٢ بەڕێوەبەری بازرگانیی کۆمپانیای(اکو انترناشیۆنال)ی فەرنسی بووە و کاری وەرگێڕانی بۆ چەندین کۆمپانیای دیکەی فەرەنسییش کردووە.
- لە ساڵانی ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧ ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنیی(مدارات كردية) بووە بۆ بەشی عەرەبیی تەلەفزیۆنی زاگرۆس.
- لە ساڵی ٢٠١٢ - ٢٠١٤ سەرپەرشتیاری کەناڵی تەلەفزیۆنی ARK کە(پرۆگرمەکانی تایبەت بووە بە کوردستانی سووریا(ڕۆژئاڤای کوردستان).
- وەکو وەرگێڕ لەگەڵ لێپرسراوانی باشووری کوردستان بەشداری و

پێشوازیی لە چەندین شاندی بیانی بە تایبەتی(ڕووسی و فەرەنسی) بۆ باشووری کوردستان کردووە و، بەپێچەوانەش لەگەڵیان سەفەری دەرەوەشی کردووە.


- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفراس و کۆنگرە و دیداری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە، لەوانە:(کۆنگرەی(٢٦)مینی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی لە مۆسکۆ لە مانگی حەوتی ساڵی ٢٠٠٧، کۆنگرەی یۆنسکۆ بۆ پەرەپێدانی پرۆگرام و خولەکانی فێرکردنی لە بواری ڕاگەیاندن، لە عەممانی پایتەختی وڵاتی ئوردن و چەندانی دیکەش).
- وەکو سەرپەرشتیار و ئەندامی لیژنە، بەشداریی لە وتوێژکردنی دەیان












**بەرهەمەکانی نووسەر دکتۆر ڕەزوان بادینی**

نامەی(بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا)ی قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان کردووە.


- دیارە لە تەمەنی لاوێتیدا بەهرەی هونەریشی هەبووە، شارەزای ژەنینی چەند ئامێرێکی مۆسیقاشە و چەندین گۆرانی لەسەر سیدی CD تۆمارکردووە، دەستی خۆشنووسی و شێوەکاریشی هەبووە و بەشداریی چەندین پیشانگای شێوەکاری لە شاری حەسەکە کردووە.

بۆ مامۆستا و نووسەر و ڕاگەیاندکار دکتۆر ڕەزوان بادینی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسین و وەرگێران و کاری ڕاگەیاندن.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر و ڕاگەیاندنکار دکتۆر ڕەزوان بادینی، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئازاد سەعید

هونەرمەندی ئەکتەر و ڕاهێنەر و پسپۆری بواری هونەری میللی و هەڵپەڕێکی ڕەسەنی کوردی مامۆستا ئازاد سەعید....

ناوی تەواوی(ئازاد سعید مەولود)ە، لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی(هێلەوە)ی سەر بەناوچەی(شەمامک)ی پارێزگای هەولێر لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦٨ هێشتا تەمەنی(٤) ساڵان بووە ماڵیان هاتۆتە هەولێر و لە گەڕەکی تەعجیل نیشتەجێبوونە، دواتر چوونەتە گەڕەکی (سەیداوە)، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (قازیی محەمەد) لە ئیسکان تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی(هەڵمەت)خوێندووە، لە ٥ - ٢ - ١٩٧٩ لە تیپی هونەری میللیی هەولێری سەر بە دەزگای سینەما و شانۆی بەغدای وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراق دامەزراوە و، درێژەی بەکار و چالاکییەکانی داوە، لە ساڵی ١٩٨٦ ئەو کاتەی قوتابیی ناوەندی بووە بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس دەستگیراوە و حوکمی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندراوە، لە ساڵی ١٩٨٨ بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە و ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٩٨چووەتە شاری سلێمانی وەکو



لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، هونەرمەند ئازاد سەعید



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر ناسر حەسەن، هونەرمەند ئازاد سەعید، مامۆستا مەسعود یاسا، میدیاکار نازم کەریم سەرحەد


ڕاهێنەر و پسپۆر لە تیپی هونەری میللیی سلێمانی دەستبەکار بووە.

هونەرمەندی پسپۆر و شارەزای هونەری میللی و هەڵپەڕکێی ڕەسەنی کوردی ئازاد سەعید ساڵی ١٩٧٩ لەسەر دەستی ڕاهێنەرانی پسپۆر و شارەزای بیانی هەر یەک لە(سەلمان محەمەد)ی فەلەستینی و(ڕەشیدیان)ی بەڕەچەڵەک ئەرمەنیی وڵاتی سۆڤیەتی جاران ڕاهێنانی کردووە و، هەموو پلەکانی بەسەرکەوتوویی بڕیوە، ئەو بەردەوام بووە لە کارو چالاکییەکانی ئەو تیپە هەتا بووەتە(مدرب - ڕاهێنەر)، لە وەرزی یەکەم و دووەمی تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر بەشداری لە تابلۆکانی(کوێستان، شوان، لۆرکێ،

نەورۆز، ئایشۆکێ، ساوارکوتان، هەرێ گوڵێ، شێخانی و دروونە) کردووە و هەر یەک لە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ(قادر زیرەک، جەلال سەعید، نیزام شوکر، عارەب عوسمان و ئیسماعیل قوربانی) بەشداریان لە چالاکییەکانی ئەو تیپە کردووە، هەر یەک لە هونەرمەندانی مۆسیقاژەن و ئاوزدانەریش (ڕزگار خۆشناو و وریا ئەحمەد و شێرزاد سەرسپی و شاکر ڕواندزی و مستەفا ڕەنجەرۆ) بەشدارییان لە دانانی چەندین ئاواز بۆ تابلۆکان کردووە



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕەوانشاد زایەر عەبدوڵڵا، هونەرمەند ئازاد سەعید



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئازاد سەعید، شاعیر مەسعود پەرێشان

و، چەندین چالاکییان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لەوانە (ئەڵمانیا ساڵی ١٩٨١، یەکێتیی سۆڤیەتی جاران ساڵی ١٩٨٢، نەمسا) نوواندوە.

هونەرمەند ئازاد سەعید لە گەڵ تیپی هونەرە میللییەکانی سلێمانیش وەکو ڕاهێنەر و دەرهێنەر بەشداریی چوار وەرزی کردووە و، دەوریشی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی ئەو تیپە، دەرهێنانی بۆ چوار تابلۆ کردووە کە ئەمانەن:



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئازاد سەعید، هونەرمەند ڕەوانشاد حەمید سابیر



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئازاد سەعید، هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر ڕزگار خۆشناو



**هونەرمەندی ئەکتەر و ڕاهێنەر و پسپۆڕی بواری هەڵپەڕکێی میللی**
**مامۆستا ئازاد سەعید لە چەند کارێکی هونەریدا**

- تابلۆی قەرەچووغ.
- تابلۆی شەنگەبێری.
- تابلۆی ملوانکە.

– تابلۆی پێشمەرگە، لە دەرهێنانی هەر یەک لە هونەرمەندان مامۆستان(ئازاد سەعید و عەبدولعەزیز مەجید و خاتوو بوشرا ئیبراهیم) بووە.

هەر لە گەڵ تیپی هونەرە میللییەکانی سلێمانی وەکو ڕاهێنەر و نواندن بەشداریی چەندین ئاهەنگ و فیستیڤاڵی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە، لەوانە(هۆڵەندا شارەکانی ئەمستردام و ئەپل دۆرن، ئێران شارەکانی سنە و تاران و مەریوان، پۆڵۆنیا، هەنگاریا، کرواتیا، سلۆڤاکیا، یۆنان، ئەرمینیا، کەلار قەڵای شێروانە دوو جار، عێل بەگی جاف چوار جار، گەلاوێژ حەوت جار و چەندانی دیکەش)، لە بەشی زۆری کارە هونەرییەکانی تیپی هونەرە میللییەکانی سلێمانی هەریەک لە هونەرمەندانی مۆسیقاژەن و


ئاوازدانـەر مامۆسـتايان(خاليد سـەركار، زانـا مەحمـود هـەژار، سـەلاح حەمـە عەزيز)ئاوازيـان بـۆ تابلـۆكان دانـاوە..

ئـەو وەكو ئەكتـەر و دەرهێنـەر بەشـداريى لە چەندين شـانۆگەرى و زنجيرە درامـاى تەلەفزيۆنـى و كورتـە فيلمـى سـينەمايى لەوانە(گوندەكـەم جـێ ناهێڵـم سـاڵى ١٩٨٥، زنجيـرە درامـاى كەوەكانـى قەرەچـوغ و شـانۆگەريى سـێدارە سـاڵى ١٩٩٥ و، شـانۆگەريى خـەج و سـيامەند و(١٠)ئەڵقـەى مـەلاى مەشـهور بـۆ تەلەفزيـۆن و كورتـە فيلمـى هەرمـان و فيلمـى تەلەفزيۆنيـى بەدبەختـى ئەفەنـدى و چەندانـى ديكـەش) كـردووە.

هونەرمەند ئازاد سـەعيد جگـە لـە كارە هونەرييەكانى لـە بـوارى هەڵپەڕكـێ و سـەماى كـوردى، چەنديـن چالاكيـى ديكـەى هەبـووە لـە بـوارى ڕێكخـراوە پيشـەييەكان لەوانـە:












**هونەرمەندى ئەكتەر و ڕاهێنەر و پسپۆڕى بوارى هەڵپەڕكێى ميللى**
**مامۆستا ئازاد سەعيد لە چەند كارێكى هونەريدا**







ڕێزلێنان

- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.
- ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردستان - مەڵبەندی گشتییە.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ - ٢٠٠٣ەوە، ئەندامی کارگێری لقی هونەرمەندانی هەولێر بووە لە سلێمانی.
- ئەندامی کۆنگرەی یەکبوونی هونەرمەندانی کوردستان بووە لە ٢٠ - ٩ - ٢٠٠٦.
- چەندین جاریش خەڵات و ڕێزلێنانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ کراوە.

بۆ هونەرمەندی ئەکتەر و ڕاهێنەری بواری هونەر میللییەکان و هەڵپەڕکێی ڕەسەنی کوردی مامۆستا ئازاد سەعید هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە چالاکییە هونەرییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکییەکانی هونەرمەند ئازاد سەعید، لە سەر داخوازیی من، لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولسەتار کازم سورەمەیری

مامۆستا و سەرپەرشتیاری پەروەردە و نووسەر و وەرگێر، ڕەوانشاد عەبدولسەتار کازم سورەمەیری..

ناوی تەواوی(عەبدولسەتار کازم کوڕی میر ناسر کوڕی میر میفەر سورەمەیری)یە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی(هجوم الجراد - هێرشی کلۆ)و بڵاوبوونەوەی قات و قوڕی و گرانی، خانەوادەیەکیان لە گوندی(هۆرمزیاری - ورمزیاری) کە دەکەوێتە سێگۆشەی ڕووباری(ئەلوەند و سیروان)ی سەر بە پارێزگای دیالە، چوونەتە شاری(زرباطية- زرباتیە) ی سەر بە پارێزگای(واسط- واست)و دواتریش ناو شاری کوت ناوەندی پارێزگای واست، ئەو لە ساڵی ١٩٢٥ لە شاری(کوت) لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بە زمانی عەرەبی لە شاری کوت تەواوکردووە، لەسەر سووربوونی ڕەوانشاد(زارا یونس مەلا درویش محەمەد)ی دایکی نێردراوەتە بەغدا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٤٣ -١٩٤٤(دار المعلمين المركزي- خانەی ناوەندیی مامۆستایان) ی لە بەغدا تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەی(سوێرە)لە شارۆچکەی(صويرة) دواتریش گواستراوەتەوە بۆ چەند قوتابخانەیەک لە شار و شارۆچکەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق و بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، پاشان گواستراوەتەوە ناو شاری کوت و بووەتە بەڕێوەبەری



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ عەبدولسەتار کازم،**
**نووسەر و وەرگێڕ محەمەد ساڵح عەبدولکەریم بەرزنجی**

قوتابخانەی(کوت)ی سەرەتایی، پاش شۆڕشی(١٤)ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ گواستراوەتەوە دەزگای(دیراساتی کوردی) لە شاری بەغدا، لە ساڵی ١٩٧٠ بووەتە(رئیس المفتشین- سەرۆکی پشکێنەران) کە دواتر ناونراوە (رئیس المشرفین- سەرۆکی سەرپەرشتیاران) بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە (وەزارەتی مەعاریف) کە دواتر بووەتە (وەزارەتی پەروەردە) تا لە ساڵی ١٩٧٢ خانەنشینکراوە.

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و وەرگێڕ عەبدولسەتار کازم سورەمەیری لە ماوەی خزمەتکردنی وەکو مامۆستا و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی چەندین کاری پیرۆزی ئەنجامداوە لەوانە:



- ئەو وەکو مامۆستای وانەی(ریاضیات الحدیثة - بیرکاریی نوێ) زۆر زیرەک و داهێنەر بووە، چەندین خولی بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکانی سەرەتایی کردۆتەوە.

- بەشداری لە چەندین لێژنەی دانانی پرۆگرامی خوێندن کردووە و،

بەشداریشی لە دانانی چەندین کتێبی (خوێندنەوە و ماتماتیک- القراءة و الحساب) کردووە، کە تایبەت بووە بە قوتابخانە عەرەبی و کوردییەکان.

- لێژنەی گۆڕینی پرۆگرام لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق داوایان لێکردووە کە پرۆژەی کتێبی(خوێندنەوەی پۆلی یەکەم) ئاسانتر بکات کە ئەو کات کتێبی(القراءة الخلدونية)ی(ساطع الحصري) بووە کە بەناوی(قراءة زير زيران)بووە، ئەویش گۆڕیویەتی بە(دار داران)، بەو پێیەی منداڵی عیراقی وشەی(زير) کە وشەیەکی شامییە باش تێنەدەگەیشتن، بەڵام وشەی(دار) هەموو منداڵێکی عێراقی باشتر و ئاسانتر تێیدەگەیشتن.

- پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بەشداری لە لێکۆڵینەوە



**مامۆستا نووسەر و وەرگێڕ عەبدولسەتار کازم لە کاتە جیاوازەکانی مامۆستایەتی و چالاکییەکانی لە شاری کوت و دەوروبەری**

و بەراوردکردنی شێوەزارەکانی کوردی(سۆرانی - کرمانجی - هەورامی) کردووە و باشترین و گونجاوترین وشە و ڕستەی هەڵبژاردووە بۆ پرۆگرامی قوتابخانە سەرەتاییەکانی گوند و شار و شارۆچکەکانی ناوەڕاستی و خوارووی عیراق بە تایبەتی ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووانی کورد بووینە، هەر لەم بوارەشدا کتێبێکی داناوە بەناوی(ذیل الكتاب- اللهجات الكردية المقارنة) کە کۆڕی زانیاریی کوردی بۆی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.







**مامۆستا نووسەر و وەرگێڕ عەبدولسەتار کازم لە کاتە جیاوازەکانی مامۆستایەتی و چالاکییەکانی لە شاری کوت و دەوروبەری**




نووسەر و وەرگێڕ عەبدولسەتار کازم



ئارامگەی ڕەوانشاد نووسەر و وەرگێڕعەبدولسەتار کازم



کۆچی دوایی مامۆستا عبدالستار کاظم

دوو ڕووداو



عبدالقادر سالحی

- لە ساڵی ١٩٧٤ وەکو موحەریر لە ڕۆژنامەی(التآخي)کاری کردووە و نووسینەکانی بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.

- چەندین وتار و کورتەباس و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی بەزمانی کوری و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە(هاوکاری، ڕۆژی کوردستان، مامۆستای نوێ، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، کاروان و چەندانی دیکەش).

- چەندین شیعر و چیرۆکی شاعیرانی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی




**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ عەبدولسەتار کازم**

لەوانە(کۆمەڵە چیرۆکی گەلەگورگ)ی چیرۆکنووس مامۆستا حسێن عارف بەناوی(الذئاب)، سەرەڕای وەرگێڕانی کۆمەڵێک شیعری کلاسیکی، لەوانە شیعری مەولەوی و مەلا محەمەد سەلمان ناسراوە بە سەیدا، چیرۆکە بەناوبانگەکەی ڕەوانشاد دکتۆر مارف خەزنەداریشی بەناوی(الدمية) لە کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

– چەندین نووسەر و لێکۆڵەر تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەم و چالاکی و وەرگێڕانەکانی ئەو لەوانە نووسەران(دکتۆر کەمال غەمبار، ئەحمەد یاری، محەمەد ساڵح عەبدولکەریم بەرزنجی کە کتێبیکی بەناوی(المشرف التربوي عبدالستار كاظم صفحات مشرقة في الصحافة و الادب) چاپ و بڵاویشی کردۆتەوە).

مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ عەبدولسەتار کازم لە بواری کاری ڕێکخراوەیی و سیاسیش چەندین چالاکی هەبووە لەوانە:

– لە ساڵی ١٩٥٦وەکو کوردێکی کوردپەروەر لە شاری کوت لەگەڵ هەر یەک لە هاوڕێیانی(سەلمان بیجان، عەلی ئەکبەر براری، تاهیر نادر، نامی مامکە) یەکەمین شانەی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندووە و لێپرسراوی چەندین خەباتگێڕ بووە لەوانە(حەبیب محەمەد کەریم، شاعیر محەمەد ئەلبەدری، نووسەر عەباس ئەلبەدری، نووسەر محەمەد دارا و چەندانی دیکەش).

– ئەو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی سەندیکای مامۆستایانی کوردستان لە کۆنگرەی دامەزراندن ساڵی ١٩٥٩ لە شاری شەقڵاوەی پارێزگای هەولێر.

- ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی بووە.
- ئەندامی کۆڕی زانیاریی کوردی بووە،
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراقی بووە.
- ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بووە لە بەغدا.

بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردە و زانستییە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی واسـت بەهاوکاریـی ماڵـی ڕۆشـنبیریی پارێـزگای واسـت و ڕێکخـراوی ئاشـووری بـۆ پەرەپێدانـی مافـی مـرۆڤ لە(یەکـەم کۆنگـرەی زانسـتی بـۆ بەئەرشـیفکردنی دەسـتکەوتە زانسـتییەکانی ڕۆشـنبیرانی واسـت- المؤتمـر العلمـي الاول لتوثيـق المنجـز العلمـي لمثقفيـی واسـط) کـە لـە ڕۆژی ٢٦ - ١ – ٢٠٢٢ بەسـتراوە، بڕوانامـەی ڕێزلێنانیـان بـە مامۆسـتا و سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی ڕەوانشـاد عەبدولسـەتار کازم بەخشـیوە.

مامۆسـتا و نووسـەر و وەرگێـڕ عەبدولسـەتار کازم لـە ڕۆژی ٥ - ٧ - ١٩٩٤ لـە شـاری بەغـدا کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

ئـەو خاوەنـی(١٠) کـوڕ و یـەک کچـە لەوانە(دکتـۆر مؤيـد، دکتـۆر ضيـاء، عـلاء ، صبـاح و خاتـوو جنان)خـوا تەمـەن درێژیـان بـکات.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی(شـخصيات مـن الذاکـرة الکرديـة) نووسـینێکی دکتـۆر موئەیـەد عەبدولسـەتار کازم لـە ٩ - ٢ - ٢٠٢٢.
٢ - ماڵپەڕی(الکاردينيا)مجلـة ثقافيـة عامـة، نووسـینێکی دکتـۆر موئەیـەد عەبدولسـەتار کازم لـە ١٢ - ٤ - ٢٠١٧.
٣ - هەندێـک زانیـاری و وێنـە، نووسـەر و وەرگێـڕ مامۆسـتا محەمـەد سـاڵح عەبدولکەریـم بەرزنجـی لـە سـلێمانی بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.
٤ - هەندێک زانیـاری و وێنە، نووسـەر مامۆسـتا ماجد سـورەمەیری لـە بەغدا بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکەم.
٥ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر سەید کەریمی ئەیوبی

نووسەر و زماناناس و لێکۆڵەر و وەرگێڕ ڕەوانشاد دکتۆر سەید کەریمی ئەیوبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

ناوی تەواوی(سەید کەریم کوڕی سەید ڕەحمان)ە، لە نەوەی سەید عەبدولسەلامی ئامێدییە، کە لەگەڵ سەیدەکانی (نەهری) خزمایەتییان هەیە، لە ١١ - ٤ - ١٩٢٤ لە شاری(سابلاغ - مهاباد) لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری مهاباد تەواوکردووە و، بۆ درێژەدان بەخوێندنی ناوەندی چووەتە شاری (ورمێ) و چەند پۆلێکی ناوەندی لەوێ خوێندووە، ساڵی ١٩٤٦ کە تەمەنی(٢٢) ساڵان بووە لەگەڵ(٦٠) لاوی کورد نێردراونەتە شاری(باکۆ) پایتەختی کۆماری ئازربێجانی(سۆڤیەتی جاران) بۆ خوێندنی زانستی نوێی سەربازی، لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخەکە و، ڕووخانی کۆماری کوردستان (مهاباد) هەندێک لەو گەنجانە گەڕاونەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام سەید کەریمی ئەیوبی یەکێک بووە لەو گەنجانەی کە نەگەڕاوەتەوە، ماوەی(١٠)ساڵ لە باکۆ ماوەتەوە و، لە ساڵی ١٩٤٨ وەکو دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان دەستبەکار بووە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە ئینستیتوی ڕۆژهەڵاتناسی لە لینینگراد دەستی بەخوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە و، لە ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر داهێنان لە شیعری شاعیری ڕەوانشاد



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: نووسەر سەید کەریمی ئەیوبی، جەلیلی جەلیلۆف ئێ.نا. سمیرنۆڤا، ژ.س. موسەیلیان، ئێ. بێ. ڤاسیلێیڤا، لە لای ڕاستەوە و دانیشتووەکان: قەناتی کوردۆ، جۆزیف ئەبگارۆڤ ئۆربیللی، منداڵەکە(دیمیتری کوڕی ئۆربێللیی)یە، سەید عەزیزی شەمزینی، دکتۆر مارگریتا ڕۆدینکۆ**



**لە لای ڕاستەوە: سوڵتان وەتەمیشی، عەلی گەلاوێژ، ڕەحیم قازی، نەناسراوە، حەسەن حیسامی، ڕیزی پشتەوە: مستەفا شەلماشی، عەبدوڵلا ڕەزا ئاوەر، ڕەحمان گەرمیانی، نووسەر سەید کەریمی ئەیوبی**


هەژار موکریانی نووسیوە، ماوەی (٣٢) ساڵ وەکو مامۆستایەکی ئەکادیمی و زانستی لە ئینستیتوی زمانناسی بەردەوام بووە لە لێکۆڵینەوە و نووسین، لە ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ ڕەوانشاد دکتۆر خاتوو مارگرێت ڕۆدینکۆ چەند بەرهەمێکیان بەیەکەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی، ئەو لە بواری ئەدەب و زمان و کەلتووری کوردی چەند بەرهەمێکی پوخت و سوودبەخشی بەتەنیا و، بەهاوبەشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی زاراوەی کوردی ساڵی ١٩٦٨، لێنینگراد.

- کتێبی فۆنۆتیکی کوردی، ساڵی ١٩٨٥. لێنینگراد.
- مێژووی دەستوری زمانی کوردی و لێکۆڵینەوەی بەڵگەیی لە زاراوەکانی کرمانجی، سۆرانی، گۆرانی، زازایی.
- وەرگێڕانی دیوانی مەلای جزیری لە زمانی کوردی بۆ ڕووسی بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر ڕۆدینکۆ.



لە لای ڕاستەوە ڕیزی یەکەم: نووسەر عەلی گەلاوێژ، ڕەحیم قازی، مستەفا شەلماشی، ڕیزی پشتەوە: لە لای ڕاستەوە: نووسەر کەریمی ئەیوبی، ڕەحمان گەرمیانی، حەسەن حیسامی، وێنەکان لە ساڵانی ١٩٤٧ - ١٩٤٨ لە باکۆ پایتەختی ئازربێجان گیراوە و، هەموویان دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانن کە (زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بوو



لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەید کەریمی ئەیوبی، مامۆستا ناسر سینا



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو دکتۆر ئیرەیدە سمیرنۆڤا هاورسەری دکتۆر سەید کەریمی ئەیوبی بەجلی کوردی، نووسەر سەید کەریمی ئەیوبی بەجلی کوردی**

- وەرگێرانی(مەم و زین)ی ئەحمەدێ خانی بۆ زمانی ڕووسی بەهاوبەشی لەگەڵ دکتۆر ڕۆدینکۆ، لینینگراد، ١٩٦٢.
- چەندین وتار و کورتە باس و لێکۆڵینەوەی لە بواری زمانناسی و کەلتوور و فۆلکلۆری کوردی بە زمانی ڕووسی لە ڕۆژنامە ڕووسییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٤٧ – ١٩٤٨ لەگەڵ هەریەک لە ڕەوانشادان(ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ و چەند نووسەرێکی دیکە) بەشدار بووە لە دەرچوواندنی ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

نووسەر و زمانناس و وەرگێڕ سەید کەریمی ئەیوبی مرۆڤێکی کوردپەوەر



لە لای ڕاستەوە: خاتوو دکتۆر ئیرەیدە سمیرنۆڤا هاوسەری نووسەر دکتۆر سەید کەریمی ئەیوبی، یەک لە نەوەکانی لە ئامێزی دکتۆر سمیرنۆڤا، نووسەر دکتۆر سەید کەریمی ئەیوبی



نووسەر سەید کەریمی ئەیوبی خۆی و کەس و کار و نەوەکانی لە مهاباد

بووە و، کورد و کوردستان و نیشتمانی خۆی زۆر خۆشویستووە، پاش(٥٠) ساڵ، ساڵی ١٩٩٣ بۆ ماوەی(١ - ٢ ) مانگ سەردانی شاری مهابادی کردووە و، بەکەس و کار و دوست و هاوڕێکانی منداڵی و ئاو و هەوای ساف و بێگەردی شاری مهاباد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاد بۆتەوە و، لە ژیانی خۆشیدا جارێک سەردانی باشووری کوردستانی کردووە.

له ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ خاتوو دکتۆر(ئیرەیدە سمیرنۆڤا) هاوسەرگیری کردووە و، کوڕێکیان هەیە بەناوی (سوارە) کە مامۆستای زمانی ئینگلیزییە و ئێستا لە لینینگراد دەژییێت.

نووسەر دکتۆر سەید کەریمی ئەیوبی لە ١٣ - ٩ - ١٩٩٥ لە لینینگراد کۆچی دوایی کردووە و، لە سەر داخوازیی خۆی تەرمەکەی بردراوەتەوە شاری مهاباد و، لە گۆڕستانی(بوداق سولْتان)هەر لە شاری مهاباد بەخاک سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا - ئینساکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - هەندێ وێنەی نووسەر دکتۆر جمشید حەیدەری بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٤ - هەندێ وێنەش نووسەر و میدیاکار مامۆستا حەسەنی قازی لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٥ - وێنەیەک لە ئەرشیفی مامۆستا ناسر سینا وەرگیراوە، سوپاسی ئەویش دەکەم.

٦ - نووسینێکی شاعیر و میدیاکار موحیب مهابادی.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ئاوات حەسەن

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ مامۆستا ئاوات حەسەن....

ناوی تەواوی(ئاوات حەسەن ئەمین)ە، ساڵی ١٩٦٧ لەگەڕەکی(کانێسکان) ی ناو شاری سلێمانی لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی ئابووری گشتی لە کۆلێژی(کارگێڕی و ئابووری - الادارة والإقتصاد)ی زانکۆی مووسڵ بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و، وەکو فەرمانبەر لە دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەستبەکاربووە، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی سلێمانی و پاشانیش وەکو شارەزا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی درێژەی بەخزمەتی خۆی داوە، لە ساڵی ٢٠١٧ەوە بووەتە بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار و شوێنەواری عێراق و، تا ئێستاش بەردەوامە لەم کارەیە و لە بەغدا نیشتەجێیە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ ئاوات حەسەن هەر لە تەمەنی لاوێتیدا



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و وەرگێڕ ئاوات حەسەن، نووسەر هیوا سەرهەنگ، شاعیری ڕەوانشاد فەرید زامدار**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕەخنەگری عەرەبی ئەدۆنیس، شاعیر و ڕۆژنامەنووس ئاوات حەسەن**

حەزی لە زمان و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی بووە، دەستی بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی و عەرەبی و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی کردووە، لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەنووسینی شیعر بەزمانی کوردی و عەرەبی کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکانی ئەو سەردەم لە ناوەوەی کوردستان و عێراق و دەرەوە بڵاوی کردوونەتەوە، دواتریش دەستی بە وەرگێڕان کردووە و، چەندین بەرهەم و هەڵبژاردەی شیعری شاعیرانی کوردی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی عەرەبی و بەپێچەوانەش چەندین بەرهەمی عەرەبیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەو شیعر و شانۆ

و ئۆپەرێت و چیرۆکی بۆ منداڵـە چاوگەشـەکانی کوردسـتان نووسـیوە، لـە شـیعرەکانیدا لایەنـی نیشـتمانپەروەری و ئەڤینـی و جوانیـی سروشـتی کوردسـتان و کێشـەی کۆمەڵایەتی و مافی ئافرەتانیشی فەرامۆش نەکردووە، لـەم بوارانـەدا چەند بەرهەمێکی پوخت و ئاست بـەرزی نووسـیوە و چاپ و بڵاویشـی کردوونەتـەوە کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:

- دۆسیەی پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ ئاوات حەسەن، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و وەرگێڕ ئاوات حەسەن، شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر محەمەدئەمین پێنجوێنی

- دیوانی(ئاوێتەبوون)، کۆمەڵە شیعر،١٩٩٢.
- دیوانی(وەرزەکانی دابڕان)، ١٩٩٧، دووجار چاپکراوە.
- دیوانی(وردە شەپۆلەکان)، ٢٠٠٠ دووجار چاپکراوە.
- کتێبی(فەرهەنگی ئابووری)، ٢٠٠٠.
- دیوانی(جاران نیشتمانێکم هەبوو)هەڵبژاردە لە شیعرەکانی(کاظم السماوي)، وەرگێڕان، ٢٠٠١.
- دیوانی(بۆنخۆش بە هەناسەکانت)، ٢٠٠٢.
- شانۆی شیعری(ئۆرۆک زریانەکە وەستا)،وەرگێڕان،(محمد علي الخفاجي) ٢٠٠٢.
- دیوانی(هەڵبژاردیەک لە شیعرەکانی دکتۆر محمد حسین ئال یاسین) وەرگێڕان، ٢٠٠٥.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و وەرگێڕ ئاوات حەسەن، نەناسراوە




شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئاوات حەسەن لە دوو کاتی جیاوازدا

- کتێبی چیرۆکی(دوورگەی نهێنی)بۆ منداڵان، دەزگای سەردەم، وەرگێڕان ٢٠٠٦.
- کتێبی(پێش خەوتن)چیرۆک بۆ مناڵان، خانەی سمۆرە، وەرگێڕان ٢٠٠٦.
- حیجاب وهەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی(امل جبوري)بنکەی گەلاوێژ، ٢٠٠٦.
- دیوانی (ئەو سەرچاوانەی ڕووناکیان لێ ئەڕژێ)ی دکتۆر(خزعل الماجدي)، وەرگێران، بنکەی گەلاوێژ، ٢٠٠٧.
- دیوانی (هەڵبژاردە لە شیعری شاعیرە کوردەکان بە عەرەبی )دەزگای ئاراس بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.
- دیوانی (سکاڵا لە پایز ئەکەم)، ئەسکەندەرحەبەش، وەرگێران، بنکەی گەلاوێژ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.
- دیوانی (ئاوات حەسەن ئەمین)بە عەرەبی، چاپی دووەم، سوریا- دیمەشق، ٢٠٠٩.
- ئۆپەرێتی شیعری (بابانوئێڵ سەر لە منداڵانی کورد ئەدا)، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.




**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ئاوات حەسەن ئەمین**

- دیوانی (سکاڵا لە پایز ئەکەم) ئەسکەندەر حەبەش، وەرگێڕان، چاپی دووەم، ٢٠١٢.
- دیوانی (پشوو لە لێوارەکانی تەمەنا)، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
- دیوانی (هۆنراوەی منداڵان )، خانەی سمۆرە، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

-دیوانی شیعری ( لا يأتي أحد بعد مجيء النهاية )چاپی بەیروت و بەغداد ٢٠١٦.

- دیوانی شیعری ( إعيدوا اليه طفولتي ) چاپی بەغداد ٢٠١٨.
- «الأعمال الشعرية الكاملة» باللغة العربية «کۆبەرهەمی شیعری» بە زمانی عەرەبی، بەرگی یەکەم، لەلایەن(دار الشؤون الثقافية العامة)ی سەربە وەزارەتی رۆشنبیریی عێراق - بەغداد ٢٠١٩، چاپکراوە.
- دیوانە شیعری( ئانا ئاخماتۆفا – رێ ورەسمێکی ماتەمینی، وەرگێران.. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە ساڵی ٢٠٢١ چاپی کردووە.

- کتێبی(وحیدا واجهت الحیاه) بەتەنیا ڕووبەڕووی بوومەوە.. یادەوەری.. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە ساڵی ٢٠٢٤ چاپی کردووە.
- هەندێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی(عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، ئیسپانی).
- لە یەکەمین ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی بەزمانی عەرەبی، ناوی هاتووە و نموونە لە ژیان و شیعرەکانی وەرگێڕدراوە، لەلایەن نووسەر و لێکۆڵەر عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، لە ساڵی ٢٠٠٨ لە بەیروت چاپ کراوە.
- لە ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی بەزمانی عەرەبی، ناوی هاتووە و نموونە لە ژیان وشیعرکانی وەرگێردراوە، لەلایەن نووسەر دکتۆر هیمداد حوسێن لە ساڵی ٢٠١٢ لە هەولێر چاپ کراوە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێر ئاوات حەسەن لە بواری کارگێڕی و کاری ڕێکخراوەیی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کوردستان و عێراقە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق و جیهانییە.

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ - یە.

- ساڵانێکی زۆر ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی بووە، دواتریش ئەندامی یەدەگی دەستەی باڵای نووسەرانی کوردستان بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێبەخشراوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی ڕێزلێنانی یەکەمین ڤیستڤاڵی ئەدەبیی جەواهیری لە بەغداد پێبەخشراوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ لە یەکەمین دیداری ڕۆشنبیری، خەڵاتی قەڵغانی ڕۆشنبیریی عێراقی پێبەخشراوە.

- خەڵاتی ڕێزلێنانی دەزگای بەدرخانی لە قاهیرە ساڵی ٢٠٠٨ پێبەخشراوە.

لە ساڵی ٢٠١١ وەک شاعیرێکی نموونەیی خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقی پێدراوە.

- لە ساڵانی ٢٠٠٧- ٢٠١٠ بەشداری لە چەند فیستڤاڵێکی شیعری لە بەیروت و قاهیرە وعەممان کردووە و خەڵاتی وەرگرتووە.

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا ئاوات حەسەن هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە شیعرە ناسک و جوانەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی شاعیر و وەرگێڕ ئاوات حەسەن، مامۆستای زانکۆ دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە کەلار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ئەمین سەپان

ماموستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر، پسپۆر و شارەزای ئەلف و بێی کوردی بۆ گەوران، ماموستا ئەمین سەپان...

ناوی تەواوی(ئەمین ئەحمەد عەلی)یە، لە ١٣ - ١٢ - ١٩٤٧ لە گوندی(عەبابەیلێ) بناری چیای(شنروێ)ی پارێزگای هەڵەبجە لە خێزانێکی جووتیار و مەڕدار لە دایک بووە، ئەو لە دەشتە جوان و ڕەنگینەی شارەزوور و بەهەوای پاکی گوندی عەبابەیلێ گۆش و پەروەردەکراوە. تەمەنی(٤ - ٥)ساڵان بووە ماڵیان هاتۆتە شاری هەڵەبجە، ساڵی ١٩٥٤ خراوەتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (سیروان)ی سەرەتایی و ناوەندیشی لە ناوەندیی هەڵەبجەی تێکەڵاو تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، پاشان چوونەتە سلێمانی و لەوێ پۆلی سێیەمی تەواوکردووە و، ساڵی خوێندنی ١٩٦٨ - ١٩٦٩ خانەی ماموستایانی سلێمانی تەواوکردووە و، لە ٢١ - ٢ - ١٩٧١ وەکو ماموستای سەرەتایی لە بنگردی قەڵادزێ دەستبەکار بووە.

ماموستا و شاعیر و نووسەر ئەمین سەپان هەر لە تەمەنی لاوێتیدا خولیای شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی لەوانە(نالی، مەولەوی، گۆران) بووە، زۆربەی تەمەنی لاوێتیشی لە خزمەت ماموستا (ع.



لە لای ڕاستەوە: خاتوو سەبیحە هاوسەری نووسەر ئەمین سەپان، یەك لە كچەكانی نووسەر ئەمین سەپان، نووسەر خاتوو دێرین جەمال، نووسەر ئەمین سەپان، نەناسراوە، نووسەر و فۆتۆگرافی بەختیار عەلی، نەناسراوە، نەناسراوە



لەلای ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر ئەمین سەپان، نووسەر ئەمین محەمەد، شاعیر و نووسەر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، نەناسراوە

ع. شەونم) بەسەربردووە و تا ئێستاش هەر بە مامۆستای خۆی دەزانێت، لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیریش هەر یەک لە مامۆستایان(شاهۆ و شارەزووری) کاریگەرییەکی زۆریان لەسەری هەبووە، ئەو لە سەرەتاوە بەشیعر نووسین دەەستی پێکردووە، دواتر دەستی بەنووسینی(ئەلف و بێ)ی کوردی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ یەکەم کتێبی ئەلف و بێی کوردی بۆ گەوران و بۆ قۆناغی بنچینەیی(نەهێشتنی نەخوێندەواری – محو الامیة) نووسیوە بەشێوازی خۆی، بۆیە لە کاتی خۆی پەروەردەی ئەوسەردەم بوونەتە ڕێگر لە چاپ و بڵاوکردنەوەی، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەمان ئەو ئەلف و بێیەی بە دەستکارییەوە ساڵی ٢٠٠٠ بە

ڕەزامەندیی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان (٤١)هەزار دانەی لێ چاپکردووە، ساڵی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ چاپی دووەم(٥٠) هەزار دانەی لێ چاپکراوە، لە بواری ئەلف و بێی کوردی زۆر شارەزا و پسپۆرە و خۆشی بە قوتابیی ئیبراهیم ئەمین باڵدار دەزانێت.

مامۆستا و شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان ئەمین سەپان نزیکەی(٤٣)ساڵ وەکو مامۆستا لە بواری پەروەردە و فێرکردن کاری کردووە دواتر لە ساڵی ٢٠١٠ خانەنشین بووە.

ئەو لە بوارەکانی ئەلف و بێی زمانی کوردی و زمانەوانی و شیعر و سروود و ئۆپەرێتی منداڵان و ئەڤینی و خۆشەویستی و جوانیی سروشتی کوردستان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە(٣٣)کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە هەندێکییانن:

- کتێبی(فێربوونی زمانی کوردی بەپیتی لاتینی)ساڵی ٢٠٠٦، لە ماوەی(٣) مانگدا(٦٠٠٠)هەزار دانەی لێ فرۆشراوە.
- دیوانی شیعری(تەیمان تەنیو)، ساڵی ١٩٩٩، ئۆپەرێتی ساڵی جارێ کە یەکێکە لەو شیعرانەی ئەم دیوانە لە لایەن(تیپی شنرۆیی هەڵەبجە)بۆ



لەلای ڕاستەوە: نووسەر ئەمین سەپان، شاعیر دیار و ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دێرین جەماڵ، نووسەر ئەمین سەپان

فیستیڤاڵی پێنجەمی هەڵەبجە ئامادە و پێشکەشکراوە و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

- کتێبی(چرایەکم لە کۆشدایە ئاسۆیەکم لە پێشدایە)، داستانە شیعر، کە نزیکەی(٦٠٠٠)لاپەڕەیە.
- دیوانە شیعری(وا چەند ساڵە!!)ساڵی ٢٠١٧.
- چۆن لە ژیاندا گوزەرانم کرد، بەشێک لە بیرەوەرییەکانم.
- کۆلێژی باخچەکان.
- گۆشەنیگای پەروەردەیی.
- ئەلف و بێی نوێ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، ١٩٩٧.
- هەڵەبجە لە بیر ناکەین، بەشی یەکەم، ٢٠٢٣.
- کتێبی(خاڵخاڵۆکە)ئەدەبیاتی منداڵان
- کتێبی(بوکە بە بارانێ)ئەدەبیاتی منداڵان.

چەندین بەرهەمی دیکەش.

مامۆستا و شاعیر و نووسەر ئەمین سەپان چەندین ڕۆڵ و چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- لەساڵی ١٩٧٠ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.
- ئەندامی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ و ڕووناکبیریی هەڵەبجە و ئەندامی کۆمەڵەی زیندانانی سیاسیشە.
- ئەندامی دەستەی باڵای کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە بووە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئەمین سەپان ،خاتوو سەبیحە عەلی هاوسەری نووسەر ئەمین سەپان






نووسەر مامۆستا ئەمین سەپان




بەرهەمەکانی نووسەر ئەمین سەپان


- خاوەنـی سـێیەمین و گەورەتریـن کتێبخانـە بـووە لـە هەڵەبجـە کـە تایبـەت بـووە بـە کتێبـی ئەدبیاتـی منـداڵان.
- خاوەنی پەیمانگای(ئەمین سەپان)ە، بۆ فێرکردنی ئەلف و بێی کوردی.

ئـەو هاوسـەرگیری لـە گـەڵ خاتوو(سـەبیحە عەلی)کـردووە و خاوەنـی(٧) کچـن بەناوەکانی(تـارا، پـەروا، پـاراو، پەیـام، پەیـکار، پـەروەر و پەیوەسـت) خـودای گـەورە تەمـەن درێـژ و بەختەوەریـان بـکات.

بۆ مامۆستا و شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر ئەمین سەپان هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە بەرهەمە بەسوودەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.
٢ - ماڵپەڕی The kurdish Insider، نووسینێک لە ٥ - ٩ - ٢٠٢٢.
٣ - فیلمێکی دوکیومێنتاری، بەرنامەی دیداری مـەودا، ئامادەکردنی میدیاکار خاتـوو دنیا ڕزگار، لـە ٢٣ - ٧ - ٢٠٢٠.
٤ - ماڵپەڕی Agora Visio، نووسینێک لە ٢٧ - ٦ - ٢٠٢٢.
٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەلاّح ئاشتی


شاعیری گەورەی کورد هێمن موکریانی لە نامەیەکدا بۆ مامۆستا(حەقیقی) نووسیویەتی(سەلاّح زمانی منە...هتد..)

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر و وەرگێڕ، ئامادەکاری و پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی تێکستی مێژوویی و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد، مامۆستا سەلاّح ئاشتی لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان ...



نووسەر
سەلاّحەدین ئاشتی
بە مێردمنداڵی

ناوی تەواوی(سەلاّحەدین کوڕی محەمەدئەمین و خاتوو(زبێدە)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە سەلاّح ئاشتی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری (مهاباد) لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەو کاتەی قوتابیی خوێندنی ناوەندی بووە، بەهۆی هەڵوێستە سیاسی و چالاکییەکانییەوە ماوەی چەند مانگێک دەستگیرکراوە، بۆیە ماوەیەکی زۆر لە خوێندن دابڕاوە، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢ بڕوانامەی دبلۆمی(ئامادەیی) بەدەستهێناوە و وەکو بەڕێوەبەری



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر فەتاحی ئەمیری، نووسەر سەلاح ئاشتی، مامۆستا حەقیقی، مامۆستا مستەفا ئیلخانیزادە**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەلاح ئاشتی، نووسەر شەریف حوسێن پەناهی، مامۆستا سمکۆ پاکزاد، نووسەر ئەحمەد بەحری، لە بەردەم ئارامگای هێمنی شاعیر**

کۆمپانیایەک ماوەی(١٤)ساڵ کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٩ ئەو کاتەی هێمنی شاعیر لە عێراق گەڕاوەتەوە شاری مهاباد ماوەیەک چووتە گوندەکەی خۆیان(شیلاناوێ)، دیارە نووسەر و وەرگێڕ سەلاح ئاشتی چووەتە خزمەتی هێمنی شاعیر کە زۆر ڕێزی لێگرتووە و خۆشیویستووە و نامەیەکی بۆ مامۆستا حەقیقی نووسیوە

و ئەمەش سەربردەی نامەکەیە:(پێی وتووە ڕۆڵە سەلاح هەستە بڕۆ بۆ شاری بۆکان و دیوانە شیعرەکەی مامۆستا حەقیقی وەرگرە و بیانهێنە بۆی چاپ دەکەم...

جاری وایە ئادەمیزاد لەخۆوە بیانوویەک دەبینێتەوە تا کارێک نەکا!

گوتم: خۆ مامۆستا حەقیقی باوەڕم پێ ناکا و نامداتێ... ئەویش فەرمووی شتی وا نییە... نامەی نووسی و ڕاست قسەکەی منیشی تێدا نووسی...



لە لای ڕاستەوە: شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس، نووسەر و وەرگێر سەلاح ئاشتی



لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیاری کورد خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، نووسەر و وەرگێڕ سەلاح ئاشتی



له لای ڕاستەوە: نووسەر سەلاح ئاشتی، نووسەر  و پەیامنێر سەعید عەبدوڵڵا، نووسەر عەبدوڵڵا زەنگەنە

هـەی لـەو بەدبەختییـە!... چـووم بـۆ بـۆکان و نامەکـەم دایـە خزمەتـی... کـە خوێندییـەوە، خـۆی تێکنـەدا، کە مـن چـم گوتـووە! ئیحترامـی گرتـم و فەرمـووی سـەلاح گیـان، ئینسـان کـە ویسـتی کارێـک نـەکا، لازم نییـە، قسـەیەک بـکا، کـە وا نییـە... یانـی تـۆ چـۆن گوتووتـە حەقیقـی بـاوەڕم پـێ نـاکا!... بـۆم بـوو بـە دەرسـێک، کـە لـە زۆر هەڵخلیسـکانی دیکـەی پاراسـتمی... سـەیر ئەوەیـە ئەوەنـدەی بـە سـەدان ڕۆژ و شـەو، لـە خزمـەت مامۆسـتا هێمـن بـووم، وەبیـرم نایـە وێنـەم دەگـەڵ کێشـابێ... مامۆسـتاش خـۆی مەیلـی لـە وێنەکێشـا نەبـوو بەگشـتی).

لـە سـاڵی ١٩٨٣ کـە شـاعیر هێمـن موکریانـی ناوەنـدی بڵاوکردنـەوەی فەرهەنـگ و ئەدەبـی سـەلاحەدینی ئەیوبـی- ئینتیشـاراتي صـلاح الديـن الايوبـي) لـە شـاری ورمـێ دامەزرانـدووە و، دواتـر گۆڤاری(سـروە)،دیارە نووسـەر سـەلاح ئاشـتی دەچێتـە لای مامۆسـتا هێمـن لـە ورمـێ و لەوێـش ئاشـنایەتی لەگـەڵ هـەر یـەک لە(سـەید کامیلـی ئیمامـی، محەمـەد نوری، عەلـی حەسـەنیانی) پەیـدا دەکات، لـە هـەر یـەک لەوانـە شـتێک فێربـووە، خۆشـی بـە شـاگرد و قوتابیـی هێمـن و حەقیقـی دەزانێـت، هـەر لەوێـش دەسـتی بـەکاری ڕۆژنامەگـەری کـردووە و چەندیـن بەرهەمـی خـۆی لـە شـیعر و بابەتـی

هەمەجۆری دیکەی تێدا بڵاوکردۆتەوە و، دواتریش دەستی بە کۆکردنەوە و ئامادەکردن و ساغکردنەوەی تێکست و مێژووی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد و ئێرانیشی کردووە، سەرەڕای وەرگێڕانی چەندین شاکار لە زمانی فارسی و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی کردووە و بەشی زۆری بەرهەمەکانی لە ئێران و باشووری کوردستان بە تایبەتی لە بنکەی (ژین) لە سلێمانی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- تاپۆ و بوومەلێڵ(بەشێک لە پەخشانەکانی سوارە ئێلخانیزادە)، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی سەلاحەددین ئاشتی، دەزگای چاپەمەنی پانیز، تاران، ٢٠٠٠.
- بێدەنگیی دەریا، ژان بروولێر(ڤێرکۆر)، بە هاوبەشی لەگەڵ خوالێخۆشبوو (مامۆستا عەلی حەسەنیانی)، وەرگێڕان لە فارسییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠١.
- کوێری(ڕۆمان)، ژۆزێ ساراماگۆ، وەرگێڕان لە فارسییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠١، چاپی دووەم: چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٧، چاپی سێیەم: ناوەندی ئاوێر، هەولێر



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەلاح ئاشتی، مامۆستا سەلاحەدین هێمن(تاقە کوڕی هێمنی شاعیر)**

.٢٠١٦

- خەییامی هەژارانە (لێکۆڵینەوە)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠١، چاپی دووەم: چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٤، چاپی سێیەم: چاپەمەنیی کۆڵەپشتی، بۆکان٢٠١٣، چاپی چوارەم: بنکەی چاپەمەنی مووساسیر، مەهاباد ٢٠١٤. چاپی پێنجەم: چاپەمەنیی مادیار، سنە ٢٠٢٠.
- کُردهای امپراتوری عثمانی(تاریخ)، دکتر جلیل جلیل، ترجمه از کُردی به فارسی، نشر پانیذ، تهران ١٣٨١ شمسی/ ٢٠٠٢م.
- بەم هەمووە تاوانەوە لێبووردنی چی؟ (ڕاپۆرت و لێدوانی سیاسی)، جاناتان ڕەندڵ، وەرگێڕان لە فارسییەوە، مەکتەبی ڕاگەیاندنی ی. ن. ک، سلێمانی ٢٠٠٣.
- نەتەوەخوازی(توێژینەوە و لێکدانەوە)، دوکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشەمی، وەرگێڕان لە فارسییەوە (دەقی سەرەکی)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .٢٠٠٣



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و مێژوونووس جەلیلی جەلیل، نووسەر و وەرگێڕ سەلاح ئاشتی**



**لە لای ڕاستەوە: سمکۆ کوڕی سەلاح ئاشتی، نووسەر سەلاح ئاشتی، خاتوو سەفوورا هاوسەری نووسەر سەلاح ئاشتی، وریا کوڕی نووسەر سەلاح ئاشتی**

- کەریم خانی زەند (مێژوو)، جان ڕ. پێری، وەرگێڕان لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥.
- ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان (مێژوو)، پرۆفیسۆر ئارتوور کریستێنسێن، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم: بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦. چاپی دووەم: بنکەی ژین٢٠١١.
- شەوێک و خەوێک - بستووی ژیان (بیرەوەری و شیعرەکانی محەممەد نووری)، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦.
- ئێرانی سەردەمی سەفەوی (مێژوو)، دوکتۆر ڕاجر سێیڤری، وەرگێڕان لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦،
- کتێبی دیاربەکرییە (مێژوو)، ئەبووبەکر تارانی، وەرگێڕان لە فارسییەوە (دەقی سەرەکی)، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧.
- مێژووی ئەفشار (مێژوو)، میرزا ڕەشید ئەدیبوششوعەرا، وەرگێڕان لە فارسییەوە (دەقی سەرەکی)، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨.

- ئەشکانییەکان (پارتەکان)، (مێژوو)، ماڵکۆم کالیج، وەرگێڕان لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٠.
- تاریخ خروج اکراد و قتل [و] غارت شیخ عبیدالله بدبنیاد و اغتشاش و فتنه زیاد در مملکت آذربایجان در سنه ١٢٩٧، علی بن امیر گونەخان افشار، تدقیق، تصحیح و حاشیەنگاری: انور سلطانی، محمدعلی سلطانی، صلاح‌الدین آشتی (نسخەی اصلی)، چاپ مرکز ژین، سلیمانیه ٢٠٠٨.
- مێژووی ئێران: سەردەمی هەخامەنشییەکان (مێژوو)، پێداچوونەوەی: ئیلیا گێرشێڤیچ، وەرگێڕان لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٢.
- مێژووی ئێران لە سەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام (مێژوو)، ڕۆمەن گیرشمەن، وەرگێڕان لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٣.
- شەنگەسوار، سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە ئێلخانیزادە (ئەدەبیات)، ئامادەکردن و پێداچوونەوە: سەلاحەددین ئاشتی، کۆکردنەوە: عومەر




بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ سەلاح ئاشتی

ئێلخانی، چاپی یەکەم: غەزەلنووس، سلێمانی ٢٠١٤، چاپی دووەم: ئینتشاراتی کوردستان، سنە ٢٠١٩.

- ئێران لە بەرەبەیانی مێژوودا (مێژوو)، جۆرج گلێن کامێرۆن، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم: بنکەی ژین، سلێمانی٢٠١٥، چاپی دووەم: پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی ٢٠٢١.
- ئێرانی سەردەمی پادشایەتیی قاجاران (مێژوو)، عەلیئەسغەر شەمیم، وەرگێڕان لە فارسییەوە (دەقی سەرەکی)، چاپی یەکەم: بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٩، چاپی دووەم: پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی ٢٠٢١.
- شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی (مێژوو)، بەرگی یەکەم و دووەم، شەرفخانی بدلیسی، وەرگێڕان لە فارسییەوە (دەقی سەرەکی)، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٧. (تێبینی: بەرگی دووەمی شەرەفنامەی پێشتر کردۆتە کوردی و ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠١٣ بەجیا لە بنکەی ژین چاپ کراوە).
- بووژانەوەی کورد لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا، کتێبی یەکەم و کتێبی دووەم (دوو بەرگ، مێژوو)، نووسینی دوکتۆر ئیسماعیل شەمس، وەرگێڕان لە فارسییەوە(دەقی سەرەکی)، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢٤ (بڕیارە چاپ بن).
- نوزهەتولقولووب، حەمدوڵڵا مستەوفی، وەرگێڕان لە فارسییەوە (دەقی سەرەکی)، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی ٢٠٢٣ (بڕیارە چاپ بێ).

نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر سەلاح ئاشتی سەرەڕای وەرگێڕانە پوختە و ئاست بەرزەکانی، وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە وەکو:

- لە ساڵی ١٩٨٣ەوە، لە گۆڤاری (سروە) کاریرکردووە و بەرهەمی خۆشی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

- ماوەی(٤٠)مانگ خۆبەخشانە سەرنووسەری گۆڤاری مهاباد بووە و(٤٠) ژمارەی لێدەرچوواندووە.
- ماوەی سێ ساڵ ئەندامی سەرەکیی دەستەی ڕێکخراوی(مقبرة الشهداء) بووە لە شاری مهاباد، دواتر بووەتە سکرتێری یارمەتیدانی ئاوارەکان لەم ڕێکخراوە.
- لە ماوەی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری پەیوەندییەکی باشی لە گەڵ ئەدیب و نووسەرانی کورد لە باشووری کوردستان هەبووە، لەوانە هەر یەک لە(دکتۆر مارف خەزنەدار، شێرکۆ بێکەس، کەژاڵ ئەحمەد، عەبدولڕەقیب یوسف، ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، ئازاد بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، ممتاز حەیدەری، دکتۆر ڕەفیق سابیر و چەندانی دیکەش).
- چەندین خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە (خەڵاتی زێڕینی بلە) لە سلێمانی.

ئەو لە ساڵی ١٩٨٨ هاوسەرگیری لە گەڵ خاتوو(سەفوورا)کردووە و خاوەنی دوو کوڕن بەناوکانی(وریا و سمکۆ)خوا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕ سەلاحەدین ئاشتی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە بەرهەمە سوود بەخشەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر و وەرگێڕ سەلاحەدین ئاشتی، نووسەر مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فاتمه عیسا

هەمـوو دەرکەوتنەکانـی بـە جلـی کـوردی پۆشـتە و جـوان بـووە، هونەرمەندی(دەنگبێـژ- گۆرانیبێـژ و لاوکبێـژ)ی ڕەسـەنی کـوردی ڕەوانشـاد خاتـوو فاتمـە عیسـا لـە کوردانـی ئێزیدی(ئازربێجـان- ئەرمنسـتان)...

لـە سـاڵی ١٩٥٥ کـە بەشـی کوردیـی ڕادیۆی(یێریڤـان) لەسـەر دەسـتی خەلیل مـورادۆڤ و دەنگبێژە ناودارەکانـی ئـەو کات(حەجێ ڤۆنـدی، ئەمینی عـەودال، عەگیدی جمۆ و چەندانی دیکە)دامـەزراوە، ئەو ڕادیۆیـە هەتـا پاش هەڵوەشـاندنەوەی یەکێتیـی سـۆڤیەتی جـاران سـاڵی ١٩٩١ بـە(١٢) زمـان پەخشـی دەکـرد لەوانـە زمانەکانی(کـوردی، تورکـی، ئەرمەنـی)، لـە دوای خەلیلی چاچـان مۆرادۆڤ، کەریـم سـەیاد و دواتریش تیتـال کەریـم و لەیلا کەریم کاری بەڕێوەبردنی ئەو ڕادیۆیەیان گرتبووە ئەستۆ، خەلیل موردۆڤ چەندین هونەرمەند و کارمەندی تەکنیکی ناردۆتە گوند و شار و شارۆچکە کوردنشینەکانی ئەرمنستان بۆ دۆزینەوەی هونەرمەند و دەنگبێژانی کورد و ئەرشـیفێکی دەوڵەمەندی لە گۆرانی و لاوکی ڕەسـەنی کوردی کۆکردۆتـەوە، پاش ئەویش(کەریمی سـەیاد)یش بەهەمـان شـێوە، هـەر لەسـەر دەسـتی ئـەوان چەندین گۆرانییێژ هاتنـە نـاو دنیای هونـەری گۆرانی و مۆسیقای ڕەسـەنی کـوردی لەوانـە (کاراپێتـی خاچـۆ، سـەیدی شـامەدین، مەحـێ خـۆدۆ، زادینـا



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا خاتوو نورا جەواری لە کاتی دیمانە لە گەڵ دەنگبێژ فاتمە عیسا، خاتوو فاتمە عیسا، ڕاوەستاوەکان: نەناسراون**



**دەنگبێژ فاتمە عیسا و هاوسەر و منداڵەکانی**

شاکر، ئەسیلکا قادر، سیسکا سمۆ و فاتمە عیسا و چەندانی دیکەش).

هونەرمەندی گۆرانی و لاوکبێژی ڕەسەنی کوردی فاتمە عیسا لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی(ئەرەژەنگ)ی ئازربێجان لە دایک بووە، خێزانەکەیان لە بنەچەدا خەڵکی ناوچەی(قارس)ی باکووری کوردستان بوونە لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی ئاوارەی ئازربێجان بوونە، ئەو لە تەمەنی(٣) ساڵان بووە خێزانەکەیان چوونەتە گوندی(حەمزالی) لە ئەرمنستان و

لـەوێ نیشـتـەجێبووینە. هونەرمەنـدی لاوک و گۆرانـی فاتمـە عیسـا هـەر لـە منداڵییـەوە دەنگـی خـۆش بـووە و حـەزی لـە گۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی بـووە، بـەڵام لـە بـەر داب و نەریـت و کەلتـووری ئـەو سـەردەم بەتایبەتـی بۆ ژنـان و بەربەسـتیان خراوەتـە پێش و، نەیتوانیوە بچێتـە بـواری گۆرانیی وتن، هـەر بەهـۆی هەمـان داب و نەریت لـە تەمەنـی (١٤) سـاڵیدا خێزانەکـەی بـە شـوویان داوە، دواتـر کـە تـۆزی تەمەنـی گەورەتـر بـووە، زۆر ئـازا و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەرێك لە كاتی دیمانە لە گەڵ دەنگبێژ فاتمە عیسا، نەناسراوە، دەنگبێژ فاتمە عیسا**



**ئارامگای دەنگبێژ فاتمە عیسا**




دەنگبێژ فاتمە عیسا لە ئاهەنگێکی بووک گواستنەوە، ئەوانی دیکە نەناسراون



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی لاوکبێژ خاتوو فاتمە عیسا، نەناسراوە

بوێرانە لە کۆڕوکۆبوونەوەی ژنان لە بۆنە ئایینی و شایی و پرسەنامە و بۆنە گشتییەکانی دیکەش ئامادە بووە و گۆرانیی ستایشی ئایینی و لاوک و بەستەی وتووە، بە تایبەتی لاوکی(لۆ لۆ محۆ)بەم لاوکەی زۆر بەناوبانگ بووە و هەوادارانێکی زۆری لە ناو کوردانی ئەرمنستان هەبوو، بۆیە ڕادیۆی یێریڤان بەدوایاندا ناردووە و ساڵی ١٩٧١ پاش وەرگرتنی

ڕەزامەندیی خێزانەکەی و بە تایبەتیش برایەکی کە لە ڕادیۆی کوردی یێریڤان کاری دەکرد، بۆ یەکەم جار لە گەڵ هونەرمەند خاتوو (سوسیکا سمۆ)بەسترانی(مینا)بەجل و بەرگێکی کوردیی پۆشتە و جوان دەرکەوتووە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای هونەری گۆرانیی فۆلکلۆری و لاوکی ڕەسەنی کوردی و (٥) گۆرانی و لاوکی دیکەی تۆمارکردووە، لەوانە(لۆ لۆ محۆ، ئەمەر ئاغا، لۆ لۆ گەدۆ، هەرە دینا، شیرو دینۆ لاوەندۆ، گەدی مێرزۆ) دواتریش گۆرانییەکانی(شەڕێ ڕیایە بەشەرو، دەرویشی عەبدۆ و چەندانی دیکەش)ی تۆمار کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٨ نووسەر و مامۆستا دکتۆر تۆسنی ڕەشید و مامۆستا و نووسەر خاتوو نورا جەواری سەردانیکی هونەرمەند خاتوو(فاتمە عیسا) یان لە گوندەکەی خۆی کردووە و دیمانە و چاوپێکەوتنێکیان لە گەڵدا کردووە و گوایە(٢٠) گۆرانی و بەستە و لاوکی ڕەسەنی کوردی ئەویان تۆمارکردووە و بەئەرشیفیانیش کردووە.



**دەنگبێژ خاتوو فاتمە عیسا لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت زیاتر لە(٥٠) هەزار خێزانی کورد لە ئەرمنستان ماونەتەوە و خێزانەکەی هونەرمەند فاتمە عیسا)ش یەکێک بووە لە و خێزانانەی کە لەوێ لە ییریڤان ماونەتەوە تا لە ١٥ - ١ - ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئاژانسی Jinha، سۆرانی، فلمێکی دوکیومێنتاری.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(ئاوێنە)نووسینێکی نووسەر خاتوو جوان عومەر ئەحمەد بەناونیشانی (کوردستانی سوور و دەنگی کوردانی یێریڤان) لە ٨ - ٦ - ٢٠٢٠.

٣ - ماڵپەڕی فەیسبووکی(کۆنەواری کوردەواری)فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢ - ١٠ - ٢٠١٩.

٤ - wekiwand.

٥ - ماڵپەڕی Cetinclali، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٠١٠.

٦ - ماڵپەڕی Ayhan Erkmen، فلمێکی دوکیومێنتاری بەزمانی تورکی، لە ٢٠ - ١ - ٢٠٢٠.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# هیمەت کاکەیی

مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس هیمەت کاکەیی ....

ناوی تەواوی(هیمەت عەزیز ڕەمەزان یادگارە)لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەهیمەت کاکەیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی(مەتیق)ی سەر بەناحیەی داقوق(ئەو کات)لە خێزانێکی کاکەیی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی(تۆبزاوە)ی نزیک داقوق تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەییشی لە شاری کەرکووک بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٩ بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، لە٣ - ٤ - ١٩٧٠ وەکو مامۆستای ناوەندی لە ئامادەیی کەرکوکی کوڕان دەستبەکار بووە، لە ٣٠ - ٤ - ١٩٧٣ بەهۆی هەڵوێست و چالاکییە سیاسییەکانی ماوەیەکی کورت دەستگیرکراوە، پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی دەروونی زۆر ئازاد کراوە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش چالاکیی سیاسی خۆی نواندووە، پاش نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ هاتۆتەوە سەر کاری مامۆستایی و گواستراوەتەوە چەند شارێک دواتر لە شاری هەولێر گیرساوەتەوە و نیشتەجێ بووە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر هیمەت کاکەیی، نووسەر جەلیل مەندەلاوی**

سەرپەرشتیاری زمانی عەرەبی لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کەرکووک درێژەی بە خزمەتکردن داوە تا ساڵی ٢٠٠٩ خانەنشینکراوە، لە بواری سیاسیش زۆر چالاک بووە ئەمەیان بۆ شارەزایانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.

نووسەر و وەرگێڕ هیمەت کاکەیی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بەزمانی عەرەبی خوێندووە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەنووسینی وتار و بابەتی هەمەجۆر کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکانی ئەو کات بڵاویکردوونەتەوە و دواتریش دەستی بە وەرگێڕانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و بابەتی مێژوویی نووسەرانی عەرەب و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی کردووە، بەپێچەوانەش چەندین بەرهەمی نووسەرانی کوردی لە زمانی کوردی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی عەرەبی، هەموو نووسینە کوردییەکانی بەزمانی کوردی پاک و ڕەوان و بە تام چێژی ناوچەی گەرمیان و گەرمەسێر نووسیوە چاپ بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانە:

- پۆپنە زێڕینە، کۆمەڵە چیرۆکێکی بیانییە بۆ منداڵان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هونەرمەند گرفتار کاکەیی وێنەکانی بۆ کێشاوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،۱۹۹۷.
- ڕێچکەکانی برسێتی، ڕۆمان، نووسینی جۆرج ئەمادۆ. لەعەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ۲۰۰٤.
- بەسەرهاتی دایکێک، کۆمەڵە چیرۆکێکی بیانییە بۆ منداڵان، وەگێڕان بۆ زمانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ۲۰۰٤.
- مانگ، دیوانە شیعرێکی تاگوور، شاعیری گەورەی هیندستانە کردوویەتی بە کوردی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک ۲۰۰٥.
- مشەخۆرەکانی ئەقڵ، ڕۆمان، لە نووسینی کۆڵن ویلسون، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، چاپخانەی چوارچرا ۲۰۰٦.
- ئۆراشیمۆ تارۆ، کۆمەڵە چیرۆکێکی بیانییە بۆ منداڵان، کردوویەتی بە کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنیری، هەولێر ۲۰۰۸
- ضحكة الشحاذ، چوارده چیرۆکی نووسەر حسن قزلجییە بەناوی(پێکەنینی



**لەلای ڕاستەوە: ڕەوانشاد فوئاد سەید ئەحمەد بەرزنجی، نووسەر هیمەت کاکەیی، مامۆستا عەلی داودی**

گـەدا) وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبی، لـە بڵاوکراوەکانـی دەزگای ڕۆشـنبیریی شـەفەق، کەرکـووک ٢٠٠٦.

- سـەفەرنامەی جیمـس برانـت بـۆ ناوچـە کوردنشـینەکان، وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزییـەوە بـۆ عەرەبـی مامۆسـتا حسـین جـاف، لـە عەرەبییـەوە بـۆ کـوردی هیمـت کاکەیـی، چاپخانـەی دەزگای موکریـان هەولێـر ٢٠١٣.
- کـوردی تورکیـا، نووسـینی ئیبراهیـم داقوقـی وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە هیمـەت کاکەیـی، چاپخانـەی موکریـان، هەولێـر ٢٠١٢.
-- گەشتنامەی دوبریە بۆ عێراق، ئامادەیە بۆ چاپ.

نووسـەر و وەرگێـڕ هیمـەت کاکەیـی وەکـو چالاکوانـی بـواری ڕێکخـراوە پیشـەییەکان و ڕۆژنامەنـووس چەندیـن چالاکیـی دیکـەی هەبـووە لەوانـە:

- لـە سـاڵانی ١٩٩٧- ٢٠٠٣ وەکـو هەڵەچـن و وەرگێـڕ لـە ڕۆژنامـەی خەبـات کاری کـردووە.
- چەندیـن بەرهەمـی نووسـەری ڕەوانشـاد مامۆسـتا عەلائەدیـن سـجادی دەربـارەی مێـژووی کـورد و کوردسـتان وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی و لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە عەرەبـی و کوردییـەکان بڵاویکردۆتـەوە.




نووسەر و وەرگێڕ هیمەت کاکەیی بە بەجاحێڵی و بە مێردمنداڵی



**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ هیمەت کاکەیی**

- لە گەڵ هاوکارانیدا لە پەروەردەی کەرکووک بەشداری لە کردنەوەی زیاتر لە(٤٠٠) قوتابخانە کردووە.
- ئەندامی سەندیکای مامۆستایانی کوردستانە لقی کەرکووک.

بۆ مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ هیمەت کاکەیی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسین و وەرگێڕانە بەسوودەکانت.

سەرچاوەکان:


١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر هیمەت کاکەیی، هونەرمەند گرفتار کاکەیی لە ئەڵمانیا بۆی ناردووم، هەر لەسەر داخوازیی من نووسەر هیمەت کاکەیی خۆشی هەندێ زانیاری بۆ ناردووم، سوپاسی هەردووکیان دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بەکر شوانی

نووسەر و وەرگێڕ و ئامادەکار و ساغکەرەوی بەڵگە مێژووییەکان، ئەندازیار مامۆستا بەکر شوانی...

نووسەر و وەرگێڕ بەکر شوانی ساڵی ١٩٦٨ لە پارێزگای کەرکووک لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ چووەتە بەر خوێندن، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری چەمچەماڵ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ لە بەشی(نفط و المعادن - نەوت و کانزاکان) ی کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٩١ بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە و، وەک ئەندازیار لە دام و دەزگاکانی عێراق و کوردستان دەستبەکار بووە، لە ساڵی ١٩٩٥ ڕووی لە ئەوروپا کردووە و لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێبووە و تا ئێستاش هەر لەوێ دەژییێت.



نووسەر و وەرگێڕ بەکر شوانی بەجاحێڵی

نووسەر و وەرگێڕ بەکر شوانی لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەنووسینی وتار و کورتە باس لە بوارەکانی مێژووی پەیوەند بە دۆزی کورد و بابەتی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە،



دانیشتووەکە: نووسەر یەشار کەمال، ڕاوەستاوەکە: نووسەر و وەرگێڕ بەکر شوانی


دواتریش دەستی بە وەرگێڕانی بەرهەم و شاکاری نووسەر و لێکۆڵەرە دیار و بەناوبانگەکانی تورک کردووە، کە ئەوانیش زیاتر باسی دۆخ و جوگرافیا و بەڵگەنامە و ئەرشیفکراوەکان و کەسایەتییە مێژووییەکانی کورد دەکەن، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- تورک لە بولگارستان کورد لە تورکیا، وەرگێڕان لە تورکییەوە، بەهاوبەشی لەگەڵ نووسەر سیروان ڕەحیم، ٢٠١٠.
- بەفر ٢، وەرگێڕان لە تورکییەوە، لە نووسینی نووسەر ئۆرهان پاموک، ٢٠٠٦.
- قەڵای سپی، وەرگێڕان لە تورکییەوە، لە نووسینی نووسەر ئۆرهان پاموک، ٢٠٠٨.
- من ناوم سوورە، وەرگێران لە تورکییەوە، لە نووسینی نووسەر یۆرهان پاموک، ٢٠٠٨.
- یەشار کەمال سەبارەت بەخۆی دەدوێت، وەرگێران لە زمانی تورکییەوە، ٢٠١١.
- مۆزەخانەی پاکیزەیی، وەرگێڕان لە تورکییەوە، نووسەر ئۆرهان پاموک.

- كورد و بەرخودانەكانی لە بەڵگەنامەكانی ئەرشیڤی عوسمانیدا(١٨١٧ - ١٨٦٧) وەرگێڕان لە توركییەوە، لە نووسینی نووسەر سینان هاكان، ٢٠١٢.
- هەرەسی بەفر، وەرگێران لە توركییەوە، لە نووسینی نووسەر جو یجه نئۆ غلۆ.
- ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیركەرەوە، وەرگێران، نووسینی نووسەر ئۆرهان پاموک،
- نامە بۆ یونسكۆ، وەرگێڕان لە توركییەوە، لە نووسینی نووسەر ئیسماعیل بێشكچی، ٢٠٢٣.


ئەو چەند كورتە باسی نووسیوە و هەندێكیشی لە توركی و ئەڵمانی وەرگێڕاوە لەوانە:

- دیاب ئاغای دەرسیمی، نموونەی كوردی دەربار و ڕەنج بە باچوو، ئامادەكردن و وەرگێڕان.
- سوێندی ڕەگەزپەرستانەی ئاندمز لە توركیا هەڵگیرا، نووسینی خۆی.
- كاتێک چەرچڵ داوای كرد شیعرێكی مەلای جزیری بۆ وەربگێڕن، لە نووسینی خۆی.




**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی كورد شێركۆ بێكەس، نووسەر بەكر شوانی**

- چەند گێڕانەوەیەکی جیاواز بۆ داستانی خەجێ و سیابەند، لە نووسینی خۆی.
- بیرەوەرییەکانی سەردەمی پاڵەیی، وەرگێڕان لە تورکییەوە، لە نووسینی یەشار کەمال.
- چۆن بەرگی یەکەمی ڕۆمانی (حەمەدۆک)م نووسی؟وەرگێران لە تورکییەوە، نووسینی یەشار کەمال.
- شکۆیێ حەسەن ئەو شاعیرەی کە وەک مۆم لە دوورەوە بۆ کوردستان دەسووتا، لە نووسینی خۆی.
- بەتەمەنترین پیاوی جیهان زارۆ ئاغای کورد، سەدە و نیوێک زیاتر ژیا و ناوبانگی بە جیهاندا بڵاو بووەوە، لە نووسینی خۆی.
- تورکیا: بەکارهێنانی سینەما وەک چەکێکی کاریگەر لە دژی کورد و کوردستان، لە نووسینی خۆی.
- دەستنووسە کوردییەکان لە ئەرشیڤی ئەڵمانیدا، لە نووسینی خۆی.
- هەڵبژاردنی زمان لەکن یاشار کەمال، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەر بێژان ماتوور، ٢٠١٣.



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد نەجمەدین کەریم، نووسەر بەکر شوانی، وێنەکە ساڵی ١٩٩٢ گیراوە**




نووسەر بەکر شوانی لە دوو کاتی جیاوازدا

- دوێنێ دژایەتیکردنی یەشار کەمال و ئەمڕۆ هیی بەختیار عەلی، لە نووسینی خۆی.
- دۆسیەی( ٤٩) کەسەکە لە زمانی موسا عەنتەرەوە، لیکۆڵینەوەی خۆی.
- نامەی نازم حیکمەت بۆ گەلی کورد، وەرگێڕانی خۆی و ئامادەکردنی نووسەر فاروق فەرهاد، ٢٠٢٤.
- بەڵگەنامەکان، نامەکەی نازم حیکمەت بۆ کامەران بەدرخان، وەرگێران لە تورکییەوە.

نووسەر و وەرگێڕ بەکر شوانی چەندین چالاکی دیکەی هەبووە لەوانە:

- لە ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە گەڵ تیپی نواندنی چەمچەماڵ و دواتریش لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی چەمچەماڵ چەندین چالاکی نواندووە.
- بەشداری لە چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ئەڵمانیا و کوردستان کردووە.



بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ بەکر شوانی

بۆ نووسەر و وەرگێڕ بەکر شوانی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسین و وەرگێڕانە پوخت و سوود بەخشەکانت.

سەرچاوەکان:


١ - کوردیپیدیا.

٢ - ماڵپەڕی ڕووداو، فیلمێکی دوکیومێنتاری، ساڵی ٢٠٢٣.

٣ - ماڵپەڕی مێژووی کورد، نووسینێکی نووسەر دیدار عوسمان، لە ٢٠ - ٢ - ٢٠١٦.

٤ - ماڵپەری فەیسبووکی بەکر شوانی.

٥ - ماڵپەڕی چاوی کورد، نووسینێکی نووسەر بەکر شوانی، لە ٢٠ -٣ - ٢٠٢٣.

٦ - ماڵپەڕی کوردستان تیڤی، نووسینێک، لە ١٢ - ١ - ٢٠٢٣.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شاناز ڕەمزی هیرانی

نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕ و چالاکوانی بواری کاروباری ژنان خاتوو شاناز ڕەمزی هیرانی ....

ناوی تەواوی(شاناز ڕەمزی ئیبراهیم)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە شاناز ڕەمزی هیرانی ناسراوە، لە ١٠ - ٢ - ١٩٧٨ لە شارۆچکەی(هیران)ی سەر بەقەزای(شەقڵاوە)ی پارێزگای هەولێر لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠١٥ پەیمانگای(پۆلیتەکنیکی) لە شاری سلێمانی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، دیارە لە هیچ فەرمانگایەکی حکومەتی دانەمەزراوە و وەکو چالاکوانێکی بواری کاروباری ژنان لە ڕێکخراوە پیشەییەکان و مەکتەبی گەشەپێدان و بیرو هوشیاری سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی بە چالاکی کردووە، ئێستاش ئەندام مەکتەبی ئەو ڕێکخراوەیە، بەردەوامیشە لە نواندنی چالاکییەکانی لە بواری ژنان و لە شاری سلێمانی دەژییت.

نووسەر و وەرگێڕ و چالاکوانی بواری ئافرەتان خاتوو شاناز هیرانی لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە خوێندنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و فیکری کردووە و، دەستیشی بەنووسینی وتار



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ شاناز هیرانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری، د. ئەحمەد حەمەدەمین



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دیار و ناسراوی کورد ئەنوەر قەرەداغی، نووسەر و وەرگێڕ شاناز هیرانی

و کورتە باس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بوارەکانی مێژوو و ئایین و ژنان و بابەتی فیکری کردووە و، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، دواتریش دەستی بە وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی کردووە، ئەو تا ئێستا (٢٥) کتێبی لە بوارەکانی ژنان و مێژوو و کەسایەتییەکە ناودارەکانی جیهان و بابەتی فیکری نووسیوە و هەمووشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- بژاردە قورسەکان، هیلاری کلنتۆن.
- بزاڤی کورد لەسوریا و دیاردەی ئینشیقاق(١٩١٦ – ٢٠١٦).
- مام جەلال و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژوو، وەرگێڕان، دیداری نووسەر (غسان شریف).
- ڕادیکالیزم.
- سەربردەی ژیانی مالیزکۆبلاند، وەرگێڕان.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند هونەر حەمە جەزا، نووسەر شاناز ڕەمزی هیرانی، هونەرمەند هەردی عوسمان علی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ شاناز هیرانی، شاعیر و نووسەر و فوئاد مەجید میسری

- مێژووی چاخەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا.
- کورتەیەک لە تاوانەکانی رژێمی عێراق.
- تورکیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان.
- جەنگی سارد، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەر ڕۆبەرت جەی مەکمان.
- ئەزمونی پاکستان.




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خاتوو چۆمان هەردی، نووسەر خاتوو کنێر عەبدوڵلا، نووسەر و وەرگێڕ شاناز هیرانی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەرو ڕەخنەگر محسن ئوسمان، نووسەر خاتوو شاناز ڕەمزی هیرانی**




**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ شاناز ڕەمزی هیرانی**

- بازرگانیکردن بە ژنان.
- یاداشتەکان ونستۆن چەرچل، وەرگێڕان.
- جیهادی ژنان، بۆچی داعشیان هەڵبژاردووە؟.
- مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی بیابان.
- شاژنە فەوزیە.
- ئەزمونی کۆریای باشور.
- بازرگانیکردن بە سپیکردنەوەی پارە.
- بازرگانیکردن بە دەرمان.

نووسەر و وەرگێڕ خاتوو شاناز هیرانی چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:

- دەیان وتار و کورتە باس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە بواری کاروباری ژنان لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان لەوانە (کوردستانی نوێ، ئاوێنە،

چاودێر، ئاژانس، و چەندانی دیکەش)بڵاوکردۆتەوە.

- ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نوێبوونەوە)بووە.

ئەو ئێستاش بەردەوامە لە چالاکییەکانی لە بواری کاروباری ئافرەتان، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامبوونی بۆ دەخوازین.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ شاناز هیرانی، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# پەری عومەر خەیلانی

نووسـەر و لێکۆڵـەر و توێـژەر، ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنـووس خاتـوو پـەری عومـەر....

ناوی تەواوی(پـەری عومـەر ئەسعەد)ە، لـە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگـەری بـە پـەری عومـەر خەیلانـی ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٨٧ لـە گەڕەکی(کوران)ی شـاری هەولێر لـە خێزانێکی ڕۆشـنبیر و ئەدەبدۆست لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە قوتابخانەی(نـاز نـاز) و ناوەنـدی لـە ناوەندیی(شـەبەنگ)ی کچان لە هەولێر تەواوکردووە، سـاڵی خوێندنی ٢٠١٥ - ٢٠١٦ بەشـی زمـان و ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێژی زمانـی زانکۆی سـەلاحەدین بەسـەرکەوتوویی تەواوکـردووە، دیـارە لـە هیـچ دام و دەزگایەکـی ڕەسـمی دانەمـەزراوە، لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی ٢٠٠٨ لەسـەر پێشـنیاری نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس (فـازل عومـەر) وەکـو کارمەنـد لـە ڕۆژنامەی(خەبـات) دەسـتبەکار بـووە و تاوەکـو ئێسـتاش بەردەوامـە و لـە هەولێر دەژییێت.

باوکـی نووسـەر و لێکۆڵـەر و ڕەخنەگر پـەری عومـەر پیاوێکـی ڕۆشـنبیر و ئەدەبدۆسـت بـووە، بەبەردەوامـی گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردییەکانـی لـە ماڵـەوە هەبـووە، بۆیـەش ئـەو کەوتۆتـە ژێـر کاریگەریـی باوکـی، لـە تەمەنی(١٥)سـاڵیدا هەسـتی بـە مەینەتیـی ئافرەتانـی کـورد لـە بـواری خوێنـدن و خوێندنـەوە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە ئەحمەد جاف، نووسەر پەری عومەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەلام عەبدوڵڵا، نووسەر بۆتان جەلال، شاعیر و نووسەر خالید کۆچەر**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس عیزەدین زەکی زادە هاوسەری خاتوو پەری عومەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، نووسەر و لێکۆڵەر پەری عومەر**

کردووە، بۆیە وەکو کچە کوردێکی ئازا و بوێر و ڕێچکەشکێن بڕیاری داوە دەست بەنووسین بکات لە بواری بارودۆخی ئافرەتانی کورد و مافەکانیان.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ یەکەم نۆبەرەی بەرهەمی نووسینەکانی خۆی لە گۆڤاری(هەرێم) بڵاوکردۆتەوە کە ئەو کات نووسەر و هونەرمەند ڕەوانشاد(شێرزاد عەبدولڕەحمان)سەرنووسەری بووە، دیارە هەندێ لە کەس و کارەکانی ڕێگرییان کردووە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە نووسینەکانی، هەر بۆیەش شاعیر و نووسەر مامۆستا (بەهرام محەمەد تاهیر) ناسراو بە(کاکل) سەردانێکی باوکی دەکات و قەناعەتی پێدەهێنێت کە نابێت ڕێگری

لە خاتوو پەری عومەر بکرێت، پاش ڕەزامەندیی باوکی ئیدی چووەتە ناو دنیای نووسینی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن و توێژینەوەی ئەدەبی و هونەری، لە ساڵی ٢٠٢٤ کتێبی(ئەدەبی زیندان)ی چاپ و بڵاوکردۆتەوە و تیشکیشی خستۆتە سەر بەرهەمی ئەدەبیی چەندین شاعیر و نووسەری کورد، چەند بەرهەمێکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە ئەمانە هەندێکیانن:

- کتێبی(ئەدەبی زیندان)چاپخانەی خانەی موکریان، ساڵی ٢٠٢٤، کە بەسەرچاوەیەکی گرنگ لە بواری ئەدەبیاتی زیندان هەژمار دەکرێت.
- وەکو یەکەم ئافرەت ساڵی ٢٠٢٢ ڕۆمانی(لوتکە لە تەم و مژدا)ی بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە سۆشیال میدیا بڵاوکردۆتەوە.



لە لای ڕاستەوە: میدیاکار خاتوو زەینەب سندی، میدیاکار خاتوو نەرمین سندی، دکتۆر کوردستان موکریانی، نووسەر و لێکۆڵەر پەری عومەر



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕەخنەگر پەری عومەر، شاعیر سەباح ڕەنجدەر



له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر خاتوو ئەرخەوان ڕەسووڵ، نووسەر و ڕەخنەگر پەری عومەر



له لای ڕاستەوە: بەڕێز سەرخێل غەفوور بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە، نووسەرو لێکۆڵەر پەری عومەر



له لای ڕاستەوە: نووسەر پەری عومەر، شاعیر خاتوو ڕۆژ هەڵەبجەیی

- چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و کورتە باسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دەربارەی بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کورد نووسیوە لەوانە:( شێرکۆ بێکەس، کەژاڵ ئەحمەد، حەمەسەعید حەسەن، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ئەرخەوان ڕەسووڵ، نەزەند بەگیخانی، کەریم دەشتی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، ئاوێزان نوری، بۆتان جەلال، ئەحمەد مستەفا، عیزەدین زەکی زادە، هەمزە گولان، سارا فەقێ خدر، سەلوا حسێن، غەمگین کۆساری، دەریا هەورامی، هەتاو محەمەد، سەلام عەبدوڵڵا، خالید فاتیحی، شاخەوان سدیق، گوڵالە عوسمان، شەرمین وەلی و چەندانی دیکەش)لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە.

نووسەر و لێکۆڵەر پەری عومەر سەرەڕای نووسینە پوخت و ئاست بەرزەکانی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- بەشداریی بەشی زۆری کوڕوکۆبوونە و سیمینارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی ناو شاری هەولێر و دەوروبەری کردووە و دەکات.
- لە ساڵی ٢٠٢٤ بەشداریی لە کەرنەڤاڵا ئیمزاکرنا کتێبی(لە قشلەی ئاکرێ) کردووە.
- چەندین کۆڕی ناساندنی بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی بەڕێوەبردووە لەوانە کتێبی ناساندنی هەر یەک لە (شاعیر سەباح ڕەنجدەر و خاتوو شەرمین محەمەد و چەندانی دیکەش).



لە لای ڕاستەوە: سازگار خان، شاعیر و وەرگێڕ سەلوا حسێن، نووسەر و ڕەخنەگر پەری عومەر، شاعیر خاتوو دەریا هەورامی، شاعیر خاتوو هەتاو محەمەد، دوو منداڵەکە هی نووسەر پەری عومەرن(ئورفا و ئاڤیا)



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر خاتوو بەیان ئیبراهیم، نووسەر و لێکۆڵەر خاتوو پەری عومەر




بەرهەمەکانی نووسەر و لێکۆڵەر پەری عومەر

- ساڵی ٢٠٢٤ وەکو لیژنەی هەڵسەنگاندنی دەقە شیعرییەکان بەشداری لە(دیداری شیعری ژنان) لە هەڵەبجە کردووە.
- خاوەنی بیرۆکەی پرۆژەی(تۆڕی ڕۆشنبیریی خانمانی کوردستان)ە، لە هەولێر.

نووسەر و لێکۆڵەر خاتوو پەری عومەر هاوسەرگیری لەگەڵ شاعیر و میدیاکار مامۆستا عیزەدین زەکی زادە کردووە و خاوەنی چوار منداڵن بەناوەکانی(شاکار، ژیار، ئاڤیا و ئورفا) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینە پوخت و سوود بەخشەکانی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی نووسەر و لێکۆڵەر پەری عومەر، هونەرمەندی دیزاینەر مامۆستا عوسمان پیرداود بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم
٢ - هەندێ زانیاری لە نووسەر و ڕەخنەگر خاتوو پەری عومەر خۆی، وەرگیراون.
٣ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سوارەی فتوحی

نووسـەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس، شانۆنووس و میدیاکار و کەلتوور و فۆلکۆرناس سـوارەی فتوحی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان....

ناوی تەواوی(سـوارە سـمایل ئەحمـەد فتوحی)یە، لـە ناوەنـدی ئەدەبی و فەرهەنگی بـە سـوارەی فتوحی ناسـراوە، لـە ٢ - ٢ - ١٩٦١ لـە شـاری مهاباد لـە خێزانێکی ڕۆشـنبیر لـە دایک بـووە، سـمایلی باوکی مامۆسـتای قوتابخانـە بـووە و، ئەحمـەد فتوحیی باپیریشـی کـە بە(میرزا ئەحمـەدی معلم)ناسـراوە و لـە مامۆسـتا پێشـەنگەکانی شـاری مهاباد بـووە.

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس سـوارەی فتوحـی لـە خێزانێکـی ڕۆشـنبیر و ئەدەبدۆسـت گۆش و پەروەردەکراوە، هـەر لـە منداڵییەوە حـەز و ئارەزووی لـە هونـەری مۆسـیقا و شـانۆ و شـێوەکاری و نیگارکێشـان بـووە، دیـارە لـە هەمـوو ئـەم بوارانـەدا کـەم و زۆری چالاکی هەبـووە، بـەڵام ئـەو زیاتـر وەک نووسـەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسـێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون ناسـراوە، لـە بـواری نووسـین و وەرگێـڕان و کۆکردنـەوە و سـاغکردنەوەی تێکسـت و چیرۆکی فۆلکلۆری و کەلتوور و کەلەپوور و داب و نەریت و داستان و بەیت و بالـۆرەی شـاری مهابـاد و دەوروبـەری و هەمـوو کوردسـتان شـارەزاییەکی بەرچـاوی هەبـووە و وەرگێڕانـی ئەدەبیاتـی منداڵانیشـی فەرامـۆش نەکردووە لـەم بوارانـەدا و، بەتەنیـا و بـە هاوبەشـی لەگـەڵ نووسـەر ڕەسـوڵ وەیسـی چەنـد بەرهەمێکـی پوخـت و بەنرخـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:



له لای ڕاستەوە: نووسەر عەزیز نیعمەتی(لە کوردانی ورمێ)، شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی، نووسەر و وەرگێڕ سوارەی فتوحی



له لای ڕاستەوە: نووسەر سوارەی فتوحی، نووسەر و شێوەکاری ئەدەبیاتی منداڵان خاتوو گوڵاڵە ستاوەند، نووسەری ئەدەبیاتی منداڵان ئارەش میهرەبان

- کتێبی(شەوچرا)، کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردیە، بەرگی یەکەم، ١٥٢ لاپەڕەیە، بەهاوبەشی لە گەڵ نووسەر ڕەسووڵ وەیسی، لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە ورمێ ساڵی ٢٠٠٠ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- (ڕاز)، کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردییە، بەرگی دووەم(٥٩٢) لاپەڕەیە، بە هاوبەشی لە گەڵ نووسەر ڕەسووڵ وەیسی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی موکریانی لە هەولێر ساڵی ٢٠١٣، چاپی دووەم بەزیادکردنی هەندێک تێبینی و پەراوێز، لە چاپخانەی مۆزەی مامۆستا هێمن ساڵی٢٠٢٣ لە مهاباد چاپکراوەتەوە.

- (چاوگە)، سەرچاوەی ئیدیۆم و زاراوە و پەندی پێشینانی کوردی، بەرگی١، (٢١٥) لاپەڕەیە، بەهاوبەشی لەگەڵ نووسەر ڕەسووڵ وەیسی، چاپی یەکەم خانەی موکریانی لە هەولێر ساڵی ٢٠١٣، چاپی دووەم بە زیاد کردنی هەندێک تێبینی و پەراوێز، لە چاپخانەی مۆزەی مامۆستا هێمن، ساڵی ٢٠٢٣ لە مهاباد چاپکراوەتەوە.
- کۆمەڵە چیرۆکەکانی شل سیلوێر ئێستاین (بۆ منداڵان و مێرمنداڵان) بە سێ زمان(کوردی، فارسی و ئینگلیزی)کە( ٣٩١) لاپەڕەیە، لە چاپخانەی مۆزەی مامۆستا هێمن، لە مهاباد ساڵی ٢٠٢٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

چەندین بەرهەمی دیکەشی لە نووسینی خۆی و وەرگێڕان لە بواری



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، ڕەوانشاد ئەحمەدی قازی، نووسەر سوارەی فتوحی لەماڵی ئەحمەدی قازی




لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر سوارەی فتوحی، شاعیر و نووسەر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

مێژوویی و ئەدەبیاتی منداڵان و بابەتی هەمەجۆر ئامادەیە بۆ چاپکردن.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ سوارەی فتوحی وەکو ئەکتەر و شانۆنووس و میدیاکار و چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:

- وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون نزیکەی(١٣)ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(سروە)بووە لە ورمێ و بەرپرسی بەشی هونەریش بووە.
- ماوەی ساڵێکیش لە هەفتەنامەی(پەیامی کوردستان)کاری کردووە.
- ماوەی( ١٠ - ١٢)ساڵ سەرپەرشتیاری گۆڤاری(مهاباد) و گۆڤاری(کانی) بووە، گۆڤاری کانی سەرەتا پاشکۆی گۆڤاری مهاباد بووە و تایبەتیش بووە بە ئەدەبیاتی(منداڵان و مێردمنداڵان).



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس سوارەی فتوحی، شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش



لە لای ڕاستەوە: شاعیر قاسم تاباک، نووسەر سوارەی فتوحی



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو سمیر نۆڤا هاوسەری پرۆفیسۆر کەریم ئەییوبی لە ڕووسیا، شێوەکار ڕەوانشاد جەعفەر قازی، ڕەوانشاد ئەحمەدی قازی، نووسەر سوارەی فتوحی**

- سەدان وتار و کورتە باس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی(ئەدەبی، تەنزئامێز، زمان، ڕەخنە، سیناریۆی شانۆ،...) لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاوکردۆتەوە.
- وەکو میدیاکارێک زنجیرە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لەسەر مێژووی مهاباد و داب و نەریت و باوەڕەکانی خەڵک و سەرچاوەی پەند، ئیدیۆم ،.. بە(دەنگ و ڕەنگی) لە مهاباد بڵاوکردۆتەوە.
- وەکو یاریدەدەری دەرهێنەر بۆ فیلمێک لەسەر قارەمانی کەژەوانی(محەممەد هەوراز) بەهاوکاریی(ڕێکخراوی ئەندێشەی ئەحمەدیّ خانی لە ورمیّ)کاری کردووە.
- لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر زەماوەند و داب و نەریتی کەونارای کوردەکانی هەورامان و کرمانجەکانی ورمیّ کردووە و، دواتریش کراوەتە فیلمێک بە ناوی(زەماوەند)، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند عەلی قادری بووە.
- نووسینی سیناریۆ بۆ شانۆکانی(سەیدەوان، هەڵەبجە، خەڵاتەکەی برایمئاغا) و وەکو دەرهێنەر و ئەکتەر بەشداری کردووە و دەرهێنەری شانۆی (سەمای پەپوولەکان)نیش بووە کە لە نووسینی نووسەر(حەسەن شوجاعی)بووە.



بەرهەمەکانی نووسەر سوارەی فتوحی

- هەر بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر و هونەرمەند حەسەن شوجاعی زنجیرە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیان لەسەر هونەرمەندانی شێوەکار و خۆشنووس ئامادە و پێشکەش کردووە.

چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە.

نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس سوارەی فتوحی لە ساڵی ١٩٩٠ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(شیرین)کردووە و خاوەنی کچێکن خوا تەمەن درێژی بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینە پوخت و سوودبەخشەکانی.

سەرچاوەکان:


١ - ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر و وەرگێڕ سوارەی فتوحی، هاوڕێم شاعیر و نووسەری بواری منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی دەکەم.

٢ - ماڵپەڕی(خانە کتاب کردی)، نووسینێک لە ساڵی ٢٠٢١.

٣ - فیلمێکی دوکیومێنتاری لە کورد کەناڵ Kurd channal tv، بەرنامەی ئەزموونی ژیان، لە ٢١ - ١٠ - ٢٠٢١.

٤ - ماڵپەڕی Rudaw، دیمانەیەکی میدیاکار فوئاد حەقیقی لەگەڵ نووسەر سوارەی فتوحی لە ٢٢ - ٦ - ٢٠٢٢.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی هاژە، Haje news، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ساڵی٢٠٢٣.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بەهار حسەینی

شاعیر و نووسەر شانۆنامەنووس وەرگێڕ و میدیاکار خاتوو بەهار حسەینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان....

شاعیر و نووسەر خاتوو بەهار حسەینی لە ساڵی ١٩٨٣ لە شاری(سەقز) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەو کچی شاعیری جوانەمەرگ ڕەوانشاد ژیلا حسەینییە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری سەقز بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٩ بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی فارسی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەقز بەدەستهێناوە، بەهۆی چالاکی و هەڵوێستە سیاسییەکانی ساڵی ٢٠١٠ بە ناچاری ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و لە شاری هەولێر نیشتەجێ بووە، ئەو ماوەیەی کە لە باشووری کوردستان بووە وەکو میدیاکارێکی بەتوانا و(مذیع - بێژەر)ێکی سەرکەوتوو و هەواڵساز و ئامادەکار و پیشکەشکاری بەرنامە ئەدەبییەکان لە بەشی فارسی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە هەولێر دەستبەکاربووە، لە ساڵی ٢٠١٧ ڕووی لە هەندەران کردووە و لە وڵاتی ئەڵمانیا گیرساوەتەوە و هەر زوو فێری زمانی ئەڵمانی بووە و پاش دیتنی چەند خول و ڕاهێنانێکی تایبەت بەمنداڵانی بچووک پێش ئەوەی بچنە باخچەی ساوایان کردووە، پاشان لە باخچەی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر بەهار حسەینی، شاعیر ڕەوانشاد جەلالی مەلەکشاه**

ساوایان وەکو کارمەند دەستبەکاربووە و تا وەکو ئێستاش بەردەوامە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ بەهار حسەینی هەموو قوناغەکانی خوێندنی بەزمانی فارسی خوێندووە، بەڵام ئەو هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی کەوتۆتە سەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی، دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازانی ڕۆژهەڵات و باشوور لەوانە(نالی، سالم، پیرەمێرد، هێمن موکریانی، هەژار موکریانی، سوارەی ئیلیخانزادە، ژیلا حوسێنی، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت و چەندانی دیکەش)، هەر بۆیە پاش ساڵی دووهەزارەکان گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە و دواتریش دەستی بە وەرگێڕان کردووە، لە بواری شیعر و وەرگێڕاندا چەند بەرهەمێکی بەنرخ و سوود بەخشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی(باشترین ساڵی ژیانتان)، وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی، کە باسی دەروونناسی دەکات.

- کۆمەڵە شیعری(پشیلەیەک لە جانتادا) لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کتێبی(چیرۆکی ناتەواو)، وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.
- کتێبی(نەهەمگی-٥٢-هێرتز) کە (٤٤) پارچە شیعری کوردی لەخۆدەگرێت، کە بۆ دووەم جار پەنابەربوونی نووسیویەتی، نووسەر و ڕەخنەگر ساڵح سوزەنی پێشەکی بۆ نووسیوە، ساڵی ٢٠٢٢ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کۆمەڵە شیعری(ڕاسانی خاک)کە زیاتر تام و بۆی شیعری(مقاومة - بەرگری یان بەرەنگاری) لێدێت.
- چیرۆکی(ورچە پانداکان)، لە نووسینی نووسەر ماتێئی ڤیسنییێک، وەرگێڕان لە نوسخە فارسییەکەیەوە بۆ زمانی کوردی.
- کۆمەڵە شیعری (کافەتریا) کە نووسەر عەبدولخالق یەعقوبی پێشەکی بۆ نووسیوە، ساڵی ٢٠٢٤ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر و وەرگێڕ و میدیاکار بەهار حسەینی وەکو میدیاکار و شانۆنامەنووس چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:
- ساڵانی ٢٠١٢ - ٢٠١٦ وەکو میدیاکارێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کاری کردووە.
- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری لە باشوور و



لە لای ڕاستەوە: شاعیر بەهار حسەینی، باوکی شاعیر بەهار حسەینی



شاعیر بەهار حسەینی



شاعیر و میدیاکار
بەهار حسەینی



شاعیر بەهار حسەینی و ڕەوانشاد شاعیر
ژیلا حسەینیی دایکی بەهار حسەینی

باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات کردووە.

- خاوەنی بڕوانامەی وێنەگرتنە لە بواری سینەمای لاوان لە ئێران.
- لە فیستیڤاڵی(چیرۆکانەی سپی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەژێر ناونیشانی(ئەمی ئەو یا ئەوی ئەم) خەڵاتی دووەم دراوەتە یەکێ لە چیرۆکەکانی.
- لە کێبڕکێی شانۆنامەدا کە لە باکووری کوردستان سازکراوە، بە شانۆنامەی(سەمای مێشک)بەشداری کردووە و خەڵاتی پێبەخشراوە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ لە فیستیڤاڵی شیعری(کەڤاڵە) لە هەولێر، یەک لە شیعرەکانی خەڵاتی یەکەمی پێبەخشراوە و شیعرێکی دیکەشی خەڵاتی لە فیستیڤاڵی ڕانیەی شیعری وەرگرتووە.

بۆ شاعیر و نووسەر و جیرۆکنووس و وەرگێڕ و میدیاکار خاتوو بەهار حسەینی هەر سەرکەوتوو و بەردوام بیت لە نووسینی بەرهەمە پوخت و بەسوودەکانت.

**نموونەی شیعرەکانی**

هەموو ئەو ساڵانەی پێکەوە بوونمان
من تووڕەیی خۆمم داشارد
وەک بارانێک کە لە لمدا خۆی حەشار بدات.
هەموو ئەو ساڵانەی پێکەوە بوونمان
تۆ تووڕەیی خۆتت داشارد
وەک مانگ لە ئاسمانی ڕۆژدا.
ئێمە وەک زۆنگ
دڵمان بە ئاوازی شمشاڵێکی ماندوو سپاردبوو.
واڵسی ئێمە




بەرهەمەکانی شاعیر و وەرگێڕ و میدیاکار بەهار حسەینی

**هەنگاوێک بوو بەرەو مەرگ و دیسان هەنگاوێک گەڕانەوە بۆ ناو ژیان.**
**نازانم دەتوانین یەک ببەخشین یان نا!**
**سەهۆڵێک بووین**
**تینوویەتیمان بە خواردنەوەی خۆمان دەشکاند.**
**هێند شەیدای هەڵاتن بووین**
**ببووینە نەچیر و نەچیروانی خۆمان.**
**لە بیرتە لە بەر پەنجەرە کە دادەنیشتین؟**
**تاکە ژیانی نێوانمان مەرگ بوو**
**مەرگێک کە ویستی دەیژیاندین.**
**نازانم پێویستە یەک ببەخشین یان نا؟**
**کاتێک لە یەکەمین دەرفەتماندا**
**دیسان قابیل لە ئامێز دەگرین و**
**بە هابیل پێدەکەنین.**

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر بەهار حسەینی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مەرزییە فەریقی

هونەرمەندی مەقام و گۆرانیی ڕەسەنی کوردی، پێشمەرگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کۆمەڵە) ڕەوانشاد خاتوو مەرزییە فەریقی...

ناوی تەواوی(مەرزییە شەهاب عەبدوڵلا)یە، لە ناوەندی هونەر و مۆسیقای هەموو کوردستان بە مەرزییە فەریقی ناسراوە، لە ٢٢ - ٥ - ١٩٥٨ لە شاری(مەریوان)لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، باوکی لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە مەریوان تەواوکردووە، تەمەنی(١٧)ساڵان بووە چوونەتە شاری سنە و لەوێ بڕوانامەی دبلۆمی لە پەیمانگای مامۆستایان لە شاری سنە بەدەستهێناوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ ئاشنایەتی لە گەڵ هونەرمەند ناسری ڕەزازی پەیدا کردووە و ساڵی ١٩٧٨ هاوسەرگیریان کردووە، ساڵی ١٩٨٠ بەیەکەوە بوونەتە پێشمەرگەی(کۆمەڵە) و بەردەوام بوونە لە خەباتی چەکداری تا ساڵی ١٩٨٥، پاشان ڕوویان لە وڵاتی سوید کردووە و وەکو پەنابەر لەوێ نیشتەجێبوونە.

هونەرمەند مەرزییە فەریقی هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هونەری گۆرانی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند مەرزییە فەریقی منداڵەکە دڵنیا ڕەزازییە، هونەرمەندی نەمر تایەر تۆفیق، بەڕێز عومەر چاوشین



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند کەریم کابان، هونەرمەند مەرزییە فەریقی

و مۆسیقا بووە و دەنگی خۆشبووە و بەهرە و تواناشی هەبووە، بەڵام لە بەر داب و نەریتی ئەو سەردەم، کچان و ژنان کەمتر چوونەتە مەیدانی گۆرانیی وتن، بەڵام ئەو باوکی هانیداوە و زۆر ئازا و بوێرانە چووەتە دنیای هونەری گۆرانی و مەقامی کوردی. لە تەمەنی(٩)ساڵیدا بۆ یەکەمین جار لە سەر شانۆی چالاکیی قوتابخانەکان گۆرانی و سروودی وتووە، سەرەتاش بە گۆرانییەکانی هونەرمەندی گۆرانبێژ(فەتانەی وەلیدی)و گۆرانی(لە سەر کانی دێتەوە لێو بەکەنی و گۆزەبەشانەوە)دەستی پێکردووە، ئەو زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی گۆرانی و مۆسیقای باشووری کوردستان

بەتایبەتی تیپی مۆسیقای سلێمانی و زۆریش سەرسام بووە بەدەنگ و گۆرانییەکانی هەر یەک لە(کەریم کابان و قادر کابان).

هونەرمەندی گۆرانیبێژ مەرزییە فەریقی چەندین مەقام و گۆرانیی ڕەسەنی کوردی وتووە لەوانە(مەقام - کورد، مەقامی بەیات، گۆرانییەکانی: ئازیزم بۆچی تۆراوی، هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور، هیوا مەگری هیوا،



ناسر و مەرزییە و هەر سێ منداڵەکانیان(دڵنیا، ماردین، کاردۆ)



هونەرمەند مەرزییە فەریقی لە گەڵ تیپی مۆسیقای(کۆڕی بانگەوازی کۆمەڵە) لە شاخ



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند مەرزییە فەریقی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ناسر ڕەزازی و مەرزییە فەریقی هەر دوو منداڵی لە شاخ



ئارامگای هونەرمەند مەرزییە فەریقی

هـەوری پایـز لـە دەریـاوە، بەڵێـن بـدە، کانـی کانـی، هەمـوو شـەو، شـەش پەپوولـە، وەرە یـارم، لـە کۆتایـی نامەکـەت، سـڵاو بـۆ پێشـمەرگە و چەندانـی دیکـەش)و لـە گـەڵ تیپـی مۆسـیقای(کۆڕی بانگـەوازی کۆمەڵە)یەکەمیـن کاری هونـەری خـۆی لـە شـاخ تۆمارکـردووە کـە ئەویـش سروودی(پێشـمەرگە)بووە.

ئـەو لـە گـەڵ هونـەرمـەنـد ناسـری ڕەزازی سـێ منداڵیـان هەبـووە

هونەرمەند ڕەوانشاد مەرزییە فەریقی لە دوو کات و تەمەنی جیاوازدا

بەناوەکانی(دڵنیا، ماردین، کاردۆ)خوا تەمەن درێژیان بکات.

هونەرمەند مەرزییە فەریقی لە ١٨ - ٩ - ٢٠٠٥ لە شاری(ستۆکهۆڵم) پایتەختی وڵاتی سوید کۆچی دوایی کردووە و لە سەر داخوازیی خۆی تەرمەکەی لە شاری سلێمانی بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(خەندان)نووسینێک لە ١٨ - ٩ - ٢٠٢٢.

٤ - ڕووداو، فیلمێکی دوکتیومێنتاری، لە ١٨ - ٩ - ٢٠٢٠.

٥ - ماڵپەڕیPinteres.

٦ - ماڵپەڕی ئەرشیف و تێکستی گۆرانیی کوردی.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# خوداداد عەلی

دەنگێکی بە سۆز لە گەرمیان و گەرمەسێرەوە، لە کەناری ڕووباری (ئەڵوەن – ئەڵوەند)ەوە، بەحەسرەت دەچرکێنێ:

ئەڵوەن ئای ئەڵوەن

**ئەڵوەنـە شـێتە چـاو بەعەسـرەوە**
**لـە ڕێـژا و مەبـۆ بـەم لای قەسرەوە**
**ئەڵـوەن هاتیـەن وە بـەرزی داران**
**مـەدا لـە چەکمـەی شۆڕەسـواران**
**ئەڵـوەن هاتیـەن نـادا بـوارم**
**سـەرێ بدەمـۆ لـە قـەوم و کارم.**

هونەرمەندی گۆرانی و بەستە و مەقامی ڕەسەنی کوردی، بەشێوەزاری ناوچەی گەرمیان و گەرمەسێر، ڕەوانشاد خوداداد عەلی....

ناوی تەواوی(خوداداد عەلی کەریم سورەمەیری)یە، لە ساڵی ١٩١٢ لە گوندی(عەلمدار) کە ئێستا بووەتە گەڕەکێک لە شاری خانەقین لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهان و نەبوونی و قات و قڕی، تەمەنی بووەتە (٦) ساڵان، دەستکورتیی



**هونەرمەندی گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردی خودادادی عەلی**

خێزانەکەیان و نەبوونی قوتابخانە لە خانەقین، باوکی ناردوویەتییە بەر خوێندنی ئایینی، بەو هیوایەی ببێتە مەلایەکی پڕ زانستی ئایینی ئیسلامیی پیرۆز، دوای ماوەیەک خوێندنی قورئانی پیرۆز بووەتە فەقێیەکی بەتوانا، ماوەی (٥) ساڵ دەرسی ئاینی بەمندالان وتووەتەوە، لە ناکاو تووشی نەخۆشییەکی چاو بووە، لەبەر کەمیی پزیشک و نەشارەزایی و خێزانەکەی لە بەکارهێنانی داودەرمانەکانی چاوێکی لە دەستداوە و وازی لە دەرس وتنەوە بە مندالان هێناوە، بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەیان دەستی بەکار و کاسبی کردووە لەوانە (خشتبڕین، کرێکاری و جووتیاری)یشی کردووە.


هونەرمەندی گۆرانی و مەقام خودادادی عەلی لە بەر هەڵوێستە کوردپەروەرانەی لە ساڵانی ١٩٦٢ - ١٩٦٣ بۆ ماوەی (٩) مانگ دەستگیرکراوە دواتر ئازاد کراوە، لە ساڵانی ١٩٦٧- ١٩٧٠ بەتاوانی یارمەتیدانی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستگیراوەتەوە و، حوکمی لە سیدارەدانی بۆ دەرچووە و دواتر بە لێبووردنێکی گشتی بۆی کراوەتە (١٠) ساڵ، ئەو ماوەی سێ ساڵی لە بەندیخانەی (فضيلية)

بووە دواتر تووشی نەخۆشیی(ئیفلیجی) بووە و ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە شاری خانەقین.

ڕەوانشاد عەلی کەریم سورەمەیری باوکی هونەرمەند خوداداد عەلی(هۆرە چڕ)بووە، هۆرە جۆرێکە لە گۆرانی کە تایبەتە بە(هۆزی جاف) لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خوداداد عەلییش هەر لە منداڵییەوە دەنگی خۆش بووە و لە ئاهەنگ و دانیشتەکانی دەنگبێژان و دەنگخۆشەکان ئامادە بووە و، دواتر لە گوند و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری خانەقین گەڕاوە و، زیاتر ئاشنای گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردی بووە و، خۆشی بەشداریی جەژنە ئایینی و نەتەوەییەکانی کردووە و، لە ناوچەکە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٦ ئەفسەرێکی سوپای عێراقی بەناوی(فازیل شاکر) دەیباتە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، لەوێ بە مامۆستای مەقامی کوردی ڕەوانشاد(عەلی مەردان)ئاشنا دەبێت و، پاش تاقیکردنەوەی دەنگی، لەگەڵ هەر یەک لە(ئەحمەد شێخاڵی، خەلیل عەبدوڵڵا، قادر ئەحمەد، جەمال جەلال)



پەیکەری هونەرمەند خوداداد عەلی




وەکو (کۆڕس)دادەمەزرێت، تا ڕۆژی ٣ - ٥ - ١٩٥٨ لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا بەپەخشی ڕاستەوخۆ بۆ ماوەی(١٥) دەقیقە گۆرانی دەڵێت، دواتر (١٠) بەرهەمی بەنرخی تۆمار کردووە، لەوانە گۆرانییەکانی(بەهار، گیانەکەم مریەم، مەقامی حەسرەت، وەعدەی نەوبەهاران، هۆ گوڵ و چەندانی دیکەش)، گوایە ئەو زیاتر لە(١٠٠)گۆرانی و بەستە و مەقامی هەبووە و هەندێکیان فەوتاون و نەماون، شارەزاییەکی تەواویشی لە مەقامەکانی(قەتار و ئەڵڵاوەیسی، ئای ئای، خورشیدی و خاوکەر)هەبوو، کە بە شێواز و ستایلێکی تایبەت بەخۆی دەیچڕین، زیاتریش بەمەقامی (ئەڵوەن) ناسراوە، بۆیە هونەرمەندی گۆرانی و ئاوازدانەری دیار و ناسراوی کورد ڕەوانشاد باکوری، لە کتێبی (گۆرانیبێژە نەمرەکان) دا سەبارەت بە هونەرمەند خودادا عەلی دەڵێت:(خودادا عەلی تایبەتمەندییەکی خودی خۆی هەبوو لە چڕینی هەندێ لە مەقامەکاندا، واتە شێوە و تام و بۆی دەڤەری خانەقینی دەدایە گۆتنەکەی، کە گوێت لێدەبوو مەقامی ئای ئای و خورشیدی و قەتاروئەڵڵاوەیسی دەگۆت، یەکسەر هەستت



پردی ئەڵوەن لە شاری خانەقین، وێنەکە ساڵی ١٩٢٨ گیراوە

دەکرد کەوا ئەو دەنگە دەنگێکی تایبەتە و، وەک مەقامبێژەکانی تر نایڵێت، بەڵکو بە جۆرێکیتر دەیچڕێت)، ئاشنایەتیشی لە گەڵ گۆرانیبێژان(عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، ڕەسوڵ گەردی و باکوری)هەبووە.

ئەو لە ژیانی خۆی سێ جار هاوسەرگیری کردبوو، خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچ بووە، کوڕەکان بەناوەکانی(حەمید و مەجید)، لە ڕۆژی ١٩ - ٢ - ١٩٨٧ لە شاری خانەقین کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی(عەلەمدار) تەرمەکەی بەخاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

هونەرمەندی پەیکەرساز(کازم حاجی عەلی)بەدەست و پەنجە ڕەنگینەکانی پەیکەرێکی بۆ هونەرمەند خوداداد عەلی دروست کردووە و لە کەناری ڕووباری(ئەڵوەن- ئەڵوەند) داندراوە.


سەرچاوەکان:

١ - نووسەر و میدیاکار کەمال ڕەئووف محەمەد، کتێبی(مێژووی ڕادیۆی کوردیی بەغدا ١٩٣٩ - ١٩٥٨)لاپەڕە(٢١٣).

٢ - کوردستان تیڤی، نووسینێکی نووسەر جەمالی دەلاک، لە ٣ - ٢ - ٢٠٢١.

٣ - ماڵپەڕی Roj Kurd، بەشی فەرهەنگ و هونەر، نووسینێک لە ٢٥ - ١٠ - ٢٠١٦.

٤ - کوردیپیدیا.

٥ - ویکیپیدیا- ئینساکلۆپیدیا ئازاد.

٦ - ماڵپەڕی شەفەق نیوز، نووسینێک لە ١٧ - ٥ - ٢٠٢٠.

٧ - چەند فیلمێکی دوکیومێنتاری لە Youtube.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەعید یوسف

مۆسـیقاژەنی ئامێری(بـزق- سـاز)ی سـووری محەمـەد عەبدولکەریـم وەسـییەتی کـردووە کە(بـزق- سـاز)ەکەی بدرێتـە ئـەو.

هونەرمەنـدی گۆرانیبێـژ و مۆسـیقاژەن و ئاوازدانـەری دیـار و ناسـراوی کـورد کـە بـە میری(بزقێ)ناسـرابوو، ڕەوانشـاد سـەعید یوسـف لـە ڕۆژئاڤـای کوردسـتان....

هونەرمەند سـەعید یوسـف سـاڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی(قەدور بەگ)ی شـاری قامشـلۆ لـە دایکبـووە، هـەر لـە تەمەنـی لاوێتیدا دەسـتی بـە کاری هونـەی مۆسـیقاژەنینکردووە، زۆربـەی تێکسـت و ئـاوازی گۆرانییەکانـی بـۆ خـۆی ئامـادەی کـردوون، چونکـە ئـەو شـاعیر و ئاوازدانەریـش بـووە، لـە سـاڵی ١٩٦٠چووەتـە شـاری (بەیـروت)ی پایتەختـی وڵاتـی لوبنـان، لـەوێ تیپـی مۆسـیقای(نەورۆز)ی دامەزرانـدووە و دەسـتی بـە بڵاوکردنـەوەی گۆرانـی و مۆسیقای کوردی کـردووە، هـەر ئەو کاتیش هونەرمەند ڕەوانشـاد محەمـەد شـێخۆ وەکو تەنبوورژەن لـەو تیپە بەشـدار بـووە، ئەو بە گۆرانی و ئاواز و مۆسـیقاژەنینەکەی سـەرنجی هونەرمەنـدان و سیاسـەتمەدارانی ئـەو کاتـی لوبنانـی ڕاکێشـاوە لەوانە(کەمـاڵ حونبـوڵات و سـائیب سـەلام و چەندانـی دیکـەش).



له لای ڕاستەوە: شاعیر کۆنێ ڕەش، دکتۆر جەلیلی جەلیل، هونەرمەند سەعید یوسف



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند سەعید یوسف، شاعیر خاتوو ماجدە داری، شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش

هەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەگۆرانییەکانی(ئەز کچم کەچا کوردامە)و(ئەی فەلەک) ناوبانگی لە هەموو کوردستان دەرکردووە، دواتر هاتۆتەوە قامشلۆ، یەکەم کەس بووە ئامێری(بزق)ی هێناوەتەوە شاری قامشلۆ و چەندان هونەرمەندی لاو لەسەر دەستی ئەو فێری ژەنینی بزق بوونە، تێکست و ئاوازیشی بۆ داناون.

هونەرمەند گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن لە ماوەی ژیانی خۆی زیاتر لە(٧٠٠) گۆرانی چڕیوە بەشی زۆری گۆرانییەکانیشی لە شیعر و ئاوازی خۆی بوون و ئاوازی بۆ چەندین گۆرانیبێژی کورد داناوە، پەیوەندیشی لەگەڵ شاعیری مەزن جگەرخوین هەبووە و دەیان گۆرانیی نیشتمانەروەری و

خۆشەویستی و چیرۆکی عەشق و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریشی تۆمار کردووە لەوانە (ئەز کچم کەچا کوردا مە، ئەی فەلەک، قامشلۆ باژێرێ ئەڤینە، ئیشەڤ شەڤکا بارانێ، کوردستان یان نەمان، چاواتێ هەرێ، چاندا، گاڤا سەحەر،کێ دنیا هەژاند، وا خورتێ سەرباز، ئەز تە نادەم مالێ دنێ، ڕۆژەک ژ ڕۆژان، شکرایێ، کوردستان پڕ شیرینە و چەندانی دیکەش).

چەندین گۆرانیبێژ گۆرانییەکانی هونەرمەند سەعید یوسف- یان وتووەتەوە لەوانە(محەمەد شێخۆ، بەفرین ئەکتای، زۆزان چەتین، گۆنول دیلان و زۆری دیکەش).



لە لای ڕاستەوە: شاعیر کۆنێ ڕەش، هونەرمەند سەعید یوسف، چالاکوان سالار ئاوس



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش، هونەرمەند سەعید یوسف

- هونەرمەند سەعید یوسف زیاتر لە(٢٥) خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێبەخشراوە.
- یەکێ لەهۆڵەکانی زانکۆی(ئۆپسالا)ی سوید وێنەیەکی هونەرمەند سەعید یوسفی لەسەرە.
- لە ساڵی ١٩٧٣ قەوانێکی کۆنی زێڕین بەنەخش و نیگار ڕووخسار و ناوی هونەرمەند سەعید یوسفی لەسەرە، لە لایەن ڕێکخراوی(یۆنسکۆ) لە پاریس دروستکراوە.
- پەیکەرێکی برۆنزی بۆ هونەرمەند سەعید یوسف لە پەیمانگای میوزیک لە نەرویج دروستکراوە.

هونەمەند سەعید یوسف لە ڕۆژی ٢٦ - ٢ - ٢٠٢٠ لە شاری ئەستەنبووڵ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی بەشێوەی کاتی لەوێ نێژراوە، بەڵام پاش ماوەیەک لە ڕێورەسمێکی جەماوەریی




شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش لەبەردەم ئارامگەی هونەرمەند سەعید یوسف













هونەرمەند سەعید یوسف لە چەند کارێکی هونەری جیاوازدا

گەورە بە ئامادەبوونی هونەرمەندانی و ڕۆشنبیران و هەوادارانی لە سنووری(سێملکای) نێوان باشوور و ڕۆژئاڤا هێنراوەتەوە شاری قامشلۆ و لە گۆڕستانی گەڕەکی(قەدور بەگ) بە خاکی نیشتیمان سپێردراوە، ئەو(٥٠) ساڵ خزمەتی هونەر و مۆسیقای کوردی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ماڵپەڕی ڕووداو، نووسینێکی نووسەر هیوا سەلاح لە ٧ - ٤ - ٢٠٢٠.

٣ - ماڵپەڕی ANF- NEWs، نووسینێک لە ٢٩ - ٢ - ٢٠٢٠.


٤ - ماڵپەڕی سپی Midia، نووسینێک لە ٢٦ - ٢ - ٢٠٢٠.

٥ - ماڵپەڕی Kurd sop، نووسینێک لە ٩ - ١١ - ٢٠٢٤.

٦ - ماڵپەڕی ڕووداو، نووسینێکی نووسەر دڵخواز بهلوی، لە ٢٥ - ٨ - ٢٠١٧.

٧ - ماڵپەڕی ڕووداو، نووسینێک لە ٢ - ٧ - ٢٠٢٠.


٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەسعەد قەرەداغی

مامۆستا و نووسەر و هونەرمەندی گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی ئەسعەد قەرەداغی...

ناوی تەواوی(ئەسعەد عومەر مەردۆخی قەرەداغی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و هونەری بە ئەسعەد قەرەداغی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووە، دواتر ماڵیان چووەتە شاری سلێمانی، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی خویندنی ١٩٧٢ – ١٩٧٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی کیمیای کۆلێژی زانستی زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧٥ وەکو(معید) لە بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی و دواتر لە هەمان بەش لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر دەستبەکاربووە، دیارە چەند ساڵێک ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و لەوێ بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆسی دیکەی لە بواری پەروەردە و لە(سۆدرتۆن)ی شاری ستۆکهۆڵم بەدەستهێناوە، لە بەشی کیمیای ناوەندی زانکۆی(نۆڤۆم – Novym)هەر لە شاری



هونەرمەند
ئەسعەد قەرەداغی
بە جاحێڵی



تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری سلێمانی، هونەرمەندان(ئەنوەر قەرەداغی و ئەسعەد قەرەداغی)

ستۆکهۆڵم دامەزراوە و بەشداریشی لە چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی کردووە، وەکو مامۆستا بەردەوام بووە لە خزمەتکردن تا خانەنشینبوونی ساڵی ٢٠١٨، ئێستاش هەر لە وڵاتی سوید دەژییێت.

نووسەر و هونەرمەندی گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی ئەسعەد قەرەداغی چەندین بەرهەمی لە کتێب و نامیلکە لە بواری پەروەردە و دانان و داڕشتن و لێکدانەوەی وشە و زاراوەی زانستی و هونەری و موسیقی نووسیوە و بەهاوبەشێش لە گەڵ نووسەر دکتۆر زەنون پیریادی چەند بەرهەمێکی هەیە کە ئەمانەن:

- سەد کەسی یەکەم The first Hundred، ڕیزبەندی ئەو کەسایەتییانەی زۆرترین هەژموون و کاریگەرییان هەبووە لە مێژوودا، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی، لە نووسینی دکتۆر مایکل هاررت، ساڵی ١٩٨٣.
- توخمەکانThe Elements، بە دوو بەرگ(٧٥٧)لاپەڕەیە، لەبارەی مێژووی توخمە کیمیاییەکان، ٢٠٠٦.
- مێژووی ژمارە The history of number، ساڵی، ٢٠١١.

زنجیرەی(٣٦) ژمارە بەرەو پڕۆژەی کوردستانیی ستراتیژیی دکتۆرئەحمەد خەلیل بەعەرەبی و ئەسعەد قەرەداغی بە کوردی، ٢٠١١.

- چوارتوخمە دێرینەکانی سرووشت The four classical elements in

nature، دوو بەرگ،(٩٣٠)لاپـەڕە، بەهاوبەشـی لـە گـەڵ دکتـۆر زەنـون پیریـادک، ٢٠٢١.

- فەرهەنگی مۆزیک(٥٢٠)لاپەڕە، ساڵی ٢٠١٠.
- ئەی ڕەقیب لە تای ترازودا، کورتەباس، ساڵی ٢٠١٢.
- خۆشـخوانیی دەنـگ چۆنییەتیـی گۆشـکردن و گەشـەپێدانی، کورتەبـاس، سـاڵی ٢٠١٢.
- فەلسـەفەی مۆزیـک Music philosophy، دوو بەرگ(٨٦٠)لاپـەڕە، سـاڵی ٢٠١٥.
- لـە بـواری هونـەری گۆرانـی و مۆسـیقا چەندیـن وتـار و کورتـە باسـی نووسـیوە و لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بـڵاوی کردۆتـەوە.

ئەو لە بواری گۆرانی و مەقام و بەستەی کوردی چەندین گۆرانی لەگەڵ تیپی هونـەری فۆلکلۆریی سلێمانی و تیپی هونـەر و مۆسـیقای سـلێمانی و تیپی زانکۆ و بە دوو قۆڵی لەگەڵ هونەرمەندان خاتوو(پەیمان عومـەر و ئاڵا عومـەر و چەندانی دیکەش) وتووە، بەشی زۆری گۆرانییەکانی فۆلکلۆرین و لـە ئاوازی هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغین، ئەمانە هەندێکیانن:(ناسکۆڵەگیان، کـەژاوە بهێنـن، ئاگربارانـە، نارینـێ، سـەوزەڵێ، تەنکە مـەڕۆ لـە دواتـم، خانـم



تیپی مۆسیقای سلێمانی هونەرمەندان(ئەسعەد قەرەداغی خاتوو پەیمان عومەر)


خانمی، شل شل بەڕێمکە، تاسەی دەروون، هۆنراوەی نووری وەشتی، ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی. لە یادم ناچێ هۆنراوەی ئەحمەد قەرەداغی، ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی. سۆزی دەروون، هۆنراوەی ئەحمەد قەرەداغی، ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی. ئەی نیشتمانم، ئاوازی دلێر ئیبراهیم. وام دەزانی، لە یادی شەهید کارزان و هاوڕێکانی، هۆنراوە و ئاوازی دلێر ئیبراهیم. کاروانچی، هۆنراوەی دڵشاد مەریوانی و بەرزنجی، ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی. خاکی شیرینی وڵات، هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس، ئاوازی خالید سەرکار. دەروێش عەبدوڵڵا، هۆنراوەی گۆران، ئاوازی سەلاح ڕەئوف. شانزە ساڵ چاوەڕوانی، هۆنراوەی ئەحمەد هەردی، ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی. بەیانی هەر دێ، هۆنراوەی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی).

ئەم گۆرانییانەشی لەگەڵ تیپی مۆسیقای زانکۆ تۆمارکردووە:


- گەشت لە هەورامان، هۆنراوەی گۆران، ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی.
- قژکاڵی لێو ئاڵێ، هۆنراوەی گۆران، ئاوازی ئەحمەد محمەد.


نووسەر و هونەرمەند ئەسعەد قەرەداغی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سلێمانی، وەک گۆرانبێژ و ژەنیاری



هونەرمەند ئەسعەد قەرەداغی لە چەند کاتێکی جیاوازدا




بەرهەمەکانی نووسەر و هونەرمەند ئەسعەد قەرەداغی

قانوون و سەنتوور بەشدار بووە.

- نزیکەی(١٦)گۆرانی بۆ تەلەفزیون تۆمارکردووە و لە هەموو بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانییدا بەشداریی کردووە.
- لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی ساڵی ١٩٧٢ - ١٩٧٣ بەشداربووە.
- یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان، ساڵی ١٩٩١.

بۆ مامۆستا و هونەرمەندی گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی مامۆستا ئەسعەد قەرەداغی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:


١ - کوردیپیدیا.

٢ - ماڵپەڕی گۆرانیی کوردی، ساڵی ٢٠٢٣.

٣ - فیلمێکی دوکیومینتاری، AVA Media، لە ٤ - ٩ - ٢٠٢٤.

٤ - فیلمێکی دوکیومێنتاری، MedTv، ساڵی ٢٠١١.

٥- Kurdsat، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٠١٨.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر شەونم یەحیا

مامۆستا و نووسەر و شارەزای بواری کۆمەڵ و کۆمەڵناسی، چالاکوانی بواری ئافرەتان و ڕێکخراوە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکان، دکتۆر شەونم یەحیا...

ناوی تەواوی(شەونم یەحیا خدر)ە، لە ٢ - ٧ - ١٩٧٧ لە شارۆچکەی(دبس - دوبز)ی سەر بەپارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ماڵیان هاتۆتە شاری هەولێر، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٩٧- ١٩٨٨ پەیمانگای مەڵبەندیی مامۆستایانی لە هەولێر تەواوکردووە و بووەتە مامۆستا لە شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری هەولێر و، دواتریش ناو شاری هەولێر، لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی(علم الاجتماع - کۆمەڵناسی) لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠٠٩ خولێکی فێربوونی زمانی فەرەنسی لە زانکۆی(لوبنانی- فەرەنسی) لە هەولێر بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و، لە ساڵی ٢٠٠٩- ٢٠١٠ لە شاری(گرینۆبڵ) بڕوانامەی زمانی فەرەنسی وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠١١ - ٢٠١٢ بڕوانامەی ماستەری




**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد مهاباد قەرەداغی، نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەن، نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەوانشاد مهاباد قەرەداغی، نووسەری دیار و ناسراوی کورد شێرزاد حەسەن، نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا**

لە کۆمەڵناسی لە پاریس وەرگرتووە و ساڵی ٢٠١٦ش بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەی کۆمەڵناسی لە زانکۆی(سۆربۆن)ی فەرەنسی بەدەستهێناوە، نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕۆشنبیری لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵاتییەکان دوای دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستانی عێراق) بووە، پرۆفیسۆر(ژان سەلیم) سەرپەرشتیی نامەی دکتۆراکەی کردووە.

ئـەو وەکـو کچـە کوردێکـی بەتوانـا لەسـەر ئاسـتی عێـراق و کوردسـتان دکتـۆرای لـە فەلسـەفەی کۆمەڵناسـی وەرگرتـووە و، گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و بـەردەوام بـووە لـە خزمەتکـردن لـە بـواری پـەروەردە و فێرکـردن، تـا ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە.

نووسـەر دکتـۆر شـەونم یەحیا زمانەکانی کـوردی و عەرەبی و فەرەنسـی و ئەڵمانـی و کەمێکیـش ئینگلیـزی دەزانێـت و، چەندیـن وتـار و کورتـە بـاس و



لە لای ڕاستەوە: نووسەری دیاری تورك ئیسماعیل بێشکچی، نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا



نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا لە کاتی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە پاریس



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا، پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی فەرەنسی ئالان تۆرین**



**لە لای ڕاستەوە: پرۆفیسۆر یۆرگن هابرماس، نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا**

لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە بواری کۆمەلایەتی و سیاسی و دۆزی ئافرەتان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەی کوردەواری، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و بیانییەکان بڵاوکردۆتەوە، هەر لەم بوارانەشدا چەند کتێبێکی بەنرخ و سوودبەخشی نووسیوە و چاپ و بڵاویشی کردوونەتەوە ئەمانە هەندێکیانن:

- کتێبێک بەزمانی فەرەنسی

Le rôle des intellectuels dans les transformations politique et social – Shawnm )

Yahya )، ئەم کتێبەی لە چەندین وڵاتی ئەوروپی و ئەمەریکای لاتینی و ئەفریقیا و کەنەدا بڵاوبۆتەوە و وەکو سەرچاوە سوودی لێوەردەگیرێت.

- کتێبی(دیموکراسی بەدەم ڕەشەباوە)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، ٢٠١٩.
- کتێبی(پرسی ژن لە کۆنتێکستوالیزاسیۆنی- سۆسیۆلۆجێندەری)، چاپخانەی ڕۆسا، ٢٠٢١.
- کتێبی(ژن پرسێکی هاوبەش و ڕوانگەی جیاواز)، چاپخانەی ڕۆکسانا، ٢٠٢٤.
- چەندین لێکۆڵینەوە و کورتە باسیشی بڵاوکردۆتەوە لەوانە:

- لێکۆڵینەوەیەک لەسەر(پرسی ئافرەت لە چوارچیوەی فرە ڕێکخراوەییدا).
- لێکۆڵینەوەیەک لەسەر( خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ ڕەوشی ئافرەت و بەشداریی سیاسي).
- لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ( دەوڵەت لە کۆنتێکستی فەلسەفەی – کۆمەڵناسی).
- لێکۆڵینەوەیەک لەسەر (دەرسێک لە سەر بەختەوەری).
- لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ( دیموکراسی لە کۆنتێکستی فەلسەفەی کۆمەڵناسیدا).

چەندانی دیکەش.

ئەو سەرەڕای نووسینەکانی، وەکو چالاکوانێکی بواری ئافرەتان و کاری پیشەیی و ڕێکخراویی چەندین چالاکی هەبووە و هەیە لەوانە:



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خاتوو بەیان سەلمان، نووسەر ئازاد حەمە، نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا**

نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا

- ئەندامی  دەستەی دامەزرێنەری چەند ناوەند و ڕێکخراوێکە لە بواری ڕێکخراوە ناحکومییەکان.
- لە سالّی ٢٠٠٢ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی ڕۆشنبیریی خەلیفان بووە.
- لە سالّی ٢٠٠٤ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی ڕۆشنبیریی دوبز بووە و ماوەیەکیش بەرپرسی ئەم ڕێکخراوە بووە لە قەزای دوبز.
- لە سالّی ٢٠٠٦ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و بەرپرسی سەنتەری(گارە بۆ - چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتییەکان) بووە لە شاری هەولێر.
- لە سالّی ٢٠٠٨ دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی(ئایندەی کارگود) بووە لە شاری کەرکووک.
- لە سالّی ٢٠٠٨ بەشدار بووە دامەزراندنی  ڕێکخراوی(زۆزان بۆ پاراستنی ژینگە – لە هەرێمی کوردستان).
- لە سالّی ٢٠٠٠ەوە، ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە.

- لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە، ئەندامی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستانە.
- لە ساڵی ٢٠٢١ەوە، ئەندامی تۆڕی هاوکاریی کۆمەڵایەتییە، کە لە چەندین ژنی خۆبەخش پێکهاتووە بۆ پێشکەشکردنی کۆمەکی تەندروستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی.
- ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری لە گۆڤاری دیراساتی کۆمەڵناسی و گۆڤاری دیراساتی نێودەوڵەتی کوردی کە لە ناوەندی دیموکراسی عەرەبی لە بەرلین دەردەچێت.
- سەرپەرشتیاری زانستی لە کۆلێچ ئەپلای بۆ زانستە کرداریيەکان لە لەندەن.
- ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی بزاڤی ئاشتیی ناوخۆییە.
- لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٤ خەڵات و ڕیزلێنانی، لە لایەن دەستەی




**بەرهەمی نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا**

نووسـەرانی(المجلة العربیـة للدراسـات الکردیـة) کـە لـە لایـەن ناوەنـدی دیموکراسیەتی عەرەبی بۆ دیراساتی ئیستراتیژی و سیاسی و ئابووری لـە شـاری(بەرلین)ی وڵاتـی ئەڵمانیـا دەردەچێت، پێبەخشـراوە.

بـۆ مامۆسـتا و نووسـەر دکتـۆر شـەونم یەحیـا هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیـت بـۆ خزمەتـی کۆمەڵـی کوردەواریمـان.

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامـە و بەرهـەم و چالاکییەکانـی نووسـەر دکتـۆر شـەونم یەحیـا، هونەرمەنـدی دیزایینـەر عوسـمان پیـرداود لـە هەولێـر بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - چەند زانیارییەک لە نووسەر دکتۆر شەونم یەحیا خۆی، وەرگیراوە.


٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولخالق بەرزنجی

هاوڕێ و هاوپۆلم، مامۆستای زمانی کوردی و نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ و لێکۆڵەر و ڕەخنەگر، عەبدولخالق بەرزنجی ...

ناوی تەواوی(عەبدولخالق کەریم ڕەشید)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە عەبدولخالق بەرزنجی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی(خانەقا)ی ناو شاری هەولێر لە دایک بووە، هەر سێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٧٥ - ١٩٧٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگرتووە و بووەتە مامۆستای زمانی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر و، دواتریش ناو شاری هەولێر، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو سەرپەرشتیار و پسپۆری زمانی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر دەستبەکار بووە تا ساڵ ٢٠١٦ بەهەمان پلە خانەنشینکراوە.



نووسەر و ڕەخنەگر
عەبدولخالق بەرزنجی
بەجاحێڵی




له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش، نووسەر و وەرگێڕ عەبدولخالق بەرزنجی



له لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولخالق بەرزنجی، شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت

مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕعەبدولخالق بەرزنجی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەخوێندنی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی و عەرەبی و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەم کردووە، لە سەرەتای حەفتاکانیش دەستی بە نووسینی وتاری ڕەخنەیی و کورتە باس و کورتە چیرۆک و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان کردووە، لە مانگی ٩ی ساڵی

١٩٧٢ یەکەم نۆبەرەی نووسینەکانی خۆی کە وتارێکی وەرگێڕدراو بووە بەناونیشانی چلەی شەهیدبوونی تێکۆشەری فەلەستینی(غسان کەنەفانی) لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە، دواتر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وتارێکی ڕەخنەیی بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی(رواية منبع المآسي)على ضوء النقد العربي، لە ڕۆژنامەی عێراق بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەتەواوی کەوتۆتە ناو دنیای نووسین و وەرگێڕان و ڕەخنەگرتن، ئەو تا ئێستا(١١)بەرهەمی پوخت و سوود بەخشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:



لە لای ڕاستەوە: نووسەری دیار و ناسراو شێرزاد حەسەن، نووسەر و وەرگێڕعەبدولخالق بەرزنجی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر محسن ئاوارە، نووسەر و لێکۆڵەر سابیر ڕەشید، نووسەر و وەرگێڕ عەبدولخالق بەرزنجی، نووسەر زرار سەرتاش، نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ محەمەد



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر مەسعود پەرێشان، نووسەر مستەفا غەفوور،**
**نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ عەبدولخالق بەرزنجی**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مەتین عەبدوڵڵا، نووسەر عەبدولخالق بەرزنجی**

- کێ کوردی بە عێراقەوە لکاند؟وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، چاپی یەکەم ٢٠١٠، چاپی دووەمیش ٢٠٢١.
- المشهد الثقافي الكوردي الحديث - قصائد وقصص، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.
- وەرگێڕانی ڕۆمانی(مرۆڤە کوێلەکان)ی نووسەر حسام بەرزنجی بۆ زمانی عەرەبی، چاپی ساڵی ٢٠١٨.
- کۆمەڵە چیرۆکی(گوڵەبەڕۆژەفرۆش)نووسینی خودی نووسەر بەزمانی کوردی و عەرەبی، ساڵی ٢٠١٨.

- (انطولوجيا الشعر والقصة الكوردية)بەرگی دووەم ساڵی ٢٠٢١، بەرگی یەکەم بەناوی(المشهد الثقافي الكوردي الحديث)بووە.
- (روايات وشعر- قرآت ونقد) رۆمان و شیعر- خوێندنەوە و ڕەخنە لە ناو یەک کتێبدا، بە کوردی و بە عەرەبی، ساڵی ٢٠٢١.
- (قصص و أساطير من العالم – چیرۆک و ئەفسانەگەلی میللەتانی جیهان)، لە نووسینی نووسەر سەمیر شێخانی، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە بۆ کوردی، ساڵی ٢٠٢١.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال مستەفا، ڕەوانشاد شاعیر خالید جوتیار، ڕەوانشاد ئیحسان ئیبراهیم، نووسەر عەبدولخالق بەرزنجی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ عەبدولخالق بەرزنجی، میدیاکار نازم کەریم سەرحەد، میدیاکار نەجمەدین عەزیز سمایل**

- (أوراق من حصاد العمر- لە پەراوێزی تەمەندا)، کۆمەڵە بەرهەمێکی پەنجا ساڵەی نووسەرە(١٩٧٢ - ٢٠٢٢) بەزمانی کوردی و عەرەبی، ساڵی ٢٠٢٢ چاپکراوە.
- (بلیتی چێشتخانەی قوتابیان - بطاقة مطعم الطلبة )دووەم کۆمەڵە کورتە چیرۆکی نووسەرە بەزمانی کوردی و عەرەبی، ساڵی ٢٠٢٣ چاپکراوە.
- دیوانی شاعیر ئارام ساڵح (نەوەک خرخاڵی خەونت بزرنگێ - کیلا یجلجل خلخال حلمكِ ) وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، ساڵی ٢٠٢٣.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر مامۆستا ئاوات حەسەن بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا، نووسەر و وەرگێڕ عەبدولخالق بەرزنجی**




**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێر و ڕەخنەگر**

- (ئاوێنەکانی منداڵی وردوخاش بوون - تهشمت مرایا الطفولة) دیوانی شیعریی ئیسماعیل بەرزنجی لەکوردییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، لە سەرەتای ساڵی(٢٠٢٠)ەوە، ئامادەیە بۆ چاپکردن.

ئەو وەکو مامۆستا و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و لێکۆڵەر چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- بەشداری لە فیستیڤاڵی(تتويج بغداد عاصمة الثقافة العربية)ی لەبەغدا کردوو کە لە(١٣ - ١٤)ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٢ ڕێکخراوە و، تێیدا دوو بڕوانامەی ڕێزلێنانی لە لایەن یەکێتیی گشتیی ئەدیبانی عیراقی پێبەخشراوە.
- بەبۆنەی ڕۆژی کەلتووری فەلەستینی و ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیری فەلەستینی(مەحموود دەروێش) لە ١٣ - ٣ - ٢٠١٩ خەڵاتی ڕێزلێنانی لە لایەن سەرکونسوڵی گشتیی وڵاتی فەلەستین پێبەخشراوە، کە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەڕێوەچووە.
- بەبۆنەی بەشداربوونی لە کۆڕی(ئەلقەی گفتوگۆو وتووێژ)دەربارەی ئەدەبی کوردی و عەرەبی کە لە ڕۆژی ١٠ - ١١ - ٢٠٢٢ لە هۆڵی(سیبان) لە بەغدا بەڕێوەچووە، خەڵاتی ڕێزلێنانی لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بەڕێز(ئاوات حەسەن) پێبەخشراوە.
- بەبۆنەی بەشداربوونی لەکۆڕی(جليل القيسي) لە شاری کەرکووک لە ڕۆژی ٢٥ - ٧ - ٢٠٢٣ بەستراوە، خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کەرکووک پێبەخشراوە.
- هەر بەبۆنەی بەشداربوون و ئامادەبوونی لە چالاکییەکانی ئەدیبانی کەرکووک و ئامادەبوونیشی لە کۆڕی ڕۆژی(الاديب العراقي) دوو خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کەرکووک پێبەخشراوە.
- بەردوام لە کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری و کۆڕی ناساندنی

کتێب و چالاکییە ئەدەبی ورۆشنبیرییەکانی شاری(هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و بەغدا)ئامادە بووە و دەبێت.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس و وەگێڕ و ڕەخنەگر عەبدولخالق بەرزنجی هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بیت لە نووسینە پوخت و جوان و سوود بەخشەکانت.

سەچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر عەبدولخالق کەریم، لەسەر داخوازیی من لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# تارا ڕەسووڵ

خانمە هونەرمەندی(نابینا)، کچە کوردێکی ئازا و بوێر و ڕێچکەشکێن، هونەرمەندی گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی خاتوو تارا ڕەسووڵ ....

ناوی تەواوی(تارا ڕەسووڵ عەزیز)ە، لە ناوەندی هونەری بە تارا ڕەسووڵ ناسراوە، ساڵی ١٩٧٥ لە گەڕەکی(سەرشەقام)ی ناو شاری سلێمانی لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە (نابینا) بووە، لە بەر نەبوونی(معهد المكفوفين- پەیمانگای نابینان) لە شاری سلێمانی، ماوەیەکی کورت چووەتە شاری هەولێر بۆ خوێندن لە پەیمانگای نابینان، بەڵام دیارە زۆر منداڵ بووە و لە بەر چەند هۆیەکی دیکەی پەیوەند بەخێزانەکەی نەیتوانیوە بخوێنێت، لە ساڵانی ١٩٩٥ - ١٩٩٦ ماوەیەک وەکو فەرمانبەر لە بەشی مۆسیقا لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٩٧ ماوەیەک چووەتە وڵاتی سووریا، دواتر ڕووی لە ئەورووپا کردووە و لە مانگی(٥)ی ساڵی ١٩٩٨ لە وڵاتی سوید گیرساوەتەوە و لە شاری ستۆکهۆڵم نیشتەجێبووە و دەستی بەخوێندنی کۆرسی زمانی سویدی و خولی کۆمپیوتەر کردووە، پاش فێربوونی زمانی سویدی و کۆمپیوتەر ساڵی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ لە بەشی مۆسیقای زانکۆی(ستۆکهۆڵم) وەرگیراوە و ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧- ٢٠٠٨ بڕوانامەکەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە.

هونەرمەند خاتوو تارا ڕەسووڵ لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە بووەتە ئەندامێکی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی ڕەوانشاد مەرزیە فەریقی، هونەرمەند تارا ڕەسووڵ، هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند پەیوەند جاف**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند رەوانشاد عەتا چاوشین، هونەرمەند تارا ڕەسووڵ، منداڵەکە(هەرێم) برای هونەرمەند تارا ڕەسووڵ**

چالاکی پارتی سۆشیال دیموکراتی سویدی لە ساڵی ٢٠١٨ کاندیدی ئەو پارتە بووە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانیی شاری ستۆکهۆڵم، لە بەر زیرەکیی و بەتوانایی خۆی لە یەکێ لە بەشەکانی شارەوانیی ستۆکهۆڵم وەکو نوێنەری پارتەکەی دەوام دەکات و زۆر چالاکانەش کاروباری ڕۆژانەی خۆی جێبەجێ دەکات، هەر بە نوێنەرایەتیی پارتی سوشیال دیموکراتی سویدی ئەندامە لە دەستەی کارگێڕیی خانوو و بەرەی شاری ستۆکهۆڵم و ئەندامیشە لە ژووری دادگای شاری ستۆکهۆڵم.

هونەرمەندی گۆرانیبێژ خاتوو تارا ڕەسووڵ لە ساڵی ١٩٩١ کە

تەمەنی(١٦) ساڵان بووە بۆ یەکەم جاربە(سروودی هەڵەبجەی شەهید) دەستی بەکاری هونەری کردووە و چووەتە ناو دنیای گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی، ساڵی ١٩٩٧ ئەو ماوەیەی کە لە وڵاتی سووریا بووە بەشداری لە ئاهەنگەکانی(نەورۆز و هەشتی ئادار) کردووە، ئەو کە لە کوردستانیش بووە چەندین گۆرانی لەگەڵ تیپەکانی مۆسیقای(سلێمانی، مەولەوی، لوور، باواجی کۆیە، پادشای گەورە و کۆمەڵی هونەر و وێژە) تۆمار کردووە، چەندین ئاهەنگ و کۆنسێرتی لە شارەکانی(سلێمانی هەولێر،



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕەوانشاد شوکر خەیات، هونەرمەند تارا ڕەسووڵ



هونەرمەند تارا ڕەسووڵ لە کۆنسێرتێکدا لە گەڵ تیپی(عامودا)لە ڕۆژئاڤای کوردستان



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند تارا ڕەسووڵ، نووسەر هیوا حەلاّقی هاوسەری













هونەرمەند تارا ڕەسووڵ لە چەند کاتێکی جیاوازدا

دهۆک، کۆیە لە ناوەوەی کوردستان و شاری ستۆکهۆڵم و شارەکانی دیکەی سوید و وڵاتانی ئەوروپا لەوانە هۆڵەندا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، دانیمارک و چەند وڵاتی دیکەش) ئەنجامداوە.

ئەو گۆرانی بەزمانەکانی(کوردی، عەرەبی، سویدی) تۆمارکردووە



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند تارا ڕەسووڵ، هونەرمەندی ئەکتەر خاتوو(عەتیە) دایکی ئاریان**

و خاوەنی زیاتر لە(٦٠) گۆرانی تۆمارکراوە لەوانە (سروودی هەڵەبجە، نەورۆز، گیان گیان، دوو هەفتە، تا مردن، ئەو یارە، دەپێم بڵێ، ئەندێشە، بەتەنیا بەجێم مەهێڵن، گۆرانی بۆ دایکی و باوکی و ئەنفال و شەهید و پێشمەرگە)ش وتووە و دوا کلیپیشی گۆرانیی(ئەی هاوسێکەی بەرپەنجەرە) یە.

گۆرانی بەدوو قۆڵی(دوێت)ی لەگەڵ هەریەک لە هونەرمەندان حەمەڕەئووف کەرکووکی و عەتا قەرەداغی و چەندانی دیکەش) تۆمار کردووە.

لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندانی ئاوازدانەر(ئەنوەر قەرەداغی، سەلاح ڕەئووف، زاهیر مەدانە، هەڵکەوت زاهیر و عەبدوڵلا جەمال سەگرمە)کاری هونەری ئەنجامداوە.

نووسەر هوشیار ئەحمەد ئەسوەد کتێبێکی بەناوی(شنەیەک بۆ هونەری کوردی) تایبەت بە ژیان و چالاکی و کارە هونەرییەکانی هونەرمەند تارا ڕەسوڵ نووسیوە و  چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

هونەرمەند خاتوو تارا ڕەسووڵ لە ساڵی ٢٠١٥ هاوسەرگیری لەگەڵ



بەرگی کتێبی شنەیەك بۆ هونەری کوردی
نووسینی وشیار ئەحمەد ئەسوەد







شاعیر و نووسەر مامۆستا هیوا حەلاق کردووە.

بۆ هونەرمەند خاتوو تارا رەسوڵ هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە کارە هونەری و سیاسی و ئیدارییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ – ماڵپەڕی MAGAZINE. NET، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ساڵی ٢٠٢٣.

٢ – مالپەڕیAVA TV، نووسینێک لە ٢٢ – ٥ – ٢٠٢٤.

٣ – ماڵپەڕی NRT٢، نووسینێک لە ٥ – ٣ – ٢٠٢٢.

٤ – ماڵپەڕیPINTEREST.

٥ – چەند زانیارییەک لە خودی هونەرمەند خاتوو تارا ڕەسووڵ خۆی، وەرگیراوە.

٦ – کوردیپیدیا.

٧ – زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ناڵە حەسەن

شاعیر و نووسەر ناڵە حەسەن...

شاعیر و نووسەر ناڵە حەسەن لە ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەکی(تەیراوە)ی ناو شاری هەولێر لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٦(المعهد الطبي - پەیمانگای پزیشکی) لە شاری مووسڵ بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٨ڕووی لە هەندەران کردووە و، ساڵی ١٩٩٩ لە وڵاتی(کەنەدا)گیرساوەتەوە و نیشتەجێبووە و تا ئێستاش هەر لەوێ دەژییێت.

شاعیر و نووسەر ناڵە حەسەن هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبی کوردی هەبووە و هەستی نەتەوایەتییشی هەر زوو نەشونمای کردووە، ئەو هێشتا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە دەربارەی جەژنی (نەورۆز) پەخشانە شیعری نووسیوە و بە مامۆستاکانی خۆی پیشانداوە، ئەوانیش هانیانداوە، ئەو کاتەی لە قۆناغەکانی خوێندنی



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس کاروان کاکەسوور، شاعیر و نووسەر ناڵە حەسەن، شاعیری دیار و ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە، شاعیر و نووسەر محسن ئاوارە



له لای ڕاستەوە: شاعیر سەباح ڕەنجدەر، شاعیر و ڕۆماننووس هیوا قادر، شاعیر ناڵە حەسەن، شاعیر ئەنوەری ڕەشی عەولا

ناوەندی و ئامادەیی بووە دەستی بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی کردووە و، گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، بەڵام لەبەر بارودۆخی سیاسیی ئەو کات لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوی نەکردۆتەوە.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ نۆبەرەی بەرهەمە شیعرییەکانی کە پارچە هەڵبەستێک بووە بەناوی(من کاروانی بەشمەینەتان جێناهێڵم) لە گۆڤاری(ڕابەر)بڵاوکردۆتەوە و لە ساڵی ١٩٩٣ش یەکەمین بەرهەمی

خۆی کە نامیلکەیەکی شیعری بووە بەناوی(مۆمێکی نوێی تەمەنم)چاپ و بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و لێکۆڵینەوە و دواتریش وەرگێڕان، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە و کۆمەڵێکی دیکەشی بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە سایتە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو(ئەمرۆ، دەنگەکان، کوردیپیدیا و چەندانی دیکەش) بڵاوکردۆتەوە و چەند بەرهەمێکیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن، تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:



لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد ڕەوانشاد شێرکۆ بێکەس، شاعیر و لێکۆڵەر ناڵە حەسەن



لە لای ڕاستەوە: شاعیر کەریم دەشتی، شاعیر ناڵە حەسەن



له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ناڵە حەسەن، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا ئازاد عەبدولواحید



له لای ڕاستەوە: شاعیر ناڵە حەسەن، دکتۆر خاتوو ئیبتسام ئیسماعیل قادر
سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ

- مۆمێکی نوێی تەمەنم ، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩٣.
- ڕەشبەڵەکی ڕۆح، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩٦.
- عەشق و بەرائەتی ئاو، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩٩.
- ڕەنگە ئیرۆسییەکانی ئاگر، شیعر، ٢٠٠٣.
- نیگایەک بەسە بۆ مردن )، شیعر، ٢٠٠٧.
- نەرسیسیزم )، وەرگێڕان، ٢٠٠٦.

- هونەر و فیگەرە جوانەکانی خەون،  لێکۆڵینەوە، ٢٠١١.
- چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی، لێکۆڵینەوە، ٢٠١٢.
- لەسەر جەستەی ڕووتت لە خاچمدە، کۆمەڵە شیعر، ٢٠١٤.
- شیعر و چەمکەکانی ، ئیرۆس و ساناتۆس و ئەبەدییەت ) ... لێکۆڵینەوە، ٢٠١٧.

ئەو بەرهەمانەی کە بەئەلیکترۆنی چاپکراون:

- ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر ) لێکۆڵینەوە و دیمانە، ٢٠١٨ .
- سارا تیسدەیل ، ژنە شاعیری ئەمریکی ) ...، نووسین و وەرگێڕان، ٢٠١٨.



له لای ڕاستەوە: شاعیر سەباح ڕەنجدەر، شاعیر و نووسەر ناڵە حەسەن، نووسەر و لێکۆڵەر سابیر ڕەشید




لەلای ڕاستەوە: شاعیر مەسعود پەریشان، شاعیر ناڵە حەسەن



ل لای ڕاستەوە: مۆسیقاژەن موئەیەد عەبدوڵڵا، شاعیر بێکەس حەمە قادر،
شاعیر و وەرگێڕ ناڵە حەسەن








شاعیر و لێکۆڵەر ناڵە حەسەن لە چەند کاتێکی جیاوازدا

- عەشق جوانترە لە مردن، شیعر( سەباح ڕەنجدەر - ناڵە حەسەن)
- کتێبی یەکەمی( دەقی تەمەن)، شیعر، ٢٠١٩.
- لە دەرەوەی ژیان دەژیم، شیعر، ٢٠٢٠.
- گەیشتن بە ڕووبەری شیعر، لێکۆڵینەوە، ٢٠٢٠.
- ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٢٠.
- کۆڵانە زەردەکە، شیعر، ٢٠٢٠.
- سوور ڕەشێکی نوێیە، شیعر، ٢٠٢١.
- من ژیانم بۆ شیعر دەوێت، کورتە شیعر، ٢٠٢١.
- دیوانی ناڵە حەسەن، بەرگی یەکەم، کۆبەرهەمی شیعر، ٢٠٢١.
- دیوانی ناڵە حەسەن، بەرگی دووەم، کۆبەرهەمی شیعر، ٢٠٢١.
- خەونی من، شیعر، ٢٠٢٣.
-داهێنان و پەنجەرەیەک بۆ ڕوانین، لێکۆڵینەوە، ٢٠٢٤.




**بەرهەمەکانی شاعیر ناڵە حەسەن**

ئـەو وەکـو نووســەر و ڕۆژنامەنـووس چەندیـن چالاکیـی دیکەشـی هەبـووە لەوانـە:

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نینا)بووە.
- یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی(کۆمەڵەی هونەری شەبەنگ).
- لـە سـاڵی ١٩٩٣ ئەندامـی لێژنـەی بـاڵای دەسـتەی ڕۆژنامەنووسـانی(ئازاد) بووە.

بـۆ شـاعیر و نووســەر و لێکۆڵـەر ناڵـە حەســەن هــەر ســەرکەوتوو و بـەردەوام بیـت لـە نووسـینی شـیعرە ناسـک و جوانەکانت و لێکۆڵینـەوە ئاسـت بەرزەکانـت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیـەک ژیاننامـە و بەرهەمەکانـی شـاعیر و نووسـەر و لێکۆڵـەر ناڵـە حەســەن، لەســەر داخوازیـی مـن لـە هەولێـر بـۆی نـاردووم، سوپاســی دەکـەم.

٢ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## حەسەن سیساوە

هونەرمەندی لاوک و حەیران و بەستەی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی، ڕەوانشاد حەسەن سیساوە....

ناوی تەواوی(حەسەن ڕەسوڵ مام خاڵە)ە، لە ناوەندی هونەری لە هەموو کوردستان بە حەسەن سیساوە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٢٦ لەگوندی(ئاری سیرەک)ی سەر بەناحیەی(هەریری)ی قەزای شەقڵاوەی پارێزگای هەولێر لە خێزانێکی جووتیار و هەژار لە دایک بووە، ئەوان لە بنەچەدا (دۆلەمەڕی)ن و خەلکی گوندی(مەزنە)ن، دیارە هەلیشی بۆ نەڕەخساوە بچێتە بەرخوێندن، هەر لە تەمەنی(١٢ - ١٤) ساڵیدا لە مەجلیس و دیوەخانی ئاغا و پیاوە ناسراوەکانی دەڤەرەکە دانیشتووە و گوێی لە سەربردوە و سەردولکە و بەیت و بالۆرە و داستان و چیرۆکە ڕەسەنەکانی کوردی گرتووە، ئەو بەهرەیەکی خۆرسکی هەبووە و توانای گێڕانەوەی ڕووداو و داستانەکانی دەڤەرەکە و هەموو کوردستانی هەبووە کە بەتام و چێژ بیانگێڕێتەوە و بیانکاتە چیرۆک و دواتریش حەیران و



هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕەوانشاد حەسەن سیساوە



ناوچەی هەریر- گوندی سیساوە


لاوک و بەستە، هەر چەندە باوکی ڕێگر بووە لەوەی کە لاوک و حەیران بڵێت، بەڵام ئەو دیارە سوور بووە لەسەر حەز و ئارەزووی خۆی، لە دیوەخانی (ئاوڕەحمان بەگی) ئاغای سیساوە حەیرانی وتووە، لە ساڵی ١٩٥٨ بە پشتگیری و یارمەتیدانی ئاوڕەحمان بەگ لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا حەیرانەکانی(غەریبم، حەیران بەربووم لە بەندێ)ی تۆمار کردووە، ئەو وەکو وەفایەک بۆ ئاغای سیساوە ناسناوی سیساوەی بۆ خۆی هەڵبژرادووە.

لـە سـالآنی ١٩٨١ تـا ١٩٩١ لـە ناوچـەی (جسـر الحديثـة) لـە ناوەڕاسـتی عێـراق ژیـاوە، هـەر ئـەو ماوەیـەش زیارەتـی شـاری (مکـة و مدینـة) کـردووە بووەتـە حاجـی، لـە گـەڵ ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ هاتۆتـەوە کوردسـتان و لـە ناوچەکـەی خۆیـان ژیـاوە، هـەر بـەردەوام بـووە لـە حەیـران و لاوک وتـن.

هونەرمەنـدی حەیـران و لاوک و بەسـتەی کـوردی حەسـەن سیسـاوە بەشـی زۆری ڕووداو و داسـتانە کوردییەکانـی بـە حەیـران یـان لاوک تۆمـار کـردووە، لەوانـە داسـتانەکانی(محەمەد و سـیۆێ، خـەج و سـیامەند، گەنـج خەلیل، حەبیب ئاغای سیاوی، ئەسمەر و مامـەر، خانزادی میری سۆران و چەندانـی دیکـەش).

لـە سـاڵی ١٩٦٨یەکـەم کاسـێتی خـۆی تۆمـار کـردووە، ئینسـتیتوی کەلەپـووری کـوردی سـیدی CDیەکـی بەناوی(بیرەوەرییەکانـی حەسـەن سیسـاوە) بڵاوکردۆتـەوە.









**هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕەوانشاد حەسەن سیساوە**



گڵکۆی هونەرمەند حەسەن سیساوە



پەیکەری هونەرمەند حەسەن سیساوە

ئەو چەندین حەیران و لاوک و بەستەی وتووە، بەڵام تۆمار نەکراون.

سەبارەت بە حەیرانبێژ حەسەن سیساوە، وەستا مۆفەق عەلی ئەندازیاری دەنگ و کەسێکی نزیک لە حەسەن سیساوە، کە زۆرترین گۆرانی و حەیرانەکانی ئەو هونەرمەندەی تۆمارکردووە، دەڵێت:(من لە ساڵی ١٩٧٠ەوە پەیوەندییم لەگەڵ حەسەن سیساوە هەیە و زۆربەی گۆرانی و حەیرانەکانیم تۆمارکردووە، حەسەن سیساوە، ناوی تەواوی

حەسـەن ڕەسـوڵ مـام خاڵەیـە، لەسـەر ناسنامەی نووسـراوە لـە سـاڵی ١٩٢٦ لـە دایـک بـووە، ڕەنگـە سـاڵێک لـەوە بچووکتـر بێـت یاخـود گەورەتـر، زۆر جـار میدیـاکان دەڵێـن سـەرووی ١٠٠ سـاڵ ژیـاوە، بـەڵام ئـەوە ڕاسـت نییـە).

ئـەو هەمـوو جـۆرە کارێکـی گرانـی کـردووە لـە جووتیـاری، قـوڕکاری، زۆر وەسـتاش بـووە لـە سـواخدانی خانـوو، خەڵکـی دەڤەرەکـەش زۆر ڕێزیـان گرتووە و، زۆریش خۆشیانویستووە، لە ڕۆژی ١٠ - ١ - ٢٠١٥ بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی (سووسووورە)ی سـەر بـە ناحیـەی (باسـرمە) بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردراوە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

لـە بـەردەم کتێبخانـەی گشـتیی ناحیـەی باسـرمە پەیکەرێـک بـۆ هونەرمەندی حەیران و لاوک و بەسـتەی ڕەسـەنی کوردی حەسـەن سیسـاوە دروسـتکراوە و داندراوە.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسایکلۆپیدیای - ئازاد.

٣ - Wikiwand.

٤ - فیلمێکـی دوکیومێنتـاری کەناڵـی هەولێـر تیڤـی، بەرنامـەی دیـداری هونەری، ئامـادە و پێشکەشـکردنی میدیـاکار شـێرکۆ بێرکۆتـی، لە ٢٠١٢.

٥ -فیلمێکـی دوکیومێنتـاری کەناڵی(نیشـتمانی مـن) ئامـادە و پێشکەشـکردنی میدیـاکار حـازم بندیـان، لـە ١٧ - ٤ - ٢٠٢٣.

٦ - ماڵپەڕی Hassan sisawe hayran- قەراج.

٧ - فیلمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی ڕەسەن، لە ٤ - ٨ - ٢٠٢٠.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# پەری شێخ ساڵح

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس خاتوو پەری شێخ ساڵح ...

شاعیر و نووسەر خاتوو پەری شێخ ساڵح لە مانگی(٤)ی ساڵی ١٩٧٠ لە گەڕەکی(سەرشەقام)ی ناو شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەر لە دایک بووە، ئەو لە نەوەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر چووەتە پەیمانگای (تەکنیکی) هەر لە شاری سلێمانی، دیارە بەهۆی چەند هەلومەرجێکی تایبەت بەژیانی خۆی، نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندن و ئێستا لە شاری سلێمانی دژیێت.

شاعیر و ڕۆژنامەنووس پەری شێخ ساڵح ئەو کاتەی قوتابیی ئامادەیی بووە حەز و ئارەزووی خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبی کوردی و عەرەبی کردووە، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی و عەرەبی و شاکارە جیهانییە وەرگێردراوەکان دەستی پێکردووە، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە و، لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە دەستی بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆیَ لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو(کوردستانی نویَ، باس، هەولێر، خەبات، نووسەر، پێرس و چەندانی دیکەش) کردووە.



له لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی، شاعیر پەری شێخ ساڵح



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەدنان کەریم، شاعیر پەری شێخ ساڵح

شاعیر پەری شێخ ساڵح تا ئێستا(٣)کۆمەڵە شیعری جوان و ناسکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کە تەمەنم ئەبێ بە با، کۆمەڵە شیعر ساڵی ٢٠٠٧.
- لەسەر شاباڵی دەریا دەنووسم، کۆمەڵە شیعر.
- خودا چۆن لێم خۆش دەبێ، کۆمەڵە شیعر.

- چەندین پارچە شیعری وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی.

شاعیر پەری شێخ ساڵح وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا، چەندین کار و چالاکیی دیکەشی لە بواری کاری ڕێکخراوەیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری نواندووە لەوانە:

- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکووک وشار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کردووە.







**شاعیر و ڕۆژنامەنووس خاتوو پەری شێخ ساڵح**



بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆژنامەنووس پەری شێخساڵح

- وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا بەبەردەوامی گۆشەی نووسینی هەبووە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو(کوردستانی نوێ و خەبات و هەولێر).
- ئەندامی کۆمەڵە(پێن-(Penی جیهانی بووە و بەشداریی چالاکیی ئەو کۆمەڵەیەی لە شاری(ئامەد)ی باکووری کوردستان کردووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(پێرس)بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نووسەر)بووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتییە.

بۆ شاعیر و ڕۆژنامەنووس خاتوو پەری شێخ ساڵح هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینی شیعرە ناسک و جوانەکانت و چالاکییەکانت لە بواری ڕۆژنامەگەریدا.


سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر خاتوو پەری شێخ ساڵح، شاعیر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا عەبدولڕەحمان فەرهادی لە هەولێر بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.-



## هەوریی

و نووسەر و ئامادەکار و کۆکەرەوە و ساغکەرەوەی تێکستی شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، مامۆستا شێخ عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی(هەوریی)...

ناوی تەواوی (شێخ عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی) یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە شاعیر(هەوریی) ناسراوە، کوڕی(لوتفی)ی شاعیرە، کە دوایین شاعیری کلاسیکی شاری کەرکووک بووە، لە ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی(کەڵوڕ)ی سەر بەناحیەی(پردێ- ئاڵتون کۆپری)ی پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی ئایینی و کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەو لە نەوەی شێخ محێدینی کەرکووکە کە لە ساڵی ١٧٦٥ تەکییەی لە شاری کەرکووک داناوە، شێخ لەتیفی باوکی، کە بە (لوتفی)ی شاعیر ناسراوە کوڕی شێخ ڕەزا کوڕی شێخ مەعروف کوڕی شێخ فەتاح شێخ حەسەنە، ئێستا کۆنترین گۆڕستان لە شاری کەرکووک گۆڕستانی(شێخ محێدین)ە، تەکییەکەش هەر لە بەردەم گۆڕستانەکەیە.

هەوریی شاعیر سەرەتا لە(حوجرە)قورئانی پیرۆزی خوێندووە، دواتر ماڵیان هاتۆتە شاری کەرکووک و قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، لە بەر سەختی و دژواریی ژیان نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندن،



له لای ڕاستەوە: مامۆستا شێخ محەمەدی لوتفی، نووسەر و وەرگێڕ عەبدولسەتار جەباری، نووسەر و وەرگێڕ تاریق کاریزی، شاعیر و نووسەر هەوریی، مامۆستا سەید حەسەن پیریادی



له لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ ئەحمەد تاقانە، شاعیر و نووسەر هەوریی

هەر لە تەمەنی لاوێتیدا چووەتە ناو کۆڕی خەبات و کوردایەتی، بەم هۆیەشەوە چەندین جار دەستگیرکراوە، لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ ماوەی ساڵێک زیندانیکراوە و، دواتر بە لێبووردنی گشتی ئازادکراوە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان، پاش نسکۆی

شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥ ئـاوارەی ئێـران بـووە و، مـاوەی سـاڵێک لەکەمـپ (ئۆردوگا)ی(کامیاران) ژیاوە و، دواتر هاتۆتـەوە باشـووری کوردسـتان و، لـە شـاری سـلێمانی نیشـتەجێبووە، وەکو(مراقب- چاودێر) لـە بەڕێوەبەرایەتیـی ڕێگاوبانـی سـلێمانی دامـەزراوە و ئێسـتاش خانەنشـینە و هـەر لـە شـاری سـلێمانی دەژییێت.

شـاعیر و نووسـەر هەوریی لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٥ دەسـتی بە نووسـینی



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا شێروان کەرکووکی، مامۆستا شێخ محەمەدی لوتفی، شاعیر هەوریی، نووسەر تاریق کارێزی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر هەردەوێڵ کاکەیی، نووسەر ئەحمەد تاقانە، شاعیر هەوریی**

شیعر و شیعری چوارینە لە سەر کێش و سەروای کوردی(خفیف- سووک) کردووە، یەکەمین نۆبەرەی بەرهەمە شیعرییەکانی خۆی بەناوی شاعیرێکی نادیار ساڵی ١٩٧٣ لە ڕۆژنامەی(شارەوانی)ی هەولێر بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکان و بابەتی دیکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان لەوانە(هاوکاری، بەیان، ڕەنگین، بانەڕۆژ، کەرکووکی نوێ، پەیامی کەرکووک، کانیاو، برایەتی، باسەرە و چەندانی دیکەش)، بەردەوامیش بووە لە کۆکردنەوە و ئامادەکرن و ساغکردنەوەی دەستنووس و تێکستی(لوتفی)ی شاعیری باوکی و پەندی پێشینان و بابەتی هەمەجۆری دیکە، ئەو تا ئێستا ئەم




**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر هەوریی**



بەرهەمانـەی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە:

- دیوانـی لوتفـی، چاپـی یەکـەم، بەیارمەتـی ئەمینداریێتیـی ڕۆشـنبیری و لاوانـی ئۆتۆنۆمـی لـە هەولێـر سـاڵی ١٩٨٤ چاپ و بڵاوکراوەتـەوە، چاپـی دووەم کە کۆمەڵێـک شـیعری دیکـەی لەخۆگرتـووە، کـە لـە چاپـی یەکەمـدا نەبـوون، دەزگای شـەفەق، سـاڵی ٢٠٠٧ چـاپ و بڵاوی کردۆتـەوە، چاپـی سـێیەمیش کۆمەڵـەی ڕووناکبیـری و کۆمەڵایەتیی کەرکـووک سـاڵی ٢٠١٣ بـڵاوی کردۆتـەوە.
- چوارینەکانـی هەوریـی، بەرگـی یەکـەم کە(١٠٠٠)چوارینـە لەخۆدەگرێـت، مامۆسـتا و نووسـەر ڕەوانشـاد کەریـم شـارەزا پێشـەکی بـۆ نووسـیوە، سـاڵی ٢٠٠٧ چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.
- دیوانـی هەوریـی، کە(٥٠٠)لاپەڕەیـە، بەیارمەتیـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوانـی هەرێمـی کوردسـتان، سـاڵی ٢٠١١ بڵاوکراوەتـەوە.
- کتێبی(گەوهەرێکـی ون بـوو) کـە کۆمەڵێـک شـیعر و پەخشـانە دەربـارەی نەقیبـی پۆلیـس ڕەوانشـاد(ئەردەلانی کـوڕی هەوریـی شـاعیر)کە لـە تەقینـەوە تیرۆریسـتییەکەی شـاری کەرکـووک لـە لایـەن داعـش شـەهید بـووە، سـاڵی ٢٠١١ چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.
- کتێبی(پەنـدی پێشـینان ڕێ نیشـاندەری ژیـان) کـە(٦٠٦) پەنـدی کـوردی لەخۆدەگرێت، نووسـەر شـیکردنەوەی بۆ(٥٥٠)پەنـد کـردووە، مامۆسـتا و نووسـەر حەمـە سـەعید زەنگەنـە پێشـەکی بۆ نووسـیوە، لـە لایەن یەکێتیی نووسـەرانی کـورد- لقی کەرکـووک سـاڵی ٢٠١٣ چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.
- چوارینەکانـی هەوریـی، بەرگـی دووەم، کە(٤٨٠)چوارینـە لـە خۆدەگرێـت، مامۆسـتا نووسـەر ئەحمـەد تاقانـە پێشـەکی بـۆ نووسـیوە و سـاڵی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتـەوە.
- چوارینەکانـی هەوریـی، بەرگـی سـێیەم، کە(٥٠٠)چوارینـە لـە خۆدەگرێـت،

دیسـان مامۆسـتای نووسـەر ئەحمـەد تاقانـە پێشـەکی بـۆ نووسـیوە و سـاڵی ٢٠٢٢ چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە..


- چەندین دەستنووسی ئامادەیە بۆ چاپ.
- چەندین جاریش خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بـۆ شـاعیر و نووسـەر هەوریـی هـەر بـەردەوام و سـەرکەوتوو بیـت لـە نووسـینی شـیعر و چوارینـە ناسـک و جوانەکانـت و کارە ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامـە و بەرهەمەکانـی شـاعیر هەوریـی، نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس مامۆسـتا تاریـق کارێـزی لـە کەرکـووک بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەعدون کاکەیی

ئـەو بەسـروودی(ئەی وەتـەن نـاوت شـیرینە)چووەتە نـاو دنیـا هونـەری گۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی.

هونەرمەنـدی مەقـام و گۆرانـی و بەسـتەی ڕەسـەنی کـوردی، مامۆسـتا سـەعدون کاکەیـی...

ناوی تەواوی(سـەعدون عەلیدایی دەرویش فەرەج)ە، لـە ناوەندی هونەری بە سـەعدون کاکەیی ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٦٨ لە کەنـاری ڕووبـاری ئەلوەند (ئەلـوەن) لـە شـارە جوان و ڕەنگینەکـەی (خانەقین) لـە خێزانێکی هونەردۆست و کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە شـاری بەغدا تەواوکردووە، دواتر سـاڵی ١٩٩٧(معهد المقامـات العراقیة - پەیمانگای مەقاماتـی عێراقی)هـەر لـە بەغدا تەواوکردووە، ئەو لـە هیـچ دام و دەزگایەکـی حکومـی و ناحکومـی دانەمـەزراوە، هـەر بـە هونەرەکـەی بژێوی ژیانـی خۆی و خێزانەکـەی دابیـن کـردووە و ئێسـتاش لـە شـاری هەولێـر دەژییێت.

هونەرمەنـدی مەقـام و گۆرانـی و بەسـتەی ڕەسـەنی کـوردی سـەعدون کاکەیـی لـە خێزانێکـی هونەردۆسـت بـووە، عەلیدایـی باوکـی هاوڕێـی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند سەعدون کاکەیی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولقادر عەلی مەردان



له لای ڕاستەوە: خاتوو هاوسەری میدیاکار نازم کەریم سەرحەد، میدیاکار نازم کەریم سەرحەد، هونەرمەند سەعدون کاکەیی

هونەرمەندی گەورەی کورد ڕەوانشاد (عەلی مەردان)بووە و ئامێری(نای) ژەنیوە، دەرویش فەرەجی باپیریشی مەقامزان بووە، بۆیە هونەرمەند سەعدون کاکەیی هەر لە منداڵییەوە عیشق و خولیای مۆسیقا و ئاواز و گۆرانیی کوردی و عەرەبی بووە، ئەو گۆرانی بە شێوەزارەکانی (سۆرانی، کرمانجی، هەورامی، کەڵهوڕی)ی و بە زمانی عەرەبیش چەندین گۆرانی وتووە، بۆ یەکەم جار بەسرووودی(ئەی وەتەن ناوت شیرینە) چووەتە ناو

دنیای هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی کە لە ئاوازی خۆی بووە و، ئیدی بەردەوام بووە لە کارە هونەرییەکانی و، شارەزاییەکی زۆر باشیشی لە مەقاماتی کوردی و عەرەبی هەیە، لەسەر دەستی دکتۆر(یەحیا ئیدریس لە چاڵغی بەغدادی) زیاتر لە(٢١) مەقامی تۆمارکردووە، چەندین مەقامی لە مەقامەکانی(ئای ئای، ئەڵڵاوەیسی، قەتار خاوکەر، ڕەست، خورشیدی، ماهور، سەبای مەنسوری، حیجاز، بەیات، سێگاە، چوارگاە و پێنجگاە) تۆمارکردووە.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند سەعدون کاکەیی، هونەرمەند مەزهەری خالقی



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، نەناسراوە، هونەرمەند سەعدون کاکەیی




له لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەلی وەندی، هونەرمەند سەعدون کاکەیی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند سەعدون کاکەیی، هونەرمەند عومەر دزەیی

ئەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای(لوڕ)لە سلێمانی کە مامۆستای هونەرمەند و ئاوازدانەر نزار زێوەیی سەرپەرشتیاری بووە و، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی، تیپی مۆسیقای هەولێر، تیپی مۆسیقای دەربەندیخان، تیپی مۆسیقای کەرکووک- خانەقین) کاری هونەری ئەنجامداوە، تا ئێستا دوو ئەلبۆمی گۆرانی بەناوەکانی (یار، عاشقانە) و چەندین گۆرانی بەدەنگە خۆشەکەی تۆمار کردووە لەوانە گۆرانییەکانی

(خاڵۆ، مەیلەگێنە، هەبوونەبوو، باران بارانە، نەنەنە نەکەی، ئەرمەنی لامەزەو، شیرین تەشی دەڕێسێ، هەورامی شێوە، ئەی یار ئەی یار، خۆم و عودەکەم، ئەی هاوسێکەی بەر پەنجەرە، ئامۆزا گیان، بەو بەو، مەقامی تایبەتیشی بۆ ئەلوەند وتووە و چەندانی دیکەش).

ئەو بەدوو قۆڵی(دویێت)ی لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان(عەلی وەندی، یاس خدر، لوقمان سەلیم، ئەمەل سەعید، قاسم هەورامی، گۆران نوری، ئەحمەد دەرویش) وتووە، بەم زووانەش خوا یار بێت لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو و دیار، خەلیل وەندیش دویێتێک تۆمار دەکات.

هونەرمەند سەعدون کاکەیی لەگەڵ هونەرمەندانی ئاوازدانەر هەر یەک لە(حەسەن دڵسۆز، ئەحمەد جەمال، شێرزاد سەرسپی) کاری هونەری ئەنجامداوە و بەشی زۆری گۆرانییەکانیشی بە شێوەزاری کەلهوڕییە و لە ئاوازی خۆیەتی.

بەشداریی بەشی زۆری بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی لە شارەکانی (بەغدا، سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، دهۆک و شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان) کردووە و، ئاهەنگ و کۆنسێرتیشی گێڕاوە و بەشداریشی لە فیستیڤاڵی ناودارانی کورد لە شاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە.

هونەرمەند سەعدون کاکەیی ساڵی ١٩٩١ هاوسەرگیری کردووە و



هونەرمەند سەعدون کاکەیی لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەورەمان



**هونەرمەندی مەقام و گۆرانی و بەستەی ڕەسەنی کوردی سەعدون کاکەیی لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

خاوەنی کوڕێک و کچێکە بە ناوەکانی(حەبیب، نور)، خوا تەمەن درێژیان بکات.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی هونەرمەندی گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردی سەعدون کاکەیی، بە تەلەفۆن لە خۆیم وەرگرتووە.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەمید ڕەشاش

نووسەری فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپووری رەسەنی کوردی، پێشمەرگەی دێرینی سەرەتای شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ ڕەوانشاد حەمید ڕەشاش ....

ناوی تەواوی(حەمید حسێن تەها مەولوود)ە، لە ناوەندی پێشمەرگایەتی و ئەدەبی بە حەمید ڕەشاش ناسراوە، لە ساڵی ١٩٣١ لە گوندی(قەیباشی) ی دەوروبەری شارۆچکەی(پردێ - ئاڵتون کۆپری)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەوان لە بنەچەدا خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتین، لە ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ بژێوی ژیانی خۆی بووەتە سەربازی(خۆبەخش- متطوع) لە سوپای عێراق، هەر لە گەڵ هەڵگیرساندنی یەکەم چەخماخەی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، ڕۆژی ١٦ - ٩ - ١٩٦١ بووەتە پێشمەرگەی کوردستان، ئەو لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول هەر یەک لە(مەلا عەولای حاجی سمایل ناسراو بە مەلا ماتۆڕ، مەحموود کاوانی، حەمید کاوانی، مام تەها کاوانی، عەریف سلێمان، خورشید شێرە، ئیسماعیل



له لای ڕاستەوە: نووسەر حەمید ڕەشاش، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا ئازاد عەبدولواحید



له لای ڕاستەوە: مامۆستا هوشیار سەرهەنگ، نووسەر حەمید ڕەشاش، ڕەوانشاد مەلا محەممەد بەحرکەیی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس هیوا سەرهەنگ

سەرهەنگ، ئیسماعیل حسێن و چەندین قارەمانی دیکەش) لە چیای سەفین(قەڵای شۆڕش و کوردایەتی) و ناوچەی هیران و نازەنین درێژەیان بە خەبات داوە، ئەو وەکو پێشمەرگەیەکی قارەمان بەشداریی بەشی زۆری داستانەکان و شەڕە سەختەکانی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە، لە بەر ئەوەی هەڵگری چەکی(ڕەشاش) بووە ڕەوانشاد مام جەلال خۆی نازناوی (ڕەشاش)ی پێبەخشیوە، لە ساڵی ١٩٦٤ وەکو پێشمەرگەیەک لەگەڵ (١٣) لە ئەندامانی سەرکردایەتیی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی

کوردستان چوونەتە (هەمەدان)، پاش نزیکەی زیاتر لە ساڵێک گەڕاونەتەوە کوردستان و، درێژەی بەخەباتی خۆی داوە تاوەکو ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، پاش ڕێککەوتننامەی ئادار بەپلەی(نائب ضابط - جێگری ئەفسەر) چۆتەوە سەر کارەکەی خۆی لە سوپای عێراق تا ساڵی ١٩٨٨ خانەنشین بووە، ئەو ماوەیەش کەم و زۆر پەیوەندی و چالاکی لەگەڵ شۆڕشی نوێی گەلەکەمان هەبووە، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و، دواتریش وەکو ئەندام لە ڕێکخراوی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان درێژەی بەخەبات داوە، زیاتر خەباتی ئەو نووسەر و پێشمەرگە قارەمانە



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا مەجید حەمید ڕەشاش،**
**ڕەوانشاد نووسەر حەمید ڕەشاش، مامۆستا فەرهاد حەمید ڕەشاش**



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا فوئاد چەلەبی، نووسەر حەمید ڕەشاش، نووسەر خاتوو بێریڤان سەرهەنگ**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمید ڕەشاش، میدیاکار نەجمەدین عەزیز سمایل،**
**ڕەوانشاد عوسمان قادر مەحموود سارمەمی**

بۆ پسپۆرانی بواری مێژوو و سیاسیی و پێشمەرگایەتی لێدەگەڕێین.

نووسەر و پێشمەرگە حەمید ڕەشاش هیچ ڕۆژێک لە قوتابخانە یان لە حوجرەی مەلا نەیخوێندووە، بەڵام زۆر حەزی لە زمان و ئەدەب و کەلتوور و کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی بووە، لە تەک پێشمەرگایەتی خۆی فێری خوێندن و نووسین کردووە، بۆیە پاش ساڵانی ٢٠٠٠ دەستی بە کۆکردنەوەی و ئامادەکردنی بابەتی کەلتووری و نووسینەوەی یادەوەرییەکانی کردووە و، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، ئەو بەردەوام بوو لە نووسینەکانی و،(٤) کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- پەندی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠.
- ژیانی کوردەواری، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.
- هەوارگەی وشەو کەلەپووری کوردەواری، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی نما، چاپی یەکەم و دووەم، هەولێر، ٢٠١٢، ئەم کتێبە بەدەنگی خاتوو ڕۆژگار شادی وەکو کتێبێکی دەنگیش تۆمار کراوە.
- هەگبەی زاراوە ڕەسەنەکان، بەشی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە .



ئارامگەی نووسەری ڕەوانشاد حەمید ڕەشاش و هاوسەرەکەی مەلەك محەمەد عەبدوڵڵا




بەرهەمەکانی نووسەر حەمید ڕەشاش

- حەمید رەشاش ، تولە ڕێیەکانی کوردایەتی، دیدار و ئامادەکردنی نووسەر ستار محەمەدئەمین، هەولێر، ٢٠٢٢.

نووسەر حەمید ڕەشاش چەندین چالاکی هەبووە لەوانە:

- لە سالآنی پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو ئەندامێکی چالاک لە ڕێکخراوی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان ڕۆڵێکی چالاکی هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو شاری هەولێر و دەوروبەری.

- چەندین وتار و کورتەباس و گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لەگەڵ کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییە کوردییەکان کردووە.
- پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی شارەکانی(هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، کۆیە)هەبووە و لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیش ئامادە بووە.

نووسەر حەمید رەشاش ساڵی ١٩٥٦ هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەوانشاد خاتوو(مەلەک محەمەد عەبدوڵڵا) کردووە و خاوەنی هەشت کوڕ و چوار کچ بوونە بەناوەکانی(مەجید، فەرهاد، ڕەوانشاد شەماڵ، شازاد، بەختیار، دڵدار، ڕزگار، کەوسەر، شیرین، نەورۆز و نێرگز) خوا تەمەن درێژیان بکات.

- نووسەر حەمید ڕەشاش پاش ماوەیەک نەخۆشکەوتن لە ڕۆژی ٢١ - ١ - ٢٠٢٢ کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینساکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی Kurd collect، نووسینێکی نووسەران(محەمەد مەردان و ڕێبوار حەمە تۆفیق) لە ٢١ - ١ - ٢٠٢٢.

٤ - ماڵپەڕی گەلی کوردستان، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٠٢٢.

٥ - ماڵپەری مامۆستا و نووسەر و مێژوونووس عەبدولڕەقیب یوسف، دیدار لەگەڵ نووسەر حەمید ڕەشاش، لە ساڵی٢٠١٧.


٦ -زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دكتۆر فەرهاد مستەفا ئەتروشی

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و پزیشکی پسپۆری بواری ئێسقان و شکان، دکتۆر فەرهاد مستەفا ئەتروشی...

ناوی تەواوی (فەرهاد مستەفا موسا مستەفا یونس)ە، بەدکتۆر فەرهاد ئەتروشی ناسراوە، لە ١ - ٥ - ١٩٦٨ لە شارەدێی(ئەتروش)ی سەر بەقەزای(شێخان)ی پارێزگای(مووسڵ ئەو کات) و ئێستاش سەر بە پارێزگای (دهۆک) ە، لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە گەرمەی هێرشکردنە سەر کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە لایەن ڕژێمی ئەوسای عێراق ماڵیان چووەتە شارۆچکەی(عەین سفنێ)ی سەر بە ناوەندی قەزای شێخان، لە ساڵی ١٩٦٧ باوکی بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، ئەو خۆی و دایکی و خوشک و براکانی و



نووسەر دکتۆر
فەرهاد ئەتروشی بەمنداڵی




له ڕاستەوە: د. تیشك سەرۆکی بەشی پزیشکی لە زانکۆی کوردستان، قوتابی کۆلێژی پزیشکی بنیامین فەرهاد مستەفا، د. پرۆفیسۆر کیز شارپ (Dr Keith sharp) سەرۆکی زانکۆی کوردستان،



له ڕاستەوە: نەخشەسازی ڕۆژنامەنووس عوسمان پیرداود،
نووسەر و پزیشکی پسپۆری بواری ئێسقان و شکان دکتۆر فەرهاد مستەفا ئەتروشی

باپیری لە(عەین سفنێ)ماونەتەوە، پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ،باوکی هاتۆتەوە ناویان و ماڵیان چووەتە (ناوپردان)، لە ساڵی ١٩٧٣ ئەو کاتەی تەمەنی(٥) ساڵان بووە وەکو(گوێگر-مستمع) لە قوتابخانەی (قصر الاسلام) هەر لە ناوپردان چووەتە بەرخوێندن، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بە خاوخێزانەوە ئاوارەی ئێران بووینە و وەکو پەنابەر لە ئۆردوگای(زێوە)سەر بە پارێزگای(ورمێ) نیشتەجێبووینە، پاش نسکۆی شۆڕش لە ئاداری ١٩٧٥ چوونەتە پارێزگای(ئەسفەهان)هەر لە ئێران، هەر هەمان ساڵ لەوێ دەستی




نووسەر و دکتۆر فەرهاد ئەتروشی بە جلی کوردی

بە خوێندنی سەرەتایی بە زمانی فارسی کردووە و ساڵی ١٩٨٦ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواوکردووە و، دواتریش لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی ئەسفەهان وەرگیرا و بەردەوام بووە لە خوێندنی زانستی پزیشکی تا بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی(نەشتەرگەری ئێسقان و شکان- جراحة العظام و الکسور-Orthopedic surgery)) بەدەستهێناوە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هاتوونەتەوە باشووری کوردستان و ئێستاش لە زانکۆی هەولێری پزیشکی و زانکۆی جیهان وانەی زانستی پزیشکی دەڵێتەوە و عیادەشی لە هەولێر هەیە و بەردەوامە لە خزمەتکردن لە بواری پزیشکی و پسپۆری خۆی.

دکتۆر فەرهاد ئەتروشی وەکو نووسەر لە بواری پزیشکی(ئێسقان، منداڵ، ژنان، وەرزش و سوودەکانی و بابەتی دیکەش)چەند بەرهەمێکی سوودبەخشی بەزمانی فارسی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:




نووسەر و دکتۆر فەرهاد ئەتروشی، لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری

- شـــایعترینهای ژنـــان و مامایی(القابـــلات اکثـــر شـــیوعا - مامانـــه زیاترناسـراوەکان یـان مامانـه زیاتـر دیـارەکان)، بـە زمانـی فارسـییە، ئـــەم کتێبـــە وەکـــو کتێبـــی(دەورەی یەکەمـــی ســـاڵ) بـــۆ خوێندنـــی قوتابیـــان لـــە ئێـــران هەڵبژێـــردراوە ١٩٩٥.
- کتێبی(مبانـــی طـــب داخلـــی سیســـیل -اساســـیات الطـــب - بنەڕەتـــی زانســـتی پزیشـــکی)١٩٩٥.
- کتێبی(بیماریهـای دسـتگاە تنفـس - سـلامة جهـاز التنفـس- ڕێکارەکانـی هەناسـەدانی تەندروسـت)١٩٩٦.
- کتێبـــی( بەرزگریـــدە بیماریهـــای کـــودکان - طـــب و امـــراض الاطفـــال- نەخۆشـــییەکانی منـــداڵان).
- کتێبی(بهبـود دردهـای کمـر، حـرکات ورزش در آب بـرای- تخفیـف الآم الظهـر- کەمکردنـەوەی ئـازاری پشـت)١٩٩٦.
- کتێبـی(ورزش درآب - تماریـن او ریاضـة تحـت المـاء- وەرزشـی ژێـر ئـاو)١٩٩٧.
- چەندیـــن وتـــار و کورتـــە باســـی لـــە بـــواری زانســـتی پزیشـــکی بـــە زمانـــی فارسـی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە زانسـتییەکانی ئێـران لەوانـە



وانە گووتنەوە زانکۆی هەولێری پزیشکی بەشی چارەسەری سروشتی



سوپاس و پێزانین




بەدەستهێنانی پلەی ڕیزبەندی زانایانی جیهان و زانکۆکان

گۆڤاری(ئیتلاعاتی زانستی ئێرانی) بڵاوکردۆتەوە.

دکتۆر فەرهاد ئەتروشی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفراس و کۆنگرەی زانستی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، لەوانە لە وڵاتانی (قەتەر،عەرەبستانی سعودی،هندستان، تورکیا، ئێران و بەلجیکا) کردووە.
- ئەو وەکو قوتابییەکی زیرەک و بەتوانا ناسناوی قوتابی(نموونەیی) لە لایەن زانکۆی ئەسفەهان لە ئێران پێبەخشراوە، هەر بەم بۆنەیەشەوە چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لە لایەن سەرۆکی مەجلیسی شوورا و سەرۆکی پەرلەمانی ئێرانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش.




- ئەو وەکو وەرزشکار لە وەرزشی(تایکۆندا) یەکەم بووە لە سەر ئاستی پارێزگای ئەسفەهان و خاوەنی (الحزام الاسود- پشتینەی ڕەش)ـە.
- وەکو خۆشنووسیش تابلۆی(عیادة- نۆرینگە) کەی خۆی بەدەست و پەنجە ڕەنگینەکەی خۆی نووسیوە و، چەندین پۆستەری پزیشکیشی دروست کردووە.
- ئێستاش لە هەولێر بەردەوامە لە



بەرهەمەکانی نووسەر و دکتۆر فەرهاد ئەتروشی

خزمەتکردن و عیادەکەی هەردەم کراوەیە بە ڕووی نەخۆشە هەژار و دەستکورتەکان.

دکتۆر فەرهاد ئەتروشی هاوسەرگیری کردووە و، خاوەنی یەک کوڕ و یەک کچە بە ناوەکانی(بنیامین و باران) خودا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆیشی هەر بەردەوام بێت لە خزمەتی زانستی پزیشکیی و مرۆڤایەتی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر و دکتۆر فەرهاد ئەتروشی، هونەرمەندی دیزاینەر مامۆستا عوسمان پیرداود بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئاسیا خەلیل

یەکەمین کچە کوردی ڕۆژئاڤا بووە کە لە بەردەم دادگاکانی ڕژێمی بەعسی سووریا وەستاوە و بەرگری لە خۆی و میللەتەکەی کردووە.

شاعیر و نووسەر و میدیاکار و زیندانی سیاسی خاتوو ئاسیا خەلیل لە ڕۆژئاڤای کوردستان...

شاعیر و نووسەر و میدیاکار خاتوو ئاسیا خەلیل لە ١٥ - ١٢ - ١٩٦٩ لە شاری(دێرک)ی سەر بە پارێزگای(حەسەکە) لە ڕۆژئاڤای کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری دێرک تەواو کردووە و، دواتر پەیمانگای تەندروستی لە شاری حەسەکە بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە، دیارە لە بەر کوردبوونی و هەڵوێستە سیاسییەکانی لە هیچ دام و دەزگایەکی ڕژێمی ئەوسای سووریا دانەمەزراوە، هەر لە بەر ئەو هەڵوێستانەشی ساڵی ١٩٩٢ دەستگیراوە و خراوەتە زیندان، ئەو ماوەی چوار ساڵ لە ژوورە تاریکەکانی زیندان ئازار و ئەشکەنجەیەکی دەروونی و جەستەیی دراوە، بەڵام وەکو کچە کوردێکی ئازا و دلێر زۆر بوێرانە لە بەردەم(دادگا ئەمنییەکان)ی رژێمی بەعسی سووریا وەستاوە و بەرگری لە خۆی و مافی میللەتەکەی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٦ ئازادکراوە، بەڵام لە هەموو مافێکی



لە لای ڕاستەوە: شەشەم کەس شاعیر ئاسیا خەلیل، ئەوانی دیکە قوتابییانی بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆی سەلاحەدین، وێنەکە لە کۆڕێکی شیعریدا گیراوە کە بۆیان ساز کردووە.




لە لای ڕاستەوە: نووسەری عێراقی عەلی ئەلقەیسی، نووسەر دکتۆر محەممەد عەلی سوەیرەکی لە کوردانی ئوردن، شاعیر و نووسەر شەمال ئاکرەیی، شاعیر و نووسەر ئاسیا خەلیل، نووسەرێکی عەرەبی عێراقی(نەناسراوە) وێنەکە لە فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری دهۆك گیراوە

مەدەنی لە دامەزراندن و کڕینی مولک و ماڵ و هەتا دەرهێنانی(پاسەپۆرت – جوازسفر)یش بێبەشکراوە و قەدەغەی سەفەرکردنیشی لەسەر بووە، لە سووریا ساڵی ٢٠١٣ توانیویەتی ڕوو لە باشووری کوردستان بکات و لە شاری هەولێر گیرساوەتەوە و نیشتەجێبووە.

شاعیر و نووسەر ئاسیا خەلیل هەموو خوێندنەکانی بەزمانی عەرەبی خوێندووە، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە شیعر و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی و عەرەبی بووە، ئەو بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی

و نوێخوازی کوردی لەوانە شیعرەکانی(مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران، جەگەرخوین، سەیدایێ تیرێژ، دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری، بەدرخان سندی، موئەیەد تەیب، کۆنێ ڕەش و چەندانی دیکەش) دەستپێکردووە، دواتر گرۆگاڵی شیعر نووسینی بەزمانی عەرەبی و کوردی کردووە، لە بواری ئەدەبیاتی(زیندانی) داهێنانێکی بەرچاوی کردووە، ئەو لە بەرهەمە شیعرییەکانی هەموو ئەو ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆژانی سەخت لە تاریکیی ژوورەکانی زیندان و خەمی خۆی و هاوڕێ ژنەکانی لە زیندان و خەمی میللەتە بەشخوراوەکەی لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، هەموو ئەو



**شاعیر ئاسیا خەلیل لەگەڵ کەس و کاری لە پیشانگایەکی هونەری لە هەولێر**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئاسیا خەلیل، شاعیر و نووسەر خاتوو ئەڤین شکاکی، نووسەر و میدیاکار مامۆستا خالید جەمیل**

مەینەتەی تێکەڵ بەخەیاڵی ناسکی خۆی کردووە و تابلۆی شیعری جوانی پێنەخشاندووە، بەشی زۆری بەرهەمەکانی تام و بۆی ئەدەبی(مقاومة - بەرەنگار یان بەرگری) لێدێت.

ئەو تا ئێستا تەنها یەک دیوانی شیعری چاپ و بڵاو کردۆتەوە کە ئەمەیە:

- دیوانی شیعری(أهب أصابعي إلى خواتم النور)لە ساڵی ٢٠١٠ لە(دار الغوون)لە بەیروت پایتەختی وڵاتی لوبنان چاپکراوە، ئەو خۆی تا



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر ڕەوانشاد جەلال زەنگابادی، شاعیر ئاسیا خەلیل




لە دیداری(عەنتاب)لە باکووری کوردستان لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، شاعیر ئاسیا خەلیل

سالّی ٢٠١١ دیوانە چاپکراوەکەی خۆی نەدیبوو.
- دیوانیکی شیعری بەزمانی کوردی ئامادەیە بۆ چاپ.
- دیوانێکی شیعری دیکەشی بەزمانی عەرەبی ئامادەیە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- چەندین شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەری کورد و عەرەب، تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر ئاسیا خەلیل لەوانە(ڕەوانشاد جەلال زەنگابادی، نووسەر سەڵاح حەسەن، دکتۆر بورهان ئەلشاوی و نووسەر و میدیاکار خالد جەمیل).
- شاعیر و نووسەر و وەرگێر حەسەن سلێڤانی لە کتێبی(قصائد من کردستان)چەند پارچە شیعرێکی شاعیر ئاسیا خەلیل-شی وەرگێڕاوە.
شاعیر و نووسەر ئاسیا خەلیل وەکو نووسەر و میدیاکارێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:
- ئەو زیاتر بایەخ بە چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و چالاکیی مەدەنی دەدات، خۆبەخشانە لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی مەدەنیی تایبەت بە ئاوارەکان و دۆزی کورد کاری کردووە لەوانە ڕێکخراوی(بەرچاو).




شاعیر و نووسەر خاتوو ئاسیا خەلیل لە دوو کاتی جیاوازدا



بەرهەمی شاعیر ئاسیا خەلیل

- وەک موحەریر و(بێژەر- مذیع)و ماوەی ساڵێک و چەند مانگێک لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کاری کردووە.
- وەکو موحەریری(اخبار - هەواڵەکان) و نووسینی ڕاپۆرت و تەلەفزیۆنی زاگرۆس و دواتر کەناڵی کوردستان تیڤی و تا ئێستاش بەردەوامە.
- چەندین دیدار و چاوپێکەوتن و بەرنامەی بۆ ڕادیۆی(بەرچاو)ئەنجامداوە.
- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری لە باشوور و باکووری کوردستان کردووە و دەکات.

بۆ شاعیر و نووسەر و میدیاکار خاتوو ئاسیا خەلیل هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینی شیعرە ناسک و جوانەکانت.

وا چەند پارچە شیعرێکی شاعیر ئاسیا خەلیل- تان بۆ دەنووسینەوە:

**(١)**

**شنگال**

تو ب کیڤە دچی؟
_ بەرەڤ یزدان
ما قیامەت رابوو؟
_ نەخێر.. مرۆڤاتی نڤست و هۆڤاتی
شیار بوو.
****
چیایێ شنگالێ دوورە
و دلێ من پچووک ێ
د شەواتا تهنیبوونێ دا

مەلەڤانییێ دکە
من ب تنێ نەهێلن
****

لەهیا تارییێ بسەر من دا هات
ئالاییێن رەش و دەستێن ب قرێژ
بەژن وبالا من دلالێ
دئاڤێژن ئەردێ
و حەفتی و چار برینێن نەژبیر کری
د گەودەیێ من دا
دکۆلن
****
رەشە بایە ..
لەهیا تارییێ یە و
چاڤێن مرۆڤاتییێ گرتینە
هاوار دکم
هووو شنگالێ
راستی یا دوماهییێ
لسەر تەختێ بازرگانی یا ڤێ جیهانێ..
جیهانا کو
د وێنەیێن خوینی دا
ل کوشتنا من دنێرە
و روندکێن گونەهبار
دبارینە .
****

(٢)

**عاموودا**

ل دۆرا برينا ته يا مينا دەرگەهەكى
د بەندەمانا چوويان دا ڤەكرى يە
د گەرم
و د گوهێن جەنگێن بێ مفاد ا
قير دكم
هۆۆۆۆ جەنگا مرنێ
جەنگا كينێ
جەنگا بێ بەختيێ
راوەستە ..
دەنگڤەدان،
كنارێن گەردوونێ دمەرتينە و
ل دەستێن من ڤەدگەرە
دەستێن من
ژ گيا
ژ ئاخێ
تەژى دبن .

****

**نموونەی شیعری شاعیر ئاسیا خەلیل بەزمانی عەرەبی:**

(٣)

« لاهبٌ صلصالُ سديمكَ
ولا جناحَ يَردُّ عنكَ القيظَ
لا جُناحَ عليك
لا ماء يكفي لتسردَ الأرضَ اليباب

لا غرابَ
يُصدقُكَ البشرى
بعد طولٍ النعيبِ
لا ظلَّ لموتاكَ سواكَ..
لا وردَ يكفي أضرحتك
ولا الغبارُ خفيفاً وطَئ الرئات التي انفلقت.
مديدٌ احتراقي
ولا جناحَ يردُّ عني الضيمَ
لا ظلَّ لي سواك...»

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر خاتوو ئاسیا خەلیل، لەسەر داخوازیی من نووسەر و پاڕێزەر ئیبراهیم عەباس لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم

٢ - چەند زانیارییەک لە خودی شاعیر خاتوو ئاسیا خەلیل وەرگیراوە.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شیلان گەیلانی

ئەو بەم دێڕە شیعرەی شاعیری گەورەی کورد ئەحمەد موختار بەگی جاف دەستی بە خوێندنەوەی کوردی کردووە:

**ڕۆژی جەژن، ساڵێ جارێ خەڵکی قوربانی دەکەن**

**بۆ وەتەن من ڕۆژێ سەد جار گیانی خۆم قوربان ئەکەم**

شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان و ژنان خاتوو شیلان گەیلانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

ناوی تەواوی(شیلان کچی عەلی گەوێلی)یە و دایکیشی ناوی(لەقا خاتوون)ە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە(کێلانە)ی سەر بەشاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، بەفەرمی لە ناسنامە ناوی(ئامینە)یە، بە شیلان بانگیان کردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستاکەی(عەجەم)بووە، گوندی(کێلان)ەکەی کردۆتە گەیلانی، بۆیە تا ئێستا بە شیلان گەیلانی ناسراوە، باپیری پیاوێکی ئایینپەروەر بووە بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری(بەرزنجە)ی باشووری کوردستان بووە، و دایکیشی خەڵکی شاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، باپیری لەبەر خۆشەویستی و عیشقی بۆ(شێخ مستەفا کێلانە)وە چووەتە شاری سنەی لەوێ نیشتەجێبووە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر حەمەساڵح فەرهادی، هونەرمەند شەهین تاڵەبانی، شاعیر و نووسەر شیلان گەیلانی**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر دکتۆر عەلی ئەشرافی، شاعیر شیلان گەیلانی**

شاعیر و نووسەر خاتوو شیلان گەیلانی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (وەفایی) لە شاری سنە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی ئاوی گەرم قاچێکی سووتاوە و لە نەخۆشخانە چارەسەری بۆ کراوە و پەرستارە ژنەکان خزمەتێکی زۆریان کردووە، بۆیە حەزی چووەتە کاری پەرستیاری و وازی نەهێناوە تا لە ساڵی ٢٠١٧ بڕوانامەی لیسانسی لە (پەرستیاری- تمریض) لە شاری سنە وەگرتووە و، چەند ساڵێک خزمەتی لەم بوارەدا کردووە، ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ دوو نووسەری دیکەی ژن هاتوونەتە باشووری کوردستان، سەرەتا لە شاری سلێمانی و دواتریش سەردانی شاری هەولێر کردووە.

شاعیر و نووسەر شیلان گەیلانی هەر لە منداڵییەوە خوێندنەکانی بە زمانی فارسی بووە، بەڵام حەز و ئارەزووی گۆرانی و مۆسیقا و نواندنی کوردی هەبووە، دواتر ماوەیەک ماڵیان چووەتە شاری(بانە) لەوێ گوێی لە گۆرانییەکانی ڕەوانشادان(حەسەن زیرەک و عەلی مەردان) و ڕادیۆ و پاشانیش تەلەفزیۆن گرتووە، دواتر دەستی بەخوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی لە باشووری کوردستان دەگەیشتنە ڕۆژهەڵات، دیارە دیوانی شاعیر ئەحمەد موختار بەگی جافی دەستکەوتووە و بەم دێرە شیعرە دەستی بەخوێندنەوەی کوردی کردووە:



لە لای ڕاستەوە: شاعیری ڕەوانشاد جەلالی مەلەکشاە، شاعیر و نووسەر شیلان گەیلانی



هونەرمەند مەزهەری خالقی، شاعیر و نووسەر شیلان گەیلانی

**ڕۆژی جەژن،ساڵێ جارێ خەڵکی قوربانی دەکەن**
**بۆ وەتەن من ڕۆژێ سەد جار گیانی خۆم قوربان ئەکەم**

هەر بۆیەش هەستی کوردبوون و کوردایەتی لای ئەو نەش ونمای کردووە و زیاتر حەزی چووەتە خوێندنەوەی شیعر و ئەدبی کوردی، لە ساڵی ١٩٧٦ هاوسەرگیری کردووە و ماوەیەک سەرقاڵی ماڵ و منداڵ و کابانی بووە و لە ئەدەب و هونەر دوور کەوتۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٣ بەنابەدڵی چوونەتە شاری(ئاراک)ی فارسنشین، پاش(٥)ساڵ گەڕاوەتەوە شاری سنە، لە ساڵی ١٩٩٦ دەستی کردووە بە خوێندنەوەی گۆڤاری(سروە) و فەرهەنگی(شێخ محەمەدی خاڵ) بە ماوەی یەک ساڵ هەر بەخۆی خۆی فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی کردووە، دواتر لە ڕێگای ئەنجومەنی فەرهەنگی مەولەویی کوردی لە شاری سنە بانگهێشتی مامۆستا(شەریف حسەین پەناهی) یان کردووە کە لە مهاباد بووە، کۆڕێکیان بۆ سازکردووە، دواتر دیارە لە سنە ماوەتەوە و بووەتە بەرپرسی ئەنجومەنەکە، ئەویش هانی شاعیر و نووسەر شیلان گەیلانی داوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەنجومەنەکە، پاش سێ ساڵی بووەتە بەڕێوەبەری بەرنامەکانی ڕێبازی ژیان لە تەلەفزیۆن.

لە ساڵی ١٩٩٧ەوە، زیاتر دەستی بەنووسینی شیعر و، شیعر لە بواری ئەدەبی منداڵان و مێژووی ژنانی ناوداری کورد و بابەتی هەمەجۆری





**شاعیر و نووسەر خاتوو شیلان گەیلانی**



له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر شیلان گەیلانی، هونەرمەند خاتوو فەتانەی وەلیدی

دیکەش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی باشوور بڵاوی کردوونەتەوە، تا ئێستا چەند بەرهەمێکی لە شیعر و شیعر بۆ منداڵانی کوردستان و مێژووی ژنە ناودارەکانی کوردستان نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە، کە ئەمانەن:

- کتێبی(ماشینەکان)ئەدەبیاتی منداڵان، وەرگێڕان لە فارسییەوە.
- کتێبی(دیارییەکانی دایە)، ئەدەبی منداڵان.
- کتێبی(شوێنەکان) ئەدەبی منداڵان.
- کتێبی(فریشتەی دیان)بۆ گروپی ئەلف و بێ.
- ژنانی کورد، دەربارەی ژنان.
- ژنانی ناوداری کورد، مێژووی ژنان.
- بێ سرمیج، کۆمەڵە شیعر.
- ئۆلەمپیادی گیانداران، ئەدەبی منداڵان.

شاعیر و نووسەر شیلان گەیلانی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- بەسەرپەرشتیی مامۆستا شەریف حسەین پەناهی لە گەڵ خاتوو ناهید حسەینی ماوەی دوو ساڵ مامۆستای ڕێنووسی کوردی بوونە لە خانەی فەرهەنگی لە شاری سنە.




**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر شیلان گەیلانی**

- هەر بەسەرپەرشتیی شەریف حسەین پەناهی بەشداریی یەکەمین خولی وانەی کوردی لە ڕۆژهەڵات کردووە.
- ئەو بۆ ماوەی(٥) ساڵ چەندین بەرنامەی منداڵان و لاوانی ئامادە کردووە و لە باشووری کوردستان پێشکەشکراوە.
- ئەو کاتەی لە شاری(ئاراک)ی فارسنشین بووە دوو ساڵ وانەی پەرستیاری وتووەتەوە.

بۆ شاعیر و نووسەر خاتوو شیلان گەیلانی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و نووسەر خاتوو شیلان گەیلانی، شاعیر و نووسەر مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## سمكۆ محەمەد

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ محەمەد....

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر سمکۆ محەمەد لە ساڵی ١٩٦٩ لە گەڕەکی(ئەلماس)ی ناو شاری کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، هەموو قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە، ئەو خوێندنەکانی بەزمانی عەرەبی بووە، هەر لە تەمەنی لاوێتیدا خولیای خوێندنەوە بووە، بۆیە دەستی بەخویندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازیی کوردی وعەرەبی و شاکارە فیکری و ئەدەبییە جیهانییە وەرگێڕدراوەکان کردووە، سەرەڕای ئاشنابوون و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی(مارکسیزم و لینینزم و ماوتسی تۆنگ و کیم ئیل سۆنگ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئەمەریکای لاتین)، پاش پەیدا کردنی ژێرخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی زۆر باش، لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و وتار و کورتە باسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی کردووە،



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەباس عەبدوڵڵا یوسف، شاعیر و نووسەر سمکۆ محەمەد




لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر سمکۆ محەمەد، نەناسراوە

لە ساڵی ١٩٩٢ دوو دەقی بەناوەکانی(جگەرە، گوڵەوەچن) لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەم بڵاوکردۆتەوە، ئیتر بەتەواوی چووەتە ناو دنیای نووسینی شیعر و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و بابەتی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی و ئایینی و ڕەخنەیی و هەمەجۆری دیکە، لەم بوارانەدا چەندین بەرهەمی پوخت و بەنرخ و سوود بەخشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- تۆنێلەکانی ئەوین، دیوانی شیعر، ١٩٩٨.
- هەناسەیەک لە سێبەردا، دیوانی شیعر، ساڵی ٢٠٠٦.
- کتێبەکان، دیوانی شیعر، ٢٠١١.
- ئاژاوەی با، کۆمەڵە شیعر، ماڵی کتێب، ٢٠١٩.
- جەنگ و نێوانەکان، کۆمەڵێک وتاری فیکری و سیاسی، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی- کەرکوک، ٢٠٠٧.
- مارکس.... میتۆد و جیاوازی، لیکۆڵینەوەی فیکری، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٨، چاپی دووەم دەزگای موکریان ساڵی ٢٠١٣، چاپی سێیەم چاپخانەی ئازادی ٢٠١٩.
- ناسیونالیزم و دژەکانی، بابەتی فیکری، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩.
- ئایین و کەمینەکان، توێژینەوە لەسەر ئایین و ئایینزاکانی کوردستان، ٢٠١١.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووسی دیاری و ناسراوی کورد جەبار جەمال غەریب، شاعیر و نووسەر سمکۆ محەممەد



شاعیر و لێکۆڵەر سمکۆ محەمەد



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر سمکۆ محەمەد، نەناسراوە

- نامەکانی مارکس ئەنگلس، وەرگێران لە عەرەبییەوە، ٢٠١٢.
- دەوڵـەت و چەمـک و جیـاوازی،، توێژینـەوەی فیکـری، دەزگای ئایدیـا بـۆ فیکـر و فەلسـەفە، سـاڵی ٢٠١٦، چاپـی دووەم دەزگای گـوڵان، ٢٠٢٢.
- ڕەهەندەکانی مردن، توێژینەوەی فکری، دەزگای ڕۆسا ساڵی ٢٠١٦.
- ناسیونالیزم فکر و سیاسـەت، توێژینەوەیەکی فیکریی سیاسـیییە، دەزگای موکریانـی سـاڵی ٢٠١٧.
-گونـاح و ئیمـان توێژینەوەیـەک لەبـارەی گروپـە ئیتنییەکانـی کوردسـتان، ئەکادیمیـای کـوردی سـاڵی ٢٠١٨ چاپـی دووەم وەزارەتـی پـەروەردە. سـاڵی ٢٠٢٤.
- ڕەخنـە لـە ئایدیۆلۆژیـا، لێکۆڵینـەوەی فیکری، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان، سـاڵی ٢٠١٩.
- ژانرە ئەدەبییەکان، چەند بابەتێکی فیکریی ئەدەبی، ساڵی ٢٠٢٠.
- وەهمـی دیموکراسـی توێژینـەوەی فیکریـی سیاسـی، دەزگای موکریانـی، سـاڵی ٢٠٢٠.
- شـار جەنگی جیاوازییـەکان، لێکۆڵینـەوەی سۆسـیۆلۆژی بۆ چەمکی شـار، ناوەنـدی مـەم و زیـن سـاڵی ٢٠٢١.
- ئیستاتیکا، دیالیکتیکی ئەخلاق و زانست ناوەندی مەم و زین، ساڵی ٢٠٢١.
- پەراوێز و هەژاری توێژینەوەیەکی فیکری، مەم و زین، ساڵی ٢٠٢٤..

- چەند کتێبێکی دیکەی فکری و ڕەخنەی ئەدەبی ئامادەیە بۆ چاپکردن.
- الموت، کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر و نووسەر سمکۆ محەمەد لە لایەن هەر یەک لە نووسەر و وەرگێڕان(فەتاح خەتاب، محەمەد حسێن مهندس، مکرەم ڕەشید تاڵەبانی، مەحکوم کەرکوکی، جومعە جەباری وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی).
- دەیان وتار و کورتەباس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر سمکۆ محەمەد وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون لە بواری کاری میدیایی و ڕۆژنامەگەری و ڕێکخراوەیی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- وەکو نووسەر و سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگا میدیاییەکان کاری کردووە لەوانە(ڕێگای کوردستان، ڕادیۆی دیموکراسی، ئاڵای ئازادی، هەفتەنامەی دیدار، هەفتەنامەی دەنگ، مانگنامەی هاووڵاتی، تەلەفزیۆنی ڕێگا، تەلەفزیۆنی نەورۆز و چەندانی دیکەش).
- یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزراندنی هەفتەنامەی هاووڵاتی.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ عەبدولسەتار جەباری، نووسەر خاتوو بەیان سەلمان، شاعیر و نووسەر سمکۆ محەمەد، شاعیر و نووسەر دانا عەسکەر**

- ئەندامی چالاکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێرە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەران و ئەدیبانی عێراقە.
- ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە.
- ئەندامی کارایە لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی.
- بەشداری لە چەندین خولی میدیایی و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە ئەورووپا و وڵاتانی عەرەبی کردووە.
- بەشداری لە خولی ڕۆژنامەوانی و کۆنفرانس لە سەر ئایندەی عێراق لە وڵاتی هۆڵەندا ساڵی ٢٠٠٤ کردووە.
- بەشداری لە خولی ڕۆژنامەوانی لە(قاهیرە)ی وڵاتی میسر ساڵی ٢٠٠٦ کردووە..
- بەشداری لە خولی میدیایی ئوردن ساڵی ٢٠٠٨ کردووە.
- بەشداریی کۆنفرانسی سیاسی بۆ نەتەوەکانی عێراق لە ئیتالیا ساڵی ٢٠١١ کردووە..
- وەکو توێژەر بەشداری لەفیستیڤاڵی ئەدەبی فرەنسا ساڵی ٢٠١٢ کردووە.
- بەشداریی فیستیفاڵی ئەدەبی ئۆکرایینا ساڵی ٢٠١٣ کردووە..



لە لای ڕاستەوە: عوسمان پیرداود، د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور، سمکۆ محەمەد




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر سمکۆ محەمەد

- بەشداری لە(منتدى الادبي المغربي و الكرد) ساڵی ٢٠١٤ کردووە.
- بەشداری لە میهرەجانی(١٢٠) ساڵەی لە دایکبوونی شاعیری گەورەی کورد(گۆران) لە بەغدا کردووە.

بۆ نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر سمکۆ محەمەد هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینە سوود بەخشەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر سمکۆ محەمەد، نووسەر و میدیاکار عەدنانی حاجی کاکە لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شەیدا مەعروف

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و چالاکوانی بواری ڕێکخراوەیی ژنان و لاوان شەیدا مەعروف....

ناوی تەواوی(شەیدا مەعروف مەحمود)ە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە گوندی(چنارە)ی سەر بەقەزای (بەرزنجە)ی ناوچەی شارباژێری پارێزگای سلێمانی لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، دیارە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ماڵیان هاتۆتە ناو شاری سلێمانی، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دوای دابڕانی نزیکەی(١٦) ساڵ لە خوێندن، ساڵی ٢٠٠٤ چووەتە ئامادەیی بازرگانی هەر لە شاری سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩ بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە و، بووەتە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دەوروبەری شاری سلێمانی، ئێستاش وەکو(محاسب أقدم- ژمێریاری پێشکەوتوو) لە خزمەتکردن بەردەوامە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری ژنان و لاوان شەیدا مەعروف لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو وەکو کچە کوردێکی ئازا و بوێر دەستی بە نواندنی چالاکی لە بواری کاری ڕێکخراوەیی تایبەت بە منداڵان و ژنان و لاوانی کورد کردووە، هەر لە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە ئەحمەد جاف، نووسەر و میدیاکار شەیدا مەعروف، نووسەر ڕەوانشاد بەکر پشدەری**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر شەیدا مەعروف، هونەرمەند خاتوو بەیان بۆمبا، هونەرمەند خاتوو بەیان عەلی**

هەمان کاتیش دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی هەمەجۆری دیکەش کردووە و، لە ساڵی ١٩٩٦ەوە چووەتە ناو دنیای ڕاگەیاندن و وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکار خزمەتێکی زۆری کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە، وەکو نووسەر و پەیامنێر لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان کاری کردووە لەوانە:(ڕۆژین، پێگە، ڕاسان، شارستان، کوردستانی نوێ، ڕێبازی ئازادی، پرد، ئاڵا، ژیانەوە، ڕێوان) و چەندین بابەتیشی لە بواری چالاکیی ژنان و لاوان لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەک(تیرۆژ، وردبین، نسێ، گەنج، ئەکتیڤ، سلێمانی نوێ، نواڵە، نیگا، و چیا)، بڵاوکردۆتەوە، وەکو شاعیر و

نووسـەریش تـا ئێسـتا دوو کتێبـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:

- کتێبی(ژن لە یاداشتما)کە کۆمەڵە دیدارێکە لەگەڵ ئەو ژنانەی چالاکییەکانیان لە بوارە جیاجیاکان هەبووە، ساڵی ٢٠٠٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- مەملەکەتـی حـەرام، نامیلکەیەکـی شـیعرییە، سـاڵی ٢٠١٣ چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.

شاعیر و نووسـەر ڕۆژنامەنـوس شـەیدا مەعـروف لـە بـواری ڕۆژنامەگـەری و میدیا و کاری ڕێکخراوەیی چەندین چالاکی نواندوە لەوانـە:

- خاوەنـی ئیمتیـازی ڕۆژنامەی(شـەمامە)ی تایبـەت بـە ئەدەبیاتـی منداڵان بـووە، کـە بەهـۆی بـاری سـەختی ئابـووری تەنهـا (٦) ژمـارەی لێدەرچـووە.
- سەرنووسـەری گۆڤـاری(ڕازی ئەنفـال)ە، کـە تایبەتـە بـە ئەنفـال و تـا ئێسـتاش بەردەوامـە.
- بەڕێوەبـەری نووسـینی گۆڤاری(نسـێ)بووە، ئەویـش هـەر بـە هـۆی کەمـی دەرامەتـەوە تەنهـا(٨) ژمـارەی لێدەرچـوو.
- لـە سـاڵانی پـاش ٢٠٠٣ وە، لـە ڕێکخـراوە مەدەنییەکانـی تایبـەت بەژنـان و



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس شەیدا مەعروف، منداڵەکە(کارۆ) تاقە کوڕی نووسەر شەیدا مەعروف، بەڕێز کڵپە هاوسەری نووسەر شەیدا مەعروف**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر شەیدا مەعروف، ڕەوانشاد برای نووسەر شەیدا مەعروف**



**لە لای ڕاستەوە: ژنە زیندانی سیاسی ڕەوانشاد گوڵشەن محەممەد، نووسەر شەیدا مەعروف**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر شەیدا مەعروف، خاتوو سۆزان خاڵە شەهاب**




**بەرهەمەکانی نووسەر شەیدا مەعروف**

لاوان کاریکردووە لەوانە ڕێکخراوەکانی(کۆمەڵەی چالاکییەکانی هامۆن، ڕێکخراوی هوشیاری گەنجان)کە خزمەتیان بەکێشەی ژنان و لاوان کردووە.

- بەشداری لە چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری لە شار و شارۆچکەکانی سلێمانی و ناو شاری سلێمانی کردووە و دەکات.
- لە ساڵی ٢٠٠٨ - ٢٠١٠ بەبەردەوامی بەرنامەی(دیدی ژنان)ی بۆ ڕادیۆی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنەکانی سلێمانی ئامادە و پێشکەش کردووە.









**شاعیر و نووسەر و چالاکوانی بواری ژنان و لاوان شەیدا مەعروف لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

- بەهۆی بەرهەمە پوخت و سوود بەخشەکانی چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە، لە بواری وەزیفیش وەکو ژمێریارێکی بەتوانا و سەرکەوتوو(٣) جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری ژنان و لاوان شەیدا مەعروف هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بیت لە نووسینە جوان و چالاکییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی خاتوو شەیدا مەعروف، لەسەر داخوازیی من شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم

٢ - چەند زانیارییەک لە شاعیر و نووسەر شەیدا مەعروف خۆی وەرگیراوە.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و شارەزای بواری زانستە ئیسلامییەکان و میدیاکار دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە..

ناوی تەواوی ئەرسەلان عەبدوڵڵا ڕەحیمە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری هەڵەبجە لە خێزانیکی کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی تأمیم بەزمانی عەرەبی و خوێندنی ناوەندیشی لە قوتابخانەی ئیسلامی هەر لە شاری هەڵەبجە تەواوکردووە، بەهۆی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ماڵیان چووەتە شاری سلێمانی، قوناغی ئامادەیی لەوێ تەواوکردووە، لە ساڵانی ١٩٩١- ١٩٩٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستیە ئیسلامییەکان لە زانکۆی دهۆک وەرگرتووە و بووەتە مامۆستا لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری، بۆ درێژەدان بەخوێندن چووەتە وڵاتی لوبنان و لە ساڵی ٢٠١٢ - ٢٠١٤ بڕوانامەی لە هەمان پسپۆری لە زانکۆی لوبنانی وەرگرتووە و نامەی ماستەرەکەی بەناونیشانی(تأصیل الثقافة الإسلامیة للناطقین بغیر اللغة العربیة) بووە، لە ساڵانی ٢٠١٩ - ٢٠٢٢ بڕوانامەی دکتۆراشی لە زانکۆی سلێمانی لە هەمان پسپۆریی بەدەستهێناوە و نامەی دکتۆراکەشی بەناونیشانی(التنمیة البشریة في القرآن الكریم و اثرها في بناء الشخصیة



لە لای ڕاستەوە: میدیاکار مامۆستا نازم کەریم سەرحەد، نووسەر و ڕۆشنبیر مامۆستا جەمیل مەلاقەرە، شاعیر و نووسەر مامۆستا ئەمین محەمەد، نووسەر دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە، نووسەر خاتوو دێرین جەمال، نووسەر و فۆتۆگرافی بەختیار عەلی



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر شیلان، نووسەر دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە، بەڕێز خاتوو هەوار، نەناسراوە

المسلمة) بووە، ئەو وەکو مامۆستا بەردەوام بووە لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە ناوەندیی و ئامادەیی و زانکۆکان و ئەزموونی(٢٥) ساڵ وانە ووتنەوەی هەیە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

مامۆستا و نووسەر دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە، لە بواری پەروەردە و گەشەپێدانی کۆمەڵ و ئەدەب و ڕۆشنبیری و هوشیارکردنەوەی مرۆیی چەندین بەرهەمی پوخت و ناوازەی نووسیووە و لە چاپ و

بڵاویشـیکردوونەتەوە کـە ئەمانـەن:
- کتێبی(پەروەردە و گەشـەپێدانی بەها لـە سـەردەمی تەکنەلۆژیـادا ئاڵەنگاری وە چارەسـەر).
- کتێبی(گەشـەپێدانی مرۆیی ڕێگایەکە بۆ بەدەستهێنانی سـەرکەوتنی کەسـی و پیشـەیی).
- فەلسەفەو هونەر لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان جوانی و مانا.
- ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیر دیالێکتێکی ڕۆڵ و کاریگەری.
- زیرەکیی دەستکرد شۆڕشی تەکنەلۆژی و داهاتووی مرۆڤایەتی.
هەر(٥)کتێبـی مامۆسـتا شـاعیر و نووسـەر بـواری منـداڵان ئەمیـن محەمـەد پێداچوونـەوەی زمانەوانـی بـۆ کـردووە.
مامۆسـتا و نووسـەر دکتـۆر ئەرسـەلان سـەید زادە وەکـو میـدکار و کاری ڕێکخراوەیـی چەندیـن چالاکیـی دیکـەی هەبـووە و هەیـە لەوانـە:



**نووسەر دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی**

- لە کەناڵی پەروەردە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەرنامەی(دەروازەیەک بۆ پەروەردە)ی ئامادە و پێشکەش کردووە.
- بۆ ماوەی دوو ساڵیش بەرنامەی(ئاکار سازی) لە کەناڵی تەلەفزیۆنی NRT٤ ئامادە و پێشکەش کردووە.
- سەرپەرشتیاری چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرای بۆ قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان کردووە.



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز دکتۆر سەباح بەرزنجی، بەڕێز مامۆستا بەختیار، نووسەر دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە





نووسەر دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە لە دوو کاتی جیاوازدا




**بەرهەمەکانی نووسەر دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە**

- چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و گەشەپێدانی مرۆیی و هوشیارکردنەوەی ئەنجامداوە.
- ئێستاش سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی سەنتەری ڕووناکبیری(جاف)ە، لە شاری سلێمانی.

بۆ مامۆستا و نووسەر دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینە سوود بەخشەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە، مامۆستا و شاعیری بواری ئەدەبیاتی منداڵان ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم

٢ - هەندێ زانیاریش نووسەر دکتۆر ئەرسەلان سەید زادە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سابیر عەبدولڕەحمان

**خاوەنی مەنەلۆژی:**

**کاکی شوفێر لە سەرخۆ بە**
**لە ڕۆیشتن گورج و گۆڵ بە**

یەکەمین هونەرمەندی(مەنەلۆژی تەنزئامێز) لەسەر ئاستی کوردستان، هونەرمەندی شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی و فیلمی سینەمایی کوردی، گۆرانی و لاوک و حەیرانبێژ مامۆستا سابیر عەبدولڕەحمان...

ناوی تەواوی(سابیر عەبدولڕەحمان مەحمود)ە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی(عاڵڵا)ی سەر بە ناوچەی (کەندێناوە) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی چوارەم هەر لە گوندی عاڵڵا خوێندووە و پۆلەکانی پێنجەم و شەشەمی لە قوتابخانە (کۆمپانیای نەوتی- IPC) لە شارۆچکەی (دوبز)ی سەر بەپارێزگای کەرکووک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٠ماڵیان بە خاوخێزانەوە هاتۆتە شاری هەولێر، خوێندنی ناوەندی لە( ناوەندیی کۆماری- متوسطة الجمهورية) و ئامادەییشی لە ئامادەیی هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ وەکو یەکەم خولی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی ناسراوی کورد مامۆستا چەتۆ حەسەن، هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند تایەر تۆفیق، هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان، هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕەوانشاد باکوری، هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕەوانشاد قادر زیرەك

پەیمانگای مامۆستایانی کە ئەو کات هەر یەک پۆل بووە هەر لە ناو بینایەی خانەی مامۆستایانی هەولێر بووە بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و، ساڵی ١٩٧٠ وەکو مامۆستا لە گوندی(ناوشیار)ی ناوچەی سورچییاتی دەستبەکاربووە، دواتر هاتۆتەوە ناو شاری هەولێر، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، لە نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ ماوەیەکی کورت ئاوارەی ئێران و

له ئۆردوگای(ڕەبات) ژیاوه، پاش نسکۆی شۆڕشیش هاتۆتەوه سەر کاری مامۆستایەتی خۆی لەناو شاری هەولێر، له ساڵی ١٩٨٤ ڕووی له ئەورووپا کردووه و له وڵاتی سوید گیرساوەتەوه و نیشتەجێبووه، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوه و کوردستان و ئێستاش له نێوان کوردستان و وڵاتی سوید دەژیێت.



له لای ڕاستەوه: حەیرانبێژ ڕەوانشاد ڕەسوڵ گەردی، هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان، هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕەوانشاد تایەر تۆفیق



له لای ڕاستەوه: هونەرمەندی دەرهێنەر مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان، هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان

هونەرمەندی مۆنۆلۆژیست و ئەکتەری بەتوانا و خاوەن ئەزموون سابیر عەبدولڕەحمان لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو چووەتە ناو دنیای نواندنی تەمسیلیە و شانۆ و دواتریش درامای تەلەفزیۆنی و فیلمی سینەمایی کوردی، لەم بوارانەدا بەشداریی کۆمەڵێک کاری هونەری کردووە لەوانە (شانۆگەریی فالچی، تەمسیلییەی هادف، درامای فرمێسک، درامای لاس و خەزاڵ، شانۆگەریی ماڵی نوێ، جیران و چەندانی دیکەش).



هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان لە کاتی ڕێزلێنانی لە هەولێر لە ٣ - ١٢ – ٢٠٢٤



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان، هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕەوانشاد فوئاد ئەحمەد



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان، هونەرمەند مامۆستا هوشیار عەبدولواحید مەرجان

هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان بەیەکەم هونەرمەندی کورد دادەنرێت کە بەشێوەی کلیب مەنەلۆژی (تەنزئامێز)ی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن تۆمارکردووە، بۆ ئەوەی خەڵکی لە ڕێگای ئەم جۆرە هونەر و کلیپانە لە دیاردە ناشیرین و نەخوازراوەکانی کۆمەڵی کوردەواری وشیار و ئاگادار بکاتەوە و، کێشە و گرفتەکانی دەستنیشان بکات و، چارەسەری گونجاویش لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کات بۆ بدۆزێتەوە، ئەم کارەی بۆ ئەو کات و ئێستاش بە کارێکی هونەری ئاست بەرز و نایاب هەژمار دەکرێت، لەم بارەیەوە هەر خۆی لە شوێنێکدا دەڵێت:(یەکەم کاری مەنەلۆژییم بۆ منداڵان بوو بەناوی "حاجی لەق لەق مار هات" و سەرکەوتنێکی زۆر باشم بەدەست هێنا. لەو کەسانەی تێکستی مەنەلۆژەکانیان بۆ دەنووسیم، مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش کە زۆر یارمەتی دەدام، منیش خۆم تەواوم دەکرد و دەموتن، زۆربەی مەنەلۆژەکانیش باس لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەکات) لە مەنەلۆژە بەناوبانگەکانی(حاجی لەق لەق مار هات)،(کاکی شوفێر لە سەرخۆ بە، لە ڕۆیشتن گورج و گۆڵ بە)، (مەنەلۆژی مەعاش)، مەنەلۆژی (هەوێداری)، مەنەلۆژی(بازاڕ)، مەنەلۆژی(ئامانە ئامانە)،(بووک و خەسوو) و ئۆپەرێتی ژن هێنان و چەندانی دیکەش).



هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان و خاتوو هاوسەری و منداڵەکانی

هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان وەکو گۆرانی و لاوک و حەیرانبێژێکی بەتوانا و دەنگخۆشیش ناسراوە و چەندین گۆرانی و حەیران و لاوکی لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر و تیپی هونەری میللیی هەولێر و چەند گۆرانییەکیشی لە تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، لەگەڵ بەشی زۆری هونەرمەندانی مۆسیقاژەن و ئەکتەر و دەرهێنەرەکانی هەولێر و کوردستان کاری هونەری ئەنجامداوە، بەمەش خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی کردووە.

ئەو سەرەڕای کارە هونەرییەکانی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە

لەوانــە:

- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیپی هونەری میللیی هەولێر و یەکەم سەرۆک و سەرپەرشتیاری ئەو تیپە بووە.
- ماوەی (٨ - ٩)ساڵ لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو مامۆستا چەتۆ حەسەن بەرنامەی فۆلکلۆری(خەرمانی نیگا) یان لە تەلەفزیۆن ئامادە و پێشکەش کردووە، کە پێکهاتبوو لە حەیران و کورتە دراما و مەتەڵ، هەر لە شێوەی مەنەلۆژیش بووە.



هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان بە جلی پێشمەرگایەتی ساڵی ١٩٧٠



هونەرمەندی شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی و مەنەلۆژیست مامۆستا سابیر عەبدولڕەحمان لە چەند کارێکی هونەریدا

- وەکو میدیاکارێک ماوەیەک بەرنامەی ڕادیۆیی(سیمرخەکەی مام عەولا لە شەقەی باڵیدا و کەوتە ئاسمان، یاڵڵا یا ڕەحمان یان سەر خەرمان یان جێی نەرمان) پێشکەش دەکرد، کە بەشێوەیەکی تەنزئامێز بووە و باسی کێشەی کۆمەڵایەتی دەکرد.
- لە ڕۆژی ٣ - ١٢ - ٢٠٢٤ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی هەولێر بە هاوکاریی پارێزگای هەولێر و بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە ئەدیب و ڕۆشنبیر و هونەرمەندان، خەڵاتی زێڕین و چەپکە گوڵ پێشکەش بە هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان کراوە.

بۆ هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە کارە هونەرییە جوان و ئاست بەرزەکانت


سەرچاوەکان:
١ - چەند زانیارییەک لە هونەرمەند مامۆستا سابیر عەبدولڕەحمان خۆی وەرگیراوە.
٢ - ماڵپەڕی دیبەگە نێت- Debaga.net، فیلیمێکی دوکیومێنتاری لە ساڵی ٢٠٢١.
٣ - ماڵپەڕی پارێزگای هەولێر، لە ٣ - ١٢ - ٢٠٢٤.
٤ - ماڵپەڕی هەولێری جاران، نووسینێک لە ١٣ - ٣ - ٢٠٢١.
٥ - ماڵپەڕی گوڵان، نووسینێک لە ٣١ - ٥ - ٢٠٢١، نووسینێکی دیکە لە ١٣ - ١٢ - ٢٠١٠.
٦ - کوردیپیدیا.
٧ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سمکۆ عەبدولکەریم

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم بەسەردەکەینەوە.

ناوی تەواوی(ئیسماعیل عەبدولکەریم یوسف)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری بە سمکۆ عەبدولکەریم ناسراوە، لە ١ - ١٠ - ١٩٧٠ لە شارۆچکەی(گەڵاڵە)ی سەر بەناوچەی باڵەکایەتی لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەوان لە بنەچەدا خەڵکی گوندی(سکتان)ن، مەلا یوسفی باپیری ماڵی گواستۆتەوە ناوچەی باڵەکایەتی و لە گوندی(شیوەڕەش)ی حاجی ئۆمەران نیشتەجێ بووە و بووەتە مەلای ئەو گوندە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ پاش ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ ڕژێمی ئەوسای عێراق بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، بەخاوخێزانەوە ڕوویان لە شاخ کردووە و پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ ماوەیەک ئاوارەی ئێران بووینە و لە(کەمپ-ئۆردوگای زێوە) ژیاون، دواتر هاتوونەتەوە کوردستان و لە لایەن ڕژێمی بەعسی ئەو کات دوورخراونەتەوە ناحیەی(ڕۆستەمیە)ی سەر بەپارێزگای(حیلە)لە ناوەڕاستی عێراق.



نووسەر و ڕۆژنامەنووس
سمکۆ عەبدولکەریم بەجاحێڵی



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد مەحموود زامدار، شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند، نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم، هونەرمەندی ڕەوانشاد زایەر عەبدوڵڵا، نەناسراوە.
وێنەکە لە بەردەم ئارامگەی شاعیری عەرەبی(نزار القباني)گیراوە




له لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم، نووسەر دکتۆر نەوزاد عەلی ئەحمەد، شاعیر جەوهەر کرمانج

ئەو پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە ڕۆستەمییە بە زمانی عەرەبی خوێندووە، دواتر گەڕاونەتەوە کوردستان و لە شاری هەولێر نیشتەجێبوونە، مەلا حەمەدینی مامی کە مامۆستای قوتابخانە بووە و سەرپەرشتی و پەروەردە و گۆشی کردووە ڕێگەی پێنەداوە پۆلی دووەم بەزمانی عەرەبی بخوێنێت، بۆیە ساڵێک لە خوێندن دوادەکەوێت، دواتر پۆلەکانی دیکەی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی(کۆڕەک و کەسنەزان) تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندیشی لە ناوەندیی(١٤ی تەمموز)هەر لە هەولێر تەواوکردووە و، ساڵی ١٩٨٥ چووەتە خانەی مامۆستایان کە دواتر بووەتە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان و

تەواوی کردووە، لە ساڵی ٢٠١٧ دەستی بەخوێندن کردۆتەوە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زانستییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم هێشتا قوتابیی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە لە ڕێگای باوکییەوە حەز و ئارەزووی چووەتە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبی کوردی، ئەو بە کتێب و ناملیکەکانی ئەو سەردەم لەوانە(چل تووتی، فەتحی قەڵای خەیبەر، ڕۆستەم و زۆراب،



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەوانشاد عەبدولکەریم شێخانی، ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم



لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم



لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم، خاتوو زەینەب سندی، دکتۆرە کوردستان موکریانی



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم،
نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیاری کورد مامۆستا فەرهاد عەونی




له لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد مامۆستا لەتیف هەڵمەت،
نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم

یوسف و زلێخا، لەیل و مەجنون) دەستی بەخوێندنەوەی کوردی کردووە، هەر دیسان مەلا حەمەدەمینی مامی پارچە شیعرێکی کوردی پێ(لەبەر-ئەزبەر)کردووە، کە دواتر لە ڕێگای نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا ممتاز حەیدەری زانیویەتی کە ئەم پارچە شیعرە هی شاعیر(کامەران موکری)یە و، لە ژمارەی(١٠)ی گۆڤاری هیوا ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە،

ئەو هەر لە کتێبخانەکەی مامی دەستیشی بەخوێندنەوەی کتێبی مێژوویی و ئایینی و سیاسی کردووە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکریم هاوڕێی نزیکی هەر یەک لە شاعیران(سەباح ڕەنجدەر، ئەنوەر مەسیفی، قادر وەرتی) بووە، وەکو هەر لاوێکی ئەو سەدەم گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شیعرەکانی شاعیر ئەنوەر مەسیفی و سەرسامی شێوازی شیعر نووسینەکەی بووە، بۆیە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، سەرەتا بە ناسناوی ئیسماعیل پەروەر، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩٠نووسینەکانی بەناوی ئیسماعیل عەبدولکەریم بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ دیارە هەستی کردووە کە ئەو سواری ئەو مەیدانە نییە، بۆیە وازی لە شیعر نووسین هێناوە و ڕووی لە ڕۆژنامەگەری کردووە، دیسانیش هەر لە ڕێگای مەلا حەمەدینی مامی ماوەیەکی کەم لە ڕۆژنامەی(برایەتی) کاری کردووە، لە کۆتایی ساڵی



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز عەبدولکەریم باوکی نووسەر سمکۆ، منداڵەکە نووسەر سمکۆ، مامۆستا مەلا حەمەدەمینی مامی**



له لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی، ڕەوانشاد دکتۆر شێرکۆ بابان، شاعیر و نووسەر محسن ئاوارە، شاعیر و نووسەر ئیسماعیل بەرزنجی



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم، شاعیر محەمەد موکری

١٩٩٣ تا ساڵی ٢٠١٤ وەکو نووسەر و بەرپرسی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەستبەکار بووە و، هەموو نووسین و ڕیپۆرتاژەکانی بەناوی(سمکۆ عەبدولکەریم)بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەیی چەندین چالاکی هەبووە لەوانە:


- لە ساڵی ١٩٩٣ لە گەڵ هاوڕێیانی هەر یەک لە(غیاسەدین نەقشبەندی و زەید مەحموود)هەوڵی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ڕۆژنامەوانیان داوە و توانیویانە دەستەی ڕۆژنامەنووسانی(ئازاد)پێکبهێنن، ئەم کارەشیان چوار ساڵ پێش دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە.

- لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان(هەولێر) و یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (سلێمانی) کە لە ڕۆژانی ١٣ - ١٥ - ١٢ - ٢٠٠٣ بەستراوە، بووەتە ئەندامی لێژنەی(إنظباط - دیسپلین- بەرزەفت)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- دوای کۆنگرەی گشتیی دووەم کە لە ٢٧ تا ٢٩ - ١٢ - ٢٠٠٧بەستراوە،





نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم لە دوو کاتی جیاوازدا





«تارمایی یه کانی به فر»

"سمكو عه بدولكه ريم"

بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم

بووەتە ئەندامی لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

- لە کۆنگرەی گشتیی سێیەمیش کە لە ٢١ تا ٢٣ - ١١ - ٢٠١١ بەستراوە، بووەتە سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری(دیوان)ە، کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە کە ناوەندی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات و تا ئێستاش(٤٢) ژمارەی لێدەرچووە.

بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی ڕۆژنامەگەری و وشەی کوری.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکییەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس هیوا سەرهەنگ بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری و وێنە لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم خۆی وەرگیراوە، سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# هەوار محەمەد

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و میدیاکار هەوار محەمەد ...

ناوی تەواوی(هەوار محەمەد ئەحمەد)ە، لە ساڵی ١٩٨١ لە قەزای(سەید سادق)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە، تەمەنی(٤ - ٥)ساڵان بووە ماڵیان هاتۆتە ناو شاری سلێمانی، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر بەشی(محاسبة- ژمێریاری)ی لە پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی تەواوکردووە و، بۆ ماوەی(٣)ساڵ وەکو فەرمانبەر لە بانکی(سەلام)هەر لە سلێمانی دامەزراوە، دواتر بووەتە مامۆستا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری سلێمانی و، دواتریش ناو شاری سلێمانی، لە ساڵی ٢٠١٦ ڕووی لە هەندەران کردووە و، لە وڵاتی ئەڵمانیا گیرساوەتەوە، پاش مانەوەی نزیکەی (٣) ساڵ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و ئێستاش لە شاری سلێمانی دەژییێت.

شاعیر و نووسەر و میدیاکار هەوار محەمەد هێشتا قوتابیی پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە دەستی بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی کردووە، سەرەتا دەستی بە خوێندنەوەی دیوانی(قانع) ی شاعیر کردووە و دواتریش شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی




لە لای ڕاستەوە: میدیاکار مامۆستا نازم کەریم سەرحەد، نووسەر و فۆتۆگرافی مامۆستا بەختیار عەلی، شاعیر و نووسەر خاتوو هەوار محەمەد، نووسەر و وەرگێڕ محەممەد ساڵح عەبدولکەریم بەرزنجی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر هەوار محەمەد، هونەرمەند عەدنان کەریم، دکتۆر خاتوو شیرین درەیی

کوردی و عەرەبی خوێندۆتەوە، ئەو کە قوتابیی ئامادەیی بووە گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، بەڵام دیارە هەر بۆ خۆی نووسیوە و هەوڵی بڵاوکردنەوەیانی نەداوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ هاوسەرگیری کردووە و سەرقاڵی ماڵ و منداڵەکانی بووە و، ماوەیەک لە نووسینی و ڕەوتی ئەدەبی دوورکەوتۆتەوە، دواتر لە ساڵی ٢٠١٦ ئەو کاتەی لە غەریبی و ئاوارەیی بووە لە وڵاتی ئەڵمانیا نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی کە کۆمەڵە چیرۆکی(ڕێگەی هاتو و نەهات) بووە چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە(١٦٩) لاپەڕەیە، ئیتر بەردەوام لە نووسینەکانی و، ساڵی ٢٠٢١ کۆمەڵە


شیعری(پاییزی من)ی بڵاوکردۆتەوە و، بەردەوامیشە لە نووسینی شیعر و چیرۆک و بابەتی هەمەجۆری دیکەش.

شاعیر و چیرۆکنووس هەوار محەمەد وەکو میدیاکارێکی بەتواناش چەندین چالاکیی هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ٢٠١٠ ماوەیەک پەیامنێری کەناڵی ئاسمانیی(سپێدە) بووە و دواتریش وەکو(مذیع - بێژەر)هەر لە هەمان کەناڵ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت، شاعیر و نووسەر هەوار محەممەد، ئەوانی دیکە میدیاکارن**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر هەوار محەممەد، هونەرمەندی دەرهێنەر ناسر حەسەن، نووسەر و فۆتۆگرافی بەختیار عەلی**





شاعیر و نووسەر هەوار محەمەد

- لە ساڵی ٢٠١١ ماوەیەکیش وەکو بێژەر لە ڕادیۆی(یەگرتوو)کاری کردووە.
- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری و کۆڕە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری کردووە و دەکات.
- چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە حکومی و ناحکومییەکان و کەسایەتییەکان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.


سەنتەری ڕۆشنبیری سەرا
لەگەڵ تۆڕی ڕاهێنەرانی کوردستان
بەڕێز: هەوار محمد احمد
ئەم بڕوانامەیەت پێبەخشرا لە پای بەشداریکردن لە خولی (هونەری وتاربێژی)
بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ڕۆژانی 21-2024/8/22
پشتیوان جەمال
مامۆستای خول
بەڕێوەبەری خول
بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنبیری سەرا

شاعیر و نووسەر خاتوو هەوار محەمەد لە ساڵی ٢٠٠٣ هاوسەرگیری لە گەڵ نووسەر مامۆستا بەختیار مەحمود کردووە و خاوەنی سێ کچ و دوو کوڕن بەناوەکانی(دیا، دیما، محەمەد، ئەحمەد،

میر)خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینەکانی.

چەند نموویەک لە شیعرەکانی شاعیر خاتوو هەوار محەمەد:

(١)

**کە تۆ هاتی درەختە زڕەکان هاتنە بەر!**
**دڕکەکان بوونە گوڵەباخ!**
**بیابانەکان لە ئاو شەڵاڵ بوون**
**کە تۆ هاتی تاریکاییەکان بوونە چراخان**
**ئاسمانەکان تەزبیحاتیان دەکرد**
**کە تۆ هاتی گشت وەرزەکان بوونە بەهارو،**
**دڵەکان بە بارانی موحیبەت تێراو بوون!**
**کەتۆ هاتی مانگ و ئەستێرە دابەزین**
**لەجوانی تۆ سوجدەیان بۆ خودا برد**
**بۆ ناسینەوەت!**
**بەبۆنی نێرگزا ئەتدۆزمەوە**
**بە پاکی رەوشت و بەزەییت**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر هەوار محەمەد، خاتوو لیدیا خێزانە ڕووسییەکەی(شەهید ئارام)**



**لەلای ڕاستەوە: شاعیر و چیرۆکنووس هەوار محەمەد، شاعیر و نووسەر خاتوو دێرین جەمال**



شاعیر و نووسەر هەوار محەمەد خۆی و هاوسەری نووسەر بەختیار مەحمود و منداڵەکانیان لە لای ڕاستەوە: خاتوو دیا، نووسەر هەوار محەمەد، نووسەر بەختیار مەحمود ، ئەوەی لە ئامێزییە میر، خاتوو دیما، دوو کوڕەکەش محەمەد و ئەحمەد

بەمنداڵی بێ باوکا یادت دەکەمەوە
تۆ هاتی بویتە رزگارکەری گشت مرۆڤایەتی
تۆ هاتیت
فەرمووت ژنان ئامانەتن لەسەر زەوی!
لەدایک بوونت پیرۆز ئەی خۆشەویستی خۆشەویستەکەم

(٢)

پیری حەیفەکات ئەگات بەتۆ
چۆن جورئەت ئەکات دێتە ماڵی تۆ
من و پیریەکەت کێبرکێمانە
بزانین کاممان زوو ئەگەینە تۆ
بمدەرێ کەمێ لە تاڵی قژت دەیخەمە سەر دڵ تاسپی بێتۆ
بمدەرێ کەمێ لەرۆحی پاکت تا ژیان رەنگ کەم وێنەی رەنگی تۆ








بمدەرێ دڵی پڕ لە ئەوینت تا دڵی منیش ببێت بە هی تۆ
بیرکردنێ بیرت دەکەم بە سەد شانامە نەنووسرێت
هێند وێڵ و سەرگەردانانە وێڵتم بە زار نەووترێت
چی مەنبەعی ئەسرار هەیە گەڕام شوێن دەستتی لێمابێ
وتم دوور نییە تا ئێستا شار بۆنی تۆی پێوە مابێ.
چی کوچەو کۆڵانی شارە ئەو شوێنانەش کە بۆی نەچووی
وێڵ و گەڕیدە بووم بەدوای ناوی شوێن پێکانتاو نەبووی
گەڕام وتم نەک لەدوای من ڕێی هاتنەوەت لێ ون بووبێت
دڵی ئەو عاشقانەش گەڕام پێش من مەیلت بۆیان بووبێت

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر هەوار محەمەد، شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان ئەمین محەمەد و نووسەر و فۆتۆگرافی بەختیار عەلی لە سلێمانی بۆیان ناردووم، سوپاسیان دەکەم

٢ - هەندێ زانیاری لە شاعیر و نووسەر هەوار محەمەد خۆی، وەرگیراوە.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەلاح نیساری

شاعیر و نووسەر و چیرۆک و ڕۆماننووس و وەرگێڕ سەلاح نیساری لە ڕۆژهەلاتی کوردستان...

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ سەلاح نیساری لە هاوینی سالّی ١٩٦٥ لە گوندی(قالویَ)ی دەوروبەری شاری(بۆکان) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی دووەم هەر لە گوندەکەی خۆیان خوێندووە، لە پایزی سالّی ١٩٧٥ مالّیان چووەتە شاری بۆکان، لەوێش سیَ سالّ لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناو شاری بۆکان خوێندوویەتی، دواتر بەهەر هۆیەک بێت وازی لە خوێندن هێناوە و دەستی بەکار و کاسبی کردووە، ئەو پیشەی سەرەکی بۆ بژێوی ژیانی خۆی(بەرگدرووین)ە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ سەلاح نیساری دیارە لە تەمەنی لاوێتیدا ژمارە(٤)ی گۆڤاری(سروە)ی خوێندۆتەوە و زۆر کاریگەری تێکردووە، بۆیە دەستی بەخوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی کردووە،



له لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەوانشاد عوسمان هەورامی، نووسەر و لێکۆڵەر حەمەساڵح فەرهادی،
نووسەر سەڵاح نیساری



له لای ڕاستەوە: نووسەر ئەمین محەمەد، نووسەر سەڵاح نیساری،
نووسەر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، نەناسراوە

دواتر دەستی بەنووسینی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان کردووە، دواتریش ڕووی لە وەرگێڕانی شاکارە ئەدەبییەکانی فارسی و جیهانی کردووە، لە وەرگێڕانەکانیدا بابەتی ئەدەبی منداڵانیشی فەرامۆش نەکردووە، سەرەڕای نووسینی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بواری فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپوور و ئەفسانە و داستانی کوردی، لەم بوارانەدا

کۆمەڵێک بەرهەمی سوود بەخشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- تروسکەیەک لە تاریکیدا، چیرۆک، ٢٠٠٢. تاران.
- لە چەشنی ژیان، چیرۆک، سلێمانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ٢٠١٣.
- تەپی سازندان، ڕۆمان، ماد، ٢٠٢٠.
- خەزێنەی هەرمان، توێژینەوەی گۆرانیی فۆلکلۆر، چاپی زانکۆ، ٢٠١٦.
- سروەی بەیان، دیوانە شیعر چاپخانەی(٤٩) کتێب سوید، ٢٠٢٢.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر خاتوو سوێسنە ئیسماعیل نەژاد، نووسەر سەڵاح نیساری



لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەڵاح نیساری، نووسەر مەنسور یاقووتی

- سەیدەوان، چیرۆک بۆ منداڵان ئاژوان، ٢٠١٥.
- خاڵخاڵۆکە شیعر بۆ منداڵان، چاپی مانگ، ٢٠١٥.
- بزەی چرۆ، چیرۆک بۆ منداڵان، چاپی مانگ، ٢٠١٦.
- شەکرەسێو، شیعر بۆ منداڵان، چاپی ماد، ٢٠١٨.
- سمۆرە کلکی زەردە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەڵاح نیساری، ڕەوانشاد هێدیی شاعیر**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خالید فاتیحی، نووسەر سەڵاح نیساری**



له لای ڕاستەوە: نووسەر سەلاح نیساری، هونەرمەندی شێوەکار مستەفا شێرزاد

- بۆقەشین، چیرۆک بۆمندالآن، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
- بزەی پەپوولە، چاپی خانەی سمۆرە، سلێمانی ٢٠١٣.
- بەڕێوەبەری قوتابخانە، جەلالی ئالی ئەحمەد، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١١.
- خەرمانە چیرۆک، سەمەد بێهڕەنگی، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١١.
- ئەفسانەی ئازەربایجان، سەمەد بێهڕەنگی، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١١.
- سەمەد قەت نامرێ، وەرگێڕان، چاپی دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١١.
- چۆنیەتی بارهێنان لە ئێران، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی هەولێر، ٢٠١١.
- بنەماڵەی پاسکۆئال دووئارتە، وەرگێڕان، نووسینی خوسەسێلا، دەزگای موکریانی، ٢٠٠٨.
- سەفەرنامەی عەشیرەتی بەختیاری، وەرگێڕان، نووسینی ئەسغەر کەریمی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.




**بەرهەمەکانی نووسەر سەلاح نیساری**

- سیاحەتنامەی میسۆ چریکۆڤ ،عەلی ئەسغەر عومران، وەرگێڕان لە فارسییەوە، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.
- لوڕستان لە سەفەرنامەی گەشتیاراندا، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.
- خاما، ڕۆمان، یۆسف عەلیخانی، وەرگێڕان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٢٣.
- ئەفسانەی سیرەنگ، ڕۆمان مەنسوور یاقووتی، وەرگێڕان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠١٣.
- سیاوەشان، سیمین دانشوەر، ڕۆمان، وەرگێڕان لە فارسییەوە، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.
- مادمازێڵ کەتی، میترا ئیلیاتی، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.
- کۆلارەکانی سپی سەنگ، ڕۆمان بۆ مێرمندالآن، وەرگێڕان، چاپخانەی(٤٩) کتێب، سوید، ٢٠٢٣.

- مێردەکەی ئاسکە خاتوون، عەلی محەمەد ئەفغانی، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١١.
- باب مردن، کۆمەڵە چیرۆک، وەرگێڕان، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٧.

بۆ نووسەر و جیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ مامۆستا سەلاح نیساری هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینە پوختەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ سەلاح نیساری، شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بەیار زاوێتەیی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و میدیاکار بەیار زاوێتەیی ناوی تەواوی(بەیار کوڕی ساڵح نەعمێ زاوێتەیی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە بەیار زاوێتەیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٧ ماڵی خێزانەکەیان چووەتە شاری دهۆک، ئەو لە ساڵی ١٩٧٣ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری دهۆک تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٠ بەهۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و چەند هۆیەکی تایبەت بەخۆی، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.




شاعیر بەیار زاوێتەیی
بە مێردمنداڵی

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ بەیار زاوێتەیی لە ساڵی ١٩٩٩ دەستی بەنووسینی شیعر و کورتە چیرۆک کردووە، یەکەمین بەرهەمی خۆی



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عیسمەت خابوور، شاعیر بەیار زاوێتەیی، نووسەر ئەحمەد عەبدوڵڵا زەڕۆ، مامۆستا ئیسماعیل عەلی**



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا محەمەد حیۆل، شاعیر بەیار زاوێتەیی، مامۆستا شنیوار کەماڵ، مامۆستا عادل حەسەن، مامۆستا مازن ئیسیان**

کە چیرۆکێک بووە بەناوی (بیر هاتن) لە ڕۆژنامەی (پەیام) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و چیرۆک و، دواتریش ڕووی لە وەرگێڕان کردووە، دەیان وتار و کورتەباس و بەرهەمی خۆیشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، ئەو تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

– من نەڤێت ژ لەشێ تە ببارم، دیوانی شیعری، ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.

- ئایەتێن ئاپۆی، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەر محەمەد سەلیم سواری.
- ب خاترا تە کەڤۆکا من، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەر محەمەد سەلیم سواری.

شاعیر و نووسەر بەیار زاوێتەیی وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بەتواناو خاوەن ئەزموون چەندین چالاکی هەبووە و هەیە لەوانە:



لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەلام بالایی، شاعیر بەیار زاوێتەیی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕەمەزان عیسا، شاعیر بەیار زاوێتەیی



له لای ڕاستەوە: شاعیر بەیار زاوێتەیی، ڕەوانشاد ستار عەلی، بەڕێز ئەحمەد عەلی




له لای ڕاستەوە: مامۆستا عەبدولعەزیز خەیات، شاعیر بەیار زاوێتەیی

- لە سالّی ٢٠٠٠ماوەیەک وەکو بێژەر و نووسەر لە ڕادیۆی دهۆک کاری کردووە.
- لە سالّی ٢٠٠٣ وەکو پەیامنێر و دواتر وەکو نووسەر لە ڕۆژنامەی(ئەڤرۆ) لە دهۆک کاری کردووە.
- لە سالّی ٢٠٠٨ ماوەیەک سکرتێری نووسینی گۆڤاری(دهۆکا نوی)بووە.
- لە سالّی ٢٠٠٩ ماوەیەکیش سکتێری ڕۆژنامەی دهۆک بووە.




- لە سالانی ٢٠١١ - ٢٠١٤ بەرپرسی سەنتەری(پەیام)ی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بووە بۆ پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران.
- سالی ٢٠١٥ وەکو ڕۆژنامەنووس و بەشداری لە چوارەمین کۆڕبەندی(تیرۆر، مەترسی، بەرەنگاری) کە مەلبەندی لێکۆلینەوەی عەرەبی و ئەورووپی(CEEA) لە پاریسی پایەتەختی وڵاتی فەرەنسا ڕێکێخسبوو.




- لە سالانی ٢٠١٦ - ٢٠١٩ لە بەشی(نیوز ڕۆم) لە تەلەفزیۆنی(وار)کاری کردووە.
- لە سالانی ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ نووسەر و سەرنووسەر لە(ڕادیۆی دهۆک، مالپەڕی خانی، ڕێبەری گەشتیاری لە دهۆک) کاری کردووە.
- لە سالی ٢٠٢٤ بووەتە سەرپەرشتیاری بەشی سۆشیال میدیا لە ناوەندی خانی.
- وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی خاوەن



لەلای ڕاستە: مامۆستا شەماڵ ئاکرەیی، شاعیر بەیار زاوێتەیی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر بەیار زاوێتەیی، ڕەوانشاد ئیسماعیل تاهیر جانگیر



شاعیر بەیار زاوێتەیی خۆی و هاوسەر و کچەکانی

ئەزموون چەندین کۆڕی فێربوونی لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن بۆ لاوانی دهۆک کردۆتەوە.

- لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا بەیار زاوێتەیی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە کار و چالاکییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر بەیار زاوێتەیی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر مامۆستا ئیسماعیل بادی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر نەسرین دڵیار

مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر خاتوو دکتۆر نەسرین ڕووکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر نەسرین ڕووکەش لە ناوەندی ئەدەبی و پەروەردە بە نەسرین دڵیار ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری (مهاباد) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری مهاباد تەواوکردووە، ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی ئازادیی مهاباد وەرگرتووە، بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەکانی شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری مهاباد، دواتریش ناو شاری مهاباد، لە ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی ماستەریشی لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە و، ساڵی ٢٠٢٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە زمان و ئەدەبی فارسی هەر لە زانکۆی ئازادیی مهاباد بەدەستهێناوە و، وەکو مامۆستاش بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن و ئیدارەی پەروەردەش، ئێستاش خانەنشینە و لە شاری مهاباد دەژیێت.



له لای ڕاستەوە: مامۆستا هەژین، نووسەر دکتۆر نەسرین دڵیار، شاعیر مامۆستا سووتاو



له لای ڕاستەوە: نووسەر و فەرهەنگناس سەلاح پایانیانی، شاعیر خاتوو کەژاڵ فەداکار،
نووسەر دکتۆر نەسرین دڵیار

مامۆستا و نووسەر دکتۆر نەسرین دڵیار هەر لە منداڵییەوە خولیا و عیشقی زمان و ئەدەبی کوردی بووە، لە تەک خوێندنی قوتابخانە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی کوردی خوێندۆتەوە، چەند خولێکی فێربوونی نووسین و ڕێنووسی کوردی لە فێرگای (سۆما) بینیووە و ئاشنایەتییەکی باشیشی لە ئەلف و بێی لاتینی کوردی پەیدا کردووە، پاش پەیداکردنی پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، دەستی بەنووسین و وەرگێڕان کردووە لە بواری

ئەدەبی منداڵان و دواتریش لێکۆڵینەوە و توێژینەوەش، لەم بوارانەدا چەند بەرهەمێکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی (مراوی ڕێنوێن)، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەر خوسرەو کێی مەنێش، ساڵی ٢٠١١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کتێبی (جلوەهای کودک در امهات نظم فارسی کردی) لێکۆڵینەوەیە لە سەر( شێوازی پەروەردە و لاواندنەوەی منداڵان لە شیعری فارسی و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خاتوو گوڵاڵە ستاوەند، شاعیر خاتوو شیلان گەیلانی، نووسەر دکتۆر نەسرین دڵیار**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر نەسرین دڵیار، شاعیر خاتوو سیمین چایچی**

کوردی)، لە سەر ئەرکی یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر ساڵی ٢٠١٣ چاپکراوە.

- کتێبی (ئەوین بەرزترین هێزە)، وەرگێڕانی(٥)چیرۆکی فارسی بۆ زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- وەرگێڕانی چەند هەڵبژاردەیەک لە شیعری شاعیران(جەمال غەریب و دڵشاد کوێستانی)بۆ زمانی فارسی، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و فارسییەکان بڵاویکردۆتەوە.



لە لای ڕاستەوە: دایکی نووسەر دکتۆر نەسرین دڵیار، نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر نەسرین دڵیار



لەلای ڕاستەوە: هونەرمەندی پەیکەرساز هادی زیائەدین، نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر نەسرین دڵیار



**لە ناوەڕاست: باوکی نووسەر دکتۆر نەسرین دڵیار. لە تەنیشتی نووسەر دکتۆر نەسرین دڵیار بەجلی کوردییەوە. منداڵەکانی دیکە خوشك و براکانین.**

- وەرگێڕانـی بەشـێک لـە کتێبی(افسـانەها و مثلهـا کـردی)ی نووسـەر عەلـی ئەشـرەفی دەروێشـیان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی.
- وەرگێڕانـی هەنـدێ شـیعری شـاعیر(فاتیمە سیسـتانی) و نامەی(شـارلی شـاپلن) بـۆ کچەکـەی و(نامـەی ئەبراهـام لینکۆڵن) بۆ مامۆسـتای کوڕەکەی، لـە فارسـییەوە بـۆ زمانـی کـوردی.
- دەیـان وتـار و کورتـە بـاس و لیکۆڵینـەوەی لـە بـواری ئەدەبـی منداڵان و بابەتـی هەمەجـۆری دیکـە لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردییەکانـی وەکو(کانـی) لـە مهابـاد و(پەپوولـەکان) لـە سـلێمانی بڵاوکردۆتـەوە.
- بەرهەمێکیشـی بەناوی(مردمشناسـی فرهنگـی در سـە منظومـە بهـرام و گلنـدام، مهـر و وفـا و شـێخ صنعـان) ئامادەیـە بـۆ چاپکـردن.

نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر نەسرین دڵیار وەکو لێکۆڵەر و توێژەر و ڕاوێژکار، چەندین چالاکیی هەبووە لەوانە:


- لە فیستیڤاڵی یەکەمین خەڵاتی نێونەتەوەیی کتێبی کوردی، خەڵاتی دکتور(ئیبراهیم یونس)ی لە شاری بانە ساڵی ٢٠١٦ پێبەخشراوە.
- سەبارەت بەکار و چالاکییەکانی لە کتێبی(ژنانی ناوداری کورد) لە ساڵی ٢٠٢١، خەڵاتکراوە.
- ڕێنمایی و پێشنیاری بۆ دامەزراندنی پێشانگەی ساڵانە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤاری منداڵان، لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٥ کردووە.
-( دووکتێبخانەی پێشکەش بە گوندەکانی(گردەگروێ)ساڵی٢٠١٨)و (کانی سێو)ساڵی ٢٠١٩کردووە.
- لە ساڵەکانی ١٩٩٨- ١٩٩٩ لە شەشەمین و حەوتەمین فیستیڤاڵی (سەرانسەری برەوپێدەران بە بواری کتێب و کتێب خوێندنەوە) لە ئاستی ئێران بۆ قۆناغی کۆتایی هەڵبژێردراوە.




- دوو جار هەڵبژاردەی(خاتوون)ی فەرهەنگی بووە و سێ جاریش مامۆستای هەڵبژاردە بووە لە سەر ئاستی شار.
- ساڵی ٢٠١٩وەکو مامۆستا و لێکۆڵەر بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.





**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر نەسرین دڵیار**

- ساڵی ٢٠٢١ بەبۆنەی(ڕۆژی قەڵەم) سەبارەت بە پەرەپێدان و بایەخدانی بە کتێب و کتێب خوێندنەوە، ڕێزلێنانی بۆ کراوە.
- ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی ڕێزلێنان لە لایەن ئەنجومەنی(حامی) لە شاری تاران هەر بە بۆنەی پەرەپێدان بە بواری پەروەردەیی و کولتووری پێبەخشراوە.
- بەشداری لە چەندین کۆڕو کۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری و ئەدەبی و ناساندنی کتێب لە شاری مهاباد و دەوروبەری کردووە.
- ئەندامی ناوەندی خێرخوازیی پەیوەندیی قوتابخانەکانە.
- ئەندامی خۆبەشی مانگی سوورە.
- ئەندام و ڕاوێژکاری خولی چوارەمی ئەنجومەنی کۆمیسیۆنی ژنانە لە شاری مەهاباد.
- ئەندامی سندووقی خێرخوازانی قوتابخانە دروستکردنە.

ئێستاش بەرپرسی پەیوەندییەکانی گۆڤاری(کانی)ی منداڵانە کە لە شاری مهاباد دەردەچێت.

بۆ نووسە و وەرگێڕ دکتۆر نەسرین دڵیار هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر نەسرین دڵیار، هاوڕێم شاعیری نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عومەر حاجی عەلی شەناغەیی

حەیران لە بیرەبات و جاستانێ...

حەیرانەکەی بابی وریای کارمامزەکی سۆری سۆرغەربوو، دەلەوەڕێ لە ئاقاری سەربەشاخ و عەولاْفاتێ هەموو کێشتانان ئاوێ خۆی دەخواتەوە لە سەروچاوەی کاولە دەربەندی، پێش ڕۆژئاوایێ هەر دەکشێتەوە لۆ بنارێ زوورگەزراوی سیانان چەندە جوان لانێ خۆی چادەکا لە گردی گرەسۆرکانێ....هتد.

نووسەر و دانەری حەیران و بەستەی میللی و شیعر و فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی عومەر حاجی عەلی شەناغەیی ...

ناوی تەواوی(عومەر حاجی عەلی ڕەسوڵ)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە عومەر حاجی عەلی شەناغەیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی(شەناغە)ی سەر بە ناحیەی کەندێناوەی پارێزگای هەولێری(ئەو کات) لە خێزانێکی ناسراوی ناوچەکە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی شەناغە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە شاری هەولێر و خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی هەر لە هەولێر تەواوکردووە و، ژیانێکی سەختیشی لە بەشە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا غەفوور مەخمووری، نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، دکتۆر ڕامیار


ناوخۆییەکانی بەسەربردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ گوندی شەناغە کەوتۆتە بەر شاڵاوی (تەعریب و تەڕحیل و تەبعیس)،خوالێخۆشبوو حاجی عەلیی باوکی بەناچاری ماڵەکەی بردۆتە گوندی (گابەرەکە)ی سیانان، تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ بەخاوخێزانەوە چوونەتە شاری هەولێر و لە گەڕەکی(باداوە) نیشتەجێبوونە،

نووسـەر عومـەر حاجی عەلی دیارە درێژەی بەخوێندن داوە و، سـاڵی ١٩٨٢ بەشـی کارەبـای لـە پەیمانـگای تەکنەلـۆژی بەسـەرکەوتوویی تەواوکـردووە، پاشـان ماوەیـەک بووەتـە پێشـمەرگەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کە هاتۆتـەوە چونکـە پیشـەی کارەبـای زانیـوە لـە پرۆژەی(فەلـەک) دامـەزراوە و دواتریـش لـە بەشـی کارەبـا لـە وەزارەتـی پێشـمەرگەی هەرێمـی کوردسـتان درێژەی بـە خزمەتکردن داوە تـا سـاڵی ٢٠٢١ بەپلـەی (مقدم) خانەنشـینکراوە.

نووسـەر و دانـەری حەیـران و بەسـتەی میللـی عومـەر حاجـی عەلـی شـەناغەیی هـەر لـە تەمەنـی لاوێتیـدا ئامـادەی مەجلیسـی حەیرانبێـژان بـووە،



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، نووسەر دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ، نووسەر دکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، مامۆستا هاشم حاجی عەلی شەناغەیی

بۆیە حەزو ئارەزووی چووەتە سەر نووسینی حەیران و بەستەی میللی ڕەسەنی کوردی، سەرەتا بە شیعر نووسین و دواتر چووەتە ناو دنیای نووسینەوەی حەیران و بەستە لەم بوارانەدا تا ئێستا(٤)کتێبی بەنرخ و ناوازەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی(کۆژانی حەیران) بەرگی یەکەم، کە(٣٣٣)حەیرانە لە خۆدەگرێت و بەڕێز دکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی بۆ کردووە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئیسماعیل تەنیا، نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس دێدوانی یەعقوب



لە لای ڕاستەوە: حەیرانبێژ هێمن سارمەمی، نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی




لە لای ڕاستەوە: نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، شاعیر مامۆستا مەسعود پەرێشان

- کتێبی(کۆژانی حەیران)بەرگی دووەم، کە (٤٤٤) حەیران لە خۆدەگرێت و مامۆستا غەفوور مەخمووری پێشەکی بۆ نووسیوە.
- کتێبی(دیوانی ڕەنجاو)، کۆمەڵە شیعرێکی ئەڤینی، ئایینی، نیشتمانپەروەری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە.
- کتێبی(گرفەی دەروون) کە (١٠٤)بەستەی میللی لە خۆدەگرێت و دکتۆر



**لە لای ڕاستەوە: حەیرانبێژ مام فەرحان، نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی**

ڕزگار ڕەنجدەر پێشەکی بۆ نووسیوە. چەندین حەیرانبێژ و گۆرانیبێژی ناوچەی قەراج و کەندیناوە و مرکییە و شەمامک و بەڕانەتی تێکستەکانی حەیران و بەستە میللییەکانی نووسەر عومەر حاجی عەلی-یان وەکو حەیرانە و گۆرانی وتووە لەوانە هەر یەک لە(شێخ نەجات شێراوە، دەرفەت دنیایی، ئەحمەد سێبیرانی، ئەنوەر پیرداودی، هێمن سارمەمی، ڕێبوار شێخ شەروانی، محەمەد ئۆمەربلی، فەرحان هەمزەکۆری، ئاشتی عەوێنە، عیماد لاوە، زیاد شێخ شەروانی، تەحسین کۆلە، خدر مەنتک، سدیق فەقیانی، جابر کەنداری، سەمیر مامەسێنی، دڵشاد تۆفیق و چەندانی دیکەش).

نووسەر و دانەری حەیران و بەستەی میللی عومەر حاجی عەلی لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و فیستیڤاڵە شیعری و ئەدەبییەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری ئامادە دەبێت.

پەیوەندییەکی باشیشی لە گەڵ بەشی زۆی حەیرانبێژ و هونەمەندان و نووسەرانی کورد هەیە.

بۆ نووسەر و دانەری حەیران و بەستەی میللی کوردی مامۆستا عومەر حاجی عەلی شەناغەیی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینی

حەیران و بەستەی میللی کوردی.

وا چەند نموونەیەک لە حیران و بەستەکانی دەنووسینەوە:

## حەیران(١)

## حەیران لە بیرەبات و جاستانێ...

حەیرانەکەی بابی وریای کارمامزەکی سۆری سۆرغەربوو، دەلـەوەرێ لە ئاقاری سەربەشاخ و عەولافاتێ هەموو کێشتانان ئاوێ خۆی دەخواتەوە لە سەروچاوەی کاولە دەربەندی، پێش ڕۆژئاوایێ هەر دەکشێتەوە لۆ بنارێ زوورگەزراوی سیانان چەندە جوان لانێ خۆی چادەکا لە گردی گرەسۆرکانێ...دەوجا دەمگۆ براینە ئەمن نەمدیتییە نازانم نەباوش و هامێزی دۆست و گراویان خۆشترە لە جێڕاوگەوژانی نە شەو لە سەر سێباری نیوەشەوان دەست لە ملانی نازدار حەیرانێ.

## حەیران(٢)

ئەڕۆکە گاز دەکەم دەرێم لە پێش درێمن لهێبان لهێبانە، بەژنی حەیرانێ من شلکە گەردەنی زەردوو تەنکە ڕوومەتی دەچوێنم بەسێوە لاسۆرەکانی ڕەزوو باغی شنۆیێ، ئەدی نارێم سینگی ئەو زالم داکەی دەرێی سندوقی کتێبانە، ئەرێ براینە ئەوە سەرێ چەند سارانە دۆست و گراوێی خۆمە سەرم لە خۆمە سوڕمایە ئەوە چەند ڕۆژە نازانم لە سەر چ لە من نەبانە.




بەرهەمەکانی نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی

**(بەستەی میللی)**

قەرەچوغ گەری بەگەری
باسک و تەلان و هەرکەوی
شەواشینک و دومەرانی
ڕوەزو و قاسپەی کەوی
کانی خەزەرانی جوانی
شەنگەبێری ڕانەکانی
هۆبەو ڕەشماری شوانکاران
نایە و بلوێری شوانی
سیرەی بازو و سەقەرانی
زڕەی زەنگوری بەرانی
کار مامز بەڕەوە دەڕۆن
پۆڕو سوسکەش لە تەلانی
گەری سەنگەران عاسێیە
بەر سێبەر و پشت نسێیە

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەری حەیران عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، هاوڕێم شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری و وێنە لە نووسەر عومەر حاجی عەلی شەناغەیی خۆی وەرگیراوە، سوپاسی دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کەریم خەمزەیی

هونەرمەنـدی گۆرانـی و بەسـتەی میللـی و فۆلکلـۆری ڕەسـەنی کـوردی کەریـم خەمزەیـی ...

نـاوی تەواوی(کەریـم حەکیـم عەزیـز)ە، لـە ناوەنـدی هونـەری بـە کەریـم خەمزەیـی ناسـراوە، ئـەوان لـە بنەچـەدا خەڵکـی گوندی(خەمـزە)ی سـەر بەناوچـەی شـارباژێڕی پارێـزگای سـلێمانین، دواتـر خێزانەکەیـان هاتوونەتـە شـاری سلێمانی، لـە سـاڵی ١٩٤٥ لـە گەڕەکی کانێسکانی شـاری سـلێمانی لـە دایک بـووە، بەهـەر هۆیـەک بێت هەلی خوێندنی بۆ نەڕەخسـاوە، بەڵام ئـەو توانـای نووسـین و خوێندنـەوەی هەیـە، لـە کۆتایی حەفتاکانی سـەدەی ڕابردوو وەکو کارمەنـد لـە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشـنبیریی جەماوەریی سـلێمانی سـەر بە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی دامـەزراوە، ئێسـتاش خانەنشـینە و بۆ بژێوی ژیانی خۆی دوکانێکی فرۆشتنی تەزبیحـی لـە شـاری سـلێمانی کردۆتـەوە.

هونەرمەنـد کەریـم خەمزەیـی لـە سـاڵی ١٩٧٠ دەسـتی بـە گۆرانیـی وتـن کـردووە، گۆرانییەکانـی بەشـی زۆری لـە تێکسـت و ئـاوازی خۆیەتـی و هەندێکیشـیان فۆلکلۆریـن، لـە سـاڵانی ١٩٧٦ بـەرەو ژوور نزیکـەی(٣٠) گۆرانـی لەگـەڵ تیپـی هونـەری میللیـی سـلێمانی و تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و هونەرمەند سالار کۆشار، هونەرمەند کەریم خەمزەیی




لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند کەریم خەمزەیی، هونەرمەند بەرزان قەرەهەنجیری

لە تەلەفزیۆنی کەرکووک و بەغدا تۆمار کردووە، ئەو زیاتر(١٠٠) کاسێتی تۆمارکراوی هەیە، بەشی زۆری ئەو کاسێتانە و گۆرانی و بەستەکانی لە لایەن هونەردۆست ڕەوانشاد (قادر ڕەشید) تۆمارکراوە و لە تۆمارگاکەشی پارێزراون.

لە ساڵی ١٩٧٨ چەندین گۆرانیی(دوێت) دوو قۆڵی لەگەڵ هونەرمەندی ڕەوانشاد جەلال سەعید وتووە لەوانە(سەمیرە، دەیژێنم، حەمەدێ ڕۆمی لە زێڕی)، لەگەڵ هونەرمەندان بەرزان قەرەهەنجیری، عارەب عوسمان، سابیر

کوردستانی)یش چەندین گۆرانیی دوو قۆڵی وتووە و تۆمارکراوە.

ئەو لە بەشی زۆری ئاهەنگ و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان (سلێمانی، کۆیە، ڕانیە، هەولێر) بەشداری کردووە، لەگەڵ تیپی میلیی سلێمانی و تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشداریی میهرەجان و فیستیڤاڵە هونەرییەکانی لە بەغدا کردووە، لە تیپی هونەری میلیی سلێمانیش چەندین ئاهەنگیان لە دەرەوەی وڵات گێڕاوە.

لە گۆرانییە ناسراوەکانی(مەستم، یار یار، لە زێڕی..، سەمیرە، زاوا لە بووکێ مەدە، دەیژێنم و چەندانی دیکەش).

بۆ هونەرمەند کەریم خەمزەیی، خزمەتێکی زۆری هونەری میللی و فۆلکلۆری کوردیت کردووە و هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت.



**هونەرمەندی سلێمانی لە گەشتێکدا، لە ناوەڕاست ئەنوەر قەرەداغی، کەریم خەمزەیی**



**هونەرمەند کەریم خەمزەیی،**
**ڕەوانشاد جەلال سەعید**



**هونەرمەند کەریم خەمزەیی،**
**ڕەوانشاد عوسمان عەلی**



**هونەرمەندی گۆرانی و بەستەی میللیی ڕەسەنی کوردی کەریم خەمزەیی**


سەرچاوەکان:

١ - هەندێ زانیاری لە ڕێگای شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد لە سلێمانی لە هونەرمەند کەریم خەمزەیی خۆی وەرگیراوە.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(شار) نووسینێکی نووسەر فەرەیدون کونجرینی، لە ٢١ - ٩ - ٢٠٢٣.

٣ - فیلمێکی دوکیومێنتاریی کەناڵیNRT٢، لە ٢٠ - ٣ - ٢٠٢١.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(فۆلکلۆر)، فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە١٦ - ٨ - ٢٠٢٢.

٥ - ماڵپەڕی کەناڵی Dimen tv فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ٢٠٢١.

٦ - زانیاری و ئامادەکرن و نووسینی خۆم.



# عارەب عوسمان

هونەرمەندی حەیران و لاوک و گۆرانی و بەستەی رەسەنی کوردی عارەب عوسمان ....

ناوی تەواوی(عارەب عوسمان جەرجیس)ە، لەنێو هونەرمەندان و هەوادارانی بە (تەنیا عارەب) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ هەندێ سەرچاوەش دەڵێن ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی (تەیراوە)ی ناو شاری هەولێر لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، ڕەوانشاد عوسمان حەیرانی باوکی یەکێک بووە لە حەیرانبێژە ناسراوەکانی دەشتی قەراج و کەندێناوە، خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە و، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٦٨ کە عوسمان حەیرانی باوکی کۆچی دوایی کردووە، دیارە ئەویش بۆ بژێوی ژیانی خۆی و دایکی وازی لە خوێندن هێناوە و دەستی بە کاسبی کردووە.

هونەرمەند عارەب عوسمان لە سەرەتای لاوێتیدا وەرزشکارێکی باش بووە لە یارییەکانی(تێنسی سەر مێز، تۆپی پێ و پایسکلسواری) سەرەتا لە تیپی پێی میللییەکان و، دواتریش لە تیپی هەڵبژاردەی شورتەی هەولێر و(پاسەوانی سنوور - حرس الحدود) یاری کردووە، وەکو هاندەریش



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕەوانشاد محەمەد جەزا، هونەرمەند ڕەوانشاد قادر زیرەك، هونەرمەند ڕەوانشاد فوئاد ئەحمەد، هونەرمەند عارەب عوسمان، هونەرمەند ڕەوانشاد تەحسین تەها، بەڕێز فەخرەدین تاهیر



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕەوانشاد مەرزیە فەریقی، هونەرمەند عارەب عوسمان، هونەرمەند ناسری ڕەزازی

بەشداری لە ئۆلمپیادی ئەڵمانیا و پاریس کردووە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتیی هونەریی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان دامەزراوە و ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژییێت.

ئەو وەکو حەیرانبێژ ناسراوە سەرەتا بە شێوازی باوکی، حەیرانی وتووە

و، دواتریش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی حەیرانەکانی حەیرانبێژی ڕەوانشاد ڕەسوڵ بێزار گەردی، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو یەکەمین جار چاوی بە هونەرمەند وریا ئەحمەد کەوتووە و ئەویش نازناوی(تەنیا عارەب)ی پێبەخشیوە، دواتریش بە هاوکاریی هونەرمەندی ڕەوانشاد جەمال هیدایەت سەرۆکی تیپی هونەری هەولێر دەستی بە گۆرانیی وتن کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ هەر بەهاوکاریی هونەرمەندی مۆسیقا و ئاوازدانەر وریا ئەحمەد چەند گۆرانییەکی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا تۆمارکردووە، ئیتر کەوتۆتە ناو دنیای حەیران و لاوک و گۆرانی و بەستەی ڕەسەنی کوردی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند نیزام شوکر، شاعیر عەبدولڕەحمان بێلاڤ، هونەرمەند عارەب عوسمان، هونەرمەندی حەیرانبێژ ڕەوانشاد حەسەن سیساوە



لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی، هونەرمەند عارەب عوسمان، هونەرمەند ڕەوانشاد شەماڵ سائیب، هونەرمەند ڕەوانشاد فوئاد ئەحمەد، هونەرمەند ڕەوانشاد تەحسین تەها



**هونەرمەند عارەب عوسمان لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابیی ئامادەیی کشتوکاڵی(ئاسکی کەلەك) لە ئاهەنگێکدا ساڵی ۱۹۷۳، لە لای ڕاستەوە: حەوتەم کەس نووسەر عەلی بەختەوەر**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕەوانشاد جەلال سەعید، هونەرمەند مۆسیقا و ئاوازدانەر مامۆستا ڕزگار خۆشناو، ڕەوانشاد هونەرمەند ئیبراهیم سابیر، هونەرمەند عارەب عوسمان**

لەگەڵ هونەرمەندانی سەردەمی خۆی هەر یەک لە (جەلال سەعید، بورهان خۆشناو، نەجمەدین ئاوارە، نیزام شوکر و قادر زیرەک) پەرەیان بە توانای هونەری خۆیان داوە.

هونەرمەندی حەیران و گۆرانی تەنیا عارەب لەگەڵ تیپە مۆسیقییەکانی(کاوە، نیقابەی کرێکاران، هەولێر و چەندین تیپی دیکەش) کاری هونەری کردووە، هونەرمەندە مۆسیقاژەنە ناسراوەکانی شاری

هەولێر و دەوروبەری هەر یەک لە (ڕزگار خوشناو، وریا ئەحمەد، سەید ئەحمەد ڕواندزی، سەید ئەحمەد بەرزنجی و شێرزاد سەرسپی) کاری مۆسیقا و ئاوازیان بۆ ئەنجامداوە.

ئەو چەندین ئاهەنگی لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاهەنگی تایبەت بە دۆست و برادەرانی و(گەعدە)ی شەوان، لە شاری هەولێر و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانی سازکردووە، لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێریش چەندین کۆنسێرتی لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان و ئەمەریکاش گێڕاوە.

هونەرمەند تەنیا عارەب زیاتر بە حەیرانبێژ ناسراوە، بەڵام چەندین کاسێتی گۆرانی و بەستەی ڕەسەنی کوردی بەتەنیا و بە دوو قۆڵی لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان(جەلال سەعید، سابیر کوردستانی، نوری گەرمیانی، زیاد ئەسعەد، نیزام شوکر و کەریم خەمزەیی و چەندانی دیکەش) تۆمار کردووە.



لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد هونەرمەند جەلال سەعید، هونەرمەند عارەب عوسمان

لـه گۆرانییـه خـۆش ناسـراوەکانی(بەگیێ، دێوانـەم، کاروانـە هـۆ کاروانـە، حالـم بـێ حالـە، شمشـالی شـوان، پەرێشـانم، گـوڵ خونچـە، توخـوا شـوانە، کـەژاڵ بەچـاوی شـینی، نەرمـە نەرمـە، قـەدەر، شـوبات، گەوهـەرێ، وەی لـێ زالـم و چەندانـی دیکـەش).

ئـەو هەمـوو حەیرانەکانیشـی لەسـەر عاشـقی و ئەڤینـداری و سـوارچاکی و ستایشـی کەسـایەتیە مێژووییەکانـی کـوردە و هەمووشـی لـە سـەر مەقامی(بەیات) وتووە، لەگـەڵ هونەرمەند نیزام شـوکر سـتایش و سـرودی ئایینـی و مەولـود خوێندنەوەشـی تۆمـار کـردووە.

بـۆ هونەرمەنـد تەنیـا عـارەب هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیـت بـۆ خزمەتـی هونـەری ڕەسـەنی کـوردی.


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا - ئینسایکلۆپیدیا ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی مەخمور پریس.

٤ - ماڵپەڕی ڕووداو، فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ١٣ - ٨ - ٢٠١٨.

٥ - ماڵپەڕی ڕووداو، نووسینێکی نووسەر هیوا سەلاح لە ٢٠ - ٢٠ - ٢٠١٩.

٦ - ماڵپەڕی هەولێری جاران.

٧ - ماڵپـەڕی ڕووداو، نووسـینێکی نووسـەر سـەرباز سـیامەند، لـە ١ - ٧ - ٢٠١٩.

٨ - هەنـدێ زانیـاری، نووسـەر و هونەرمەنـد سـالار کۆشـار لـە هەولێـر بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٩ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# قادر زیرەك

هونەرمەندی گۆرانی و مەقام و بەستەی ڕەسەنی کوردی، جوانەمەرگ قادر زیرەک ...

هونەرمەندی گۆرانیبێژی جوانەمەرگ قادر زیرەک لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی(بێرکۆت)ی دەوروبەری شاری هەولێر کە(ئێستا کەوتۆتە ناو شاری هەولێر) لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی بێرکۆت تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندیشی تا پۆلی سێیەمی ناوەندی لە شاری هەولێر خوێندووە، لە بەر سەختیي ژیان نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێت، هەر بۆیەش وەکو کارمەند لە(بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەولێر- دائرة زراعة اربيل) دامەزراوە، دواتر خزمەتی خۆی گواستۆتەوە بۆ تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر.

ئەو هەر لە منداڵییەوە عیشقی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووە، ئەو کاتەی قوتابیی سەرەتایی بووە ئەو بەهرە و دەنگخۆشییەی هەبووە و لاسایی هونەرمەندی گەورەی کورد ڕەوانشاد(حەسەن زیرەک)ی کردۆتەوە، زۆریش سەرسام بووە بەدەنگ و گۆرانییەکانی، هەر بۆیەش



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز جەمیل وەندی، هونەرمەند قادر زیرەك، هونەرمەندی ڕەوانشاد محەمەد جەزا، هونەرمەندی ڕەوانشاد سابیر کوردستانی**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند قادر زیرەك، هونەرمەند حەسەن گەرمیانی، هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم، هونەرمەندی ڕەوانشاد قادر کابان**

ناسناوی(زیرەک)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ساڵی ١٩٧٧ یەکەم گۆرانیی خۆی بەناوی(دوورم لە یاران) لە ئاوازی هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر ڕزگار خۆشناو و دەرهێنانی ڕەوانشاد شاکر کەریم لە بەغدا تۆمارکراوە ، ئەو کات دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو لەنێو خەڵکدا، هەر بەم گۆرانییەش بەناوبانگ بووە، ئیتر بەردەوام بووە لە کارە هونەرییەکانی لە گەڵ تیپەکانی مۆسیقای ئەو سەردەم لەوانە(تیپی مۆسیقا و شانۆی لادێ،

تیپی مۆسیقای کۆمەڵ و هونەری وێژەی کوردی و تیپی مۆسیقای هەولێر و تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر)، چەندین گۆرانیی خۆش و ئاست بەرزی تۆمار کرد لەوانە(ئەمان ساقی دڵی شەیدا، کە شیعری ئەختەری شاعیر و ئاوازی هونەرمەند ڕزگار خۆشناوە، دوورم لە یاران، ئاوازی ڕزگار خۆشناو، لە دوگمەی سینە، شیعری نالی و ئاوازی هونەرمەندی




هونەرمەند قادر زیرەك لە گەڵ ڕەوانشاد شەهید(ئەیوب)ی کوڕی





لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند قادر زیرەك، مامۆستا ئومێد قادر زیرەك

مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر مامۆستا وریا ئەحمەد، گۆرانیی بازی کوێستان، وەرە قوربان، لەبنەوار و لە کێم دیت).

ماوەیەکیش لە گەڵ تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر کاری کردووە و بەدووقۆڵی لەگەڵ هونەرمەندی ڕەوانشاد جەلال سەعید بەشداریی وەرزی یەکەمی ئەو تیپەی کردووە، کە تابلۆکانی(کوێستان، شوان، بادینی، نەورۆز، لۆرکێ، هەدروونە دروونە..) یان پێشکەش کردووە، هەر لەگەڵ ئەو تیپەش بەشداریی فیستیڤاڵەکانی بەغدای کردووە.









**هونەرمەند قادر زیرەک لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر**




ئارامگەی هونەرمەند قادر زیرەك




پەیکەری
هونەرمەند قادر زیرەك

پاش مردنیشی چەند گۆرانییەکی بڵاونەکراوەی هەبووە، هونەرمەند وریا ئەحمەد لەگەڵ چەند گۆرانییەکی دیکە لە(سیدی-(CD یەک بڵاوی کردۆتەوە.

هونەرمەند قادر زیرەک مرۆڤێکی کوردپەروەر و خاوەن هەڵوێست بووە لە زۆر بۆنە سیاسییەکان داوای گۆرانیی وتنی لێکراوە بەتایبەتی لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران کە بۆ(قادسیەی سەدام) گۆرانی بڵێت، بەڵام ئەو هەر جارەی بەبیانوویەک خۆی دزیوەتەوە، هەر چەند بەرهەمانی زۆر کەمن، بەڵام لە نێو دڵی هەوادارانی هەرگیز لە بیرناکرێت.

نووسەر مامۆستا لوقمان محەمەد گوڵانی نامیلکەیەکی لەسەر ژیان و






بەرهـەم و چالاکییەکانی هونەرمەنـد قـادر زیـرەک نووسـیوە و سـاڵی ١٩٨٥ چـاپ و بـڵاوی کردۆتـەوە.

شـاعیر و نووسـەر مامۆسـتا ڕەمـەزان ئەحمـەد لـە کتێبی شـیعری(هەولێر لەسـەردەمی کۆڕۆنـادا) یـادی هونەرمەنـد قـادر زیرەکـی کردۆتـەوە و بـەم پارچـە شـیعرە جوانـەش ستایشـی کـردووە:

( قادر زیرەک جارێکی دی

دوورم لەیاران تێهەڵکا

بەڵام ئەمجارە سۆزێکی

خەماوی تری تێکەڵکا

بڵێت پێویست ناکا گیانە

بەتەنیا ڕۆژانی هەینی

هەرکاتێ پێت کرا وەرە

ئەگەر دێی گوڵم بۆ دەینی).

هونەرمەنـد قـادر زیـرەک سـاڵی ١٩٦٩ هاوسـەرگیری لەگـەڵ ڕەوانشـاد خاتوو(نەسـرین ئەحمەد)کـردووە و خاوەنـی کوڕێـک و کچێـک بـوون بـە ناوەکانی(ئەیوب و ژیان) دوای کۆچکردنی هاوسـەری یەکەمی خاتوو(نەسرین ئەحمـەد) سـاڵی ١٩٧٦، هاوسـەرگیری لەگـەڵ خاتوو(ئـاواز عەبدولعەزیـز) کـردووە، خاوەنـی سێ کـوڕ بـوون بەناوەکانی(ئومێد، ئـاوات و ئـەرەدەلان) بەتێکڕایـی ئـەو خاوەنـی دوو کـۆز منـداڵ بـوو، خـودای گـەورە تەمەنیـان

دریێـژ بـکات، ئـەو لـە ڕۆژی ١٧ - ٧ - ١٩٨١ لـە گـەڵ چەنـد برادەرێکـی لـە کاتـی گەڕانەوەیـان لـە هاوینەهەواری(بێخـاڵ - گەلـی عەلـی بـەگ) لـە ڕێگای نێـوان خەلیفـان - حەریـر لـە ڕووداوێکـی ئۆتۆمبیـل گیانـی لـە دەسـتداوە و جوانەمـەرگ بـووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

هونەرمەنـدی پەیکەرسـاز مامۆسـتا سـامان هیدایـەت بەدەسـت و پەنجـە ڕەنگینەکانـی پەیکەرێکـی بـۆ هونەرمەنـد قـادر زیـرەک دروسـتکردووە و، لـە نـاو بـارەگای سـەندیکای هونەرمەندانـی کوردسـتان - لقـی هەولێـر داندراوە.


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینساکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - چەنـد زانیارییـەک لـە شـاعیر و ڕۆژنامەنـووس مامۆسـتا نـازم دڵبەنـد وەرگیـراوە.

٤ - چەنـد زانیارییـەک لـە ڕێـگای مامۆسـتا و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس بەهائەدیـن جـەلال مسـتەفا لـە مامۆسـتا ئومێـد قـادر زیـرەک وەرگیـراوە.

٥ - ماڵپەڕی تەلەفزیۆنی خاک، فیلمێکی دوکیومێنتاری، ساڵی ٢٠٢٣.

٦ - نووسـینێکی نووسـەر مامۆسـتا ڕەشـاد عەبدوڵـلا ڕوانـدزی لـە سـاڵی ٢٠٠٨.

٧ - پەیجـی یـادگاری هەولێـر، نووسـینێکی وێنەگـر مامۆسـتا نەبیـل خـدر ڕەشـید، لـە ٢٨ - ١١ - ٢٠٢٤.

٧ - ماڵپـەڕی فەیسـبووکی قـادر زیـرەک، نووسـینێکی ئومێـد قـادر زیـرەک، لـە ٢٦ - ١٢ - ٢٠٢٤.

٨ - ماڵپەڕی ڕووداو، دوو فیلمی دوکیومێنتاری لە ١٧ - ٧ - ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣.

٩ - ماڵپەڕی کوردستان تیڤی، نووسینێک، لە ١٧ - ٧ - ٢٠٢٢.


١٠ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەتا چاوشین


هونەرمەنـدی گۆرانـی و بەسـتە و مەقامـی ڕەسـەنی کـوردی و شـاعیر ڕەوانشـاد عەتـا چاوشـین...

نـاوی تەواوی(عەتـا ئەمین زۆراب)ە، لـە ناوەندی هونـەری بەعەتا چاوشـین ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٦١ لـە گەڕەکی(بەرخانەقا)ی نـاو شـاری سلێمانی لـە دایـک بـووە، قۆناغەکانی خوێندنی تـەواو کـردووە و، بووەتـە مامۆسـتا، ئـەو هـەر لـە تەمەنـی منداڵییـەوە حـەز و خولیـای هونـەری گۆرانـی و مۆسـیقای هەبـووە، بـەڵام بەهـۆی هـەژاری و دەسـتکورتی بەناچـاری خەریکـی کارو کاسبی بووە، لـە تەمەنـی(٢١) سـاڵی یەکـەم گۆرانیی خـۆی بەناوی(ئـەی غەریب مـەڕۆ)ی تۆمارکـردووە و ناوبانگی دەرکردووە، هەرچەندە باوکـی نـاڕازی بـووە گۆرانی بڵێت، بـەڵام دیارە حـەزی لێبـووە و، بـەردەوام بـووە لـە کاری هونـەری گۆرانیی وتـن.



هونەرمەند
عەتا چاوشین بەجاحێڵی

لـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو بەتـەواوی چووەتـە نـاو دنیـای گۆرانیـی وتـن و چەندیـن گۆرانـی لـە تەلەفزیۆنـی کەرکـووک تۆمارکـردووە.



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەتا چاوشین، هونەرمەند محەمەدی ماملێ



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گۆرانیبێژ میدیا حسێن، هونەرمەند عەتا چاوشین،
هونەرمەند کەمال محەمەد، وێنەکە ساڵی ١٩٩٢ لە سەیرانگەی سەرچنار گیراوە

ماوەیـەک لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە شارەکانی(سـەقز، مهابـاد) ژیـاوە و ئاشـنایەتی لەگـەڵ هـەر یـەک لـە هونەرمەندان(محەمـەدی مامـلێ، سـەید محەمـەدی سـەفایی، برایانی زیزی، غەریبی خدریـان) پەیدا کردووە و کاری هونەریشـی لـە گەڵیـان ئەنجامـداوە و، زۆر سوودیشـی لـە ئەزموونـی ئـەوان وەرگرتـووە.

هونەرمەنـد عەتـا چاوشـین شـارەزاییەکی باشـی لـە بەسـتەو مەقامـی

ڕەسـەنی کوردیدا هەبووە، زیاتر لـە(٣٥) سـاڵ خزمەتـی هونـەری گۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی کـردووە، چەندیـن گۆرانیـی تۆمارکـراوی هەیـە لەوانـە (هۆ غەریب مەڕۆ، گەردن بەرز، میوان، ئۆخەی ئۆخەی، شێوەی شیرینت گۆڕاوە، زێڕی عەیار هەژدە، مریەم، زولفە خاوەکەت، ئەی جەرگی بڕاوم، سـەوزە سـەوزە، ئـەی گوڵـی مـن، شـای جوانـی و چەندانـی دیکـەش)، چەنـد گۆرانییەکـی بڵاونەکراوەشـی هەیـە.

ئـەو بـە دوو قۆڵـی گۆرانـی لەگـەڵ هونەرمەندان(محەمـەدی مامڵـێ، میدیـا حسـێن، نـوری گەرمیانـی و چەندانـی دیکـەش) وتـوە و بەشـداریی چەندیـن ئاهەنگـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی کـردووە.

هونەرمەند عەتـا چاوشـین وەکو شـاعیریش کتێبێکـی شـیعری بەناوی(کـێ ڕاسـپێرم) سـاڵی ٢٠٠٣چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە.

لـە ڕۆژی ٢٢ - ٦ - ٢٠٢٠ بـە نەخۆشـیی کۆڕۆنـا لـە نەخۆشـخانەی(شـەهید ئاسـۆ) لـە سـلێمانی کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت، لـە شـاری سـلێمانی باخچەیـەک بەنـاوی هونەرمەنـد عەتـا چاوشـین کـراوە.





**هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەتا چاوشین لە چەند کاتێکی جیاوازدا**





ئارامگەی هونەرمەند
عەتا چاوشین



پەیکەری هونەرمەند
عەتا چاوشین

لە بەردەم کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت هەر لە شاری سلێمانی پەیکەرێک بۆ هونەرمەند عەتا چاوشین کە بەدەست و پەنجە ڕەنگینەکانی هونەرمەندی پەیکەرساز چینەر نزار و لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها ڕەسووڵ دروستکراوە و داندراوە.


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ماڵپەڕی کوردستان، فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ١٨ - ٤ - ٢٠١٦.

٣ - ماڵپەڕی Ajam Media، فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ١٣ - ٩ - ٢٠٢٣.

٤ - ماڵپەڕیAta Chawshin، فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ١٥ - ٢ - ٢٠١٦.

٥ - ماڵپەڕی Ahmad Goran، فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ٢٠٢١.

٦ - ماڵپەڕی Azad Dare. فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ٢٠٢٠.

٧ - ماڵپەڕیRudaw، نووسینێکی نووسەر پەسار فایەق، لە ١ - ٧ - ٢٠٢٠.

٨ - ماڵپەڕیRoj news، نووسینێک لە ٢٢ - ٦ - ٢٠٢٤.

٩ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەد پاکژ

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار مامۆستا محەمەد پاکژ...

ناوی تەواوی(محەمەد بەکر وسمان پاکژ)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە محەمەد پاکژ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧١ لە گوندی(حاجیتان) ی سەر بە ناحیەی سورداشی قەزای(دوکان)ی پارێزگای سلێمانی لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ساڵی ١٩٨٥ خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی(حاجیتان) تەواوکردووە و، بەهۆی ڕووخانی گوندەکەیان لە لایەن ڕژێمی بەعسی ئەوسای عێراق، ساڵی ١٩٨٦ ماڵیان هاتۆتە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی ( شێخانی مەڵکەندی) نیشتەجێبوونە، خوێندنی ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە و، ساڵی ١٩٩١ ئامادەیی کشتوکاڵی هەر لە سلێمانی تەواکردووە و، لە ساڵی ١٩٩٧ وەکو فەرمانبەر لە کارگەی(جگەرە) ی سلێمانی دامەزراوە، لە ساڵی ٢٠٠١ وەکو بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن گواستراوەتەوە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ئیدارەی سلێمانی و، لە ساڵی ٢٠٠٦ بووەتە لێپرسراوی ڕاگەیاندنی کەلەپوور لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان و، لە ساڵی ٢٠١٢ەوە وەکو لێپرسراوی مۆزەخانەی کەلەپووری کوردی لە سلێمانی لە خزمەتکردن بەردەوامە.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەممەد پاکژ، نووسەر دکتۆر فەرەیدون عەبدول بەرزنجی


شاعیر و ڕۆژنامەنووس محەمەد پاکژ لە ساڵی ١٩٨٦ دەستی بەشیعر نووسین کردووە، دواتریش دەستی بەکاری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن کردووە و، لە ساڵی ١٩٩٦ ماوەیەک تێکەڵ بەکاری هونەری نواندنیش بووە، ئەو زیاتر وەکو شاعیر ناسراوە، شیعرەکانی زیاتر بۆ ئاشتی و دژ بە جەنگ نووسیوە و، بوارەکانی مافی مرۆڤ و ژنان و منداڵان و ئەنفال و کیمیابارانکردن و ئەڤینی و جوانیی سروشتی کوردستانیشی فەرامۆش نەکردووە، یەکەم نۆبەرەی بەرهەمە شیعرییەکانی کە پارچە شیعرێک بووە بەناوی(لەم شارەدا) لە ڕۆژنامەی(ئاڵای ئازادی) ژمارە(١٧٥)ی ڕۆژی ٢٥ - ٦ - ١٩٩٥ بڵاوکردۆتەوە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی شیعر و چیرۆک بۆ گەوران و منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان، تا ئێستا (٢٢) کتێب و نامیلکەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- جەستەی شارێکی مۆمیا کراو، نامیلکەی شیعری، ١٩٩٧.
- کاتژمێر سفر، نامیلکەی شیعری بۆ کیمیا باران.
- گومان، نامیلکەی شیعری بۆ کارەساتی ئەنفال.
- خەمی کۆچە ناوەختەکان، نامیلکەی شیعری، ١٩٩٩.
- درۆکانی دەم ڕەشەبا، نامیلکەی شیعری.

- هەناسە تەزیوەکانی با، نامیلکەی شیعری.
- فریشتە، نامیلکەی شیعری بۆ منالان، ١٩٩٦.
- دەرگا، نامیلکەی شیعری، لیرک.
- لەتێ دڵ، نامیلکە شیعریی لیرک، ٢٠٠١.
- شەوێک لەبەرباران، نامیلکەی شیعری لیرک.
- ژنێک لەپێناسەی ئاودا، نامیلکەی شیعری.
- ماچ لەدەمیکەناریيەکاندا ـ نامیلکەی شیعری، ٢٠٠٧.
- بەسێدارەی لێوەکانتا هەڵمواسە، نامیلکەی شیعری، ٢٠٠٦.
- هەناسەکانی محەمەد پاکژ، نامیلکەی شیعری، ٢٠٠٨.
- ئیمپراتۆریەتی ماچ، دیوانی شیعری.
- شەهید، دیوانی شیعری، ٢٠١١.
- ئێوە پەپولە و فریشتە بوون، چیرۆکی منداڵان، ٢٠١٠.
- چاوگەشەکەم کارمەکە تۆ بخوێنە، چیرۆک بۆ منداڵان، ٢٠١٠.
- دیلی یاد، نامیلکەی شیعری، ٢٠١١.



له لای ڕاستەوە: شاعیر محەمەد پاکژ، شاعیر خاتوو ڕێزان قەساب



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند عومەر کەریم ئاغا، شاعیر محەممەد پاکژ

- پێنجەمین وەرزی خەیاڵ، نامیلکەی شیعری.
- فڕین بەباڵی خەیاڵ، دیوانی شیعری، ٢٠٢٠.
- هەمیشە بۆنی تۆم لێدێ، دیوانی شیعر، ٢٠٢٢.
- چەندین پارچە شیعرو ئۆپەرێتی کراون بە سروود و گۆرانی.
- دەیان پارچە شیعر و کورتە چیرۆکی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- چەندین پارچە شیعری وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی و زمانە بیانییەکانی دیکەش.


شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار محەمەد پاکژ لە بواری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن و هونەری و کاری ڕێکخراوەیی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بووە و، لە ساڵانی ١٩٩٩ - ٢٠٠٢ سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری(کریڤ و ئەلەند) بووە.

- لە ساڵی ١٩٩٦ بووەتە ئەندام لە یانەی شانۆ و سینەمای لە سلێمانی وەکو ئەکتەر بەشداری لە چەندین شانۆگەری کردووە لەوانە (شەقاوەی باڕ، میرزا، کلنیکیی دکتۆر و چەندانی دیکەش).
- لە ساڵانی ١٩٩٤ - ٢٠٠١ لە چەندین ڕادیۆ کاری ڕاگەیاندنی کردووە لەوانە (ڕادیۆی دەنگی سەربەخۆ، ڕادیۆی دیموکراسیخواز، ڕادیۆی پارتی پارێزگاران).
- لە ساڵی ٢٠٠١ ئەو کاتەی لە وەزارەتی مافی مرۆڤی ئیدارەی سلێمانی بووە، چەندین بەرنامەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئامادە و پێشکەشکردووە و، چەند کورتە فیلمێکی دوکیومێنتاریشی هەر دەربارەی ئەنفال و کیمیباران بەرهەمهێناوە.
- ئەندامی لیژنەی(دادوەری)بووە لە فیستیڤاڵی شیعری لاوان.
- خاوەنی چەندین خەڵات و ڕێزلێنانە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عێراق و عەرەبی و نێودەوڵەتی و، لەوانە خەڵاتەکانی (قەڵغانی عیراق، باڵوێزی ئاشتی، باڵوێزی نیازپاکی و شاسواری وشە و چەندانی دیکەش).
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەممەد پاکژ، خاتوو مریەم دایکی شاعیر محەممەد پاکژ



شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار محەممەد پاکژ



بەرهەمەکانی شاعیر محەمەد پاکژ

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتییە.

شاعیر محەمەد پاکژ هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی دوو کوڕ و کچێکە بەناوەکانی(دەروو، یاس، درووود) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە شیعر و نووسینەکانی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر محەمەد پاکژ، هاوڕێم شاعیر و نووسەر مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری لە شاعیر محەمەد پاکژ خۆی وەرگیراوە، سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی

شـاعیری ڕەوانشـاد سـەبری بۆتانـی پێـی وتووە:(کـەم بنووسـە و زۆر بخوێنـەوە).

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و لێکۆڵـەر و شـارەزای کاروبـاری ئێزیدییـەکان لـە کوردسـتان، مامۆسـتا مـەڕوان شـێخ حەسـەن ڕەشـکانی...

نـاوی تەواوی(مـەڕوان شـێخ حەسـەن شـێخ ئیبراهیم)ە، لـە ناوەنـدی ئەدەبی و کۆمەڵایەتـی بـە مـەڕوان شـێخ حەسـەن ڕەشـکانی ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٦٩ لـە گوندی(زەینییـا)ی سـەر بەدەڤـەری (دوویانـا دنـا)ی دەوروبـەری قـەزای سـێمێلی پارێزگای دهـۆک لـە خێزانێکـی ئێزیـدی کوردپەروەر لـە دایـک بـووە، بـاوک و باپیـری لـە عەشـیرەتی(ڕەشـکانی)ن، لـە بنچـەدا خەڵکـی دەڤەری(زۆزانێ هەکاری)نـە، لـە گوندەکانی(کانـی شـرین، خربـێ سـۆفی و بازلـێ)ی سـەر بـە دەڤـەری زوممـار نیشـتەجێبووینە، بـەڵام بەهـۆی کێشـەی عەشـیرەتی ڕەشـکانی لەگـەڵ هەنـدێ عەشـیرەتی عـەرەب لـە سـاڵی ١٩٦٠ هاتوونەتـە باشـوور و باکـووری چیـای شـنگال و لـەوێ نیشـتەجێبوونە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە گوندی(زەینییـا) تەواوکـردووە و خوێندنـی ناوەندیشـی تـا پۆلـی دووەم لـە ناوەندی(باختمـێ) خوێنـدووە، لـە بـەر هـەر هۆیـەک بووبێـت ماوەیـەک وازی لـە خوێنـدن هێنـاوە، سـاڵی ١٩٨٦ چۆتـەوە بـەر خوێنـدن لـە ناوەندیـی سـێمێل



**له لای ڕاستەوە: نووسەر کۆڤان خانکی، نووسەر دکتۆر کەریم فندی، بەڕێز حاکم برجس، شاعیر و نووسەر مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی**



**له لای ڕاستەوە: شاعیر مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی، نووسەر و میدیاکار جەمال بەرواری، نووسەر هشیار ڕێکانی، شاعیر جەمال کودێ، نووسەر کۆڤان خانکی**

تەواوی کردووە، دواتر چووەتە ئامادەیی بازرگانی هەر لە سێمێل، پاش گواستنەوەی ئەو ئامادەییە بۆ ناو شاری دهۆک، ئەو ساڵی ١٩٩٢ لە دهۆک بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، ساڵی ١٩٩٧ خولێکی پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواوکردووە و، وەکو مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندەکانی(دڕین، درینێ)ی سەر بەناوچەی قەسرۆک دامەزراوە، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە گوندەکانی(دێرەبوون، باجد کەندال، دڕین، پێیزان، زەینییا، ڕەسەن و نادیان) و دواتریش ناو شاری

دهۆک، لە ساڵی ٢٠١٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی بنیاتی زانکۆی دهۆک بەدەستهێناوە و لە ساڵی ٢٠٠١ ماوەی شەش ساڵ سەرۆکی شارەوانی خانکێ بووە و ئێستاش لە شاری دهۆک دەژییێت.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر مەڕوان شێخ حەسەن لە ناوەندی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە



**شاعیر و نووسەر کۆڤان خانکی، بەڕێز مامۆستا حاکم برجس، نووسەر دکتۆر حەمید باقی، شاعیر و نووسەر مەڕوان حەسەن ڕەشکانی، نەناسراوە**



**٦ - لە لای ڕاستەوە: مامۆستا شێخ ئەلیاس شێخ میرزا شنگالی، شاعیر و نووسەر مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەسکەر بۆیك، شاعیر و نووسەر مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی لە بەردەم ئارامگای ڕەوانشاد عیدو حجی ئیسماعیل(بابا شێخ)**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مەسعوود خالد گولی، شاعیر و نووسەر مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی**

کوردی و عەرەبییەکان و شیعری شاعیرانی کلاسیکی(مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران، ئەحمەدی ناڵبەند، جگەرخوێن و سەبری بۆتانی) و شیعری شاعیرانی نوێخواز(بەدرخان سندی، عەبدولڕەحمان مزووری، موئەیەد تەیب و محسین قۆچان)کردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە و لە ساڵی ١٩٩١ ئەو کاتەی پەنابەر بووە لە ئۆردوگای(سلۆپی) پارچە شیعرێکی خۆی بەناوی(دڵبەرا رند) بە شاعیری

ڕەوانشـاد سـەبری بۆتانی پیشـان داوە و ئەویـش پێـی وتووە:(کـەم بنووسـە و زۆر بخوێنـەوە)، دیـارە دواتریـش بەرهەمەکانـی خـۆی بـە شـاعیری ڕۆژئاڤا ڕەوانشـاد(نایفێ حەسـۆ- سـەیدایێ تیرێـژ) و هونەرمەنـد سـەعید یوسـفیش پیشـانداوە و ئیـدی بەردەوام بـووە لـە نووسـینی شـیعر و وتـار و کورتـە بـاس و لێکۆڵینـەوە لـە بوارەکانـی ئایینـی ئێزیدی و پیرۆزەکانیـان و تاوانەکانـی داعـش و قوربانیانـی ئێزیـدی و بابەتـی هەمەجـۆری دیکـە و، لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە(برایەتیـی ئـەدەب و هونـەر، پەیمـان، ئەڤـرۆ، دەنگـی لالـش، مەحفـەل، لالـش، چـرا، گازی، ڕامـان، قەبـاخ لالـش- گەلـی لالـش، سـلاڤگەها لالـش و چەندانـی دیکـەش).





لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەسکەر بۆیك، شاعیر و نووسەر مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی لە بەردەم پەیکەری ڕەوانشاد پیر خدر لە ئێڤێ - شێخان

شـاعیر و نووسـەر مـەڕوان شـێخ حەسـەن بـە زمانـی کوردیـی کرمانجـی و بـە پیتـی لاتینیـی کـوردی و زمانـی عەرەبیـش چەنـد بەرهەمێکـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:

- ئەرجان ماری..(ژیان و هۆزان)چاپا ئێکێ، دهۆک، ١٩٩٩.
- وانـە بـۆ زارۆکێـن ئێزیدیـان، بۆ(٦)قۆنـاغ، بەهاوبەشـی لەگـەڵ نووسـەر کۆڤـان خانکێ، بەپیتـی لاتینـی کـوردی، چاپـا ئیکـێ، چاپخانـەی هـاوار، دهـۆک، ٢٠١٣.
- کتێبـی غەریبیـا لاوکان، کۆکردنـەوە و ئامادەکردنی(کۆمـەک ژ لاوک و سـترانێن فۆلکلۆری یێـن چیایێ شـنگالی)، چاپـا ئێکـێ، چاپخانـەی هـاوار، دهـۆک، ٢٠١٦.
- همجیـة داعـش، هـدم دور العبـادة و الاماکـن المقدسـة للأزیدییـن، بەزمانـی عەرەبـی، موسـڵ ٢٠٢١.






**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی**



شاعیر و نووسەر مەڕوان شێخ حەسەن وەکو ڕۆژنامەنووس و چالاکوان چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ٢٠١٤ پیشانگای فۆتۆگرافی قوربانیانی ئێزیدی لە شاری(کالکار)لە وڵاتی ئەڵمانیا کردۆتەوە.
- لە ساڵی ٢٠١٥ هەمان پێشانگای لە بنکەی لالشی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە شنگال کردۆتەوە.
- ماوەیەک پەیامنێری گۆڤاری(چرا) بووە لە وڵاتی هۆڵەندا.
- ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(گەلی لالش)بووە.
- ماوەیەکیش ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(مەحفەل) بۆ لێکۆڵینەوەی ئێزیدیناسی بووە.

بۆ شاعیر و نووسەر مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسین و چالاکییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی، لەسەر پێشنیاری شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر کۆنێ ڕەش لە قامشلۆ و شاعیر و نووسەر مەڕوان خۆی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# پەیمان عەبدولڕەزاق

شاعیر و پەخشانووس خاتوو پەیمان عەبدولڕەزاق....

شاعیر و پەخشاننووس پەیمان عەبدولڕەزاق لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری کەرکووک لە خێزانێکی نەدار و خۆڕاگر و کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ ئەو هێشتا تەمەنی (٢) ساڵان بووە باوکی لە لایەن(حرس قومي)یەکان دەستگیرکراوە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆردراوە و دواتر ئازادکراوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی(١١ی ئادار)هەر لە شاری کەرکووک تەواوکردووە، دیارە بەهۆی باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو کات، نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەکو کارمەند لە(دائرة البريد - پۆست)ی کەرکووک دامەزراوە، بەهۆی نەبوونی بە(بەعسی)گواستراوەتەوە قەزای(دبس - دوبز)و دواتریش بۆ ناحیەی(لەیلان)، هەر بە هۆی کوردبوونیان بەناچاری خێزانەکەیان هاتوونەتە شاری هەولێر، لە ساڵی ١٩٨٤ ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و لە شاخیش چالاکیی سیاسیی خۆی نواندووە، ساڵی ١٩٨٨ لە گەڵ هاوسەرەکەی ماوەیەک ئاوارەی ئێران بووینە و لە کەمپی (بادیناوە) ژیاون و ساڵی ١٩٨٩ هاتوونەتەوە باشووری کوردستان و بەرلێبووردنی گشتی کەوتوون و ڕەوانەی گوندی(بەرحوشتر) کراون، دواتر هاتۆتەوە شاری کۆیە و چۆتەوە سەر کارەکەی خۆی لە دائیرەی پۆست و ئێستاش خانەنشینە و لە شاری کۆیە دەژیت.

شاعیر و پەخشاننووس پەیمان عەبدولڕەزاق لە سەرەتای ژیان و



له لای ڕاستەوە: شاعیر و پەخشاننووس پەیمان عەبدولڕەزاق، خاتوو ئاوێزان نادر، مامۆستا تەحسین هەرشەمی، مامۆستا سامی قادر، نووسەر دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس



له لای ڕاستەوە: خاتوو بنار هاوسەری مامۆستا هەوراز کوڕی گەورەی خاتوو پەیمان و مامۆستا ڕەفیق، مامۆستا هەوراز ڕەفیق، خاتوو پەیمان عەبدولڕەزاق، مامۆستا ڕەفیق محەمەد قادر هاوسەری خاتوو پەیمان، کوڕەکانیان هامون و هاوڕێز، کچەکەش (دابان)نەوەیانە

تەمەنی لاوێتیدا دەستی بەخوێندنەوەی شیعر و پەخشان و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و عەرەبی کردووە، زیاتریش کتێبە فەلسەفییەکانی(مارکس، لینین، ماوتسی تۆنگ)ی خوێندۆتەوە، پاش پەیداکردنی پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەستی بە نووسینی شیعر و پەخشان کردووە و، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوی کروونەتەوە، تا ئێستا کتێبێکی شیعر و پەخشانی بەناوی (ژنە نوورانییەکە) چاپ و بڵاوکردۆتەوە، چەندین شیعر و پەخشانی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپکردن.

وەکو ژنە کوردێکی تێکۆشەر و خەباتگێر بەبەردەوامی چالاکی لە بواری

سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری نواندووە و لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵە شیعری و ئەدەبییەکانی شاری کۆیە و دەوروبەری ئامادە بووە و دەبێت.

شاعیر و پەخشاننووس پەیمان عەبدولڕەزاق ساڵی ١٩٨٤ هاوسەرگیری لە گەڵ مامۆستا ڕەفیق محەمەد قادر کردووە و خاوەنی سێ کوڕن بەناوەکانی(هەوراز، هامون و هاوڕێز)خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینی شیعر و پەخشانە ناسک و جوانەکانی.

نموونەی پەخشانی شاعیر و پەخشاننووس پەیمان عەبدولڕەزاق:



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو ئاواز محەمەد، خاتوو بنار قاسم، خاتوو هێرۆ حەمید، خاتوو ئاشنا محەمەد، خاتوو سەمیرە...، خاتوو بەیان عوسمان، شاعیر و پەخشاننووس خاتوو پەیمان عەبدولڕەزاق**



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو شادیە ڕەشید، نووسەر خاتوو نادیە کەریم، شاعیر و پەخشاننووس پەیمان عەبدولڕەزاق**



**پەخشاننووس پەیمان عەبدولڕەزاق، مامۆستا ڕەفیق محەمەد قادر هاوسەری خاتوو پەیمان عەبدولڕەزاق، نەناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە پەخشاننووس پەیمان عەبدولڕەزاق، هونەرمەند ڕەوانشاد محەمەدی ماملێ، مامۆستا ڕەفیق محەمەد قادر هاوسەری خاتوو پەیمان عەبدولڕەزاق**

(١)

ئیلاهەکەم....

لە مەحشەر بە زمانی شیرینی

کوردی بمدوێنە،

با، ڕووحی پڕ ژانم ،

تنۆک تنۆک قەترانی وشەم هەڵوەرێنێ
بە مەعشەری مەستان ،
شادی دۆستانم کە
با سەلوانێ لە خەڵوەتما
ئۆخە بنوێنێ

(٢)

ژن
لێگەڕێن ، ئەمڕۆکە تەنها ئەمڕۆ
ڕۆژی ژنانە، جەژنی ژنانە
یادی ئێسک و بازوو نرکەی ژنە
لێگەڕێن تەنها ڕۆژێک
لەسەرنووکی ڕووح
لەسەر نەرمە شەپۆلێ
لە کەنار سەمفۆنیای ناخ
لە وجودی خود بتوێتەوە
لەگەڵ با سەرچۆپی بگرێ
لەگەڵ سازوسەنتورئاشت بێتەوە
تەنها ڕۆژێ
لێگەڕێن، بۆخۆی بژی..

(٣)

وا مەزانە ژێی وشەکانم لە هەنگاوی شەوا...
لەسەر عەرشی چراکان بێ نسکۆ و بەغار ڕۆیشتون
دەلاقە وێرانەکان
چرکە بە چرکە گەرووی سات ئەڕفێنن



بەرهەمی شاعیر و پەخشاننووس
پەیمان عەبدولڕەزاق



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و پەخشاننووس خاتوو پەیمان عەبدولڕەزاق،**
**مامۆستا ڕەفیق محەمەد قادر هاوسەری خاتوو پەیمان**

سووی خێوەتی ئەندێشە ،حەسرەتی کپ ئەچرکێنێ؟

لەسکونی هەر ئەسرینێ شەڕاڕی ڕووح کارێزێ زەیین تەرمی هەنگاوەکانی ترپە ئەنووسێ، لەبری ناوکی پێنووس،

چیتر لە دێڕەکان کازێوە دەرناکەوێ و. گەشکەی خۆشی ناگرێ

ئەم بەرە ژانە چرە درێژەی کێشا،نە تۆ گەڕایتەوە،لە جوغرافیایی غرور ونبووی

نەئیشتیاق کاڵ ئەبێتەوە، لە کەنار نەهامەتی سەبووری...

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و پەخشاننووس خاتوو پەیمان عەبدولڕەزاق، لەسەر داخوازیی من لە شاری کۆیە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕێدار سابیر

شاعیر و نووسەر مامۆستا ڕێدار سابیر ....

ناوی تەواوی(ڕێدار سابیر محەمەدسالّح)ە، لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئازادیی کوڕان تەواوکردووە و، خوێندنی ناوەندیشی لە ناوەندیی(١٤ی تەمموز)لە گەڕەکی ئازادی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٣ بەشی زمانی عەرەبی لە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی هەر لە هەولێر بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و، بووەتە مامۆستا لە شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری هەولێر و، دواتریش ناو شاری هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی(بنیات)ی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە و، وەکو مامۆستا لە بەشی ڕۆشنبیری لە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی گشتیی هەولێر دەستبەکار بووە، ئێستاش بەرپرسی کتێبخانەیە هەر لە پەروەردەی گشتیی هەولێر.

شاعیر و نووسەر ڕێدار سابیر هەر لە تەمەنی لاوێتیدا عیشق و خولیای



لە لای ڕاستەوە: شاعیر محسن ئاوارە، شاعیر ڕێدار سابیر،
نووسەر و ڕەخنەگر ڕەوانشاد دکتۆر کەمال غەمبار

خوێندنـەوەی شـیعر و ئەدەبـی کـوردی و عەرەبـی بـووە، لـە سـەرەتای نەوەدەکانی سـەدەی ڕابردوو دەستی بەنووسین شیعر و بابەتی پەروەردەیی و دەروونـی بۆ منداڵان کـردووە و، لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردییەکانـی ئـەو سـەردەم بڵاوی کردوونەتـەوە، لـە بەرهەمـە شـیعرییەکانیدا زیاتر بایەخـی بـە بواری نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەڤینی و جوانیی سروشـتی کوردسـتان داوە و، لـە شیعرەکانیشـیدا بـە ڕوونـی ڕەنگـی داوەتـەوە، ئـەو تـا ئێسـتا کۆمەڵێـک بەرهەمـی پوخـت و ئاسـت بـەرزی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:

- گوناهی عەشق، شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ٢٠٠٢.
- نامـە جوانەکانی عەشـق، شیعر، چاپی یەکـەم، چاپخانـەی شـڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- دیوانـی عەشـق دیوانـی یـار، شـیعر، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر، ٢٠٠٤،(٣٥٢)لاپەڕەیـە.
- ڕامان لە حیکمەتی عەشق، شیعر.
- ئاسـمانی دڵێکـی سـپی، شـیعر، لـە بڵاوکراوەکانـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری

و لاوان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وێژەیی هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر.

- چەند هەڵبەستێکی لە لایەن هونەرمەندانی کوردی کراونەتە گۆرانی.

- چەند کتێبێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ، شاعیر ڕێدار سابیر



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕێدار سابیر، نووسەر و لێکۆڵەر سابیر ڕەشید، ڕۆژنامەنووس محەمەد سەعید کوردە




لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕێدار سابیر، مامۆستا نێچیروان جاسم



لە لای ڕاستەوە: شاعیر مەسعود پەرێشان، شاعیر ڕێدار سابیر، ڕەوانشاد هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵا، مامۆستا محەمەد ڕۆژنامەفرۆش

شاعیر و نووسەر ڕیدار سابیر چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداریی یەکەم خولی ڕۆژنامەگەری لە هەولێر کردووە و لە نێوان(١٧) بەشداربوو بەپلەی یەکەم دەرچووە.
- سەرنووسەر و سەرپەرشتیاری گۆڤاری(ڕۆمانسی)بووە کە تەنیا یەک ژمارەی لێدەرچووە.


- سالانێک خەریکی کتێبفرۆشتن بووە و، لە دەرەوەی کوردستانیش کتێبی هێناوە و پیشانگای کتێبیشی کردۆتەوە.
- بڕیکار(وەکیل)ی چەند دەزگایەکی چاپ و پەخشکردنی وڵاتی لوبنان بووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر خاتوو دکتۆر چۆمان هەردی، شاعیر ڕێدار سابیر




لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕێدار سابیر، شاعیر خاتوو کەژاڵ ئەحمەد







بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ڕێدار سابیر

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- بەشداری لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵە شیعری و ئەدەبییەکانی(هەولێر، سلێمانی، دهۆک)ی کردووە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر مامۆستا ڕیدار سابیر هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینی شیعرە جوانەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر ڕێدار سابیر، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهائەدین جەلال مستەفا لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئیسماعیل مستەفا

نووسـەر و چیرۆکنـووس و چیـرۆک بـۆ زارۆکان و ڕۆژنامەنـووس ماموستا ئیسـماعیل مسـتەفا...

نـاوی تەواوی(ئیسـماعیل مسـتەفا محەمـەد)ە، لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە شـاری دهـۆک لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر لـە دایک بـووە، قوناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیی هـەر لـە شـاری دهـۆک تەواوکـردووە، لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٨٥ - ١٩٨٦ بەشـی(ڕووپێوی- مسـاحة)ی لـە پەیمانـگای تەکنیکیی مووسـڵ تەواوکردووە، لە سـاڵی ١٩٩٢ وەکو فەرمانبـەر لە گومرگی دەروازەی (ئیبراهیـم خەلیل) دامـەزراوە و بـەردەوام بـووە لـە خزمەتکـردن لـە دام و دەزگاکانـی پارێـزگای دهـۆک، ئێسـتاش بەرپرسـی ڕاگەیاندنـە لـە سـەرۆکایەتیی شـارەوانیی پارێـزگای دهـۆک.

نووسـەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس ئیسـماعیل مستەفا لە سـەرەتای سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتی بـە خوێندنـەوەی ئەدەبـی کـوردی و عەرەبـی کـردووە، بەتایبەتیـش خوێندنـەوەی شـاکارە کـوردی و عەرەبی و جیهانییـە وەرگێڕدراوەکان لە بواری چیرۆکدا، لـە ٢٠ - ٩ - ١٩٨٤ نۆبـەرەی بەرهەمەکانـی خـۆی کـە چیرۆکێـک بـووە بەنـاوی (ڕێنجبـەر) لـە ژمـارە(٤٥٠)ی هەفتەنامەی(هـاوکاری) بڵاوکردۆتـەوە و، بەردەوامیش بـووە لـە



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، نووسەر ئیسماعیل مستەفا،
نووسەر حەکیم عەبدوڵڵا



له لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر عارف حیتۆ، نووسەر دکتۆر ئەحمەد قەرەنی، نووسەر ئیسماعیل مستەفا

بڵاوکردنـەوەی چیـرۆک و نووسـینەکانی لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردییـەکان، ئـەو تـا ئێسـتا چـەند بەرهـەمێکی لـە بـواری چیـرۆک و چیـرۆک بـۆ زارۆکان نووسـیوە چـاپ و بـڵاوی کردوونەتـەوە کـە ئەمانـەن:

- هیڤیێن هەلاویستی، کۆمەڵە چیرۆک، چاپخانا بلند، ١٩٩٦.
- جوانترین ماچا چەرخی، کۆمەڵە چیرۆک، چابخانا، هاوار ٢٠٠٠.
- ژ خوشیا خوشتر، کۆمەڵە چیرۆک، چابخانا ئاراس، ٢٠٠٤.
- ئەزێ د هەمبێزا هەناسێن تە دا، کۆمەلە چیرۆک، چابخانا، هاوار ٢٠٠٦.

- هەڤالینیا کارڤین و گولێ، چیرۆک بۆ زارۆکان، ٢٠٠٦.
- عەشقا مە چرایەکێ زەرادەشتی یە، تێکسێن ئەدەبی.
- روکەن، کۆمەک چیرۆک، چابخانا، هاوار، ٢٠١٠.
- بابا نوئێل وگەلڤین، چیرۆک بۆ زارۆکا، چابخانا، خانی ٢٠١٦ .
- گەورێ، کۆمەلە چیرۆک، چابخانا، خانی، ٢٠٢٣.
- نامیلکەیەک بۆ ناساندنی ئامەد(دیاربەکر)، ئامادەکردن، ٢٠١٤.
- لە سالانی ٢٠٠٧ - ٢٠١٦ زیاتر لە(١٢) ڕێنمایی و کارنامەی بۆ



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا شەماڵ ئاکرەیی، نووسەر ئیسماعیل مستەفا، نووسەر حەکیم عەبدوڵڵا**



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو پێرین لە ڕۆژئاڤای کوردستان، شاعیر و نووسەر خاتوو دایکا دالیایێ، خاتوو ئاواز وەیس، نووسەر ئیسماعیل مستەفا**







نووسەر ئیسماعیل مستەفا



نووسەر و چیرۆکنووس ئیسماعیل مستەفا خۆی و هاوسەر و کچ و کوڕ و بووکەکانی و دوو لە نەوەکانی

شارەوانییەکان ئامادە و بڵاوکردۆتەوە. نووسەر و چیرۆکنووس ئیسماعیل مستەفا وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کاری ڕێکخراوەیی و ئەدەبی و پیشەیی چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نوخازی)دەستبەکاربووە، ئەم گۆڤارە تەنیا (٣) ژمارەی لێدەرچووە.


بەرهەمەکانی نووسەر ئیسماعیل مستەفا

- بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(پەیڤ)بووە.
- بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ڕۆژنامەی(ئەڤرۆ)کاری کردووە.
- ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی(دهۆکا نویٚ) بووە.
- ماوەیەکیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی(دهۆک)بووە، کە (٢١) ژمارەی لێدەرچووە.
- لە ساڵی ١٩٩١ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتییە.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس ئیسماعیل مستەفا هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینی بەرهەمە سوودبەخشەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر و چیرۆکنووس ئیسماعیل مستەفا، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری لە نووسەر ئیسماعیل مستەفا خۆی وەرگیراوە، سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## سولین لەوەند شکاك

نووسـەر و وەرگێـڕ و ڕۆژنامەنـووس خاتـوو سـولین لەوەنـد شـکاک بەسـەردەکەینەوە.

نـاوی تەواوی(سـولین لەوەنـد یوسـف شـکاک)ە، لـە ناوەنـدی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری بـە سـولین شـکاک ناسـراوە، ئـەو لـە نەوەکانـی قارەمـان و شۆڕشـگێری کـورد(ئیسـماعیل ئاغـای شـکاک- سـمکۆی شـکاک ١٨٨٧- ١٩٣٠) یـە، لـە ٢٠ - ١٠- ١٩٩٦ لـە شـاری(ابهر)ی سـەر بـە پارێزگای(زەنجـان)ی وڵاتـی ئێـران لـە خێزانێکـی کـورد لـە دایـک بـووە، پـاش سـاڵی ٢٠٠٤ەوە هاتوونەتـە باشـووری کوردسـتان و لـە شـاری دهـۆک نیشـتەجێبوونە، باوکـی لـە کوردانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە و دایکیشـی خەڵکـی شـاری دهۆکـە، قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری دهـۆک تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ٢٠٢٣ بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە (ICT- international computer technology) لـە زانکـۆی جیهـان لـە دهـۆک بەدەسـتهێناوە و ئێسـتا لـە شـاری دهـۆک دەژییێـت.

نووسـەر و وەرگێڕ سـولین لەوەند شـکاک تەمەنی منداڵیی خۆی لە ئێران بەسەربردووە و زمانی فارسیش زۆر باش دەزانێت و هەر لە تەمەنی لاوێتیدا



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ سولین لەوەند شکاک، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی**

دەستی بەخوێندنـەوەی ئەدەبیاتـی فارسـی و دواتریـش ئەدەبیاتـی کـوردی کـردووە، ئـەو وەکـو کچـە کوردێکـی ئـازا و زیـرەک و کوردپـەروەر، لـە بـواری ئـەدەب و ڕۆشـنبیری کـوردی، خـۆی خـۆی پێگەیانـدووە و دەسـتی بـە نوسـیین لـە بـواری فەلسـەفی و دەروونناسـی و دواتـر وەرگێـڕان لـە زمانـی فارسـی بـۆ سـەر زمانـی کـوردی (کرمانجـی) کـردووە، چەندیـن وتـار و کورتەبـاس و ئامادەکردنـی بابەتـی هەمەجـۆری لـە ڕۆژنامـە کوردییەکانـی وەکو(ئەڤـرو، مەتین)بڵاوکردۆتـەوە، ئـەو تـا ئێسـتا (٢) کتێبـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە لـە ئەمانـەن:

- ئـەوێ بەقـێ ماچیکـە، نڤیسـینا، برایـان تریسـی، سـالا ٢٠٢٠ێ ل دهۆکـێ چاپکرییـە، کـو پەرتووکـەکا تایبەتـە ب دەرونناسـیا گەشـەپێدانا مرۆڤـی.
- مەلەکووت، ژ نڤیسـینا: بەهـرام سـادقی، سـالا ٢٠٢٢ێ ل دهۆکـێ چاپکرییـە، کـو ئێکـە ژ ڕۆمانێـن فەلسـەفی و ب ئێـک ژ بەرهەمێـن گرنـگ د ئەدەبیاتـا فارسـی دا دهێتـە دانـان.



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر حەسەن بەرواری، نووسەر و وەرگێڕ سولین لەوەند شکاک




بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ سولین لەوەند شکاک

دوو بەرهەمی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ:

- وەرگێڕانا کۆمەلەیەکا کورتە چیرۆکێن بیانی، ژ زمانی فارسی بۆ سەر زمانێ کوردی، ژ نڤیسینا هەژمارەکا نڤیسەرێن ناڤدارێن جیهانێ.
- نڤیسینا پەرتووکەکێ ل سەر (ئەدەبێ زیندانێ).

ئـەو ئێسـتا وەکـو ڕۆژنامەنـووس و کاری میدیایـی و بەرپرسی(سۆشـیال میدیـا)ی ناوەنـدی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنـی (خانـی) لـه دهـۆک بەردەوامـه لـه خزمەتکـردن.

بـۆ نووسـەر و وەرگێـڕ و ڕۆژنامەنـووس سـولین لەوەنـد شـکاک هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیت لـه نووسـینەکانه جـوان و پوخـت و سـوود بەخشـەکانت.

سەرچاوەکان:

١ – کورتەیـەک ژیاننامـه و بەرهـەم و چالاکییەکانـی نووسـەر و وەرگێـڕ سـولین شـکاک، هاوڕێـم نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و لێکۆڵـەر مامۆسـتا ئیسـماعیل بـادی لـه دهـۆک بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## سەفقان ئۆرکیش

هونەرمەندی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن و ئاوازدانەری بەناوبانگی ڕۆژئاڤای کوردستان سەفقان ئۆرکیش....

ناوی تەواوی(محەمەد ڕەمەزان حەسەن)ە، لە ناوەندی هونەری لە هەموو کوردستان بە(سەفقان ئۆرکیش) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری(عاموودا - عامووديَ- هێلینا دلان)ی سەر بە پارێزگای (حەسەکە) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەوەی ڕوون ئاشکرایە شاری عاموودا شاری شاعیر و نووسەر و و مەڵبەندی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردانی ڕۆژئاوایە، ئەو سەرەتایی و ناوەندی لە قامشلۆ خوێندووە، دواتر چووتە خوێندنی کشتوکاڵی، بەڵام بەهۆی هەڵوێست و گۆرانییە نیشتمانییەکانی لە لایەن ڕژێمی سووریای(جاران) بە بیانووی(خطر علی الدولة - مەترسی بۆ سەر دەوڵەت) لە خوێندن فەسڵکراوە، ئەویش ڕووی لە کارو کارە هونەرییەکانی کردووە، ئێستاش لە شاری قامشلۆ دەژییێت.

هونەرمەند سەفقان ئۆرکیش هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هونەری گۆرانی و مۆسیقا بووە، ئەو بەمێردمنداڵی لە تەنەکە و پارچەدار ئامێری(تەنبوور)ی دروست کردووە و، دەستی بەمۆسیقاژەنین کردووە، جگە لە گۆرانیی وتن، توانای ژەنینی چەندین ئامێری دیکەی مۆسیقاشی هەیە، زمانی کوردی بە



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند سفقان ئۆرکیش، هونەرمەند خاتوو دەنیز فورات



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند سفقان ئۆرکیش، میدیاکار خاتوو کانی هەڵەبجەیی

زۆربەی شێوەزارەکان و زمانەکانی عەرەبی و ئەرمەنی و تورکی دەزانێت و، توانای گۆرانییوتنی بەم زمانانەش هەیە، بەشی زۆری گۆرانییەکانی لە تێکست و ئاوازی خۆیەتی، هەر لەبەر دەنگ و گۆرانییە خۆشەکانی شاری (عاموودا) بەناوی شاری(هێلینا دلان)کراوە کە گۆرانییەکی خۆشی هونەرمەند سەفقان ئۆرکیشە.

ئەو تا ئێستا چەندین ئەلبۆمی گۆرانی و مۆسیقای بڵاوکردۆتەوە، لەوانە

گۆرانییەکانی(حەلانێ حەلانێ، خمالینا، کەچێ، چ دەخوازم، پار من گولێ دی، حلیمێ، نیسانە، هێلینا دلان، هێڤیا ژیان، مە ئەز چ بکەم، خۆ لمن گران نک، عەفرین، چاوێ ڕەشبەڵەک، نایەم نایەم بە دووقۆڵی، کوردنۆ مەردنۆ و چەندانی دیکەش).



هونەرمەندی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر سفقان ئۆرکیش لە چەند کارێکی هونەریدا




هەڵپەڕکێی برایانی ئێزیدی لەگەڵ گۆرانیی نیسانە.

ئەو لە گەڵ چەندین گۆرانیبێژی کوردی(دویێت- دووقۆڵی)ی وتووە، ماوەیەکیش وەکو ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی دیرۆک و هونەری لە نووسینگەی تۆڕی ڕووداو لە قامشلۆ کاری کردووە و میوانداریی چەندین هونەرمەند و گۆرانیبێژی دەنگخۆشی ڕۆژئاوا و پارچەکانی دیکەی کوردستانی کردووە، هەمان کاریشی بۆ تۆڕی تەلەفزیۆنی وار(Waartv) کردووە.

هونەرمەند سەفقان ئۆرکیش وەکو هونەرمەندێکی کوردپەروەر لە بەشی زۆری بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردستان بەشداریی ئاهەنگەکانی نەورۆز و جەژنی بەهار و جەژنی ئێزدییەکان و جەژنی سەری ساڵ و چەندین ئاهەنگی نیشتمانی و نەتەوەیی کردووە و دەکات، ئێستاش هەر بەردەوامە لە کارە هونەرییەکانی و، ناوبەناو سەردانی باشووری کوردستان دەکات و، لە شارەکانی دهۆک و هەولێر بەشداریی ئاهەنگەکان دەکات.

بۆ هونەرمەند سەفقان ئۆرکیش هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە کارە هونەرییە جوانەکانت.

سەرچاوەکان:


١- ماڵپەڕی شەخسیی هونەرمەند سەفقان ئۆرکیش، دوو فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ١١ - ٢ - ٢٠٢١، ٢٨ - ١١ - ٢٠٢٠.

٢ - ماڵپەڕی Waar media، فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ٢٧ - ٦ - ٢٠١٦.

٣ - ڕادیۆی ڕووداو، دوو فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ٣٠ - ٥ - ٢٠٢٠، ١٣ - ٨ - ٢٠٢١.

٤ - ماڵپەڕی مامۆستا Hamid abdullghaffar، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ساڵی ٢٠١٩.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Baskurd، نووسینێک لە ١٦ - ٤ - ٢٠٢٤.


٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەردار نۆڕیً

شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار و هایکونووس، مامۆستا سەردار نۆڕیً لە گەرمیان ....

ناوی تەواوی(سەردار حەمید خورشید)ە، لە ناوەندی هونەری و ئەدەبی بەسەردار نۆڕیً ناسراوە، لە ١ - ٥ - ١٩٨٥ لە شارۆچکەی کەلار(ئەو کات) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ڕزگاری و کەلار و خانەقین تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨ - ٢٠٠٩ بەشی شێوەکاری و نیگارکێشی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە خانەقین بەپلەی یەکەم لەسەر هاوپۆلەکانی تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠١١ مامۆستای ڕاهێنەر بووە لە بەشی شێوەکاریی سەنتەری چالاکیی گەنجانی کەلار و، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە وەکو مامۆستای بەشی نیگارکێشان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی



شاعیر و هونەرمەند
سەردار نۆڕیً بەمنداڵی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەردار نۆڕی، شاعیری دیار و ناسراوی کورد مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو



لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد مامۆستا لەتیف هەڵمەت، شاعیر و هونەرمەند سەردار نۆڕیێ

کفری دەستبەکاربووە و ئێستاش لە خزمەتکردن هەر بەردەوامە.

مامۆستا و شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار سەردار نۆڕیێ ئەو کاتەی قوتابی بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی خانەقین لە ساڵانی خوێندنیدا بەشداری چالاکی و هەموو پیشانگاکانی ئەو پەیمانگایەی کردووە و خەڵاتیشی وەرگرتووە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، دەستی بە نووسینی شیعر و پۆستەرە شیعر

کردووە، لە ساڵی ٢٠١٧ەوەش ڕووی لە نووسینی(هایکو)کردووە، دەستیشی بە نووسینی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری کردووە و دەیان وتار و کورتەباس و لێکۆڵینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتە کوردییەکان لەوانە(هەنار، هایکیست، ڕامان، کەلار، جیهانی کتێب، وانەر، کوردستانی نوێ - پاشکۆی ئەدەب و هونەر، هاوڵاتی، پاشکۆی پەڕاو، سیروان لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سایتی هاوچەرخ و پێشەنگ)بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا دوو بەرهەمی لەم بوارانەدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:



لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەردار نۆڕێ، شاعیری بواری ئەدەبی منداڵان سەردار قادر



لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەردار نۆڕێ، هونەرمەندی پەیکەرساز خاتوو نەسرین فەتاح لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هونەرمەندی پەیکەرساز مامۆستا هادی زیائەدین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مامۆستا موەفەق عارف لهۆنی

- کتێبی(پۆرترێتی ئەندێشەکانی فڕین)، شیعر، ٢٠١٤.
- کتێبی(کەوتنەخوارەی مەراق)هایکو و چەندی فۆرمێکی هایکوی ژاپۆنیش، ٢٠١٩.

نووسەر ئارام حاجی لە هەر دوو کتێبی(سەکۆی پەرێزان و وێژان)



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و چیرۆکنووس ئاری خەیات، شاعیر سەردار نۆڕێ و بەرهەمەکانی









شاعیر و هونەرمەند سەردار نۆڕێ لە چەند کاتێکی جیاوازدا

باس لە شیعر و هایکو و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی شێوەکار سەردار نۆڕیْ کردووە و، چەندین نووسەر و لێکۆڵەری دیکەش تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی لەوانە(کتێبی ئەنتۆلۆجیای هایکوی عێراقی) کە بەزمانی عەرەبییە و نووسەر(علي القيسي) چاپ و بڵاوی کردۆتەوە و کتێبی(هایکو کوردی) کە تایبەتە بە هایکونووسانی باشووری کوردستان نووسەر(زانا کوردستانی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.






بەرهەمەکانی
شاعیر سەردار نۆڕیْ

شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار سەردار نۆڕیْ چەندین چالاکیی ئەدەبی و هونەری و ڕۆژنامەگەری نواندووە لەوانە:

- لە ساڵانی ٢٠٠٤ - ٢٠٢٤ بەشداریی زیاتر لە(٥٠) پیشانگای تایبەت و هاوبەشی لە شارەکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، کەرکووک، کەلار، کفری، خانەقین، سنە و تاران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کردووە.
- وەکو ئەکتەریش بەشداری لە چەند شانۆگەرییەکی شانۆی شەقام و ستەیج کردووە.
- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری و هونەری کردووە لەوانە : فیستیڤاڵی شیعری گەلاوێژ، شەشەمین دیداری نەورۆز لە دهۆک ساڵی ٢٠٢٤ کە شاعیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشداریان تیدا کردووە.
- بەڕێوەبەری یانەی(هایکو)ی کوردییە.
- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(هایکیست)ە.

- لێپرسراوی بەشی(هایکو)ی کوردییە لە گۆڤاری(هەڵمەت).

چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە و هەیە.

بۆ شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی شێوەکار و هایکونووس، سەردار نۆڕێ هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە چالاکییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و هونەرمەند سەردار نۆڕێ، لەسەر داخوازیی من شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان مامۆستا سۆران نەدار لە کەلار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەر لەسەر داخوازیی من شاعیر و نووسەر سەردار نۆڕێ، خۆی هەندێ زانیاری و وێنەی دیکەشی بۆ ناردووم، سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# لوقمان محەمەد ڕەشید

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و میدیاکار مامۆستا لوقمان محەمەد ڕەشید...

شاعیر و وەرگێڕ لوقمان محەمەد ڕەشید لە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی(کەڵاشکەران)ی سەر بەناوچەی بازیانی پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە بازیان تەواوکردووە و، ئامادەییشی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ بڕوانامەی(دبلۆم) ی لە بەشی کارگێڕی لە پەیمانگای تەکنیکی لە شاری کەرکووک بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و، ساڵی ٢٠٠٩ش بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە، وەکو فەرمانبەر لە وەزارەتەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان خزمەتی کردووە، ئێستاش هەر بەردەوامە لە خزمەتکردن و لە شاری سلێمانی دەژییێت.

شاعیر و نووسەر لوقمان محەمەد ڕەشید لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە، دەستیشی بەکاری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن و وەرگێڕان کردووە، لە بواری نووسین تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:



له لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر ماموستا حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی، شاعیر و نووسەر لوقمان محەمەد ڕەشید



له لای ڕاستەوە: نووسەر ماموستا مەحموود باجەلان، شاعیر ماموستا ئەمین محەمەد، دکتۆر خاتوو (ساهرة العگیدي)، شاعیر ماموستا بەندی عەلی، خاتوو ئاشتی، شاعیر لوقمان محەمەد ڕەشید

- کتێبی(ئەو یادانەی گەردی بیرچوونەوە ناگرن)کۆمەڵە شیعر، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، چاپەمەنی زاموا، پڕۆژەی پاراستنی دەستنووسەکان، بەژمارە(١٧)، له دووتوێی(١٢٠) لاپەڕەدا، ساڵی ١٩٩٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

- کتێبی(شۆڕەبییەک لە ڕێی گەڕانەوەمدایە)، کۆمەڵە شیعر لە بڵاوکراوەکانی (پرۆژەی کتێب)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە و ساڵی ٢٠١١ لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپ وبڵاوکراوەتەوە.

- کتێبی(هەواڵ و سەرچاوەی هەواڵ لە تەلەفزیۆندا) کە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیە و لە دووتوێی(١٥٠) لاپەڕەدا لە چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی لە کەرکووک، ساڵی ٢٠١٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- چەندین چیرۆکی لە زمانی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە.
- چەند پارچە شیعرێکی لە لایەن هونەرمەندانی گۆرانیبێژ(شێرکۆ تالیب و دەریا قەرەداغی)کراوەتە گۆرانی.



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا ئامانج محەمەد ساڵح، دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر، نووسەر مامۆستا فوئاد محەمەد ئەمین سەراج، نووسەر دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، شاعیر لوقمان محەمەد ڕەشید، مامۆستا شاڵاو جەعفەر**



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا دانش عەلائەدین سەجادی، شاعیر لوقمان محەمەد ڕەشید، خاتوو نازدار عەلائەدین سەجادی**

- چەندین نووسەر و لێکۆڵەر تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمە شیعرییەکانی لەوانە(دکتۆر زاهیر لەتیف کەریم، نووسەر سەنگەر فاتیح، دکتۆر دڵشاد مستەفا، و دکتۆر ژینۆ عەبدوڵڵا).
- دوو کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ.

ئەو وەکو میدیاکارێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون چەندین کار و چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:



شاعیر و وەرگێڕ
لوقمان محەمەد ڕەشید






لە لای ڕاستەوە: شاعیر لوقمان محەمەد ڕەشید، مامۆستا ڕەسوڵ شینکی




لە لای ڕاستەوە: شاعیر مامۆستا لەتیف هەڵمەت، شاعیر لوقمان محەمەد ڕەشید








بەرهەمەکانی شاعیر و وەرگێڕ لوقمان محەممەد ڕەشید


لەسێبەری شۆڕەبییەکەی
(لوقمان محەممەد ڕەشید)دا

- لە ساڵی ١٩٩٥ - ١٩٩٦ وەکو موحەڕیری هەواڵ و وەرگێران لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کاری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٧ - ٢٠١٠ دەیان بەرنامە و هەواڵ و ڕیپۆرتاژی هەمەجۆری بۆ تەلەفزیۆنی(خاک) ئامادەکردووە و لێپرسراوی بەشی هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و وەرگێڕانیش بووە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ - ٢٠١٥ لێپرسراوی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی(گۆڤار و ماڵپەڕ) بووە.
- لە ساڵی ٢٠٢٠ - ٢٠٢٣ لێپرسراوی بەشی هەواڵ بووە لە کۆمپانیای خاوێ .(ONTV)
- لە ماوەی خزمەتی خۆی لە بەشی ڕاگەیاندنی هەردوو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان کاری کردووە.
- بەشداریی بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵە شیعری و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری کردووە و دەکات.
- ماوەیەکیش بەرپرسی نووسینگەی سلێمانیی کەناڵی(زارۆ)بووە.

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتییە.

- ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.

بۆ شاعیر و نووسەر لوقمان محەمەد ڕەشید، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسین و چالاکییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر لوقمان محەمەد ڕەشید، شاعیری بواری ئەدەبیاتی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری لە شاعیر و نووسەر لوقمان محەمەد ڕەشید خۆی وەرگیراوە، سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## تانیا فازیل

چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار خاتوو تانیا فازیل...

ناوی تەواوی(تانیا فازیل ئەحمەد)ە، لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر بەشی(المكتبات و المعلومات)ی لە پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی تەواوکردووە، وەکو میدیاکارێک لە دام و دەزگا ئەهلییەکانی ناو شاری سلێمانی دەستبەکار بووە، ئێستاش وەکو کارمەند لە دەزگای ڕۆشنبیریی(جەمال عیرفان) چاودێر و سەرپەرشتی بەشی هونەرییە لەم دەزگایە و لە شاری سلێمانی دەژییێت.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار تانیا فازیل هەر لە سەرەتای ژیانی بایەخی بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبی کوردی داوە و، زیاتریش ئەدەبی بواری منداڵان، هەر زووش تێکەڵ بە کاری ڕۆژنامەوانی و میدیایی بووە، ئەو وەکو نووسەر و پەیامنێر لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی کاری کردووە و بەرهەمەکانی خۆشی تێدا بڵاوکردۆتەوە، لەوانە(کوردستان نوێ، کەشتی نوح، چاوگ، نواڕێ، سایتی خاک، سایتی پارێزگاران، دواڕۆژ، مارگرێت و کوردستان).



له لای ڕاستەوە: شاعیر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، نووسەر ئەرسەلان حەسەن، چیرۆکنووس تانیا فازیل، شاعیر ئەمین محەمەد، نووسەر شاخەوان سدیق



له لای ڕاستەوە: خاتوو هەژان کەمال، چیرۆکنووس تانیا فازیل، نووسەر ساڵح بێچار، شاعیر دەریا هەڵەبجەیی

تا ئێستا کتێبێکی چیرۆکی لە بواری منداڵان بەناوی(یادی لە دایک بوون)نووسیوە و چاپ و بڵاویشی کردۆتەوە و، چەند کتێبێکی دیکەشی هەر لە بواری ئەدەبی منداڵان ئامادەیە بۆ چاپ.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس تانیا فازیل چەندین کاری میدیایی و ڕێکخراوەیی ئەنجامداوە لەوانە:

- ئەندامی ڕێکخراوی(دەریا)یە بۆ هاوکاریکردنی خاوەن پێداویستەکان.
- خۆبەخشانە چەندین کاری دەنگی و خوێندنەوەی کتێبی دەنگی لە یەکێتیی نابینایانی کوردستان ئەنجامداوە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(واران)ی منداڵانە.

- مامۆستای وانەی پەروەردە بووە لە بەشی منداڵانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی.
- کاری ڕێکلامی دەنگی بۆ چەندین دەزگای ڕۆشنبیری و ئەدەبی کردووە.
- وەکو میدیاکاریش چەندین بەرنامەی بۆ ڕادیۆی(ئاشتی)ئامادە و پێشکەش کردووە.



لە لای ڕاستەوە:
شاعیر ڕەوانشاد محەمەد عومەر(جەنەڕاڵی پایز)، چیرۆکنووس تانیا فازیل



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا هێمن عومەر هاوسەری خاتوو تانیا فازیل، ئەوەی ئامێزی کوڕەکەیان(نالی)یە، چیرۆکنووس تانیا فازیل




لە لای ڕاستەوە: چیرۆکنووس تانیا فازیل، نووسەر ساڵح بێچار، هونەرمەند بنار محەممەد



**له لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس تانیا فازیل، دکتۆر تەها ڕەسووڵ، مامۆستا هێمن عومەر هاوسەری چیرۆکنووس تانیا فازیل**



**له لای ڕاستەوە: چیرۆکنووس تانیا فازیل، مامۆستا هەڵۆ شێرکۆ بێکەس**

- چەندین کۆڕ و سیمیناری ناساندنی کتێبی ئامادە و پێشکەش کردووە.

هاوسەرگیری کردووە و خاوەن کوڕێکە بەناوی(نالی)،خوا تەمەن درێژی بکات، بۆ خۆیشی لە نووسین و چالاکییەکانی هەر سەرکەوتوو بەردەوام بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی خاتوو تانیا فازیل، هاوڕێم شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

- ٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئیدریس عەلی

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار مامۆسـتا ئیدریس عەلی ...

شـاعیر و ڕۆماننـووس و میدیـاکار ئیدریـس عەلـی لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە شـاری هەڵەبجـە لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە هەڵەبجە تـەواو کردووە، بەهـۆی کیمیابارانی کردنی هەڵەبجە و چەنـد هۆیەکـی دیکـەی تایبـەت بەخـۆی لـە خوێنـدن دابـڕاوە و نەیتوانیـوە درێـژە بەخوێنـدن بـدات، لـە سـاڵی ٢٠٠٣ەوە وەکـو فەرمانبـەر لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوانـی هەرێمـی کوردسـتان دامـەزراوە و لـە دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم دەسـتبەکار بـووە، لـە چەندیـن دام و دەزگا ڕاگەیاندنـی دیکـەش کاری کـردووە و، ئێسـتاش لـە تەلەفزیۆنـی کەناڵـی هەشـت (٨) وەکـو پێشکەشـکار و دەرهێنـەر بەردەوامـە لـە خزمەتکـردن و لـە شـاری سلێمانی دەژییێت.

شـاعیر و نووسـەر ئیدریس عەلی هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای شیعر و ئـەدەب و هونـەری کـوردی بـووە، لـە سـاڵی ١٩٩١ لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـی گەنجـی شـاری هەڵەبجـە گروپێکـی شـانۆییان پێکهێنـاوە و، چەندیـن چالاکیـی



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکە: شاعیر و نووسەر ئیدریس عەلی، دانیشتووەکە شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس**

هونەرییان نواندووە، ئەویش وەکو ئەکتەر بەشداریی چالاکییەکانی ئەو گرووپەی کردووە، لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە، دواتریش ڕۆمان و دیدار و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری و مێژوو و چالاکی ئەدیبانی کورد، پاشان(هونەری گێڕانەوە – فن السرد)، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و سوودبەخشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- یاسای باخچەکەی ئێمە، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٠٠.
- مردن لەژیان دەبوورم، کۆمەڵە شیعر.
- لەمنداڵیی دوورتر لەئێستا تەنیاتر، شیعر، ٢٠٠٧.
- کەمێک باران نەختێ عیشق، شیعر.
- تەوەری ئەدەبی، دیدار.

- دڵی خۆتە لەسینەمدا، شیعر.
- عیشقی هاجەرە، گێڕانەوەی ئەدەبی، سێ جار چاپکراوەتەوە.
- تەقینەوەی خەونەکان، ڕۆمان. ٢٠١٨.
- بەڕێی پوچدا، شیعر.
- شۆفێری چیرۆکەکان، گێڕانەوەی ئەدەبی.
- سەدەفی ئارامی، دیدار.
- مردووەکان ئازادن.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئیدریس عەلی، نووسەر و ڕۆماننووس شیرزاد حەسەن



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عەلی عوسمان یەعقوب، شاعیر ئیدریس عەلی

- ڕۆحی بێگەرد، ژیاننامە.
- زەمەنی زەین و ڕووداو، دیدار.
- دایکە سۆزانییەکەم، ڕۆمان.


شاعیر و نووسەر ئیدریس عەلی وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی




لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئیدریس عەلی، مامۆستا حەیدەر کاکەیی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئیدریس عەلی، خاتوو ڕوناک جەمیل سائیب




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ئیدریس عەلی

بەتوانا و خاوەن ئەزموون چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران و سکرتێری نووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان (ئاڵای ئازادی، گەلاوێژی نوێ، ئایندە، ڕۆڤار و زەمەن) کاری کردووە.
- وەکو ئامادەکار و پێشکەشکار و دەرهێنەر لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی کوردی(زەحمەتکێشان، خەندان، Knn و کەناڵ ٨) کاری کردووە.
- لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵە شیعرییەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری ئامادە بووە و دەبێت.

بۆ شاعیر و نووسەر ئیدریس عەلی هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بیت لە نووسینی شیعرە جوان و نووسینە پوختەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر ئیدریس عەلی، شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر مامۆستا ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد ....

نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد ئیبراهیم لە ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی(پیازەجاڕ)ی سەر بەناحیەی ڕزگاری قەزای(کەلار)ی پارێزگای کەرکووکی (ئەو کات) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی (پیازەجاڕ) تەواوکردووە و خوێندنی ناوەندیشی لە قەزای دەربەندیخان بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کەلار بەدەستهێناوە و، بووەتە مامۆستا لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی دەربەندیخان، ئێستاش وەکو مامۆستا لە ئامادەیی(کاردۆخ) لە شاری سلیمانی بەردەوامە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن.

نووسەر و لێکۆڵەر ئازاد ئیبراهیم لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، دەستی بەنووسینی وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کورتەباس و لێکۆڵینەوە و کاری ڕۆژنامەگەری کردووە، لە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ڕاگەیاندن، تا ئێستا دوو کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- سێیەم عیراق، ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر ڕەهبەر سەید برایم، نووسە ئازاد ئیبراهیم، نەناسراوە**

- زمان و پەیامی نەتەوەیی لە میدیای کوردیدا، ساڵی ٢٠٢٢ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.
- دوو کتێبی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

نووسەر ئازاد ئیبراهیم وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بەتواناش چەندین چالاکیی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆی(٤٥)بەشداربوو لە پێشبڕکێی شیعری کە ڕێکخراوی(زەنوێر) لە گەرمیان ئامادەی کردبوو، خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێناوە.
- لە ساڵی ٢٠١٧ەوە، وەکو نووسەر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کار دەکات، پێشتریش ماوەیەک سەرپەرشتیاری پاشکۆی(گوندستانی نوێ) بووە و لە سالی ٢٠٢٤ەوەش سەرپەرشتیاری لاپەڕەیەکە هەر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و بەردەوامیشە لە نووسینە ئەدەبی و سیاسییەکانی.


- وەکو ڕاگەیاندکارێک وانەی چۆنییەتی نووسین و داڕشتەوەی هەواڵ لە شارەکانی(کەرکووک، چەمچەماڵ، کەلار)ووتوتەوە.
- دەیان دیدار و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لەگەڵ کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییە کوردستانییەکان ئەنجامداوە و، زۆر ئازاو بوێرانەش بیروڕای خۆی ڕاشکاوانە خستۆتەڕوو.







نووسەر و لێکۆڵەر ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد لە چەند کاتێکی جیاوازدا







**بەرهەمەکانی نووسەر ئازاد ئیبراهیم**

- ئامادەی بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و سیمنارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری بووە و دەبێت.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە(خەڵات و پیرۆزبایی ڕێکخراوی خەون، خەڵاتی و پیرۆزبایی کوردستانی نوێ و چەندانی دیکەش).

بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد ئیبراهیم هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسین و چالاکییەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر ئازاد ئیبراهیم، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس هیوا سەرهەنگ لە هۆڵەندا بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری لە نووسەر ئازاد ئیبراهیم خۆی وەرگیراوە.


٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# زاگرۆس نانەکەلی

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕ و میدیـاکاری وەرزشـی، مامۆسـتا زاگـرۆس نانەکەلـی...

ناوی تەواوی(زیاد سـەعدی حەمـەد)ە، لە ناوەندی ڕاگەیاندن و وەرزشی بە زاگرۆس نانەکەلی ناسراوە، لە ١٧ - ٣ - ١٩٦٨ لە گەڕەکی (خانەقا) ی ناو شـاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سـەرەتایی لە قوتابخانـەی (ئیبن خەلـەکان- ئیبن خولـەکان) تەواوکردووە و، ناوەندییشـی لە ناوەندی (متوسطة الجمهـوري - ناوەنـدی کۆمـاری) تەواوکـردووە و سـاڵی ١٩٨٩ بەشـی میکانیکـی لـە ئامادەیـی پیشەسـازی هـەر لـە هەولێـر بەسـەرکەوتوویی تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٩١ وەکـو بێـژەر و میدیـاکاری وەرزشـی لـە کەناڵـی تەلەفزیۆنـی گەلـی کوردسـتان دەسـتبەکاربووە، لـە سـاڵی ٢٠٠٦ەوە، وەکـو ئامـادەکار و کاری دەرهێنانـی پرۆگرامـی منداڵان و وەرزشـی لـە نووسـینگەی هەولێری کەناڵی تەلەفزیۆنی (العراقیة) دامـەزراوە و دواتـر وەکـو وەرگێـڕی هەواڵـە وەرزشـییەکان گواسـتراوەتەوە دەزگای ئاژانسـی دەنگوباسـی عێراقی و تـا ئێسـتاش لـە خزمەتکردن بەردەوامـە.



نووسەر
زاگرۆس نانەکەلی بەمنداڵی



له لای ڕاستەوە: نووسەر زاگرۆس نانەکەلی، شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نازم دڵبەند



له لای ڕاستەوە: نووسەر زاگرۆس نانەکەلی، نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا سابیر ڕەشید

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی وەرزشی زاگرۆس نانەکەلی لە سەرەتای ژیانی حەزو ئارەزووی هونەری نواندن و شانۆی هەبووە، لە ساڵی ١٩٨٣ بەردەوام بووە لە ئامادەبوون و تەماشاکردنی شانۆ و دراما تەلەفزیۆنییەکان، ئەو کاتەی قوتابیی ئامادەیی پیشەسازی بووە بۆ یەکەم جار لە ٢٠ - ٣ - ١٩٨٧ وەکو ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەریی(هەڵاتن لە قوتابخانە) کردووە و هەر لەسەر شانۆی ئەو ئامادەییەش نمایشکراوە، ئیدی بەردەوام بووە لە کارە هونەرییەکانی تا ساڵی ١٩٩٦ بەشداریی چەندین شانۆگەری و فیلمی سینەمایی کردووە لەوانە (تەڵەی مردن، دەنکە شخاتە، بازاڕی ڕەش،

ڕاستی هیوامانە، تەقینەوە و فیلمی نرخی ئازادی و چەندانی دیکەش)، هەر بەخۆشی دەقی شانۆگەرییەکانی(باخچەی خوێناوی، پۆلێکی ناڕێک، خەزانی ڕۆح) و کورتە فیلمەکانی(نێرگەلە، دووانەی کارەسات، بەڕووو)ی نووسیوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی وەرزشی زاگرۆس نانەکەلی لە ساڵی ١٩٩١ەوە ڕووی لە کاری ڕاگەیاندن کردووە بەتایبەتی ڕاگەیاندنی وەرزشی، چەندین ڕیپۆرتاژ و تەعلیق و شیکردنەوە و ڕەخنەی وەرزشی و چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە و، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە(ستادیۆم، کوردستانی نوێ،



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند مامۆستا چەتۆ حەسەن، نووسەر زاگرۆس نانەکەلی**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕەوانشاد محەمەد ئەحمەد ئەربیللی، نووسەر زاگرۆس نانەکەلی**



له لای ڕاستەوە: میدیاکاری وەرزشی ڕەوانشاد سدیقی گچکە، مامۆستای وەرزش ڕەوانشاد فاروق سەید حەسەن، بێژەری وەرزشی شێخ ستار بەرزنجی






له لای ڕاستەوە: نووسەر زاگرۆس نانەکەلی، یاریزان ژیلوان حەمەد


پاشکۆی مۆندیال، خەباتی وەرزشی، ئاسۆی وەرزشی، هەولێر، هەولێری وەرزشی، کوردستان، ڕووداوی وەرزشی، گۆڤاری شووت، گولان، چەند سایتێکی ئەلیکرۆنیش).

هەر لە بواری مێژووی تۆپی پێی و کەسایەتییە وەرزشییەکانی هەولێر و کورد و کاری میدیای وەرزشی چەند بەرهەمێکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- گلارا...کۆمەڵە چیرۆکی منداڵان و ئەفسانە چیرۆکێک بوو لە ساڵی ٢٠٠٢ دوو چاپکراوە.
- میدیای وەرزشیی کوردی، ٢٠١٥..








**بەرهەمەکانی نووسەر زاگرۆس نانەکەلی**

- کورد لە تۆپی پێی عێراقدا، بەهاوبەشی لەگەڵ نووسەرسەنگەر زرار شێخەشەل.
- نەریمان محەمەد تارمایی گۆڵپارێزان، ٢٠٢٤.

دوو بەرهەمی دیکەشی لە بواری وەرزشی ئامادەیە بۆ چاپ.

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی وەرزشی زاگرۆس نانەکەلی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- چەندین نووسین و ڕاپۆرت و شیکردنەوەی یارییەکانی ئۆلمپیادی ئەوروپی و ئەمەریکی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵانی ١٩٩٢- ١٩٩٦ ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی(جیهانی وەرزش)بووە لە ڕادیۆی هەولێر.
- ساڵی ١٩٩٤ لە گەڵ هاوڕێیانی هەر یەک لە(سەلاح حەسەن، فریاد ڕواندزی، محەمەد سەعید کوردە، سەنگەر شێخەشەل ) یەکەم ڕۆژنامەی وەرزشیی کوردییان بەناوی(پاشکۆی مۆندیال)بڵاوکردۆتەوە.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری و بەرپرسی ڕاگەیاندن بووە لە ڕێکخراوی(گوڵ) بۆ پەرەپێدانی وەرزشی.
- لە ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٨ جێگری سەرنووسەر و لێپرسراوی لاپەڕەی وەرزشی بووە لە ڕۆژنامەی(نوێ).

- لەگـەڵ هونەرمەنـد و میدیـاكار محەمـەد سـەبری چەندیـن بەرنامـەی ئامـادەو دەرهێنـاوە بـۆ كەناڵـی تەلەفزیۆنـی گەلـی كوردسـتان، لەوانـە بەرنامەكانی(رسـالة الصحافـة الریاضیـة) بەزمانـی كـوردی و عەرەبـی.
- لە ساڵانی ٢٠٠٤ – ٢٠١١ئامادەكار و پێشكەشكاری بەرنامەی(ئەستێرەكانی وەرزش)بووە لـە كەناڵی(العراقیة – اطیاف).
- ئەندامی كۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشیی كوردستانە.
- ئەندامـی سـەندیكای ڕۆژنامەنووسـانی كوردسـتان و فیدراسـیۆنی نێودەوڵەتییـە.
- دامەزرێنەری كۆمەڵەی وەرزشیی كوردستانە.
- چەندین سیمیناری لە شارەكانی كوردستان و دەرەوە ئەنجامداوە، لەوانە لـە ٧ – ٧ – ٢٠١٧سـیمیناری پاریـس لەژێـر ناونیشـانی(مێژووی میدیـای وەرزشـی كـوردی و ئەوروپـی).
- لـە سـاڵی ٢٠٢٣ەوە سـەرۆكی ڕێكخراوی(میتـان)ە، بـۆ پەرەپێدانـی میدیـای وەرزشـی.

بـۆ نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و میدیـاكاری وەرزشـی زاگـرۆس نانەكەلـی هـەر سـەركەوتوو و بـەردەوام بیـت لـە چالاكییەكانـت.

سەرچاوەكان:

١ – كورتەیـەك ژیاننامـە و بەرهـەم و چالاكییەكانـی نووسـەر و میدیـاكاری وەرزشـی زاگـرۆس نانەكەلـی، لـە هەولێـر بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەكـەم.
٢ – ئامادەكردن و نووسینی خۆم.



## عەباس داودی

مامۆستا وشاعیر و نووسەری شیعری چوارینە، عەباس داودی....

ناوی تەواوی(عەباس مەجید رەشید)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە عەباس داودی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە گەڕەکی(چەقەڵە)ی ناو شاری(دووز خورماتوو)ی ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە دووزخورماتوو تەواو کردووە، دواتر بەشی بایۆلۆژی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە و، بووەتە مامۆستا لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری دووزخورماتوو و دەوروبەری، ساڵی ٢٠١٥ ماڵیان چووەتە ناو شاری کەرکووک و بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، ئێستاش خانەنشینە و لە شاری کەرکووک دەژییێت.

شاعیر و نووسەر عەباس داودی لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و چوارینە کردووە، یەکەم نۆبەرەی بەرهەمە شیعرییەکانی پارچە شیعرێکی گۆرانیی ئامێز بووە بەناوی (یادگار) لە هەفتەنامەی هاوکاری بڵاوی کردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە


له لای ڕاستەوە: شاعیر عەباس داودی، شاعیر مامۆستا محسن ئاوارە


له لای ڕاستەوە: شاعیر مامۆستا سەڵاح هەلاج، شاعیر عەباس داودی

لە بڵاوکردنەوەی شیعر و وتار و کورتەباس و وەرگێڕان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییە عێراقییەکان لەوانە(پاشکۆی عێراق، هاوکاری، ڕەنگین، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕامان، گەلاوێژ، ئاینده، کوێستان، خەبات، هەرێمی کوردستان، کاروان، خاتووزین، مێرگ، گەشبین، ڕێگای کوردستان، ڕەوت، بانەڕۆژ، نەوشەفەق، نێرگز، کەرکووکی ئەمڕۆ، هەواڵ و باسەرە و چەندانی دیکەش).

ئەو تا ئێستا چەند بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- بولێڵ، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٠١ چاپی بەغدا.
- ڕێژنەی فرمێسک، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٠٧، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی بەغدا.
- راز و گەمەی ئیشق، کۆمەڵە شیعر، یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکووک ٢٠١١.
- چوارینەکانی عەباس داودی، بریتییە لە (٢٦٢) چوارینە، چاپی ئێران، ٢٠٢٠.
- چنینەوەیەک لە چوارینەکان، قطوف من الرباعیات، بریتییە لە(٨٠) چوارینە، ئەم چوارینانە لە لایەن نووسەر و وەرگێڕ موحتەرەم محمەد



لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەباس داودی، شاعیر گۆران ئەژی گۆران، شاعیر رەشید کەرکووکی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەباس داودی، شاعیر خاتوو چنوور نامیق، شاعیر یوسف لەتیف، شاعیر حەمە عەباس

وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی، لەسـەر ئەرکـی مەڵبەنـدی(٢)ی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان سـاڵی ٢٠٢١ چـاپ و بـڵاو کراوەتـەوە.

- گوڵشـەنێک لـە چوارینەکان،(١٦٢)چوارینـەی لـە خـۆ گرتـووە، چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی، ٢٠٢٤.

شـاعیر عەبـاس داودی پـاش سـاڵی ٢٠٠٣ زیاتـر چووەتـە نـاو دنیـای نووسـین و چالاکییـە ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییەکان چەندیـن چالاکـی نوانـدوە لەوانـە:





لە لای ڕاستەوە:
مامۆستا هیوا حسێن، شاعیر عەباس داودی



لە لای ڕاستەوە: سەرۆکی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراق، شاعیر عەباس داودی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر سالار سەمین، شاعیر عەباس داودی، شاعیر فاتیح سەلام، شاعیر و ڕۆژنامەنووس دیار لەتیف



بەرهەمەکانی
شاعیر عەباس داودی

- وەکو ڕۆژنامەنووس لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەکر دەروێش دوو ژمارەی گۆڤاری(زایەڵە)ی ئاوەسپی لە شاری دووزخورماتوو دەرکردووە،
- بە خوێندنەوەی چەند چوارینەیەک بەشداری لە فیستیڤاڵی(١٢٠) ساڵەی لە دایکبوونی گۆرانی شاعیری لە هۆڵی(جەواهیری)لە بەغدا کردووە و خەڵاتیش کراوە.
- لە ساڵی ٢٠٢١ بەشداری لە فیستیڤاڵی(المربد)ی لە شاری بەسرە کردووە، کە لە ماڵەکەی شاعیر(بدر شاكر السياب)بەستراوە، ئەو ئامادەی ئەو فیستیڤاڵە بووە و شیعریشی بە کوردی و عەرەبی خوێندۆتەوە.
- لە ساڵی ٢٠٢٤بەشداریی شیعر خوێندنەوەی لە فیستیڤاڵی گرووپی کەرکووک(٢) کردووە کە یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق بە هاوبەشی لە گەڵ نووسەرانی کەرکووک سازیکردبوو.
- بەشداریی فیستیڤاڵەکانی شیعری لە شارەکانی(سلێمانی، هەولێر، کەرکووک دهۆک، بەشێکیش لە کۆڕە شیعرییەکانی بەغدا) کردووە.

بۆ شاعیر و نووسەر عەباس داودی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینی شیعر و چوارینە ناسک جوانەکانت.

پارچە شیعرێکی شاعیر عەباس داودی بەناوی(سروودی یەکبوون):

**سروودی یەکبوون**

**بۆ ژینی سەربەرز مەردانە و دلێر**
**ڕۆڵەی ئەمەکدار گیانفیدام دەوێ**
**تەمەن زۆر کورتە نەکەن پیسخۆری**
**سەفا وە لانێ هەڵوێستم دەوێ**
**گەل برسی مەکەن مەگرن بەهانە**

ڕەوشـــــت دەشـــــێوێ ڕاسـتبێژیـــم دەوێ
گەڵاکـــــان بێنـــــاز تـــــرس لـــە خەزانـــــــە
بـــە هــۆش بێنــــــــەوە ڕابوونــــــم دەوێ
وا لـــە ڕۆژئـــاڤـــــا پیـــــلان گێـــــڕانە
بەســــیە خــۆ خـــــۆری یەکبوونـــــم دەوێ
گوێبیســـتی دوژمـــــن چەنــــــدە بــە قینــــە
پیـــــلان دەگێـــــڕێ هیممــــــەتم دەوێ
ســـەنگەرتان یەکخـــەن بـــە ڕووی نەیـــاران
بــــە ئــــاوات دەگـــــەین، نوقـــــڵانەم دەوێ
دوا هەنگــــــاو دەبڕیــــن هێــــز بەرخودانــــــە
گشــــــت نابــێ کــۆچ کــــا کۆمەکـــم دەوێ
ئەمجــــارە دەبــێ مێــــــژوو تۆمــار کـــەین
شــــکۆیـــــــەک بــۆ گـــەل ئازادیــــم دەوێ
ئێـــــوە بـــــوون نـــەوەی قــــازی و دیاکـــــۆ
دەبــــــێ یەکڕیـــــز بـــن شـــانشــــینم دەوێ

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیـەک ژیاننامـە و بەرهـەم و چالاکییەکانـی شـاعیر عەبـاس داودی، لەسـەر داخوازیـی مـن لـە کەرکـووک بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فاتیح بەختەوەر

شاعیر و نووسەر ئەندازیاری کشتوکاڵی مامۆستا فاتیح بەختەوەر...

ناوی تەواوی(فاتیح عەبدوڵلا ڕەحمان)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە فاتیح بەختەوەر ناسراوە، لە ١ - ٢ - ١٩٦٩ لە گوندی (دەرەقەیسەر) ی سەر بەناحیەی (بیارە)ی قەزای هەڵەبجەی پارێزگای سلێمانیی(ئەو کات) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی چوارەم لە قوتابخانەی گوندی دەرەقەیسەر خویندووە و، پۆلەکانی پێنجەم و شەشەمیشی لە قوتابخانەی ئۆردوگای زۆرەملێی (زەمەق) تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی لە ناوەندیی مەولەوی و ئامادەییشی لە ئامادەیی ئەحمەد موختار لە هەڵەبجەی شەهید تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٩ دبلۆمی لە بەشی بەروبوومی ئاژەڵی لە پەیمانگای تەکنیکی لە شاری موسڵ وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ لە وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان دامەزراوە و، لە ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەروبوومی ڕووەکی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠٢١ بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی کوردستان لە شاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستهێناوە و نامەی ماستەرەکەی بەناونیشانی(کاریگەریی نیتراتی پۆتاسیۆم لەسەر گەشە و گەورەیی گوڵ و سەلکی گوڵی شلێر(هەڵاڵە برەمی) بووە، ئێستاش



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا و نووسەر ڕەوانشاد عوسمان هەورامی، شاعیر و نووسەر فاتیح بەختەوەر



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز مامۆستا هاوار مستەفا، شاعیر فاتیح بەختەوەر

سەرۆکی ئەندازیارانی کشتوکاڵییە لە پەیمانگای زانستیی کۆمپیوتەر لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و لە خزمەتکردن بەردەوامە.

شاعیر و نووسەر فاتیح بەختەوەر لە ساڵی ١٩٨٣ دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی هەمەجۆری دیکە کردووە و، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، ئەو تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

- (سایکۆلۆژی ئافرەت و هۆکاری شوونەکردنی)، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١.
- (کەشکەشان)، دیوانی شیعر.

- کاریگەریی نیتراتی پۆتاسیۆم لەسەر گەشە و گەورەیی گوڵ و سەلکی گوڵی شلێر (هەلالە برەمی)، نامەی ماستەرەکەیەتی، ٢٠٢١.

چەند بەرهەمێکی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

شاعیر و نووسەر فاتیح بەختەوەر چەندین چالاکی هەبووە لەوانە:

- بەشداریی چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش کردووە.
- چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لە گەڵ کەناڵە



لە لای ڕاستەوە: شاعیر فاتیح بەختەوەر، شاعیر و نووسەر محەممەد پاکژ



لە لای ڕاستەوە: خاتوو ڕووناک ساڵح، نووسەر دکتۆر فاروق قەرەداغی، شاعیر فاتیح بەختەوەر، مامۆستا و نووسەر حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی، مامۆستا دارا محەممەد



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر فاتیح بەختەوەر،**
**شاعیری دیار و ناسراوی کورد مامۆستا لەتیف هەڵمەت**

لۆکاڵی و ئاسمانییە کوردییەکان کردووە کە تێیدا باسی ڕەوشی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کەلتووری و زانستی کردووە.

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی کوردستانە.

بۆ شاعیر و نووسەر فاتیح بەختەوەر هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینی بەرهەمەکانت.

دوو پارچە شیعری شاعیر فاتیح بەختەوەر، یەکێکیان بەشێوەزاری سۆرانی و ئەوی دیکە بە هەورامی:

**(١)**

**ساحیر**

بە سیحراوی سەیرم مەکە و
لەمە زیاتر مەم وروژێنە
ئاگر لە جەستەم بەرمەدە و

لەمە زیاتر مەم برژێنە
هەموو جارێ دێیت و دەڕۆی
زیاتر دەردم گران دەکەیت
کاتێک دەڵێیت بەیانیت باش
زەردەخەنە هەرزان دەکەیت.

**(٢)**

**وەشەم مسیەی**

وەشـــــــەم مـســيـەی
جـە چـۆڵـیـنـە و ئـاوەدانـی
وەشـــــــەم مـســيـەی
پەڕو زەمینی و ئـاسـمـانـی
وەشـــــــەم مـســيـەی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر فاتیح بەختەوەر، بەڕێز دکتۆر تەها ڕەسووڵ لە بەردەم پەیکەری عەلی باپیر بەگ




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر فاتیح بەختەوەر

زیــاتــەر جـە نـۆبـەرە و سـاوا
وەشــــــــــەم مـسـیــەی
نـــاز و مەكــرت دڵـم نـاوا
وەشــــــــــەم مـسـیــەی
بە خوای گۆرە و تەنیا و تاكـی
وەشــــــــــەم مـسـیــەی
پێسـە ڕیشـە و ئاو و خـاكـی
وەشــــــــــەم مـسـیــەی
چوون تینە و شۆڵـە و ڕۆجیاری
وەشــــــــــەم مـسـیــەی
شــاژەنـە و دیـارە و ڕۆزگــاری

سەرچاوەكان:

١ - كورتەیـەك ژیاننامـە و بەرهـەم و چالاكییەكانـی شـاعیر و نووسـەر فاتیح بەختـەوەر، لـە سـەر پێشـنیاری نووسـەر ئیبراهیـم هەورامـی لـە هەڵەبجـە بۆیـان ناردووم، سوپاسـیان دەكـەم.

٢ - ئامادەكردن و نووسینی خۆم.



# ئاوات ئەبوبەکر

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و نووسەر و لێکۆڵەری بواری کەسایەتییە ئەدەبی و ئایینییەکانی کورد مامۆستا ئاوات ئەبوبەکر...

ناوی تەواوی(ئاوات ئەبوبەکر مەلا ئەحمەد)ە، لە ساڵی ١٩٧١ لە گەڕەکی(ئازادی)ی ناو شاری سلێمانی لە خێزانێکی ئایینپەروەر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئەزمر و ناوەندی لە گۆیژە تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٩١ - ١٩٩٢ پەیمانگای مەڵبەندیی مامۆستایانی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە و لە ١١ - ١١ - ١٩٩٣ بووەتە مامۆستا لە گوندەکانی(چەوتان، دەرمیانە، لۆبە و کەمال کوردی) و دواتر ناو شاری سلێمانی و، وانەی ئەلف و بێی کوردی و کۆمەڵایەتی وتووەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پەروەردەی دەروونناسی لە کۆلێژی(التربیة المفتوحة - پەروەردەی کراوە) ی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراق(ئەو کات)وەرگرتووە و، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، لە ساڵی ٢٠١٠ بووەتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی زمانی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتیی



له لای ڕاستەوە: نووسەر ئاوات ئەبوبەکر, ڕەوانشاد مەلا محەممەد شەڵماشی



له لای ڕاستەوە: بەڕێز حاکم ڕزگار, نووسەر ئاوات ئەبوبەکر

پەروەردەی سلێمانی و، تا ئێستاش هەر بەردەوامە و لە شاری سلێمانی دەژیت.

نووسەر و لیکۆڵەر ئاوات ئەبوبەکر لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسین و کۆکردنەوە و ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پیداچوونەوە لە بوارەکانی پەروەردە و ئەلف و بێی کوردی و مێژوو و چالاکیی کەسایەتییە پەروەردەیی و ئایینیی و ئەدەبییەکانی کوردی کردووە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و سوودبەخی

چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:

-(ئەسرینەکانی سەدەی بیستەم) شەش بەرگ، (٩٩٥)لاپەڕەیە، ٢٠٠٧.

- شکۆنامە(فەرامەتێک بـە شـێخ محەمـەدی نۆدێی، شـێخ ئیسـماعیلی ولیانـی. شـێخ حەسـەنی گلەزەردە)چاپی یەکـەم. ٢٠٠٨.

- گەورە بانگەوازی کورد کاک ئەحمەدی شێخ، سلێمانی، ٢٠١٨.

- مودەڕیسنامە.

- ڕێبەری قۆناغی ئامادەکردن بۆ مامۆستایانی پۆلی یەکەم.



**لە لای راستەوە: مامۆستا قادر عەزیز چوارتایی، نووسەر ئاوات ئەبوبەکر**



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا جوان محەمەد، شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد، نووسەر خاتوو گوڵزار جەلال، نووسەر مامۆستا مەحموود باجەلان، مامۆستا ئاشنا محەمەد، نووسەر ئاوات ئەبوبەکر**



لە لای ڕاستەوە: ئارام ئاوات ئەبوبەکر، نووسەر ئاوات ئەبوبەکر، محەمەد ئاوات ئەبوبەکر

- ئەلفوصەلەوات ،شێخانی تەریقەت(مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ موحسینی گاپیلۆنی)، چاپی یەکەم.
- مێژووی قورئانی پیرۆز، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
- مامۆستای نەمر مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفولا.
- ئیبراهیم ئەمین باڵدار(ڕۆحی ئەلف و بێی کوردی)، ٢٠١٨.
- سەرجەم بەرهەم و بابەتەکانی مامۆستا نەجمەدین مەلا دوو بەرگ، ٢٠١٨.
- کارەساتی(١٧) شەهیدەکەی قڕگە.
- تیانووسی خوێندنی کوردی، بۆ پۆلی(یەکەم و دووەم و سێیەم)ی سەرەتایی، بەهاوکاری لەگەڵ مامۆستا کوردستان نەسرەدین، سلێمانی، ٢٠١٩.
- تیانووسی خەتی ڕقعە و نوسخ بۆ قوتابیان، بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستایان هیوا حەمەساڵح حەسەن و مامۆستا خاتوو منیرە بەکر.

- کتێبی تۆپبارانەکەی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٨٧.
- کتێبی قوتابخانەی شێخ مەحموود لە ئاوێنەی مێژوودا.
- کتێبی قوتابخانەی ئەیوبییە ١٩٢٥ - ٢٠٢٠بەهاوبەشی لە گەڵ مامۆستا ئاواز ڕەئووف فارس.
- کتێبی قوتابخانەی چوارتا ١٩٢٢ - ٢٠٢٢.

چەندین کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ.

- چەندین بابەتی پەروەردەیی و مێژوویی و هەمەجۆری دیکەی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر و لێکۆڵەر ئاوات ئەبوبەکر چەندین چالاکیی دیکەیشی نواندووە لەوانە:

- ئەندامی لێژنەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردییە بۆ پۆلەکانی(یەک و دوو و سێ) لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردسان.
- پێداچوونەوە و هەڵەبڕ و خاڵبەندی بۆ چەندین بەرهەمی نووسەرانی دیکە کردووە.
- بەشداری لە دەیان کۆڕو کۆبوونەوەی پەروەردەیی و ئەدەبی و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، نووسەر ئاوات ئەبوبەکر، نووسەری بواری ئەدەبی مندالان مامۆستا ڕەزا شوان**




بەرهەمەکانی نووسەر ئاوات ئەبوبەکر




ڕۆشنبیرییەکان لە شاری سلێمانی و دەوروبەری کردووە.

- چەندین سیمینار و خولی پەروەردەیی بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی لە شاری سلێمانی و دەوروبەری بەڕێوەبردووە.

بۆ نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا ئاوات ئەبوبەکر هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە چالاکییەکانت لە بواری نووسین و پەروەردە.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر ئاوات ئەبوبەکر، شاعیر و مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێک زانیاریش لە نووسەر ئاوات ئەبوبەکر خۆی وەرگیراوە، سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر محەمەد خدر مەولوود

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکار دکتۆر محەمەد خدر مەولوود..

ناوی تەواوی(محەمەد خدر مەولوود)ە، لە ساڵی ١٩٥٩ لە گەڕەکی(تەیراوە) ی ناو شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(ئیبن مستۆفی)و ناوەندی لە ناوەندیی(کۆماری - الجمهورية)و ئامادەییشی لە ئامادەیی(کوردستان)هەر لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٣ لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان دەستبەکار بووە، بۆ درێژەدان بەخوێندن ساڵی ٢٠٠٦ چووەتە وڵاتی ئۆکرانیا و لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی ئۆکرانی لە زانکۆی نیودەوڵەتیی (لۆگانسک) کە بە زانکۆی(تاراس گریگۆر شەڤچێنکە) ش ناسراوە وەرگرتووە و، نامەی ماستەرەکەی بەناونیشانی(ناساندنی ئەدەبی تاراس گریگۆر شەڤچێنکە) بووە، لە ساڵی ٢٠١٤ش، بڕوانامەی دکتۆرای لە ڕۆژنامەگەری لە هەمان زانکۆ بەدەستهێناوە و، نامەی



**له لای ڕاستەوە: نووسەر فازیل شەوڕۆ، شاعیر و نووسەر کەریم دەشتی، نووسەر دکتۆر محەمەد خدر مەولوود، د. ئەکرەم خامۆش، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی**



**له لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر محەمەد خدر مەولوود، نووسەر و هونەرمەند و میدیاکار ڕەوانشاد شێرزاد عەبدولڕەحمان، شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند، شاعیر و نووسەر ئیسماعیل بەرزنجی**

دکتۆراکەشی بەناونیشانی(ڕۆژنامەگەری لە ئۆکرانیا و کوردستانی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە بۆ دیموکراتییەت)بووە، لە ساڵی ٢٠١٥ هاتۆتەوە کوردستان و وەکو بەرپرسی ڕاگەیاندن لە زانکۆی جیهانیی ئەهلی لە هەولێر دەستبەکاربووە و لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٨ - ٢٠١٩ وەکو مامۆستای زانکۆ لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین درێژەی بەخزمەتکردن داوە تا وەکو ئێستاش بەردەوامە.

نووسـەر و لێکۆڵـەر و ڕاگەیاندنکار دکتۆر محەمـەد خدر مەولـوود هـەر لـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردووەوە دەسـتی بـە نووسـینی ئەدەبی و ڕۆشـنبیریی هەمەجۆر کـردووە، سـاڵی ١٩٨٢ نۆبـەرەی بەرهەمەکانـی خـۆی، کـە وتارێکـی ئەدەبی بـووە بەناونیشـانی(مهاباد لـە شـیعری نوێی کوردیدا) لـە پاشـکۆی ڕۆژنامـەی عێراق بڵاوکردۆتـەوە، ئیدی بـەردەوام بووە لە نووسـینی وتـار و کورتەبـاس و لێکۆڵینـەوە لـە بوارەکانی ئەدەبی و ڕۆژنامەگـەری، ئـەو تـا ئێسـتا زیاتـر لـە (٢٠) کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتـەوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- ئاسـۆس کۆمەڵـە بەرهەمێکـی ئەدەبیـی هاوبـەش، بەرگـی یەکـەم سـاڵی ١٩٨٣.
- ئاسۆس ، کۆمەڵە بەرهەمێکی هاوبەش، بەرگی دووەم ساڵی ١٩٨٤ بەغدا.
- دابڕان، کورتە چیرۆک، بەغدا ١٩٨٦.
- لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی هەژار موکریانی، هەولێر ١٩٨٦.
- ڕۆژنامەگەریـی حکوومەتەکانـی کوردسـتان لێکۆڵینـەوە بەدواداچـوون، هەولێـر چاپخانـەی ڕۆشـنبیری ١٩٩٩.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر محەمەد خدر مەولوود ،**
**شاعیر و نووسەر و زماناس دکتۆر وریا عومەر ئەمین**

- بەدواداچوون و ڕەخنە لە کتێبی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەدوای ڕاپەڕین، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٩.
- سەعدوڵڵاپەڕۆش، ئەزموون، بەخشش، بەردەوام بوون، هەولێر ٢٠٠٧.
- نەوزاد ڕەفعەت شاعیری ئەفرێنەری شیعری نوێی کوردی، هەولێر چاپخانەی ڕۆشنبیری ٢٠٠٨.
- پوشکین شاعیری ئەفرێنەری ڕووس، هەولێر چاپخانەی ڕۆشنبیری ٢٠٠٨.
- شەڤچێنکە شاعیری گەورەی ئوکراینا، هەولێر چاپخانەی ڕۆشنبیری ٢٠٠٨.
- ڕۆژنامەگەریی ئوکراینا و کوردستانی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە بۆ دیموکراتیەت(نامەی ماستەرەکەیەتی) لوگانسک – ئوکراینا ٢٠١٤.
- وریا عومەر ئەمین، دیمانە و هەڤپەیڤین، هەولێر ٢٠١٦.
- مەسعود بارزانی کاریزما و فریادڕەسی بێ کەسترین نەتەوەی دونیا، ٢٠٢٤.




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس وەلات تۆفیق، نووسەر و ڕۆژنامەنووس شەماڵ ئاکرەیی، نووسەر دکتۆر محەمەد خدر مەولوود، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی**




**بەرهەمەکانی نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر محەمەد خدر مەولوود**

- گوڵانی خانەدانی بارزان دەوڵەتمەدار و ئاڵنگارن ئاستەنگ و قەیرانەکان بەدەرفەت دەگۆڕن، هەولێر ٢٠٢٤.
- چەندین وتار و کورتە باس و لێکۆڵینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو(برایەتی، خەبات، کاروان) بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر محەمەد خدر مەولوود هێشتا لە سەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی و، بەردەوامە لە نووسینە پوخت و سوودبەخشەکانی، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیی بۆ دەخوازین.

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی دکتۆر محەمەد خدر مەولوود، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا بەهائەدین جەلال مستەفا بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری لە نووسەر دکتۆر محەمەد خدر مەولوود خۆی وەرگیراوە.

٣ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ستیڤان شەمزینی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر، هەڵگری بیروباوەڕی(چەپ) و قەڵەمێکی ئازا و بوێر بۆ هێنانەدیی ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی، ڕەوانشاد ستیڤان شەمزینی...

ناوی تەواوی(ستیڤان ئەحمەد عەلی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری بە ستیڤان شەمزینی ناسراوە، لەساڵی ١٩٧٦ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی کوردپەروەور لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی چەند قۆناغێکی خوێندن، لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی ڕۆژنامەوانی و نووسینی هەمەجۆری دیکە لە بواری چینایەتی و ئازادیی یەکسانی و دیموکراتی و سەرمایەداری و مافی مرۆڤ کردووە، لە هەموو ئەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزی نووسیوە، ئەو نزیکەی(١٢)ساڵ بە ئێش و ئازاری نەخۆشییەکی کوشندە دەتلایەوە، بەڵام ورەی زۆر بەرز بوو، هەتا ئەو کاتەی کە لە نەخۆشخانەش بووە هەمیشە بەردەوام بووە لە نووسینە پڕ بەهاکانی، ئەو چەندین بەرهەمی پوخت و سوودبەخشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- دوور و نزیک، پەنچەرەیەک بۆ ڕوانین لە کۆمەڵگەی کوردی.



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز کریس کۆچێرا، بەڕێز حاکم ڕزگار محەمەد ئەمین، نووسەر ستیڤان شەمزینی.**

- کورد و تورک، لە ململانێی مێژووییەوە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش.
- داعش، لووتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی.
- بە تیشکی ئەشقت ئەدرەوشێمەوە، هەڵبەست.
- فلاشباک، لە دەفتەری بیرەوەریی ڕۆژانە ١٩٩٧ -٢٠٠١ ئەزموون.
- دەستنووسێکی کۆنی عیشق، هەڵبەست.
- تێڕوانینی سێیەم، ڕەهەندەکانی ژیان و سیاسەت لە جڤاتی کورددا.
- وتاری پۆپۆلیستی و خەونی بچووکی ڕۆشنبیرانی کورد.
- گەمەی شەیتان، خوێندنەوەیەکی گەمە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا.
- قوتووی عەتار، مشتێک لە خەرواری وتارە ڕۆژنامەوانییەکانم ٢٠٠٤ -٢٠١٧، سێ بەرگە.
- تێکشکانی چەپ لە کوردستان، ئەزموونی کۆمۆنیستی کرێکاریی.
- وەرزە سەوزەکانی ئەوین. کۆمەڵە شیعر.
- خوشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجەدا، چاپی یەکەم ٢٠١٩، چاپی دووەم، ٢٠٢١.

– سۆناتای خۆشەویستی، کۆمەڵە شیعر.

– دووبارە پێناسەکردنەوەی کوردبوون، ئاوڕدانەوە لە دوێنێ.. هەنگاوێک بۆ سبەی.

–بە ئەوینت ڕابردووم بسڕەوە، هەڵبەست.

– خەندە گرینۆکەکان و مەراقنامەی پیاوێکی سووریالی، دەقی ئەدەبی.

– هستریای وشە و حونجەی بێدەنگی تێکستی ئەدەبی.

– ڕۆڵی گۆران لە نوێکردنەوەی هەڵبەستی کوردیدا.

– تێزەکان لەبارەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە.

– شارستانیی کۆلاپس، ژیان و خۆشەویستی لە سەردەمی سەرمایەدارییدا.

– کەناری ئەمبەری ڕاین، کۆمەڵە دەق.

– شۆڕشەکەم دژی شێرپەنجە ئەزموون و ڕامان.



**نووسەر و شاعیر ستیڤان شەمزینی لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

- دەیان کورتە باسیشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

شاعیر و نووسەر ستیڤان شەمزینی لە بواری ڕۆژنامەنووسی و کاری ڕێکخراوەیی و مرۆڤی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- ساڵی ١٩٩٨ ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی (دەروازە) بووە کە یەکەمین ڕۆژنامەی خوێندکارانی چەپ و سەربەخۆ بووە.
- لە ساڵانی ١٩٩٩ - ٢٠٠٠ جێگری سکرتێری (یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی ئازاد) بووە کە ڕێکخراوێکی خوێندکاریی چەپڕەو بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٦ تا ساڵی ٢٠٠٠ پێشکەشکار و بێژەر بووە لە ڕادیۆی (حزبی کۆمونیست).
- لە ساڵی ١٩٩٩ لە دامەزراندنی (یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) وەک ئەندامێکی چالاک بەشداری کردووە.
- ئەندامانی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی بووە.




بەرهەمەکانی نووسەر و شاعیر ستیڤان شەمزینی

- ماوەی(١٣)ساڵ ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی سلێمانی بووە.
- سەرۆکی (ڕێکخراوی کوردستان) بووە بۆ مافی مرۆڤ.
- ئەندامی بۆردی کۆمەڵەی دۆستایەتیی گەلانی چەوساوەی جیهان بووە لە قاهیرە.
- لە ساڵانی ٢٠٠٤ - ٢٠١١ سەرنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤاری (نێوەند) بووە.
- لە ساڵانی ٢٠١١- ٢٠١٤ بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری (شەپۆل) بووە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ستیڤان شەمزینی لە ڕۆژی ٢٤ - ١٠ - ٢٠٢٤ لە نەخۆشخانەیەکی شاری(کۆلن)ی وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

هەڵبەستێکی شاعیر و نووسەر بەناونیشانی
(**دانپێنانێکی درەنگوەخت**):
پێی لێ دەنێم
ئەژدیهای کارەسات لوشی داوم
ژیان چەواشەی کردووم
گەرنا مردن هێندە خراپ نییە
دوای فیشکەی ماری غوربەت کەوتم
نەمزانی
لەملاوە ژار لە لەشی نیشتمان دەکرێ
حەزحەزەکانی ناخم
ناهێڵن لەسەر رانی وڵات وەنەوزێک بدەم
ناوبژیی لە نێوان خۆم و ژیاندا دەکەم

لەولاوە زەمەن خۆی بەتاڵ دەکاتەوە
لە لاوکە شیرینەکانی خۆشنودی
سەرم هەندێجار لە رەقیدا گاشەبەردێکە
زۆرجاریش باوڵێکی پڕ حیکمەت
هەمیشە گۆرانییەکی هیلاک لەناویدا
بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە
چاوم زینا لەگەڵ سەفەر دەکات
گوڵە شەوبۆی تێڕامانم
ملی لە چەقۆی دابڕان دەسوێت
یاساوڵەکان چاودێریی شیعرەکانم دەکەن
نەکا بێ رووخسەت وەرگرتن
کۆدەکانی عەدەم
لە باوەشی وجوددا بکەنەوە
زەمەنێکە زەینم کوێر بۆتەوە
تەنانەت ئەو شەوانەشی نایەتەوە یاد
ئاسمانم دەتەکاند و
ئەستێران بەردەبوونەوە نێو چاوەکانم
ماڵی چۆڵی خەونەکانم
سێڵاوی زەمەنێکی سۆزانی بردوویەتی
لەسەر خاکی ئایندەیەکی مات دەگیرسێتەوە
چاوی رۆژگارم سوور هەڵگەڕاوە
گوێم لە کزەی جەرگی پەروانەی رۆحمە
لەناو گڕی قەدەردا قرچە قرچی دێت
دەریای ئارەزووەکانم بێدەنگە
مرواری خۆزگەیەک تێیدا نادرەوشێتەوە

له فارگۆنی دواوەی شەمەندەفەری ژیاندا
وەک بەردێک لە شوێنی خۆم رەق هەڵاتووم
بیرم لە هیچ شتێک پێ ناکرێتەوە
هیچ شتێک بیرم پێ ناکاتەوە
هەموو رێگاکانی لەززەت خۆڵاوین
بەهەر کامیاندا هەنگاوم نا
سییەکانم پڕ بوون لە تەپوتۆزی وەڕزیی
کاتێک نیشتمان ببوو بە ئاو
وازیم بە ئاگری سەرهەڵگرتن دەکرد
کاتێک نیشتمان ببوو بە ئاگر
ببوومە چەمێکی بێ ناز لە مەنفا
لەسەر قەرەوێڵەی کەنەفتی پاڵ کەوتووم
پزیشکەکان بەدوای نەخۆشییەکەمدا دەگەڕێن
بیریان چووە ژیان خۆی نەخۆشە
ئەگەر فریای نەکەوین جوانەمەرگ دەبێت
لەوەتەشی بیرم دێت
غەمێکی ئەزەلی بەخۆیەوە دەمگوشێت
پەراسووی حەزەکانم وردوخاش دەکات
لەناو ئارەقاوی خەونێکی نەبینراودا دەخنکێم
خۆ ئیدی خەونێک نەماوە بیبینم
من نەماوم خەونێک بمبینێت
مەرگ هەموو رۆژێک پەنجەی هەڕەشە
بۆ تەمەنم بەرز دەکاتەوە
من دەلەرزم و لێی دەپاڕێمەوە
پێش ئەوەی وەک دووپشکە پێمەوە بدات

بەرلەوەی رەشەبا ئاسا گسکم بدا
مۆڵەتم بدا سەر بنێمە سەر سینگی یار
خۆم دەستی بگرم و بڵێم دەی بابڕۆین
لەوەتەشی هەست بەبوونی خۆم دەکەم
لۆمە دەکرێم لەسەر شێتییەکانم
بەهۆی ئەوەی سەرخۆشم لە رۆژدا
هەمیشە بێدارم لە نیوەشەوەدا
ئەوان نازانن رۆژانە لەگەڵ خۆمم
شەوانیش لەگەڵ ئەو خەیاڵانەی
دەمگەیەننە باوەشی مەعشوق
نهۆ دان بە هەموو شتێکدا دەنێم
پەنجەی پەشیمانی دەگەزم
نەمتوانی وەک دڵۆپە شەونمێک
بڕژێمە نێو مەمکەکانی یارەوە
نەمتوانی وەک ئاوازێکی بۆنخۆش
بخزێمە قورگی ژنێکی چاوەڕوانەوە
نەمزانی چۆن سەرەتای یەکترناسینمان
بکەمە دوماهی رابردوویەکی خەواڵوو
نەمزانی چۆن کۆتایی ئەم شەرمنییە
بکەمە سەرەتای هەڵسانی زێی ماچ
پێی لێ دەنێم
رستەیەک هەیە لە دەمدا زیندانم کردووە
نەدەتوانم کەلەپچەکەی بکەمەوە
نەدەتوانم قووتی بدەمەوە
ئاە چ رستەیەکی ئاگراوی

ناو ڕێزمانی ئیرۆسە
خۆزگە دەمتوانی
لەبەردەم ئەو ژنە بوەستم
رووقایمانە پێی بڵێم
هەروەک ڕۆحت
وەک پێکەنینەکەت
وەک میهرەبانیت
لەشی رووتتم خۆش دەوێت


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ماڵپەری دەنگەکان، نووسینێک لە ٢٥ - ١٢ - ١٩٩٧.

٣ - ماڵپەڕی ڕووداو، نووسینێک لە ١٦ - ٨ - ٢٠١٧.

٤ - ماڵپەڕی سپی میدیا، نووسینێکی ڕۆژنامەنووس کاروان ئەنوەر، لە ٢٥ - ١٠ - ٢٠٢٤.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(ڕێگای کوردستان)نووسینێک لە ٢٥ - ١٠ - ٢٠٢٤.

٦ - ماڵپەڕی ئاسیا سێل، نووسینێک لە ٢٥ - ١٠ - ٢٠٢٤.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

# ڕوونکردنەوەیەک

ئـەو شـاعیر و نووسـەر و هونەرمەندانـەی کـە لـە بەرگەکانـی زنجیـرە کتێبی(خـۆم و ئەسـتێرە گەشـەکان) بەسـەرکراونەتەوە، بـەڵام پـاش بەسـەرکردنەوەیان دوای ماوەیـەک کۆچـی دواییـان کـردووە، هـەر بۆ زانین و ڕوونکردنـەوە.

## بەرگی یەکەم:

- دکتۆر عەزیز گەردی، بەرگی یەکەم، لاپەڕە (٢١٥) لە ٦ - ٦ - ٢٠٢٢ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد بێت.
- هونەرمەنـد جەمـال هیدایـەت، بەرگی یەکـەم، لاپـەڕە (٣٣٩) لـە ٢٣ - ٤ - ٢٠٢٤ لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد بێت.

## بەرگی دووەم:

- نووسـەر عەبدولکەریم شێخانی، بەرگی دووەم، لاپـەڕە (٢٥٣) لـە ١٢ - ٨ – ٢٠٢٣ لە هەولێر کۆچی دوایی کـردووە، ڕەوانی شـاد بێت.
- نووسـەر جەلال زەنگابادی، بەرگی دووەم، لاپەڕە (٥٩١) لە ٥ - ٩ - ٢٠٢٣ لـە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شـاد بێت.
- هونەرمەنـد زایـەر عەبدوڵـڵا، بەرگـی دووەم، لاپـەڕە (٣٥٣) لـە ٢٣ - ١١ - ٢٠٢٤ لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد بێت.
- نووسـەر دکتۆر کەمـال غەمبار، بەرگی دووەم، لاپەڕە (١١٧) لـە ٣٠ - ١٢ - ٢٠٢٤ لە هەولێر کۆچی دوایی کـردووە، ڕەوانی شـاد بێت.

## بەرگی سێیەم:

- نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس سەربەسـت بامەڕنـی، بەرگـی سـێیەم، لاپـەڕە (١١٧) لـە ٢٤ - ٧ - ٢٠٢٤ لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد بێـت.
- نووسـەر دکتۆر ئازاد عوبێد، بەرگی سـێیەم، لاپەڕە (٣٣١) لـە ٢٧ - ١٢ -

٢٠٢٢ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد بێت.

### بەرگی چوارەم:

- نووسەر کامل ژیر، بەرگی چوارەم، لاپەڕە (١٠٥) لە ٣٠ - ٤ - ٢٠٢٤ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد بێت.

### بەرگی هەشتەم:


- هونەرمەند حەمید سابیر، بەرگی هەشتەم، لاپەڕە (٤٨١) لە ٢٢ - ١ - ٢٠٢٤ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد بێت.
- نووسەر خاتوو شەفیقە عەلی حسێن (لەیلان)، بەرگی هەشتەم، لاپەڕە (٢٦٣) لە ٢١ - ٧ - ٢٠٢٤ کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد بێت.
- هونەرمەند فەتانەی وەلیدی، بەرگی هەشتەم، لاپەڕە (٣١٥) لە ٢٤ - ٩ - ٢٠٢٤ کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد بێت.

### بەرگی دەیەم:

- نووسەر فەتاحی ئەمیری، بەرگی دەیەم، لاپەڕە (٢٠٩) لە ٢١ - ١٢ - ٢٠٢٤ کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد بێت.

# چەند سەرنجێکی شاعیرو نووسەرانی کورد
# دەربارەی خۆم و ئەستێرە گەشەکان

# شاعیر و نووسەر لێکۆڵەر
# مامۆستا کۆنێ ڕەش لە ڕۆژئاڤای کوردستان



کۆنێ ڕەش

Min Kurdistanek Azad û Bê Sînor

Di 11 cildên (Ez û Stêrên Geş) de Dît!

Konê Reş

Wek ku eşkere ye ji şerê Çaldêranê/ 1514 ve, dest bi perçebûna Kurdistanê bûye û di pey Sykes Picotê/ 1916an de, Kurdistan bûye çar perçe.. Ji wan salan ve Kurdistanî hewil didin ku Kurdistan bibe yek perçe.. Tevî ku gelek berxwedan, serhildan û xwîn hatiye rijandin.. Tevî banga Şêx Ehmedê Xanî, helbestên Hacî Qadirê Koyî û hawara Mîr Celadet Bedirxan.. ew Kurdistan nebûye yek.. Bi tenê me ew yekîtiya Kurdistanê di Cejna Newrozê, Ala Kurdistanê û Sirûda Netewî Kurdî de dîtiye..

Roja îro, dema ku mirovekî rewşenbîr û welathez wek (Najmadîn

Azîz Îsmaîl), bi tena xwe, ji ked, milk û malê xwe, jinenîgarî û wêneyên nivîskar, rewşenbîr û hunermendên her çar perçeyên Kurdistanê; Bakur, Başûr, Rojhilat û Rojava, bê cudahî li gel hev di 11 cildên be-dew û spehî de, bi Zimanê Kurdî û nav û nîşanê: (Ez û Stêrên Geş/ خوم و ئه ستيره گه شه كان/ أنا والنجوم الساطعة ), berhev, kom û çap dike.. Jixwe nivîskar, rewşenbîr û hunermend in yên ku pêşengiya miletên xwe dikin û pêş dixînin.. Ez yekîtiya Kurdistanê di komkirina van stêrên Kurdistanî yên ku Mamoste Najmadîn Azîz, di van her 11 cildan de belavkirine dibînim..

Madem yên wek wî di nav me de hene, wê Kurdistan azad bibe û bibe yek perçe. Mamoste Najmadîn Azîz Îsmaîl bi vî karê xwe, sînor ji nav Kurdistaniyan daye alî.. Kurdistan yek perçe dîtiye.. Ez ne wî şabaş dikim an pesnê wî didim, kar û keda wî û hezkirina min û we ji serxwebûna Kurdistanê re, pesnê wî dide.. Bi sedan maldarên kurd hene, qey yekî xwe nedaye ber karekî wilo?! Xwezî bi dehan yên wek wî di nav me de hebana.. Ji dil wî pîroz dikim, temendirêjiyê ji wî û stêrên welatê wî re hêvî dikim û ji miriyan re dilovaniya dixwazim.

Konê Reş/ Qamişlo 20/10/202

# (خۆم و ئەستێرە گەشەکان)

# پرۆژەکێ رەوشنبیری یێ مەزن



**نووسەر**

**ئیسماعیل بادی**

پرۆژێن رۆشنبیری نەمازە یێن کوردی ب گەلەک رەنگ و جۆرا هاتین ئاڤاکرن و کارێن جوان و باش پێشکێشی پەرتووکخانا کوردی کرینە، هەر پرۆژەکی ژ لایەکی ڤە خزمەت گەهاندییە خاندەڤانا و ژێ مفادار بووینە، دیسان پەرتووکخانە پێ زەنگین بووینە و بۆ لێزڤرینێ ژ کارێن زۆر باشن. هەکە ل پرۆژێ سەیدا (نجمەدین عەزیز سمایل) بنێرین، دێ بینین هەتا نوکە ئەڤە (١٢) دوازدە بەرگ ژ پەرتووکا خۆ دانە چاپکرن، هەر بەرگەکی چەندین نڤیسەر و رەوشەنبیر و هونەرمەند تێدا هەنە، کو ژیان و بەرهەمێ وان دایە نیاسین. ئەڤ پرۆژێن هۆسان، بەردەوامی پێ دڤێت، وەستیان لێگەریان پێ دڤێت، دیسان هاریکاری پشتەڤانییا نڤیسەران، دام و دەزگەهێن خودان ئەرشیف و دراڤەکێ مەزن پێ دڤێت، هەتا دەێتە تایپ و دیزاین و چاپکرن، لێ مخابن ئەڤێ هەمیێ پتریا وێ نڤیسەر ژ کیستێ

خۆ چێ دکەت، کو ئەو بخۆ دڤیا دەزگەهەکێ رەوشەنبیری خۆ لێ بکەتە خودان.

هەتا نوکە د وان بەرگێن چاپکری دا، گەلەک رەوشەنبیر داینە نیاسین، بێی جوداهییا زارێ وی، دڤەرا وی، تنێ وەکو رەوشەنبیر و خودان بەرهەمەکێ جوان و ب مفا بیت، هەروەسا د هندەک بەرگان دا دبیت هندەک کەس هاتبنە رێزا رەوشەنبیرێن مەزن، کو هێشتا ئەو ل وەستێکانە و دەمەک پێ دڤێت هەتا ببیتە رەوشەنبیر و خزمەتکارەکێ مەزن، لێ بۆ پاشەرۆژێ دبیت ئەو ژی ببیتە ستێرەک و گەلەک خزمەتێ بکەت.

هەر ژ بەرگێن بەراهیێ مە پشتەڤانی ل سەیدایی کرییە و سۆزێ ددهین یا د شییانێن مە دا بیت، تەخسیریێ نەکەین و ل گەل دا دهاریکار بین، چونکو ئەو ژی جۆرە خزمەتە بۆ رەوشەنبیرییا کوردی.

دەستخۆشی و پیرۆزیێ ل سەیدای دکەین و هیڤییە یێ بەردەوام بیت.. چونکو پرۆژەیەکێ ڤەکرییە و دووماهی بۆ نینە.

# خۆم وئەستێرەگەشەکان
# لە دیدێکی ئەکادیمییەوە



**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**دکتۆر ئەحمەد باوەڕ**

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە زانکۆی گەرمیان.

خۆم وئەستێرەگەشەکان لە دیدێکی ئەکادیمییەوە

بەشێوەیەکی گشتی هەنگاونان بۆ تۆمارکردنی ژیننامە وسەربووردە نووسین لەنێو توێژی دەستەبژێر و ڕووناکبیریی کوردی و مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردیدا، تاڕادەیەک هەنگاوی باشی ناوە و، لەم بوارەشدا کۆمەڵێک مێژوونووس و ڕووناکبیری ناسراوی کورد، هەروەها بیانییش لەم بارەیەوە، هەنگاوی جۆراوجۆریان گرتووەتەبەر و کاریان لەسەر ساغکردنەوە و نووسینەوە و تۆمارکردنی پوختەی ژیاننامەی زۆرێک لە ئەدیب و شاعیر و ڕووناکبیر و کەسایەتیی ناسراوی کورد کردووە، لەنێو ئەوانەشدا ڕەنگە کارو هەنگاوی لە پێشینەی مێژوونووس و ڕووناکبیرێکی

وەک مـەلا مەحمـوودی بایەزیـدی (١٧٩٩-١٨٦٧) هۆنـاس و لەسەردەسـتەی هەرهەموویـان بێـت، پاشـان کارو هەنـگاوی مێژوونـووس و ڕووناکبیرانـی دیکـەی وەک : محەمـەد ئەمیـن زەکـی بـەگ، عەلائەددیـن سـەججادی، شـێخ محەمـەدی مەردۆخـی ڕۆحانـی، دکتۆرمـارف خەزنـەدار، جەبارجەبـاری ،مسـتەفا نەریمـان، کەریـم مسـتەفا شـارەزا، میربەسـری، حەمیـد ئەلمەتبەعـی، پارێزەرجەمـال بابـان وکـوردی ئوردنـی دکتـۆر محەمـەد عەلـی سـوێرەکی و.... کەسـانی دیکـە دێـن، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا، هەنگاوگەلێکـی لـەم بابەتـەش بەشـێوازێکی سـەراپاگیرو لەسـەر بنەمایەکـی زانسـتی ئـەوا ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت، کاری زۆرهەنژییـان لەسـەرنەکراوە و تاڕادەیـەک کەموکورتییـان تیادایـە، شانبەشـانی ئـەوەش پێویسـتییان بـە بەدواداچوونـی زیاتـرو لێکدانـەوەی بـەردەوام هەیـە، بەتایبەتـی لـە ڕووی سـاغکردنەوەی کرۆنۆلۆجیـای مێژوویـی سـاڵ وشـوێنی لەدایکبـوون، هەروەهـا هەمـوو ئـەو کار و پـرۆژە بایەخـدار و زانسـتییانەی، کـە بـە درێژایـی ژیانـی نووسـین و داهێنانیـان ئەنجامیـان داوە و، تیایـدا بەهرەمەنـد بـوون، کەچـی زۆرێـک لەوانـە وەک سـەربازی ون و کەرەسـتەیەکی خـاوی مێژوویـی دەسـتیان بۆنەبـراوە و هـەر بەشـاراوەیی ماونەتـەوە، وەک ئـەوەی چـۆن شـاعیری ناسـراوی کـورد حاجـی قادری کۆیـی هـەر لـە مێژەوە و بەتایبەتـی لـە نیوەی دووەمـی سـاڵانی سـەدەی نۆزدەیەمـی ڕابـردووەوە، زۆر بـە ڕاشـکاوییەوە بـۆی نووسـیوین :

کتێب و دەفتەرو تەئریخ وکاغەز
بەکوردی گەربنوسرایە زوبانی
مەلاو شێخ ومیرو پادشامان
هەتا مەحشەر دەما نامونیشانی

شـایەنی باسـە ئـەم بەپیرەوەچوون وهەنگاوە گرنگەشـی کە لـەم سـاڵانەی دواییـدا و، لەلایـەن مامۆسـتا نەجمەددیـن عەزیـز سـمایلەوە، بەتایبەتـی لـە میانـەی نووسـینەوە و ئامادەکردنـی دانراوێکـی گرنگـی چەندیـن بەرگـی وەک (خـۆم و ئەسـتێرە گەشـەکان) دا دەسـتی داوەتـێ و، شـەونخونی بەردەوامـی بەدیـارەوە کێشـاوە و، ڕۆژلـەدوای ڕۆژ کەرەسـتەی جۆراوجـۆری لـە

ژیاننامەی کەسایەتی، ڕووناکبیران، پیاوانی ئایینی، هونەرمەندان، شاعیران و ئەدیبانی کورد لە هەموو بەش و پارچەکانی کوردستانی داگیرکراو و بگرە ولاتانی دەرەوەش بێ جیاوازی بەهاوکاریی خەڵکانی دڵسۆز بۆ کۆکردووەتەوە و هەریەکە و لە جێگا و شوێنی گونجاو و شیاوی خۆیاندا پۆلێنی کردوون و بەپێی پێویست ڕیزبەندی کردوون و دایڕشتوونەتەوە، لەڕاستیدا و ئەگەر تۆزێک بە نیهاد و بە ویژدانێکی پاکەوە لێی بڕوانین، ئەوا دەبێ زۆر بەڕاشکاوییشەوە بڵێین: ئەم کارە گرنگەی مامۆستا نەجمەددین عەزیز هەرگیز لە پرۆژە و لە کاری تاقە کەسێک ناچێت، بەڵکو ئەمەیان پێویستی بەکاری هەرەوەزی و ئیشی دەزگایەکی فەرمی و حکومی وەک وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی کوردستان یان ئەکادیمیای کوردی و زانکۆکانی کوردستانە، کە بتوانن کارێکی لەم شێوەیە ڕاپەڕێنن و کادیری پسپۆری پێویستی بۆ کۆبکەنەوە و پلانی وردی بۆ دابڕێژن، سەرەڕای دەستەبەرکردنی تەواوی توانای دارایی و داهاتی پێویست بۆ تایپکردن و دواتر لە چاپدان و دابەشکردنی سەرجەم بەرگەکانی بەسەرناوەندە زانستی و کتێبخانەکانی کوردستان و دەرەوەیدا.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم بەرهەمە لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە و سەرچاوە دەگرێت، کە بەزۆری ژیاننامە و زانیارییەکانی ناوی لە خودی هەموو ئەو نووسەرو ئەدیب و کەسایەتییانە خۆیانەوە وەرگیراون و کۆکراونەتەوە، کە بەزۆری نووسەر خۆی لە کەناڵ و ڕێگەی جۆراوجۆرەوە پەیوەندی پێوەکردوون و زانیاریی تەواوی لێ وەرگرتوون و تۆماری کردوون، کە ئەوەش بۆخۆی هیچ گومانێک سەبارەت بە ژیاننامەی هەموو کەسایەتییەکان ناهێڵێ بەوەی تەواوی زانیارییەکان لە کەسانی پەیوەست بە بابەتەکە خۆیانەوە یان لە کەسە نزیکەکانیانەوە وەرگیراون، واتە بەپێچەوانەی هەموو ئەو کۆبەرهەم و نووسینانەوە، کە لە سالانی پێشووتردا و لە ڕێگەی سەرچاوەی ناڕاستەوخۆ و دوای کۆچی دواییان کۆدەکرانەوە و تۆماردەکران، هەرچەندە مامۆستا نەجمەددین ژمارەیەکی زۆر لە کۆچکردووانیشی فەرامۆش نەکردووە و وەک پێویست ئاوڕی لێداونەتەوە و تۆماری ژیان و سەربووردەیانی نووسیوەتەوە، لە کاتێکدا ئەمانەش دەنووسم و تۆماردەکەم ناکاتە ئەوەی کە بڵێم ئەم کارە

سـەد لـە سـەد بـێ خەوشـە و هیـچ کـەم و کورتییەکـی ئەوتـۆی تێـدا نییـە، کـە مایـەی سـەرنج و لێکدانـەوە نەبێـت، بەتایبەتـی لـە ڕووی ڕیزبەندیکردنـی نووسـەران و جێکردنـەوەی زۆرێـک لـەو هونەرمەنـد و ئەدیـب و ڕووناکبیـرو نووسـەرانەی کوردەوە، کـە تاوەکـو ئێسـتاش وەک سـەربازێکی ون ماونەتـەوە و سـەبارەت بـە ژیـان و سـەربووردەی نووسـین و بەرهەمیـان، وەک پێویسـت لایـان لـێ نەکراوەتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا وەک کەرەسـتەیەکی خـاوی دەسـت بۆنەبـراو کاری پێویسـتیان لەسـەرنەکراوە و خوێندنـەوەی وردی زانسـتی لـە بارەیانـەوە نەهاتووەتـە دی، کـە دەکرێـت مامۆسـتا لـە درێـژەی ئـەم بەرهـەم و لـە بەرگەکانـی داهاتـووی (خـۆم و ئەسـتێرە گەشـەکان) دا چاوێـک بـەم لایەنـەدا بخشـێنرێتەوە و بەهاوکاریـی هەمووانـەوە بتوانیـن ئـەم کەلێنـەش پڕبکەینـەوە، سـەرەڕای هەمـوو ئەوانـەش داواکارم لـە نووسـەرو ئامـادەکاری بەڕێـز مامۆسـتا نەجمەددیـن عەزیـز سـمایل بـە تەندروسـتییەکی بـاش و بـە پشـوودرێژییەکی بەردەوامـەوە درێـژە بـەکار و پڕۆژەکـەی خـۆی بـدا و لـە سـاڵانی داهاتووشـدا بتوانێـت سـەربووردە و ژیننامـەی سـەدان کەسـایەتی و سـەربازی گومنـاوی کـورد زیندووبکاتـەوە و، دەیـان بەرگـی نـاوازەی دیکـە بخاتـە سـەرخەرمانی دیـرۆک و مێـژووی ڕووناکبیریـی کـوردی و کتێبخانـە و نامەخانـەی کـوردی زیاتـرو زیاتـر پـێ دەوڵەمەندتربـکات.

پ.ی.دکتۆر ئەحمەد باوەڕ
زانکۆی گەرمیان- کۆلێژی پەروەردە
٢٠٢٤/١٠/١٢

# ئەستێرە گەشەکان
# پرۆژەیەکی رۆشنبیریی و ئەدەبی دەگمەن



**نووسەر و ڕۆژنامەنووس**
**ئەحمەد حسێن**

مایەی شانازییە بۆ ئەو گوژمە قەڵەمانەی کە باسکی خزمەتی لێ هەڵدەماڵن، لەو بەرهەمانەی لە هەر بوارێکدا پێشکەشی دەکەن تەمەنی درێژ و مانەوە بەخۆیانەوە دەبینن و، لەهەمان کاتدا دەبنە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و بەهێز و کاریگەر بۆ ڕاژە و خولیای نەوە بەهرەمەند و نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەوانەکان و...تاد، ئەمڕۆ و سبەینێ، ئەم هونەرە لەدەست هەموو کەسێک نایە، مەگەر ئەوانەی کە گیانی داهێنان و زمان ڕەوانی و خاوەن ئەزمون بن، لێرەدا ئاوا شۆڕ دەبینەوە بۆ لەدایکبوونی چرۆی ئەم بەسەر کردنەوەیە.

لەم ڕۆژانەدا لەلایەن هاوڕێ و ئەدیبی بەتوانا و ئەمەکدار کاک جەمیلی مەلا قەرەوە، بەرگی یەکەم لە کتێبی ناوازەی (خۆم و ئەستێرە گەشەکانم) پێگەیشت، لە نووسین و ئامادەکردنی کاک نەجمەدین عەزیز سمایل، تازە

چاپی هەولێر ساڵی ٢٠٢٢ قەبارە گەورە و بەرگ تێگراوی ٥٣٩ لاپەڕەییە.

تابلێی چاپێکی قەشەنگ و هەڵەبڕکراو و بایەخ پێدراوە، دیمەن و ناوەڕۆکی بەرهەمەکە سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بەچەشنێ حەز ناکات دەست لە خوێندنەوەی هەڵبگرێت هەتا تەواوی نەکات، لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکاندا، سەرەتا بە تێشووی پێشکەشکردنی نووسەر و پێشەکییەکی پوخت و بەباڵا بڕینێکی تێروتەسەل لەلایەن مامۆستا و ئەدیبی مەزن، نازم دڵبەند لەژێر ناونیشانی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان سیمبولێک بۆ گەورەیی مێژوو) تۆمارکراوە لە تێڕوانینی ئەم گەنجینەیەدا، ١٠٢ کەسی هەڵبژاردەی بە کاک نەجمەدین خۆیەوە، لە خۆگرتووە. گەرچی نووسەری بەڕێز ئەوەی نەخستۆتەڕوو کە لەکەیەوە بەرنامەی بۆ داناوە و دەستی بەم پڕۆژە گرنگە کردووە، پێدەچێت تەمەنێکی پڕ لە ماندوو بوون و بەدواداچوونی بێ کۆڵنەدانی لەگەڵ تاک بەتاکی ئەم مەڵۆ و شارایانە بردبێتە سەر تاکو ئەم خەرمانە بەبڕشتەی لێ پێکهێناوە، خەرمان بەرەکەت !

کورد واتەنی دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە، خەرمانێک ئەمەندە بەڕووی ئاسۆو ڕاستگۆییدا بەڕێک و پێکی چنراوە و هەڵکشاوە، تەنانەت پڕا و پڕی ئامێزی دڵ و چاوەگەش و تێژەکانی ویژدانن.

لە هەمووی جوانتر ئەزموون و هزری برای نووسەرە، کە وەک یادگارێکی جوان بۆ مێژوو و لە پێناسە و هەڵسەنگاندن و ژیانی زۆرینەی کەسە شیاوەکانی هێناوەتە ئاراوە، وەک پشتگیری و پێزانین تیشکی یادەوەریی خۆی بە چەند دێڕێک ئاوێتە کردووە، هەروەها بەدەر لە هەندێ نووسەر و مێژوونووس و لێکۆڵەر و بیرەوەرینووس، هاتووە خەرمانی بەرهەمەکەی بەهەموو کەسێتییە بیروڕا جیاواز و ڕەنگەکان ڕەنگین کردووە، ئەمە ڕچەشکێنێکە بۆ کەسانی دی، وانەیەکی لەبار و بەرجەستەیە بۆ سەلیقەی هەستی زیندوو و لە ڕوانگەی بیری ڕۆشن و فراوانی ڕێزی نەتەوایەتیی و مرۆڤایەتی، تا بکرێت کەسانی شایستەی دی فەرامۆش نەکەن، بوێر بن و با ڕەخنەی بابەتیش لەئارادا بێت مافی ڕەوای خۆیان پێبدەن.

هەروەها شکۆ و جوانییەکی دیکەی دائیرەی مەعاریفی کتێبەکە ئەوەیە ڕەنگدانەوە و پەیڕەوکردنی یاسای زمانی گوڵە، دیسان کۆکردنەوە

و ڕێکخستنە گشتییەکی گونجاو و بەرچاوی پێوە دیارە بەتایبەتی لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و مێژوو و کەلەپوور و ئینجا هەڵدانەوەی لاپەڕەی شکۆفەی خەبات و هەڵوێست و خستنەڕووی زۆرینەی بەرهەمی کەسە خەمخۆر و ڕابردوو گەشەکان.

گیرسانەوەیان لە دامێنی پڕ بژوێنی لوتکەدا، بگرە لەباسی زۆربەی کەسێتییەکاندا برێک زانیاری و دەستەواژە و وێنەی هەمەجۆر و حیکایەتی ڕێزلێنانیان، ئەگەر پێویست بووبێت لە جێی خۆیدا بۆ شکۆی کەسەکە بەڵگەی لەمەو پێش خراوەتەڕوو، شایانی باسە شەکەت بوون لەم پێناوەدا بریتییە لە پڕکردنەوەی کەلێنێکی دیار لە کتێبخانەی کوردیدا، دیارە لە داهاتوودا حیسابی ئەرێنی بۆ دەکرێت. لە کۆتاییدا خوازیارین بەرگی دیکەیشی بەدوادا بێت.

# نەجمەدین عەزیز سمایل ...ئەو نووسەرەی کە ژیانی ئەدەبی و هونەری بە خۆبەخشییەکی دەگمەنەوە بەڵگەدار کردووە



**نووسینی: هیوا سەرهەنگ**

لە سەردەمێکدا کە نووسین پیشەیەکی دارایی و ئەخلاقییە، دۆزینەوەی نووسەرێک کە ساڵانێک لە ژیانی خۆی بۆ بەڵگەنامەکردنی کەسی ژیان و بەرهەمی نزیک بە هەزار نووسەر و هونەرمەند تەرخان بکات، دەستکەوتێکی نائاساییە. ئەم هەوڵە بێ ئەندازەیەی ئەم نووسەرە نەک هەر ڕەنگدانەوەی خۆشەویستیی قووڵی ئەو بۆ ئەدەب و هونەرە، بەڵکو پابەندبوونی خۆی بۆ زیندووکردنەوە و بەڵگەنامەکردنی میراتی کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو دەردەبڕێت. لەم بابەتەدا لە نزیکەوە سەیری ئەو هەوڵە گەورەیەی ئەم نووسەرە دەکەین و، هەوڵدەدەین هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کارە بە ئەرکە بکەین. نووسینی دوازدە بەرگ کە هەر بەرگێکی لە نێوان (٥٤٠ - ٦٥٠) لاپەڕەیە و تێکڕای ژمارەی لاپەڕەکانی دەکاتە (٨٦٥٠) لاپەڕە.

(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) بەرهەمێکە کە پێویستی بە خۆبەخشی و

ڕامانێکی چڕ و پڕی نووسەر هەیە، ئاڵنگاری یەکەم لە بری ئەو بابەتانەیە کە دەبێت کۆبکرێنەوە و ڕیزبەند بکرێن و بشخرێنە سەر شێوازی ئەو یاسا و ڕێسایەی نووسەر، نووسین لەسەر ژیان و بەرهەمی (٩٢٨) شاعیر، نووسەر، هونەرمەند، ئەکتەر و شێوەکاری هەرچوار پارچەی کوردستان و کوردانی تاراوگە و وڵاتانی پشتی قەوقاز .. واتە نوقمبوون لە هەزاران بەڵگەنامە و بابەت و وێنەدا، سەرباری بوونی هەندێک لە بابەتەکان بە دیالەکتێکی جیاواز و ئەمەش سەلیقە و مامەڵەکردنێکی دروست لە خۆدەگرێت، بۆخۆم یەکێکم لەوانەی لە نزیکەوە ئاشنام بە ڕەوتی کارەکە و بە دڵنیاییەوە پێدەزانم نووسەر بە دوای ناوبانگ و پارەدا بەم ئەرکە نەتەوەییە هەڵنەستاوە، بڕیاری ئەو بۆ دابینکردنی دارایی ئەم پڕۆژە گەورەیە بە پارەی خۆی، پابەندبوونی ڕاستەقینەی ئەو بە پیشەکەی و پەرۆشییە بۆ بەڵگەنامەکردنی کولتووری مرۆڤایەتی. لە سەردەمێکدا کە زۆر کەس سەرنجیان لەسەر دەستکەوتی خێرای بازرگانییە، پێدەچێت ئەم نووسەرە پەسندیکی دەگمەن بێت ڕەنگە ئەوەی بەرەو ئەم پڕۆژە سەختەی بردبێت، خواستی قووڵی ئەو بووبێت بۆ پاراستنی میراتی نووسەران و هونەرمەندان کە ڕەنگە لەلایەن دامەزراوە ئەکادیمییەکان و میدیاکانەوە وەک پێویست سەرنجیان نەدرابێت. ئەم جۆرە پڕۆژەیە هەڵگری پەیامێکی قووڵترە سەبارەت بە بەهای ئەدەب و هونەر لە ژیانی مرۆڤدا و ڕۆڵی ئەوان لە بنیاتنانی شارستانییەتەکاندا، ناشتوانین چاوپۆشی لەو کاریگەرییە کەسییە گەورەیە بکەین، کە نووسەر لە ئەنجامی ئەم هەوڵە گەورەیەدا تووشی بووە .. پارەدارکردنی دوازدە بەرگی گەورە لە گیرفانی خۆیەوە، دەکرێت لە ڕووی داراییەوە گران بێت، ئەمە جگە لە فشاری دەروونی و جەستەیی کە چەندین کاتژمێری زۆر بەسەر دەبات بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین و دەستکاریکردن و پێداچوونەوە، سەرەڕای ئەوەش، کارکردن لەسەر پڕۆژەیەکی وەها گەورە هەندێک جار دەتوانێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆشەگیرکەر بێت، چونکە نووسەر ڕەنگە کاتێکی زۆر دوور لە خێزان و هاوڕێکانی بەسەر ببات و نوقم بێت لە کارەکانیدا. ئەم خۆبەخشییە کەسییە وامان لێدەکات بەها و نرخی ماندووبوون و هەوڵەکانی بزانین، چونکە تەنیا کارێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو تەواوی ڕێگایەکی ژیان بوو.

ئەوەی نووسەر پێشکەشی کردووین، تەنیا دەستکەوتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو بەشدارییەکی کولتوورییە بۆ پاراستنی یادەوەریی ئەدەبی و هونەری. سەدان، ڕەنگە هەزاران، لەو کارەکتەرانەی کە ڕووماڵی کردوون، ڕەنگە لەبیرکرابن یان کەم بایەخیان پێدرابێت، نووسەر بە بەڵگەنامەکردنی ژیان و بەرهەمەکانیان، تۆمارێکی مێژوویی کولتووری بۆ ئێمە دابین کردووە کە دەتوانێت ببێتە ئاماژەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەروەها ئەم دوازدە بەرگە لە (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) دەبنە سەرچاوەی دەوڵەمەند بۆ توێژەران و خوێنەرانی بواری ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ، بەو پێیەی دەتوانن زانیاریی بەنرخ و ورد لەسەر ئەو کەسایەتییانە بدۆزنەوە و بەدەست بێنن، کە ڕەنگە لە سەرچاوەی دیکەدا زانیاریی پێویست لەسەریان نەبێ. شایەنی باسە کە ڕەنگە هەندێک لە ڕەخنەگران بڵێن کە پڕۆژەیەکی وەها گەورە ڕەنگە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە وردی بەڵگەنامەکان ببێتەوە، یان ڕەنگە پێویستی بە نوێکردنەوەی بەردەوام هەبێت لەگەڵ دەرکەوتنی زانیاریی نوێ. بەڵام ئەمە لە بەهای خودی کارەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکو پێویستە ئەم پڕۆژەیە وەک بەشدارییەکی گەورە لە بواری بەڵگەنامەی کولتووریدا سەیر بکرێت، دەگمەنە تاکێک بدۆزرێتەوە کە ژیانی خۆی بۆ ئەم جۆرە پڕۆژانە تەرخان بکات، ئەم هەوڵ و کۆششەی برای هێژامان (نەجمەدین عەزیز سمایل) پێویستە دەستخۆشی لێ بکرێت و بە مۆدێلێک هەژمار بکرێت بۆ ئەوەی نووسەران و توێژەران پەیڕەوی لێ بکەن.

# خۆم و ئەستێرە گەشەکان



**خاتوو سەلما تۆما کاکۆ**

بێگومـان هــەر خزمەتێکی بێ بەرامبــەر کاتی بێت یـان درێژخایـەن، بــێ ڕەچاوکردنـــی جــۆر و قەبارەکـــەی بـــە یەکێـــک لـــە پیرۆزییـــە دونیاییـــەکان ئەژمـــار دەکرێـت و، شـــایانی ڕێزگرتنــە، چجــا خزمەتێـک کــە مــەودای مانــەوەی کـراوە بێـت و لەناوچــوون و کۆتایــی نەبێـت و، دڵخۆشـکـەری (٩٢٨) هونەرمەنـد و شــاعیر و عاشـقانی وشــەو زمــان و کتێـب بێـت.

**پڕۆژەی (خۆم وئەستێرە گەشەکان)**

ئـەو کارەی مامۆسـتا نەجمەدیـن عەزیـز سـمایل یەکێکـە لـەو خزمەتـە بەخۆڕایـی و بـێ بەرامبەرانـەی، کـە ژمارەیەکـی زۆری نووسـەر و ئەدیـب و شـاعیر و عاشـقانی وشـە و زمـان و هونەرمەندانـی کـوردی هەرچـوار پارچــەی کوردســتان و وڵاتانــی قەفقــاس و ڕووســیا، بــێ جیاوازیــی ئاییــن و ڕەگــەز و تەمــەن و چیــن و بیروبــاوەڕی سیاســیی جیــاواز لێــی ســوودمەندن و خزمــەت بــە هەمــوو خوێنەرێکیــش دەکات، کــە خولیــای زانینـی زانیـاری لـە بارەیانـەوە هەبێـت، یاخـود بەنیـازی توێژینـەوە بێـت لـەم بابەتانـە، لـە ڕوانگـەی خۆمـەوە ئـەو پڕۆژەیـە وەک یاریـگای تۆپـی یـاری دەبینـم کـە هەمـوو هەوادارانـی یـاری لەخۆدەگرێـت، سـەرەڕای بوونـی جیاوازییـەکان لـە ڕەنـگ و ڕەگـەز و ئاییـن و نەتـەوە و وڵات

و هـــەژار و خـــوا پێـــداو و  زۆری دیکەیـــش، کـــە تاکـــو ئێســـتا لـــە هیـــچ شـــوێنێکی دیکـــە و بـــۆ هیـــچ مەبەســـتێک ئـــەو فـــرە ڕەنگیـــەی ئادەمیـــزاد بەبـــێ کێشـــە بوونـــی نەبووە!!...تاکـــە جیاوازیـــی نێوانیـــان ئەوەیـــە کـــە لـــە ئەنجامـــی یارییـــەکان دۆڕان و بردنـــەوە هەیـــە، بـــەڵام لـــەم پڕۆژەیـــە تەنهـــا بردنـــەوە  هەیـــە و هەرگیـــز دۆڕان زەفـــەری پـــێ نابـــات.

لـــەم پڕۆژەیـــە مامۆســـتا نەجمەدیـــن شـــاعیرێک نییـــە نوقمـــی قووڵایـــی دەریـــای وشـــە بێـــت و ســـەرقاڵی دەرهێنانـــی مرواریيـــە وشـــە بێـــت،  بـــۆ ئـــەوەی ملوانکەییەکـــی ڕەونەقـــدار بکاتـــە گەردەنـــی شـــیعر.

ڕۆماننووســـیش نییـــە هەتـــا  نغـــرۆی ڕووداوەکانـــی ئـــەرز و ئاســـمان و وێڵـــی گـــەڕان بـــە دوای سەرنجڕاکێشـــترینیان بێـــت و لـــە ئاوێتـــە کردنـــی خەیـــاڵ و ڕاســـتی  جوانتریـــن ڕۆمـــان  بنووســـێتەوە بـــۆ ئـــەوەی زۆرتریـــن ژمـــارەی خوێنـــەر بـــۆ خوێندنـــەوەی پەلکێـــش بـــکات.

لـــەو نووســـەرانەش نییـــە کـــە کێبڕکێیانـــە لـــە هەڵبـــژاردن و نووســـینەوەی نایابتریـــن دەق و بابـــەت لـــە پێنـــاو بردنـــەوەی خەڵاتێکـــی ســـاڵانە.

هەروەهـــا هونەرمەنـــدو شـــێوەکاریش نییـــە لـــە هەوڵـــی پێشـــکەش کردنـــی بەرهەمـــی نـــاوازە بـــێ و، بـــەدەم زیـــاد بوونـــی ژمـــارەی هەوادارانـــی خەیـــاڵ بیباتـــەوە.

بەڵکـــو نەجمەدیـــن عەزیـــز ســـمایل وەک هەڵـــۆ لـــە لووتکـــەی چیـــاکان و بەرزاییەکانـــی هـــەر چـــوار پارچـــەی کوردســـتان و وڵاتانـــی قەفقـــاس و دەوروبەریـــان فڕیـــوە و، چـــاوی لـــە ئاشـــقانی وشـــە و هونەرمەندانـــی کـــوردی گێـــڕاوە و، بەچڕنووکـــە تیژەکانـــی خامـــەی نـــاو و ژیـــان و بەرهەمـــی هەموویانـــی لـــە (٨٦٥٠) لاپـــەڕەی هـــەر (١٢) بەرگـــی ئینســـایکلۆپیدیای(خۆم و ئەســـتێرە گەشـــەکان)ی بەجۆرێـــک نەخشـــاندووە، کـــە بـــۆ هەتـــا هەتایـــێ ئاســـەواریان هەربمێنـــێ و لـــە شـــاڵاوی لەبیرچوونـــەوە بیانپارێزێـــت.

هـــەر لـــە دەســـتپێکی نووســـینەوەی ئـــەو بەرگانـــە توانیوەتـــی ســـەرنجی خامـــە بـــەرزەکان بـــۆ کارە جوانەکـــەی ڕابکێشـــێ و بەخۆشـــحاڵییەوە دریغـــی نەکـــەن لـــە نووســـینی پێشـــەکییەکی شـــایان بەهـــەر بەرگێـــک، لەوانەش:(نـــازم دڵبەنـــد، هیـــوا ســـەرهەنگ، فەرهـــاد شـــاکەلی، سەربەســـت

بامەڕنـــی، مومتـــاز حەیـــدەری، ڕێبـــوار ســـیوەیلی، کـــەژاڵ ئەحمـــەد، فەرهـــاد عەونـــی، عەبدولڕەحمـــان مـــزووری ، جـــان دۆســـت، حەمەکەریـــم هەورامـــی...و ).

لـــە دوا بەرگیـــش مامۆســـتا (عوســـمان پیـــرداود)ی نەخشەســـاز و دیزاینـــەر بـــۆ ئاســـانکاری لـــە گـــەڕان بـــەدوای هـــەر ناوێـــک جوانتریـــن کاری (بیبلۆگرافیـــا)ی ئەنجامـــداوە، بـــە پۆلێنکردنـــی ناوەکانـــی هـــەر (١٢) بەرگەکـــە بەگوێـــرەی پیـــت و دیارکردنـــی ژمـــارەی بـــەرگ و لاپـــەڕەکان.

ڕەنگـە ئـەو پڕۆژەیـەی مامۆسـتا نەجمەدینیـش وەک هـەر پڕۆژەیەکـی دیکـەی ئەدەبـی بـەدوور نەبێـت لـە ڕەخنـەی ڕەخنەگـران، چ لەبـەر ناونانـی بەرگـی دووەمـی بەنـاوی (مـن و ئەسـتێرە گەشـەکان) و دواتـر دووبـارە گۆڕینـی بـۆ (خـۆم و ئەسـتێرە گەشـەکان)، چ لـە ڕووی پۆلێنکردنـی زۆر لـەو ناوانـەی کـە ناویـان لـەو پڕۆژەیـەدا هاتـووە بە(ئەسـتێرە)و ڕەنگـە شـایان نەبـن، گوایـە هیـچ بەرهەمێکـی چاپکراویـان نییـە، بـۆ ئـەوەش مامۆسـتا ڕوونکردنـەوەی داوە و هەردووکیانیـش بـە ڕاوێـژ کـردن بـووە لەگـەڵ کەسـانی پسـپۆڕو خـاوەن ئەزمـوون کـە (خـۆم) یـان بەگونجاوتـر لە(مـن) زانیـوە و بەرهەمـی چاپکراویشـیان نەکردۆتـە پێـوەر بـۆ چالاکـی و لێهاتوویـی بـۆ بوونیـان بـە ئەسـتێرە، یاخـود ڕەخنـەی بابەتـی دیکـەی لابـەلا، بـەڵام ئـەو ڕەخنانـە هیچیـان لـە پیـرۆزی و گەورەیـی ئـەو پڕۆژەیـە کـەم ناکەنـەوە، بەڵکـو کەسـانێکی زۆریـش هـەن لـە دڵـەوە نیگەرانـن کـە لەبـەر بـاری دارایـی نەتوانـراوە بەردەوامـی زیاتـر بـە پڕۆژەکـە بـدرێ هەتـا ژمارەییێکـی زیاتـری لـێ سـوودمەندبن.

لەوانەیـە بوترێـت ئـەم پڕۆژەیـە هیچـی نوێـی نەخسـتۆتە بەرچـاوان و پێشـتریش کاری وا کـراوە و تەنهـا کۆکردنـەوە و داڕشـتنی زانیارییەکانـە، بـەڵام دەبـێ ئـەوە لەبەرچـاو بگیرێـت، کـە ئـەو کۆکردنـەوە و داڕشـتنە بـێ ئـەرک و ماندووبـوون نەبـووەوە و، بەرهەمـی نزیکـەی سـێ سـاڵەی شـەونخوونی و هیلاکـی و سـەرقاڵیی خـۆی و خێزانەکەیەتـی، جگـە لـەو بـڕە پـارە زۆرە ی لێـی خـەرج کـردووە، تـا گەیشـتۆتە ڕادەی

فرۆشــتنی زێڕی(نەســرین خــان) ی خێزانــی، کــە گەورەتریــن پاڵپشــتی بــووە لەکاتێکــدا زۆر کــەس توانــای چــاپ کردنــی کتێبێکــی خــۆی نییــە، بۆیــە دەکــرێ بوترێــت ئــەو پرۆژەیــە لەلایەنــی تێچــوون و ئــەرک زۆر گەورەتــرە لــە کاری تاکەکەســی، هەرچەنــدە مامۆســتا (بەهادیــن جــەلال مســتەفا) لــە هەڵەگــری و پێداچوونــەوەی زمانەوانــی و مامۆســتا (عوســمان پیــرداود) لــە نەخشــە ســازیی بــەرگ و سەرپەرشــتیی چــاپ ڕۆڵێکــی تەواویــان هەبــووە، بــەڵام زیاتــر خــۆی لــە ئەرکــی وەزارەتــی ڕۆشــنبیری و دەزگا پەیوەندیــدارەکان دەبینێتــەوە و، زۆریــش گرنگــە وەک ڕێزلێنانێــک بەهەنــد وەربگیرێــت و، لەپاداشــتکردنی درێغــی نەکرێــت.

شــایانی باســە ئــەوەی ئــەو پرۆژەیــە لــە هاوشــێوەکانی پێشــتر جیــا دەکاتــەوە، بەرزیــی ڕێــژەی ڕاســتی و تــەواوی زانیارییەکانــە، چونکــە زۆربــەی ئــەو کەســانەی ناویــان تێیــدا هاتــووە، خۆیــان یاخــود شــایەتحاڵەکانیان لــە ژیانــدا مــاون و، هەمــوو ناڕاســتیەک ڕەت دەکەنــەوە.

هەروەهــا گرنگــە هەوڵــی وەرگێڕانــی بۆســەر زمانەکانــی دیکەیــش بدرێــت بــۆ ئــەوەی گەلانــی دیکەیــش لــە قەبــارەی ئــەو بــوارە هونــەری و ڕۆشــنبیرییەی کــوردان بگــەن، کــە ســەرەڕای چەوســاندنەوە و نەهامەتییەکانیــان ئاســتێکی بــەرز و پێشــچاویان تۆمــار کــردووە.

بــە بۆچوونــی خــۆم، ڕەنگــە گــەر بەشــێوازێکی دیکــە کار لەســەر ئــەم پرۆژەیــە کرابــا ســەرکەوتنێکی زیاتــری بــە خــۆوە دەدیت، وەک ئامادەکاریــی پێشــتر لــە کۆکردنــەوەی نــاو و زانیارییــەکان ئینجــا پۆلێنکردنیــان بــە تێکڕایی(معــدل) ســاڵەکان، یــان بەگوێــرەی تایبەتمەندیــان لــە بوارەکــە هەتــا لــە ئەنجامــدا ئامارێکــی دروســتی هەربوارێــک لەبەردەســتبا، بــەڵام بێگومــان ئەمــەش ســەختیی کارەکــەی زیاتــر دەکــرد و کاتێکــی زیاتــری دەویســت.

هەمیشــە ســەرکەوتووبێت مامۆســتا نەجمەدیــن لــە دەوڵەمەندترکردنــی کتێبخانــەی کــوردی و دەســتی وەفــاداری و خەمخــۆری خــۆی و نەســرین خانــی خێزانــی، بــۆ ئــەدەب و هونــەری کــوردی خــۆش بێــت.

# خۆم و ئەستێرەگەشەکان

# پڕۆژەیەکی کراوە....



**مەدیحە چەلەبی– مەدیحە برادۆستی**

(ڕۆژگارێکی چەندە سەیرە، هەندێک کەس دەکات بە شۆڕەسواری مەیدان و ئەسپەشێی بەخت تۆز و گەردان بە ناوبانگیان دەکات، هەندێکیشیان ناوبانگیان دەبێت بە ئاردی نێو دڕکان بە دەیان زانا کۆناکرێتەوە).

میللەتێکی خۆشبەختین بە بوونی مامۆستا( نەجمەدین عزیز سمایل)، ئەو لە دامێنی هەر گوند و شارێک چڵەنێرگزێکی چنیوە لە نێرگزەجاڕی کتێبێکدا ئەدیبانە ڕواندوویەتی، ئەو بە شەماڵی دووره وڵاتی بۆن و بەرامەی گوڵە بەیبوون و سوسن و شیلان و شلێر و کنێر دەکات بە مێخەک و لە گەردنی هەر یەک لە ڕستەکانی نێو کتێبەکەی دەدات، تا ناوی چەندین کەسی پەراوێزخراوی پێ بنەخشێنێت. ئەو خەیاڵە زۆزانیەکانی دەباتە هەموو ئەو دەڤەرانەی کە ساباتێکی ڕۆشنبیری چواردەوری بە ڕەشەڕیحانەی دڵسۆزی خەملێنراوە، نووسەر لە هۆبە و هەواری هونەریدا ڕەشماڵێکی چیغ ڕەنگینی کردووە بە پاوان و هەوارگەی بەشێکی زۆر لە

هونەرمەندان، تا قومێک لە دۆی مەشکەی خەمخۆری بکات بە گەرووی هەریەک لە شەنگەبێری و شوانکارانی ئەدەب ئەوانەی کە دەمێکە لە مێرگی هونەریدان، کەچی تۆزی زەمانەیان لەسەر نیشتووە و ونن.

ئاخر ئەو لەو دیو پەنجەرەی غوربەتدا بە ئارامی چاو دەبڕێتە هونەرمەندێکی ژێر هەیوانی ماڵێکی هونەردۆست، لە درزی چەپەرێکی هونەری ئەوێ ڕۆژێ دەڕوانێتە شاعیرێکی ڕوونیشتووی ژێر ڕەشماڵی ئەوینی مەملەکەت و کوێستانی شیعر، ئەو لە گۆشەنیگای زمانەوە چاو دەبڕێتە زار و زمانی زمانناسەکان تا بە بەیتوبالۆرە و دەلیلێ و دەلۆیلۆی خەمخۆرانی کلتور و زمان ئاشنابین، ئەو لە نەخشی تابلۆی شێوەکارێکی فلچە بەدەستی سروشتزانی کوردستان ستێرە دەگرێت و، چەند لاپەرەیەکی کتێبەکەی بۆ ناساندنی دەکات بە تەون و مافورێکی کوردەواری، تا وەک شکۆی ڕێزلینان لە ژێر پێی ڕابخات، ئەو لە کونی شمشاڵێکەوە دەڕوانێتە دەنگی ئەو حەیرانبێژەی، کە لەبەر ئاگردانی بێ ئومێدی چۆکی داداوە و قومێک لە جگەرەی بێ مروەتی دەدات، ئەو لە گەرووی بلوێری شوانێکەوە ئەو ئاوازانە بەدی دەکات کە حەیرانبێژێک دەیکات بە ڕوحی لاوک و قەتار، کە دەمێکە زەمانە ژەنگی بە ژێیەکانی قورگی هەڵێناوە و خەریکە لە یاد دەکرێ، ئەو لە بانێژەی ئومێدەوە دەڕوانێتە نووسەرێکی ڕەنج بە خەساری مازووچنی کون لە پاشۆڵێ، دەستی دەگرێ و دەیهێنێتە نێو گوڵزاری لاپەرەکانی کتێبەکەی، ئەو لە دەلاقەی کۆشکی خۆشەویستییەوە دەڕوانێتە دەستنووسی ئەو بیرمەند و ڕووناکبیرانەی کە دەمێکە لە هەورەبانی چاوەڕوانی هەڵگیراون، ئەو بە قەد بەرزی باڵای منارە و بڵندگۆی مزگەوتەکانی کوردستان لە پیرۆزییەکانی پیاوانی ئایینی دەڕوانێ و ژیاننامەی چەندین مەلا و سۆفی و دەروێش دەکات بە سەرقافڵەی ئەم گۆبەندەی، ئەو پڕ بە دیدی خەیاڵی لە ئەکتەرێکی سەر سەکۆی شانۆی ئەم ڕۆژگارە دەڕوانێ و ستایشی ئەکتەرێکی نێو تەمی ئەم مەملەکەتە دەکات، کە دوێنێ ئاوێنەی میللەت بوو، کەچی ئەمڕۆ چەپۆکی چەرخی بێ ویژدانی چەپسەری کردووە.

نووسەر بەبێ جیاوازی چاوی نیگای خستۆتە سەر کۆڕی ئەدیبانمان یەک بەیەکی خستوونەتە بەر نەشتەری نووکی پێنووسی پیرۆزی، لە

چەند بەرگێکدا جێگەیانی کردۆتەوە بێ ماندوو بوون، بەڵکو ماندوێتی ماندووکردووە، جیاوازی نەکردووە لە نێوان گرۆی هونەرمەندان، بەڵکو جیاوازی وەجاخ کوێر کردووە. شایەنی ئەوەیە کە هەریەک لە کەسایەتییەکانی نێو کتێبەکە بەهجەت ئاسا بڵێن ئێمەش حەریفێکین لە خێڵی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان)ین، خوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە بە لێژگەی مێژوو شۆڕمان دەکەنەوە، تا ئاوڕێک لە بەرهەم و ماندووبوونی کەسانی دوێنێ بدەینەوە و، گەواهی ئەوەیان بۆ بدەین و بڵێین ئەشهەد و بیللا ئەوانەش کوڕ و کچی ڕۆژ و سەردەمی خۆیان بوون و، نەوەی ئەمرۆ و داهاتووش بزانن کە ئەوەی ئەمڕۆی جوان کردووە دوێنێیە، بۆ جیهانیش بسەلمێنین کە ئاسمانی هونەری ئێمەش بێ ئەستێرەی گەش و پرشنگدار نییە.

هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ نووسەر و خەمخۆری ڕۆشنبیران دەخوازم.

مەدیحە عەبدولقادر چەلەبی

# کتێبی (خۆم و ئەستێرەگەشەکان) ئەرشیفێکی گرنگی نووسەر و هونەرمەندانی کوردستان



**کامەران حاجی ئەلیاس**

نووسەر و میدیاکار کامەران حاجی ئەلیاس:

کتێبی (خۆم و ئەستێرەگەشەکان) ئەرشیفێکی گرنگی نووسەر و هونەرمەندانی کوردستان.

لە هەموو وڵاتێکی ئەم جیهانەدا گرنگییەکی زۆر بە بواری ئەرشیف و بەڵگەنامە دەدەرێت، کە ئامانج لێی پاراستنی شوناسی نەتەوە و وڵاتەکەیە ..بۆ ئەو مەبەستە چەندین دەزگا و فەرمانگەی تایبەت بەو بوارەدا بوونیان هەیە، بەشێوەیەک بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت کەسانی شارەزا و پسپۆر کارەکە ئەنجام دەدەن، وەکو سەرمایەکی گەورەی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە گرنگی پێدەدرێت و پارێزگاری لێدەکرێت.

بوونی دەزگایەکی وا، جگە لەوەی پاراستنی بەڵگە نامە و ئەرشیفی نەتەوەیە، لە فەوتان لە هەمان کاتدا وەکو بەڵگە وسەرچاوە بۆ زۆرێک لە کاییەکانی ژیان بەکار دێت وەکو بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو چونکە

بۆ سەلماندن و بوونی هەرشتێک پێویستی بەبەڵگەیە، بۆ نموونە کاتێ باس لە یەکەم ئەکتەر دەکرێت کە وەکو یەکەم کەس لە جیهان چووبێتە سەرتەختەی شانۆ دەڵێن (تیسپیس) لە وڵاتی یۆنان، ئەوان بەڵگەیان لەبەردەستە دەیسەلمێنن بەجۆرێک تائێستا گۆڕەکەی بوونی هەیە، وەکو بیلبیلەی چاویان پاراستووە کەسیش ناتوانێ نکوڵی لێبکات.

دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە هیچ گرنگی بە بواری بەڵگانامە و ئەرشیف نەدراوە بەجۆرێک هیچ دەزگایەکی تایبەت بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو ئەرشیفکردن نییە راستە لێرەو لەوێ هەندێ کاری تاکە کەسی کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراو کە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی بکرێت بەداخەوە بوونی نییە بۆیە پاشی ٣٢ ساڵ لە ڕاپەرینی گەلی کوردستان و دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هەوڵێک بۆ ئەو بوارە نەدراوە..

کتێبی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە نووسینی نووسەر "نەجمەدین عەزیز سمایل" کە تائێستا ١٢ بەرگی لێ چاپ کراوە کارێکی مەزنی نووسەرە سوودێکی زۆری پێشکەش بە ئەرشیفی هونەری و ئەدەبی کوردستان کردووە، کە ژیان و کارو چالاکیی چەندین هونەرمەند و نووسەر تا میدیاکارانیش لە خۆدەگرێت، وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ سوودی لێوەردەگیرێت، بێگومان پێشتریش چەند بەڕێزێک ئەو کارەیان کردوە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی دیارکراوە، بۆ نموونە چەند هونەرمەند و نووسەرێکی شارێک یاخود ئەوپەڕی دوو یان سێ شاری لە کتێبێکدا ژیان و کار و چالاکیەکانی کۆکراوەتەوە، زۆرێک لەوانەش هاوکاری کراوە، واتە تێچووی لە چاپدان و بڵاوکردنەوە بۆیان دابین کراوە، بەڵام ئەوەی نووسەر و میدیاکار بەڕێز نەجمەدین لە زۆر ڕووەوە جیاوازە، بۆ نموونە کتێبەکەی تایبەت نەکردووە بە شارێک یاخود ناوچەیەک، بەڵکو هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، هەرچوار پارچەی کوردستانی لەخۆگرتووە، بگرە ئەوانەی لە هەندەرانیش دەژین ئەوانەیشی بەسەرکردۆتەوە، لایەکی دیکەی ئەم کتێبە ئەوەیە نووسەر هەموو ئەو نووسەر و هونەرمەند و میدیاکاران بەسەرکردۆتەوە، کە خاوەن ئەزموونن خاوەن پێگەیەکی هونەری و ئەدەبی

نێو گەلەکەی خۆیانن، بەهەردووو ڕەگەزەکەییەوە، بەڵێ لەو کتێبەکەدا زۆرێک لەو هونەرمەند و ئەدیبانەی لە خۆدەگرێت، کە لە نەتەوەکانی دیکەن وەکو تورکمان و مەسیحییەکانیش ئەوانیش بەسەرکراونەتەوە، خاڵێکی دیکە ئەم کتێبە ئەوەیە زۆرێک لەوانەی بەسەرکراونەتەوە کۆچیان کردوون، دەتوانم بڵێم ئەوەی ئەم بەڕێزە دەیکات، ئەوە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، بەڵام ئەو لەسەر ئەرکی خۆی ئەم کارە دەکات، بەهۆی ئەوەی کتێبەکە بە جوانترین و چاکترین شێوە لە ڕووی دیزاین و بەرگ، بۆیە چاپکردنی پێوستی بە خەرجییەکی زۆرە .

شایانی باسە لە کاتی تەواوبوونی هەر بەرگێک لە کتێبی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) گەڕانەوەی لە چاپخانە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی لە شارەکانی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک) بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرو ئەدیبان ناساند و، بڵاوکردنەوەی بۆ دەکرێت، کتێبەکە پێشکەش بە ئاماەبووان دەکرێت.

لە کۆتاییدا داوا لە لایەنی پەیوەندار بەتایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەکەم، تا دەکرێت هاوکاریی نووسەر"نەجەمەدین عەزیز سمایل" بۆ ئەوەی لەم کارە مەزنە بەردەوام بێت، بەرگی دوازدەمینی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان)یش چاپکرا، هیوای تەمەن درێژی بۆ بەڕێز" نەجەمەدین عەزیز سمایل" دەخوازم.

# (خۆم و ئەستێرە گەشەکان ) و
# سامانی میللەتێك



**محەمەد جەزا بەرزنجی**

**(خۆم و ئەستێرە گەشەکان ) و سامانی میللەتێک**

لە دونیای ئەدەبدا گرنگیی پاراستنی میراتی کولتووری لەو هەوڵە ماندووانەی بەشێک لە نووسەران بۆ کۆکردنەوە و کەتەلۆگکردنی ژیانی شاعیران و نووسەر و هونەرمەندان دیارە. ئەم توێژە ڕووناکبیرە نوێنەرایەتیی پردێک لەنێوان ڕابردوو و ئێستا و ئاینده دەکەن، وەک چۆن خاوەن خامەکان لە ڕێی بەرهەمەکانیانەوە بەهای ئەدەبمان پێدەناسێنن و، کەسایەتییە ئەدەبییەکان ئاشکرا دەکەن ئەوانەی کاریگەریی قووڵیان لەسەر دارشتنی ویژدانی مرۆڤ هەبووە. ئەم چالاکی و بەرهەمەی مامۆستا نەجمەدین عەزیز سمایل ئەو هەوڵە پڕ پێزەیە کە بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی پاراستنی شوناسی ئەدەبی و هونەری و کولتووری کوردی دادەنرێت، مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێت (نیشتمان هەر واتای خاک و ئاو و هەواو گیاو کارمامز و لەوەڕگا نییە)، بەڵکو ئەمانە و چی پەیوەندی بەوانیشەوە هەیەلە کەلەپووری سەر بە ڕابوردوو هەمووی نیشتمان و

نەتەوەیە ، پرۆسەی کۆکردنەوەی ژیانی شاعیران و نووسەران پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و سۆزێکی نەکوژاوەی نووسەر هەیە. نووسەر گەشتەکەی لە نێوان ژیان و بەرهەم و وێنەگیراوەکانی نووسەراندا دەست پێدەکات لێرەشەوە بۆ دۆکۆمێنتکردن و نیشاندانی بەڵگەکان، بۆ مێژووی دروستی ڕاستییەکان و دەرهێنانی گەوهەرە ئەدەبییەکان لە تاو و تاڵەکانی لەبیرچوونەوە، نووسەر هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ پسپۆڕانی ئەدەب و خودی نووسەراندا بکات و پانتاییەکی فراوانی جوگرافیای ئەدەبی خستۆتە نێو هەوڵەکانی خۆیەوە و،ـ هەرگیز هیچ سنورێکیشی بەبەربەست نەناسیوە ،دور لە ویستی ئایدیایی و دۆگمایی ڕەنگەکان ، تا لە یادەوەرییەکەیدا ئەو شتانە بە زیندوویی بهێڵێتەوە کە ڕەنگە لە ئایندەدا چاوپۆشی لە هەندێکیان و بەرهەمەکانیان بکرێت و ناوەکانیان بزر بن. ئەم هەوڵانە ڕەنگدانەوەی خواستی نووسەرە بۆ خستنە ڕووی وێنەیەکی هەمەلایەنە و وردی ژیانی ئەو نووسەرانە، ئەمەش یارمەتیی خوێنەر و توێژەران دەدات لە چوارچێوەی مێژوویی و کولتووری و، با هەمووانیش تێبگەن لە هەموو کات و ساتێکدا.

خشتەی دانان و ڕێکخستنی ئەم زانیارییانە هەروا سانا نین ، مامۆستا نەجمەدین لە هەوڵە بەرهەمدارەکەیدا مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی دەوڵەمەند یان سامانێکی زۆر و ئاڵۆز دەکات، کە پێویستی بە ڕێکخستنی ورد هەیە تا ڕێ بە دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان بدات بە ئاسانی و پۆلێنکردنیان بەپێی قۆناغەکانی کات و قوتابخانە ئەدەبییەکان .

من وای دەبینم کاریگەریی ئەم هەوڵانە لەسەر ئەدەب و لێکۆڵینەوەی زانستی ڕەنگ دەداتەوە و ناشتوانرێت چاوپۆشی لێ بکرێت و، ئەم سەرچاوەیەی نووسەر پێشکەشی کردووین گەنجینەی بەنرخن و یارمەتیی توێژەران دەدەن و، ئاستەکانی ڕووناکبیری بە پێی قۆناغەکان بە ئاسانی دیاری دەکەن. بەرهەمەکانی ئەم کارە دەگمەنە بەشداردەبن لە دۆزینەوەی ئەو نووسەرانەی ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات پشتگوێ خرابن، یان لەبیرکرابن لە ئێستا و ئایندەدا، ئەمەش دیمەنی ئەدەبی دەوڵەمەندتر و گشتگیرتر دەکەن و پەنجەرەیەکیش بۆ نەوەکانی داهاتوو دەرەخسێنن بۆ جیهانە دێرینەکان و پەیوەندییەک لەنێوان ئەوان و میراتی کولتووری خۆیاندا پێکدەهێنن.

ئەوا هەنگاوی لە دوازدەمین بەرگدایە (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) ئەم کارە لە بنەڕەتدا کاری دەزگا ڕووناکبیرییەکانە، کاری ڕێکخراوە ئەدەبییەکان کە دەشێ چەندین کەسی بەتوانا و پڕ سەلیقە دڵسۆزانە کاری تێدا بکەن، بەڵام ئەوەی دەبینرێ مامۆستا نەجمەدین بە هەوڵ و تێکۆشانی تاکە کەسی لەسەر دارایی خودی خۆی، کە بەدڵنیاییەوە قورسایی دارایی بۆدروست بووە، وەلێ هێندە بڕوای بە کار و خزمەتەکەی خۆی هەنە بەردەوامە تائێستا لە بەرهەمهێنانی ڕەنگاڵەیەکی ئەدەبیی بۆنخۆش و پڕ چێژ بۆ هزر و ڕۆح، ئەم جۆرە نووسەرانە بەرهەمگەلێکمان پێشکەش دەکەن ورد و گشتگیرن. ڕەنگە بەراوردکردن لەگەڵ بەرهەمە هاوشێوەکانیدا بە ڕوونی ئەوە دەربخات کە هەوڵی تاکەکەسی کەمتر نییە لە هەوڵە دامەزراوەییەکان، چونکە ئەوە خولیای ئەدەبییە کە ئەم هەولانە دەباتە پێشەوە و بریقەی تایبەتیی خۆیان پێدەبەخشێت.

لە کۆتاییدا تەنیا دەتوانین سڵاو لەم هەوڵە مەزنانە بکەین کە لەسەر بنەمای خۆبەخشی و دڵسۆزی لە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی ژیانی شاعیران و نووسەران دامەزراون. ئەم بەرهەمە تەنیا بەڵگەنامەکردنی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو پاراستنی یادەوەری ئەدەبی و کولتووری میللەتێکە. بۆیە پێویستە ئەو هەولانە بەرز بنرخێنرێن و دڵنیابین لە پاڵپشتیکردنیان، چونکە پردێکمان بۆ دروست دەکەن لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا، ئەدەب و ناسنامەی ئەدیبان و نووسەران لە دڵ و مێشکماندا بە زیندوویی دەهێڵنەوە.

# السراج الوهاج



**سەعدیە مەحموود بەهرام**

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ خاتوو(سەعدیە مەحموود بەهرام)لە سلێمانی، ئەم پارچە هۆنراوەیەی بە زمانی عەرەبی وەکو ستایش بۆ بەندە و زنجیرە کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان)نووسیوە .


**السراج الوهاج**

توجتني وردا وسط الأدباء
عز الخريفِ
كم من آيات الشُكرِ تلزمني
اسبغها عليك
يامن جعلت من نفسك
سراجاً وهاجاً
يصونني وأقراني

يصون نجوم عصري
من الضياع والتيهِ
مهددا العدى :
بمدادي ..بدمي
أسجل تأريخ امتي
انقشُ مفاخر شعبي
الكوردي
لتتوارثها الأجيال
جيلا بعد جيل
وياويل الغرباء لو
تجرأوا على التحريفِ
والتشويهِ !

سعدية محمود / السليمانية
مهداة للأستاذ القدير (نجم الدين عزيز)
مؤلف كتاب (أنا والنجوم المتلألئة).

# ستایش



**نیعمەت عەبدوڵڵا**

مامۆستا و نووسەر و لێکۆڵەر نیعمەت عەبدوڵلا، ئەم چەند پارچە شیعرەی وەکو ستایش نووسیوە:

**زۆرت ڕەنج کێشا بۆ ئەم نۆ بەرگە**
**لێت کردینەوە هەزاران دەرگە**
**یادی مەردانت زیندوو کردەوە**
**بە دەست و قەڵەم بووی بە پێشمەرگە**

❊❊❊❊❊❊❊

**ڕەنجی تۆ وێنەی ڕەنجی فەرهادی**
**ئەو بۆ مەعشووق و تۆ بۆ ئازادی**
**مێژووی ئەو تۆمارە لە کێوی بێستوون**
**بۆ شانازی خۆی وا بەجێی هێشتوون**
**مێژووی تۆ لەسەر لووتکەی هەڵگوردە**

کـەس بـەلای نـاچێ چونکـە هی کـوردە
بەرخـۆدانی کـورد شـایەد قەندیلـە
چی بکـەم وا بەدەسـت دیلـەوە دیلـە

*******

لـە مـێژوو دیـارە کاری مەردانـە
کـەوا دەرمـانی هەمـوو دەردانـە
خـەمی تـۆ خـەمی علـم و عیرفانـە
وا بـۆت خـاڵی کـرد چیـت لـە گیرفانـە
ڕۆژێ دەرچووبایـن گـەر لـە بـن دەسـتی
دەمکـردە دیـاری گـوڵی سەربەسـتی

*********

کوردسـتان گـەڕای دەرگـە بـە دەرگـە
کۆتـان کـردەووە ئـەم دوازدە بەرگـە
هـەر کـەسێ هـەی بێ هـۆش و بـیرو دیـن
پێـت دەڵێـت هـەزار جـاران ئافەریـن

سوپاسی میهرەبانیتان دەکەم

**ئەو شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووسانەی**
**کە پێشەکییان  بۆ هەر(II) بەرگی کتێبی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) نووسیوە:**



**بەرگی یەکەم:**
**شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار**
**نازم دڵبەند**




**بەرگی دووەم:**
**نووسەر و ڕۆژنامەنووس**
**هیوا سەرهەنگ**



**بەرگی سێیەم:**
**شاعیر و نووسەر و فەرهەنگناس**
**فەرهاد شاکەلی**



**بەرگی چوارەم:**
**ڕەوانشاد نووسەر و ڕۆژنامەنووس**
**سەربەست بامەڕنی**



بەرگی پێنجەم:
نووسەر و ڕۆژنامەنووس
ممتاز حەیدەری




بەرگی شەشەم:
نووسەر و لێکۆڵەرو ڕەخنەگر
ڕێبوار سیوەیلی



بەرگی حەوتەم:
شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس
خاتوو کەژاڵ ئەحمەد



بەرگی هەشتەم:
نووسەر و ڕۆژنامەنووس
فەرهاد عەونی



بەرگی نۆیەم:
شاعیر دکتۆر
عەبدولڕەحمان مزووری




بەرگی دەیەم:
نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس
جان دۆست




مامۆستا و نووسەر و لێکۆڵەر
حەمەکەریم هەورامی

زۆر سوپاسی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکووك، ناوەندی خانی بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، کتێبخانەی کاریز لە کەرکوك ڕێکخراوی لیمیانا بۆ گەشەپێدانی هزری و مرۆڤ دۆستی و ڕێکخراوی گەشەپیدانی مەدەنییەت CDO لە سلێمانی دەکەم کە ئەرکی ناساندن و دابەشکردنی هەموو بەرگەکانی کتێبی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) یان گرتە ئەستۆ، بۆ مێژوو و بۆ نەوەکانمان، ئەم وێنانەی کە لە کۆڕەکان گیراون، وەکو پاشکۆیەك لەم بەرگەدا بە ئەرشیفکراون.




نووسەر و ڕۆژنامەنووس
ئازاد عەبدولواحید
جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی
کورد-مەڵبەندی گشتی




شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس
عەبدولڕەحمان فەرهادی
سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی
کورد- لقی هەولێر



شاعیر و نووسەر
دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا سەرۆکی یەکێتیی
نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی




شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ
حەسەن سلێڤانی سەرۆکی یەکێتیی
نووسەرانی کورد- لقی دهۆك




نووسەر و لێکۆڵەر
حەمە سەعید زەنگەنە
لە نووسەرانی کەرکووک



نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر
ئیسماعیل بادی
لە ناوەندی (خانی)بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن




نووسەر و لێکۆڵەر
موسەدەق تۆفی
لە ناوەندی(خانی)بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن



نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ
تاریق کارێزی
لە کەرکووک



پرۆفیسۆر
دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی




شاعیر و نووسەر
حەمە سەعید حەسەن



دکتۆر
نەجاتی عەبدوڵڵا



(پرۆفیسۆر
دکتۆر وریا عومەر ئەمین)




نووسەر

دکتۆر جمشید حەیدەری



نووسەر و مێژوونووس

دکتۆر محەمەد عەلی سوەیرەکی



نووسەرو ڕۆژنامەنووس

فەرهاد عەونی




شاعیر


مەدحەت بێخەو




شاعیر و نووسەر
عەبدولڕەحمان فەرهادی




هونەرمەندی دیزاینەر
محەممەد زادە



ڕەوانشاد ڕۆژنامەنووس
سەربەست بامەرنی




شاعیر
تەیب جەبار




نووسەر
حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی



نووسەر و میدیاکار و یاسازان
ئیحسان ڕەشاد موفتی




شاعیر و نووسەر
کۆنێ ڕەش




نووسەر و میدیاکار و رەخنەگر
حەیدەر عەبدولڕەحمان




**شاعیری دیار و ناسراوی کورد**
**قوبادی جەلیزادە**




**شاعیر و نووسەر**
**نەژاد عەزیز سورمێ**



**نووسەر و لێکۆڵەر**
**دکتۆر ئەحمەد باوەڕ**



**شاعیر و ڕۆژنامەنووس**
**خالید کۆچەر**



**نووسەر و وەرگێڕ**
**خالید هەرکی**



**شاعیر و نووسەر**
**خاتوو زارا ئەحمەد جاف.**




**نووسەر و چیرۆکنووس**
**خاتوو شەمس عەنتەر**



**شاعیر و نووسەر**
**خاتوو ئەرخەوان ڕەسوڵ**




نووسەر و ڕۆژنامنووس و وەرگێڕ
ناز فەلەکەدین کاکەیی



نووسەر و ڕۆشنبیر
مامۆستا جەمال مەولود بڵباس



ڕۆشنبیر و دادوەر و ڕاوێژکاری یاسایی
ماردین نەجمەدین سمایل




میدیاکار و ڕۆشنبیر
خاتوو ئاشنا مەحمود سارمەمی



شاعیر و نووسەر
خاتوو سەعدیە مەحمود بەهرام




شاعیر و هونەرمەند و میدیاکار خاتوو
گوڵزار جەلال



مامۆستا و نووسەر لێکۆڵەر
نیعمەت عەبدوڵڵا




نووسەر و ڕۆماننووس
سابیر ڕەشید




نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار
بەهائەدین جەلال مستەفا




نووسەر و ڕۆژنامەنووس
حەمە ئەحمەد جاف




شاعیری نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان
ڕۆستەم خامۆش



شاعیر و بواری ئەدەبیاتی منداڵان
فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی



نووسەر و هونەرمەند
دکتۆر کەیفی ئەحمەد




ڕۆشنبیر
محەمەد عەزیز سمایل




نووسەر و پەخشاننووس
خاتوو گوڵزار فەرەج




ڕۆشنبیر
خاتوو میدیا نەجمەدین سمایل



شاعیری دیار و ناسراوی کورد
مامۆستا جەلال بەرزنجی




هونەرمەندی دەرهێنەری فیلمی
سینەمایی و درامای تەلەفزیۆنی
خاتوو ئەڤین بەرازی





شاعیر و نووسەر و میدیاکار
خاتوو هیام عەبدولڕەحمان




شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان
خاتوو چرۆ ڕەشید




مامۆستا نووسەر و لێکۆڵەر
حەمەساڵح فەرهادی




شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر
دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس




نووسەر و لێکۆڵەر
دکتۆر هاوژین سڵێوە




نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر
موسەدەق تۆفی




نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر
ئیسماعیل بادی



شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس
شەماڵ ئاکرەیی



شاعیر و نووسەر
مامۆستا قاسم شێروانی



نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر
حەجی جەعفەر




له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆشنبیر جەمیل مەلا قەرە، شاعیری دیار و ناسراوی کورد خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، میدیاکار نازم کەریم سەرحەد، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەریوان مەسعود



شاعیری دیار و ناسراوی کورد خاتوو کەژاڵ ئەحمەد

# چالاکیی کۆڕەکان لەم وێنانەدا






١٩٧ دامەزراوە






یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر
Yekêtî Nûserani Kurd - Lqî Hewlêr
اتحاد الادباء الكرد - فرع اربيل
Writer's Union - Erbil Branch


Kurd Writer's Union - Erbil Branch


نوسەرانی کورد / لقی سلێمانی























































































یەکێتی نووسەرانی کورد / لقی سلێمانی





























Kurd Writer's Union - Erbil Branch


























اتحاد الادباء الكرد - فرع أربيل
Kurd Writer's Union - Erbil Branch







































# (خۆم و ئەستێرە گەشەکان)
# لەبەر دەست و دیدی
# شاعیر و نووسەر و خوێنەران





























شكري وتقديري وإمتناني
الكبير
للأستاذ نجم الدين عزيز،
على هذه الهدية القيمة
كتاب /أنا والنجوم اللامعين /
سعيدة جدا بأن أكون نجمة
مع هذه النجوم اللامعة في
عالم الشعر والادب
























Me and The Shining Sta
Najmadin Aziz Smayel













































































































CDO












Kurd Writer's Union - Erbil Branch































Kurd Writer's Union - Erbil Branch
لە ١٠ی شوباتی ١٩٧٠ دامەزراوە













سەرانی کورد ـ لقی هەولێر
Yekêti Nûserani Kur
لكرد ـ فرع اربيل
Kurd Writer's Unio





















ستافی زنجیرە کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان).

لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا بەهائەدین جەلال مستەفا، بەخۆم، دیزاینەری ڕۆژنامەنووس عوسمان پیرداود کواز.



عوسمان پیرداود کواز

# بیبلیۆگرافیای

## کتێبی خۆم و ئەستێرە گەشەکان

## بەرگەکانی ( ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٧، ٩، ١٠، ١١، ١٢)

**ئامادەکردنی: عوسمان پیرداود**



| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| أ | | |
| أ .ب .هەوری | ٦ | ١٢٧ |
| ئـ | | |
| ئاراس ئیلنجاغی | ٧ | ٤١٩ |
| ئاراس حەمە ساڵح (دکتۆر) | ٧ | ٣٢٣ |
| ئارام تیگران | ٦ | ٢١٣ |
| ئارژن ئاری | ٨ | ٢٣٣ |
| ئاریانا ئیبراهیم (دکتۆرە) | ٨ | ٢٢٧ |
| ئازاد عەبدولواحید | ١ | ١٣٥ |
| ئازاد عوبێد ساڵح (دکتۆر) | ٣ | ٣٣١ |
| ئازاد هاشم | ٤ | ٣٨٥ |
| ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد | ١٢ | ٥٥٣ |
| ئازاد سەعید | ١٢ | ٢٠٥ |
| ئاسۆ حەسەن | ٥ | ٤٧٧ |
| ئاسیا خەلیل | ١٢ | ٣٨١ |
| ئاشتی گەرماقی | ٩ | ٤٩٥ |
| ئامانج غازی | ٥ | ٣٦٧ |
| ئامینە سونبولی | ١١ | ٣٧٩ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئامینە عەمەر | ٩ | ٤٦٣ |
| ئاوات ئەبوبەکر | ١٢ | ٥٧٥ |
| ئاوات حەسەن | ١٢ | ٢٢٧ |
| ئاوڕەحمانی حاجی مارف (دکتۆر) | ٦ | ٢١٧ |
| ئایشە شان | ١ | ١٨١ |
| ئەبو صباح - محیّدین تاهیر (وێنەگر) | ١ | ٥٠٣ |
| ئەبوبەکر خۆشناو (دکتۆر) | ٤ | ٢٦١ |
| ئەحلام مەنسوور | ٢ | ٥٣٧ |
| ئەحمەد  سالار (هونەرمەند) | ١ | ١٧٣ |
| ئەحمەد ئابڵاخی | ٧ | ٣٧ |
| ئەحمەد ئیسماعیل | ١٠ | ٣٠١ |
| ئەحمەد باوەڕ (دکتۆر) | ٩ | ١٣١ |
| ئەحمەد بەحری | ٨ | ٢٢١ |
| ئەحمەد تاقانە | ٥ | ١٢١ |
| ئەحمەد حسێن | ٣ | ٤٦٥ |
| ئەحمەد حسێنی | ٩ | ١٠٩ |
| ئەحمەد حەمەدەمین (دکتۆر) | ٥ | ٢٨٩ |
| ئەحمەد سەعید خەتات | ٧ | ٢٧٣ |
| ئەحمەد شاکەلی | ١١ | ٣٩١ |
| ئەحمەد شوکری (دکتۆر) | ٥ | ١٧٥ |
| ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ | ١١ | ٧١ |
| ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر (دکتۆر) | ٣ | ٩٩ |
| ئەحمەد کایا | ١٠ | ١٤٧ |
| ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | ٦ | ٣١٧ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئەحمەد ناجی | ١ | ٢٨٩ |
| ئەحمەد یاسین بەندی | ١٠ | ٥١٥ |
| ئەحمەد قەرەنی (دکتۆر) | ١٢ | ١٨٧ |
| ئەحمەد محەمەد | ١٢ | ١٦٥ |
| ئەحمەدی مەلا (دکتۆر) | ٤ | ٢٧٣ |
| ئەدیب عەبدوڵلا | ٩ | ٢١٩ |
| ئەرخەوان ڕەسوڵ | ٢ | ٥٤١ |
| ئەردەڵان بەکر | ٤ | ٥٣١ |
| ئەردەوان زاخۆیی | ٥ | ٣٨١ |
| ئەرسەلان بایز (دکتۆر) | ٦ | ٦٣ |
| ئەرسەلان حەسەن | ٧ | ٤٩٧ |
| ئەرسەلان سەید زادە (دکتۆر) | ١٢ | ٤١١ |
| ئەزهار بامەڕنی | ٩ | ٤٣٥ |
| ئەزوەر بەرچەم | ٧ | ٤٢٥ |
| ئەسعەد عەدۆ | ٦ | ٢٨٥ |
| ئەسعەد قەرەداغی | ١٢ | ٣١١ |
| ئەسکەندەر عوسمان | ٤ | ٣٧٧ |
| ئەسیلکا قادر | ٩ | ٤٧٥ |
| ئەڤین بەرازی | ٨ | ٤١٩ |
| ئەڤین شکاکی | ١١ | ٣٩٧ |
| ئەمجەد شاکەلی | ٤ | ٣٤٣ |
| ئەمجەد عوبێد (دکتۆر) | ١١ | ٤٠٣ |
| ئەمیر کۆیی (دکتۆر) | ١٠ | ٥٤٩ |
| ئەمیر حەسەنپوور (دکتۆر) | ١٢ | ٩٩ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئەمین گەردیگلانی | ٨ | ١٣٩ |
| ئەمین محەمەد | ٧ | ٢٠٩ |
| ئەمین موتابچی (دکتۆر) | ٢ | ٥١ |
| ئەمین سەپان | ١٢ | ٢٣٥ |
| ئەمین شوان | ١٢ | ١٣٩ |
| ئەنوەر تۆقی | ٣ | ١٥٣ |
| ئەنوەر قەرەداغی | ١ | ١١٣ |
| ئەنوەر مائی | ٤ | ٧٥ |
| ئەنوەر محەمەد تاهیر | ١١ | ٦٣ |
| ئەو ڕاستییەی دەبێت بوترێت | ١٠ | ١٣ |
| ئەیاز زاخۆیی | ٣ | ٥٢١ |
| ئەیوب هەورامی | ٤ | ١٥١ |
| ئومێد ئاشنا | ٨ | ٤٥ |
| ئیبراهیم ئەحمەد | ٤ | ٢٩ |
| ئیبراهیم ئەمین باڵدار | ٥ | ١٣٩ |
| ئیبراهیم باجەلان | ١١ | ٣٨٥ |
| ئیبراهیم خەیات | ١٠ | ١٥٧ |
| ئیبراهیم سەلمان (دکتۆر) | ٢ | ٢٨٩ |
| ئیبراهیم عەباس | ١١ | ٤٥٥ |
| ئیبراهیم هەورامانی | ٥ | ١٩٩ |
| ئیحسان خەیات | ٣ | ٥٦٥ |
| ئیحسان رەشاد موفتی | ١ | ٣٤٩ |
| ئیحسان شیرزاد | ١ | ٥٣ |
| ئیحسان فوئاد (دکتۆر) | ٢ | ٢٧ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئیدریس عەلی | ١٢ | ٥٤٧ |
| ئیسماعیل ئیبراهیم) دکتۆر) | ٧ | ٨١ |
| ئیسماعیل بادی | ٣ | ٤٣٥ |
| ئیسماعیل بەرزنجی | ٩ | ٣٣ |
| ئیسماعیل بێشکچی | ١١ | ٣٧ |
| ئیسماعیل تەنیا (نوسەر) | ١ | ٤٦٣ |
| ئیسماعیل خەیات | ٤ | ٣٩١ |
| ئیسماعیل سەرهەنگ | ١٠ | ٢٥٩ |
| ئیسماعیل هاجانی | ٨ | ٢٥٥ |
| ئیسماعیل مستەفا | ١٢ | ٥١٧ |
| ب | | |
| بافڵ هیوا سەرهەنگ | ٣ | ٢٩٧ |
| باکوری | ١ | ٢٥٧ |
| باهۆز مستەفا | ٨ | ٣٦٧ |
| برزۆ مەحموود | ١٠ | ٢٥٣ |
| بڵند حەیدەری | ٤ | ٣٢١ |
| بەختیار عەلی | ١٠ | ٥٤٣ |
| بەختیار عەلی(رۆماننوس) | ٣ | ٢٨١ |
| بەختیار کەڵهوڕی | ٧ | ٢٥٩ |
| بەدرخان سندی (دکتۆر) | ٢ | ١٥٥ |
| بەدەل ڕەفۆ مزووری | ٢ | ٤٧١ |
| بەدیع باباجان | ٣ | ٣١١ |
| بەدیعە دارتاش | ٣ | ٢٢٩ |
| بەشیر موشیر | ٥ | ١٦١ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| بەشیرە دەروێش | ٨ | ٣٧٣ |
| بەکر کۆڤلی | ٩ | ٣٥١ |
| بەکر مەعروف | ٢ | ٦٢٥ |
| بەکر شوانی | ١٢ | ٢٦٣ |
| بەناز سابیر ڕەشید | ٧ | ٢٩٣ |
| بەندی عەلی | ٨ | ٢٧١ |
| بەهادین جەلال مستەفا | ٢ | ٥٨٥ |
| بەهار بەرزنجی | ٨ | ٤٦١ |
| بەهار دەرگەڵەیی | ١٠ | ٥٠١ |
| بەهار حسەینی | ١٢ | ٢٨٧ |
| بەهجەت یەحیا | ٩ | ٣٥٥ |
| بەهرام محەمەد | ٢ | ٤٦٣ |
| بەهمەنی قوبادی | ١٠ | ٢٣١ |
| بەیار باقی | ١١ | ٢٠١ |
| بەیار زاوێتەیی | ١٢ | ٤٤٩ |
| بەیان ئیبراهیم | ١١ | ٢٠٩ |
| بەیان سەلمان | ٥ | ٦١ |
| بەیتۆجان | ٨ | ٣٠٩ |
| بورهان بەرزنجی | ٧ | ٢٤٧ |
| بورهان جاهید | ١ | ١٩١ |
| بۆتان جەلال | ٢ | ٤٠٥ |
| بۆنیا جگەرخوێن | ١٠ | ١١٣ |
| بیبلیۆگرافیا.... | ٥ | ٤٩٥ |
| بێری شەلماشی | ٦ | ٣٠٧ |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| ١٦٧ | ١٠ | بێژەن کامکار |
| ٤٣١ | ٥ | بێکەس حەمە قادر |
| | | **پ** |
| ٥٧ | ٢ | پاکیزە ڕەفیق حیلمی (دکتۆر) |
| ٩ | ٤ | پرۆژەیەکی بەردەوام |
| ٤١٥ | ٥ | پشکۆ نەجمەدین |
| ٤٦٣ | ٥ | پەری قەرەداغی |
| ٣٥٣ | ١٢ | پەری شێخ ساڵح |
| ٢٧٥ | ١٢ | پەری عومەر خەیلانی |
| ٤٣٧ | ٨ | پەیام ئیبراهیم |
| ٤٠٩ | ١ | پەیمان سەرهەنگ |
| ٥٠٥ | ١٢ | پەیمان عەبدولڕەزاق |
| ٢٤٧ | ١ | پیرباڵ مەحموود |
| ٧٥ | ٩ | پیرداود مەخمووری |
| ٧ | ١٠ | پێشەکی - جان دۆست |
| ٧ | ٩ | پێشەکی - دکتۆر عەبدولڕەحمان مزوری |
| ٧ | ٦ | پێشەکی - ڕێبوار سیوەیلی |
| ٧ | ٤ | پێشەکی - سەربەست بامەڕنی |
| ٧ | ٣ | پێشەکی - فەرهاد شاکەلی |
| ٧ | ٨ | پێشەکی - فەرهاد عەونی |
| ٧ | ٧ | پێشەکی - کەژاڵ ئەحمەد |
| ٧ | ٥ | پێشەکی - مومتاز حەیدەری |
| ٧ | ١ | پێشەکی - نازم دڵبەند |
| ٧ | ٢ | پێشەکی - هیوا سەرهەنگ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| پێشەکی - وەرگێڕانی - ئیسماعیل بادی | ١٠ | ٩ |
| پێشەکی - وەرگێڕانی - نەجمەدین عەزیز سمایل | ١٠ | ١١ |
| پێشەکی - حەمە کەریم هەورامی | ١١ | ٧ |
| **ت** | | |
| تارا ڕەسووڵ | ١٢ | ٣٣٣ |
| تاریق  ئیبراهیم شەریف | ١ | ٤٥٣ |
| تاریق جامباز | ١ | ٤٢٩ |
| تاریق جەوهەر سارمەمی (دکتۆر) | ١ | ٤٩٣ |
| تاریق کارێزی | ٤ | ٤٧٥ |
| تانیا فازیل | ١٢ | ٥٤٣ |
| تاهیر تەیب جاف | ١٠ | ٣٣٥ |
| تاهیری خەلیلی | ٩ | ٣٦١ |
| تایەر تۆفیق | ١ | ١٠٧ |
| تحسین تەها | ١ | ١٥٥ |
| تریفە دۆسکی | ١١ | ٢١٥ |
| تەلعەت سامان | ١ | ١٦٩ |
| تەحسین ناڤشکی | ٥ | ٣٩٥ |
| تەڵعەت تاهیر | ١٢ | ١٨١ |
| تەها خەلیل | ٩ | ١٥٩ |
| تەها رەسول (دکتۆر) | ٨ | ٢٧ |
| تەیب جەبار | ٤ | ٢٠٥ |
| تۆسنی ڕەشید (دکتۆر) | ١٠ | ٥٧ |
| تۆفیق وەهبی | ٤ | ١٩ |
| تیرۆژ ئامێدی | ٧ | ١٧٥ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ج | | |
| جابر پیرداود | ٨ | ١٥٥ |
| جاسمێ جەلیل | ١١ | ٩٩ |
| جان تۆماس | ٧ | ١١١ |
| جان دۆست | ٥ | ٣١٥ |
| جگەرخوێن (شاعیر) | ٤ | ٣٧ |
| جەبار جەمال غەریب | ٦ | ٦٩ |
| جەبار سابیر | ١ | ٥١٩ |
| جەبار قادر (دکتۆر) | ٧ | ٥١ |
| جەعفەر مائی | ٥ | ٥٣ |
| جەلال بەرزنجی | ٢ | ٢٠٩ |
| جەلال بەیار | ٧ | ٣٤٧ |
| جەلال دەباغ | ٦ | ٢٤١ |
| جەلال زەنگابادی | ٢ | ٥٩١ |
| جەلال سەعید | ٣ | ٥٢٩ |
| جەلال مەدحەت خۆشناو | ٥ | ٢٥١ |
| جەلال مەلەکشا | ٥ | ٧١ |
| جەلالی میرزا کەریم | ١ | ١٢١ |
| جەلیل زەنگەنە | ٢ | ٣٠٥ |
| جەلیل عەباسی | ٩ | ١٦٣ |
| جەلیل کاکەوەیس | ٥ | ٣٣٣ |
| جەلیلی جەلیل (دکتۆر) | ١٢ | ١٢٩ |
| جەمال ئامێدی | ٦ | ٢٨١ |
| جەمال بابان | ٦ | ٥١ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| جەمال بەرواری | ٤ | ٥٠٩ |
| جەمال خەزنەدار | ٣ | ١٤٧ |
| جەمال رەشید (دكتۆر) | ٧ | ٤٣ |
| جەمال ڕەشید (دكتۆری منداڵان) | ١٠ | ٧١ |
| جەمال شارباژێڕی | ٢ | ١٦١ |
| جەمال عیرفان | ٤ | ٥٧ |
| جەمال گردەسۆری | ٦ | ٤٢٣ |
| جەمال نەبەز (دكتۆر) | ٣ | ٢٣ |
| جەمال هیدایەت | ١ | ٣٣٩ |
| جەمشید حەیدەری (دكتۆر) | ٥ | ٤٥ |
| جەمیل رەنجبەر | ١ | ٢٠٩ |
| جەمیل عیسا (دكتۆر) | ٦ | ٢٢١ |
| جەمیل مەلا قەرە | ٩ | ١٨١ |
| جەمیلە جاسم | ٥ | ٨١ |
| جەنكیمان عومەر | ٨ | ٤٠٧ |
| جەواد حەمە ساڵح ڕەش | ٧ | ٤٣٣ |
| جەواد حەیدەری | ٨ | ٤١٣ |
| جەودەت ئەحمەد ناجی (روو ناكبیر) | ١ | ٢٤١ |
| جەودەت هوشیار (دكتۆر) | ٢ | ٥٩٧ |
| جەوهەر غەمگین | ٣ | ٢٦٣ |
| جەوهەر كرمانج | ٢ | ٤٥٧ |
| جوان حاجۆ | ٥ | ٣١١ |
| جومعە كانی لەلەیی | ٣ | ٥٧٩ |
| جۆزێف(یوسف)ئۆربێللی (دكتۆر) | ١٢ | ٣٧ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| جیهاد دڵپاک | ١٢ | ١٥٣ |
| **چ** | | |
| چرۆ ڕەشید | ١١ | ٢٢١ |
| چەتۆ حەسەن | ٢ | ٣٤٥ |
| چەتۆ نەورۆز | ٦ | ٣١٣ |
| چەند سەرنجێکی شاعیرو نووسەرانی کورد ............ | ١٢ | ٥٩٩ |
| چۆمان هەردی (دکتۆر) | ٩ | ١٧٣ |
| چیا عومەر ساقی | ٢ | ٤٤٩ |
| **ح** | | |
| حاجی مەکی عەبدوڵڵا (عەلییە فەندی) | ٤ | ٣٩٩ |
| حافز قازی | ٤ | ٨١ |
| حجی جەعفەر | ٢ | ٥٧٩ |
| حسام بەرزنجی | ٢ | ٣٦٧ |
| حسێن عارف | ١ | ١٨٥ |
| حسێن میسری | ٥ | ٣٤٩ |
| حەمە کەریم هەورامی | ١ | ٧١ |
| حەبیب کەلەش | ٦ | ٤٦٥ |
| حەجیێ جندی (دکتۆر) | ٥ | ٢٢٥ |
| حەسەن حەیران | ٩ | ٤١١ |
| حەسەن زیرەک | ٧ | ١٣٣ |
| حەسەن سلێڤانی | ٣ | ١٦٥ |
| حەسەن قزڵجی | ٥ | ٢٨٣ |
| حەسەن گەرمیانی | ٥ | ٣٤١ |
| حەسەن سەیف قازی | ١٢ | ٥٣ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| حەسەن سیساوە | ١٢ | ٣٤٧ |
| حەسەنێ جزیری | ٧ | ١٢٧ |
| حەسیب قەرەداغی | ٢ | ٣٧٥ |
| حەکیم عەبدوڵلا | ٦ | ٤٣٩ |
| حەکیم کاکەوەیس | ٦ | ٣٥٣ |
| حەلیم یوسف | ٦ | ٤٤٥ |
| حەمە ئەحمەد جاف | ٣ | ٥٦٩ |
| حەمە بۆر | ٨ | ٣١٩ |
| حەمە ڕەئووف کەرکووکی | ٦ | ٢٠٧ |
| حەمە ساڵح فەرهادی | ٤ | ٢٧٩ |
| حەمە سەعید حەمە کەریم جاف | ٣ | ٢٥٣ |
| حەمە سەعید زەنگەنە | ٨ | ٣٩١ |
| حەمە عەباس | ٦ | ٢٦٥ |
| حەمە فەریق حەسەن | ٦ | ٢٤٧ |
| حەمە کەریم عارف | ٦ | ٢٥٣ |
| حەمە مەنتک (دکتۆر) | ٧ | ٣٩٩ |
| حەمەسەعید حەسەن | ١٢ | ٤٣ |
| حەمەی حەمە سەعید | ٦ | ٨١ |
| حەمید بەدرخان (ڕۆژنامەنووس) | ١ | ٣٩٣ |
| حەمید سابیر | ٨ | ٤٨١ |
| حەمید عەزیز (دکتۆر) | ٨ | ٥٩ |
| حەمید ڕەشاش | ١٢ | ٣٦٩ |
| حەیدەر عەبدولرەحمان بەقال | ١ | ٤٤٩ |
| حەیدەر عەبدولڕەحمان | ٢ | ٣٥٩ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| حەیدەر عومەر | ١١ | ١٣٧ |
| حوسێن حوزنی موکریانی | ٥ | ١٩ |
| حوسێن عەلی | ٤ | ٤٠٥ |
| خ | | |
| خالد جەمیل | ١١ | ١٤٣ |
| خالد حسێن | ١٠ | ٣٢٩ |
| خالد سالّح حەسەن | ٣ | ٥٥٣ |
| خالد عەلی سلێڤانی | ٤ | ٤٨٣ |
| خالس موسەوەر | ١٠ | ٤٨١ |
| خالید بەکر ئەیوب | ١ | ٤٥٧ |
| خالید جوتیار | ١ | ٤١٧ |
| خالید دلێر | ١ | ٤٢١ |
| خالید ڕەسوڵ | ٥ | ٣٧٣ |
| خالید سەرکار | ٤ | ٤٦٩ |
| خالید شەیدا | ٧ | ٤٦٣ |
| خالید فاتیحی | ٩ | ٩٩ |
| خالید کۆچەر (شاعیر) | ١ | ٤٩٩ |
| خالید هەرکی | ١٠ | ٢٦٧ |
| خالیدی حیسامی(هێدی) | ١١ | ١٠٧ |
| خدر ئیبراهیم خدر | ٦ | ٤٥٩ |
| خەبات عارف | ٨ | ٨٩ |
| خەسرەو جاف (دکتۆر) | ٤ | ١٤٥ |
| خەلیل دهۆکی | ١٠ | ٣٤١ |
| خەلیل عەبدوڵلا | ٦ | ٧٥ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| خەلیل عەلی | ٩ | ٤٥٥ |
| خەلیل عەلی موڕاد (دکتۆر) | ٦ | ٨٧ |
| خەلیل وەندی | ٦ | ٣٩١ |
| خەلیل یابە | ٢ | ٥٦٩ |
| خەلیلێ چاچان مورادۆڤ | ٧ | ٢٧ |
| خوداداد عەلی | ١٢ | ٢٩٩ |
| خورشیدە بابان | ٣ | ٢٣٧ |
| (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لەبەر دەست و دیدی شاعیر و نووسەر و خوێنەران | ١٢ | ٦٧٥ |
| **د** | | |
| دارا حەمید محەمەد (دکتۆر) | ١٠ | ٢٩٣ |
| دارا محەمەد عەلی | ٣ | ٣١٧ |
| دانا ڕەئووف | ١٠ | ١٣١ |
| دانا عەبدولجەبار | ٧ | ٤٤٥ |
| دانا عەسکەر | ١٠ | ٤٤١ |
| دانیال قەساب | ٨ | ١١١ |
| داود شڕۆل | ٩ | ٨٣ |
| دایکی ئاریان (عەتیە خانم) | ٧ | ٢٦٧ |
| دایکی سۆلاڤ | ٤ | ٤١١ |
| دلدار میدی | ١١ | ١٩٥ |
| دڵداری شاعیر | ٣ | ١٣٩ |
| دڵزار حەسەن | ٣ | ٥٤٥ |
| دڵزاری شاعیر | ٥ | ٢٤٣ |
| دڵشاد عەبدوڵڵا | ٢ | ٢٥٩ |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | دڵشاد محەمەد سەعید |
| ١٧٥ | ٢ | دڵشاد مەریوانی |
| ٣١٧ | ١٠ | دەحام سەعید |
| ٣٢٣ | ١٠ | دەرباس مستەفا (دکتۆر) |
| ٤٤١ | ٩ | دەریا هەڵەبجەیی |
| ٤١٧ | ٤ | دەیکا دالیایێ |
| ١٨٧ | ٦ | دوڕیە عەونی |
| ٢٨٣ | ٩ | دیار لەتیف |
| ٢٣٧ | ١٠ | دیا جوان |
| ٣٥٣ | ١٠ | دێدەوانی یەعقوب |
| ٢٦٥ | ٩ | دێرین جەمال |
| | | ر ڕ |
| ١٩٩ | ١ | رزگار خۆشناو |
| ٤٠٥ | ١ | رەسول گەردی |
| ٩ | ١ | رەشاد موفتی (زاناو مامۆستای گەورەی کورد) |
| ٥٥٣ | ٢ | رەفیق سابیر (دکتۆر) |
| ٣٧٥ | ٩ | ڕزگار فەقێ عەولا |
| ٢٢١ | ٣ | ڕەئوف بێگەرد |
| ٤٢٣ | ٥ | ڕەئووف حەسەن |
| ٤٠٥ | ٦ | ڕەئووف شێخ جەمیل |
| ٣١٧ | ٧ | ڕەئووف عوسمان (دکتۆر) |
| ٣٣٧ | ٥ | ڕەحیم حەمید |
| ٢٩٧ | ٥ | ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی |
| ١٩٩ | ٧ | ڕەزا شوان |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| ٣٩٣ | ١٠ | ڕەزا کەریم مجاور |
| ١٩٧ | ١٢ | ڕەزوان بادینی (دکتۆر) |
| ١٥٣ | ١١ | ڕەسوڵ سوڵتانی |
| ٤٠٩ | ١١ | ڕەشاد شێخ حسێن |
| ١٦٩ | ١١ | ڕەشید سیوەیلی |
| ٤٥٥ | ٧ | ڕەشید عەباس |
| ٢٨٧ | ٤ | ڕەشید فندی |
| ٢٢٩ | ٤ | ڕەفیق چالاک |
| ٤٥ | ٤ | ڕەفیق حیلمی |
| ٥٢١ | ١٠ | ڕەمەزان ئەحمەد |
| ٩٣ | ٩ | ڕەهبەر سەید برایم |
| ٣٧ | ٥ | ڕەوشەن بەدرخان |
| ٤٨٣ | ٢ | ڕوپاک عەبدولقادر |
| ٤٦٩ | ٨ | ڕوخاشێ زیڤار |
| ٤٢٧ | ٨ | ڕونی عەلی |
| ٣٠٣ | ٥ | ڕووناک شوانی |
| ٥٩٧ | ١٢ | ڕوونکردنەوەیەک |
| ٦١٧ | ٣ | ڕوونکردنەوەیەکی پێویست |
| ٢٦٧ | ٥ | ڕۆژ هەڵەبجەیی |
| ٢٤١ | ٩ | ڕۆژان نووری (دکتۆر) |
| ١٠٥ | ٧ | ڕۆستەم باجەلان |
| ٢٢٣ | ٧ | ڕۆستەم خامۆش |
| ٤٣١ | ٨ | ڕۆستەم عەزیز |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ڕۆشان لەزگین | ١١ | ١٤٩ |
| ڕۆهات ئالآکۆم | ٨ | ٣٦٣ |
| ڕێباز مستەفا | ٦ | ٣٣٧ |
| ڕێبوار سیوەیلی | ٤ | ٢٢٣ |
| ڕێدار سابیر | ١٢ | ٥١١ |
| ڕێزان محەمەد سەعید | ١١ | ١٨٩ |
| ڕێکار مزووری | ١٠ | ٤٠٧ |
| ڕێکێش ئامێدی | ١٠ | ٤٣١ |
| ز | | |
| زارا ئەحمەد جاف | ٧ | ٢١٥ |
| زاریێ یوسوپۆڤا (دکتۆر) | ١٢ | ١٢١ |
| زاگرۆس نانەکەلی | ١٢ | ٥٥٧ |
| زانا خەلیل | ١١ | ١٥٩ |
| زاهیر عەبدوڵلا | ٢ | ٣٥٣ |
| زاهیر محەمەد کۆیی (هونەرمەند) | ١ | ٤٨٣ |
| زرار دەرگەڵەیی | ١٠ | ٢١٥ |
| زرار سەرتاش | ٥ | ٤٨٣ |
| زرار محەمەد مستەفا | ٤ | ٥٢٥ |
| زریان سەرچناری | ٩ | ٢٤٧ |
| زەکیە ئیسماعیل حەقی | ١ | ٤٩٧ |
| زەکەریا عەبدوڵلا | ١٠ | ٣٤٧ |
| زەینەب خان | ٦ | ١٥٣ |
| زوبێر بیلال ئیسماعیل | ٢ | ١٠٥ |
| زوزان ساڵح یوسفی | ٧ | ١٨٣ |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| ٣٢٥ | ٨ | زوهێر ئامێدی |
| ٣٨٧ | ٢ | زوهێر عەبدولمەسیح |
| ٢٣٧ | ٦ | زیاد ئەسعەد |
| ٣٦١ | ٧ | زیاد ڕەشاد قادر |
| ١٩٥ | ٦ | زیوەر خەتاب |
| | | ژ |
| ١٨٧ | ١٠ | ژیان ئیبراهیم خەیات |
| ٢٩٣ | ٨ | ژیلا حوسێنی |
| | | س |
| ١٥١ | ٩ | سابات محەمەد ساڵح |
| ٤٢١ | ٢ | سابیر ڕەشید |
| ٢٨٥ | ٧ | سابیر گۆران |
| ٤١٧ | ١٢ | سابیر عەبدولڕەحمان |
| ١١١ | ٢ | سادق بەهائەدین |
| ٤٨٩ | ٩ | سارا تەڵایی |
| ٢٩٥ | ٤ | سالار سەمین |
| ٤٢٧ | ٢ | سالار کۆشار |
| ٣١٥ | ١ | ساڵح حەیدەری |
| ٣٢٩ | ٩ | ساڵح هەرکی |
| ١٧٧ | ١١ | ساڵحێ حیدۆ |
| ٦٣ | ٨ | سامال مانی (دکتۆر) |
| ٣٨١ | ٩ | سامی بنیامێن |
| ٢٦١ | ١ | سامی شۆرش |
| ٤٨٩ | ٤ | سامیە چاوشلی (دکتۆر) |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ستار عەلی | ٨ | ٣٤٧ |
| ستیڤان شەمزینی | ١٢ | ٥٨٧ |
| سدیق بۆرەکەیی (سەفیزادە) | ٨ | ١٦٩ |
| سدیق سالّح | ٨ | ١٩٥ |
| سدیق شەرۆ | ٤ | ٣٠٧ |
| سروە عوسمان | ٢ | ٤٣٥ |
| سمکۆ بەهرۆز | ٩ | ٣٨٧ |
| سمکۆ سابیر | ١٠ | ٥٣٣ |
| سمکۆ عەبدولکەریم | ١٢ | ٤٢٥ |
| سمکۆ محەمەد | ١٢ | ٣٩٧ |
| سەباح ئیسماعیل | ٤ | ٢٩٩ |
| سەباح زاخۆیی | ٦ | ٤٧١ |
| سەباح ڕەنجدەر | ٢ | ٣٩٣ |
| سەباح عەبدولڕەحمان (هونەرمەند) | ١ | ١٥٩ |
| سەباح هورمز | ٢ | ٤٤٣ |
| سەبری بۆتانی | ٤ | ٥١ |
| سەبریە هەکاری | ٧ | ٢٥٣ |
| سەحەر موعێزی | ٧ | ١٥١ |
| سەدیق گۆران | ١٠ | ٤٤٩ |
| سەدیق وەلی بەرواری | ٦ | ٤١١ |
| سەربەست بامەرنی | ٣ | ١١٧ |
| سەرتیب ئاغا واحید بەگ | ٣ | ٦٠٥ |
| سەردار ئەحمەد کۆیی | ٢ | ٦٣١ |
| سەردار جاف | ٨ | ٤٧٣ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەردار فەتاح ئەمین (رۆژنامەنووس) | ١ | ٥٢٣ |
| سەردار قادر | ١٠ | ٥٠٩ |
| سەردار نۆڕێ | ١٢ | ٥٣١ |
| سەرفراز نەقشبەندی | ٦ | ١٨١ |
| سەرگوڵ نەجمەدین فەرەج | ١١ | ٢٢٥ |
| سەرهەنگ مەلا محەمەد | ٨ | ٤٤٥ |
| سەروین دەروێش | ٣ | ٤٠٧ |
| سەعدوڵڵا پەرۆش | ١ | ٢٢١ |
| سەعدون یونس | ٢ | ٤٩١ |
| سەعدون کاکەیی | ١٢ | ٣٦٣ |
| سەعدی عەلی | ٣ | ٥٨٥ |
| سەعدیە بەهرام | ١١ | ٢٣١ |
| سەعید ڤەڕۆژ | ١١ | ٧٧ |
| سەعید گاباری | ٨ | ٤٨٧ |
| سەعید یەحیا خەتات | ٦ | ١٠١ |
| سەعید یوسف | ١٢ | ٣٠٥ |
| سەفقان ئۆرکیش | ١٢ | ٥٢٧ |
| سەگڤان عەبدولحەکیم | ٤ | ٣٥٥ |
| سەلام سەعید | ١١ | ٤٢١ |
| سەلام کۆیی | ٣ | ٥١٥ |
| سەلام محەمەد | ٢ | ٢٤٥ |
| سەلام مستەفا | ٩ | ٢١١ |
| سەلام ناوخۆش( دکتۆر) | ٥ | ٢٥٩ |
| سەلما تۆما کاکۆ | ٣ | ٣٢٣ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەلوا حوسێن | ١١ | ٤٢٧ |
| سەلیم بەرەکات | ٤ | ١٣٥ |
| سەڵاح داودە | ١١ | ٤١٥ |
| سەڵاح شاکەلی | ١٠ | ٤٩٧ |
| سەڵاح شوان | ٢ | ٢٧٧ |
| سەڵاح عومەر | ٥ | ٤٧١ |
| سەڵاح ئاشتی | ١٢ | ٢٤١ |
| سەڵاح نیساری | ١٢ | ٤٤١ |
| سەڵاحی پەرلەمان | ٩ | ١٧ |
| سەمەر درێعی | ٧ | ٣٤١ |
| سەمیر زاخۆیی | ٥ | ٣٥٣ |
| سەمیر یوسف | ٨ | ٤٩٣ |
| سەمیرە عەبدۆک | ٨ | ٢٨٥ |
| سەمیرە عەلی مەندی | ٣ | ٤٩١ |
| سەید ئەحمەد بەرزنجی | ٤ | ٤٩٥ |
| سەید ئەحمەد ڕواندزی | ٥ | ٣٢٧ |
| سەید عەبدوڵڵای سەمەدی | ١٠ | ٨٧ |
| سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی | ٩ | ١٨٧ |
| سەید قادر هیدایەتی | ٨ | ١١٧ |
| سەید کەریمی ئەیوبی (دکتۆر) | ١٢ | ٢٢١ |
| سەیدا ساڵح یوسفی | ٦ | ٣٧ |
| سەیدایێ تیرێژ | ١٢ | ١٠٩ |
| سەیدایێ کەلەش | ١٢ | ١٠٥ |
| سوارە ئیلخانیزادە | ٨ | ٥٣ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| سوارەی فتوحی | ١٢ | ٢٨١ |
| سوبحی کۆیی | ٤ | ٤٦٥ |
| سوسیکا سمۆ | ١٠ | ٥٣٩ |
| سولین لەوەند شکاک | ١٢ | ٥٢٣ |
| سۆران نەدار | ٨ | ٣٥٣ |
| سۆلاڤ شەیدا | ٧ | ٣٨٣ |
| سیروان عوسمان | ٩ | ٤٨١ |
| سیما سەمەندی | ١١ | ١٨٣ |
| سیمین چایچی | ٧ | ٣٠٣ |
| سینەم چێی | ٧ | ٣٢٩ |
| سێوە | ٩ | ٢٠٣ |
| ش | | |
| شاخەوان سدیق | ٩ | ٢٢٧ |
| شاکر خەسباک (دکتۆر) | ٦ | ٥٧ |
| شاکر فەتاح (نووسەری شەهید) | ١ | ٣٠٣ |
| شاناز ڕەمزی هیرانی | ١٢ | ٢٦٩ |
| شڤان پەروەر | ٩ | ١٤١ |
| شکۆییێ حەسەن | ١٠ | ٤٥ |
| شلێر کۆیی | ٧ | ٣٥٥ |
| شنۆ یەحیا | ١١ | ٢٣٧ |
| شەرمین عەبدوڵلا | ٧ | ٥٠٥ |
| شەفیق بەیاد | ٧ | ٧٣ |
| شەفیقە عەلی حوسێن | ٨ | ٢٦٣ |
| شەفیقی حاجی خدر | ٢ | ٣١٥ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| شەمال ئاكرەیی | ٧ | ٤٧٧ |
| شەماڵ سائیب | ١ | ٢٨٧ |
| شەماڵی عەبە ڕەش | ٥ | ٣٢١ |
| شەمس عەنتەر | ٦ | ٤٨٣ |
| شەمسەددین فارس (دكتۆر) | ٨ | ٤٩٧ |
| شەهابەی هەولێری | ٥ | ٣٦٣ |
| شەهریبانا كوردی | ٩ | ١٤٧ |
| شەونم یەحیا (دكتۆرە) | ١٢ | ٣١٧ |
| شەیدا مەعروف | ١٢ | ٤٠٥ |
| شوكرِوڵڵای بابان | ٩ | ١٠٥ |
| شوكر خەیات | ٨ | ٢٤١ |
| شوكر مستەفا | ٢ | ٣٧ |
| شوكری فەزڵی | ٥ | ١٦٩ |
| شوكریە دێوانە | ١٠ | ٤٥٧ |
| شوكریە ڕەسووڵ (دكتۆر) | ٢ | ١٢٣ |
| شیرین سابیر | ٢ | ٤٩٧ |
| شیرین كەمال | ٨ | ١٢٩ |
| شیلان حمو | ٤ | ٥٣٧ |
| شیلان گەیلانی | ١٢ | ٣٩١ |
| شێخ حسێن بالیسانی (دكتۆر) | ٩ | ٦٧ |
| شێخ حسێنی كاكە حەمەی هەزاركانی | ٨ | ١٩ |
| شێخ حەسەن عەوالآنی | ١٠ | ١٩٩ |
| شێخ غیاسەدین نەقشبەندی | ١١ | ١١٩ |
| شێخ مارف بەرزنجی | ١١ | ٢٣ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| شێخ محەمەد سۆڵەیی | ١٠ | ٥٢٩ |
| شێخ محەمەدی خاڵ | ٦ | ٢٣ |
| شێرزاد حەسەن | ٣ | ٢٩١ |
| شێرزاد سەرسپی | ١ | ٢٣٣ |
| شێرزاد شێخانی | ٧ | ٤٣٩ |
| شێرزاد عەبدولڕەحمان | ٣ | ٤٨٣ |
| شێرزاد هەینی | ٣ | ٤٤٥ |
| شێرکۆ بێکەس( شاعیر) | ١ | ٥٩ |
| شێرکۆ عەبدوڵڵا( دکتۆر) | ٥ | ٢١٧ |
| ع | | |
| ع .ع .شەونم | ٥ | ٨٧ |
| عارف حیتۆ( دکتۆر) | ٣ | ٤١٩ |
| عارەب عوسمان | ١٢ | ٤٧٥ |
| عبدالغنی علی یحیا | ١ | ٤٣٧ |
| عزەددین فەیزی | ١ | ٥٥ |
| عسمەت محەمەد بەدەل | ١٠ | ٤٢٥ |
| عەباس بەدری | ٤ | ٣٦٩ |
| عەباس عبدوڵڵا یوسف | ٢ | ٥٠٣ |
| عەباس داودی | ١٢ | ٥٦٣ |
| عەباسی کەمەندی | ١٠ | ١٤١ |
| عەبدولجەبار کانی | ٢ | ٥١١ |
| عەبدولخالق سەرسام | ١ | ٤٣٣ |
| عەبدولخالق مەعروف( نووسەری شەهید) | ١ | ٢٦٥ |
| عەبدولخالق بەرزنجی | ١٢ | ٣٢٥ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| عەبدولرەزاق چەلەبی (دکتۆر) | ١ | ٣٢٧ |
| عەبدولڕەحمان بامڕنی | ٦ | ٣٨١ |
| عەبدولڕەحمان بێلاف | ٩ | ٤٣ |
| عەبدولڕەحمان فەرهادی | ١ | ١٢٩ |
| عەبدولڕەحمان مزوری (دکتۆر) | ٢ | ٢٢٥ |
| عەبدولڕەحمان زەبیحی | ١٢ | ٨٥ |
| عەبدولڕەزاق بیمار | ٣ | ٢٠٥ |
| عەبدولڕەزاق شەمسەدین | ٦ | ٤٩٥ |
| عەبدولڕەقیب یوسف | ٥ | ١٥٣ |
| عەبدولستار جەباری | ٥ | ١٨١ |
| عەبدولستار خدر | ٧ | ٤٨٥ |
| عەبدولسەتار کازم سورەمەیری | ١٢ | ٢١٣ |
| عەبدولسەمەد مەحموود | ١١ | ٢٤٣ |
| عەبدولعەزیز سلێمان | ٥ | ٣٥٩ |
| عەبدولفەتاح بۆتانی (پرۆفیسۆر) | ٤ | ٦٣ |
| عەبدولقادر سەعید | ٩ | ٤٢١ |
| عەبدولقادر گیزەڕەشی | ٩ | ٦١ |
| عەبدولقادر مەردان | ٦ | ٣٧٣ |
| عەبدولکەریم شێخانی | ٢ | ٢٥٣ |
| عەبدولکەریم فندی | ٦ | ١٣٣ |
| عەبدولمەجید لوتفی | ٦ | ١٧٥ |
| عەبدولواحید ئیدریس(دکتۆر) | ٤ | ٢٣٥ |
| عەبدولواحید مەرجان | ١ | ٤٢٥ |
| عەبدولوەهاب تاڵەبانی | ٣ | ٢٤٥ |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| ١٧٩ | ١٠ | عەبدولی حەمەجوان |
| ٣٤٥ | ٥ | عەبدوڵلا زێڕین |
| ٦٧ | ٣ | عەبدوڵلا ئاگرین (دکتۆر) |
| ٧٩ | ١ | عەبدوڵلا پەشێو |
| ١٠٥ | ١٠ | عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی |
| ٣١٧ | ١ | عەبدوڵلا حەداد (دکتۆر) |
| ٤٣٣ | ١١ | عەبدوڵلا حەسەن |
| ٦٣ | ١٠ | عەبدوڵلا حەسەن زادە |
| ٢٧٧ | ١٠ | عەبدوڵلا زەنگەنە |
| ٢٤١ | ٤ | عەبدوڵلا سەڕاج |
| ١٢٩ | ٢ | عەبدوڵلا عەباس |
| ١٢١ | ١٠ | عەبدوڵلا غەفور (دکتۆر) |
| ١٩١ | ٣ | عەتا قەزاز |
| ٣٢٩ | ٦ | عەتا محەمەد |
| ٢٨٧ | ١٠ | عەتا نەهایی |
| ٤٨٩ | ١٢ | عەتا چاوشین |
| ٤٥١ | ٦ | عەدنان حاجی کاکە |
| ١٨٧ | ٨ | عەدنان عوسمان |
| ٥٠٧ | ٣ | عەدنان کەریم |
| ٢٥ | ٥ | عەرەبی شەمۆ |
| ٤٧٩ | ١ | عەریف خدر |
| ٤١٧ | ٩ | عەزیز خەمجڤین |
| ٣٢٣ | ٦ | عەزیز شارۆخی |
| ٢١٥ | ١ | عەزیز گەردی |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| عەزیز یاوەر | ١١ | ٢٥٩ |
| عەزیزی مەلای ڕەش | ٤ | ٢٥٥ |
| عەسکەر بوییک | ٨ | ١٢٣ |
| عەگیدێ جمۆ | ١١ | ٤٧١ |
| عەلائەدین سەجادی | ١ | ٣٩ |
| عەلی ئەحمەد | ٧ | ٣٨٩ |
| عەلی بەختەوەر | ٩ | ٣٦٩ |
| عەلی بەندی | ٦ | ٤٩٩ |
| عەلی جۆڵا | ٨ | ٢٧٧ |
| عەلی چل ئاغا | ٧ | ٤٥٩ |
| عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی | ٥ | ٤٥١ |
| عەلی دەرویشیان | ٩ | ١١٩ |
| عەلی عەبدولڕەحمان | ١٠ | ٣١ |
| عەلی کەندی | ٤ | ٣١٣ |
| عەلی مەردان | ١ | ٩٧ |
| عەلی مەندەلاوی | ٨ | ١٠١ |
| عەلی کەریم | ١٢ | ١٥٩ |
| عەلی گەلاوێژ | ١٢ | ٢٩ |
| عەونیی شاعیر | ٣ | ١٣ |
| عوسمان پیرداود | ٢ | ٥٧٣ |
| عوسمان چێوار | ٧ | ٨٧ |
| عوسمان خۆشناو | ٣ | ١٧٥ |
| عوسمان دەشتی (دکتۆر) | ٧ | ٩٧ |
| عوسمان سەبری | ٦ | ٤٥ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| عوسمان عەلی | ١١ | ٤٦٣ |
| عوسمان هەورامی | ٤ | ٨٩ |
| عومەر ئەمین | ٣ | ٤٥٥ |
| عومەر چاوشین | ٧ | ٣٧٩ |
| عومەر دزەیی | ١ | ١٠٣ |
| عومەر ساقی | ٢ | ١٨٥ |
| عومەر سەید | ٥ | ٤٣٧ |
| عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی | ٣ | ١٩٧ |
| عومەر عەبدولڕەحیم | ٥ | ١٤٥ |
| عومەر عەبدوڵڵا | ٧ | ٣٦٩ |
| عومەر کەسان | ٨ | ١٤٧ |
| عومەر مەعروف بەرزنجی | ٣ | ٤٩ |
| عومەر حاجی عەلی شەناغەیی | ١٢ | ٤٦٣ |
| عومەرێ لەعلی | ١٢ | ١١٥ |
| عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (پرۆفیسۆر) | ١ | ٣٣ |
| عیسا بەرواری | ٧ | ٢٣١ |
| عیسا چیایی (دکتۆر) | ١١ | ٤٦٧ |
| عیسا حوسێن | ١١ | ٢٤٩ |
| **غ** | | |
| غازی بامەڕنی (دکتۆر) | ٧ | ٤٧١ |
| غازی غەفوور | ٦ | ٤٨٩ |
| غەفوور مەخمووری | ٦ | ١٦١ |
| **ف** | | |
| فاتمە عیسا | ١٢ | ٢٥١ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| فاتیح بەختەوەر | ١٢ | ٥٦٩ |
| فاروق جەمیل خەزنەیی( پارێزەرو یاساناس) | ١ | ٢٩٧ |
| فاroووق سەید حسن | ١ | ٥٠٧ |
| فازل عومەر | ٣ | ٥٩٩ |
| فازڵ جاف (دکتۆر) | ٣ | ٢٧٣ |
| فازیل شەورۆ | ٧ | ١٦٥ |
| فاڕوق ئیبراهیم شەریف (لیوای خانەنشین) | ٢ | ٣٠٩ |
| فایەق شێخ لەنگەری | ٩ | ٣٩١ |
| فرات جەوەری | ١١ | ٨٣ |
| فرەنسیس داود | ٦ | ١٣٩ |
| فەرهاد شەریف | ١ | ٢٧٥ |
| فەتاح ئەمیری | ١٠ | ٢٠٩ |
| فەتانەی وەلیدی | ٨ | ٣١٥ |
| فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی | ٩ | ٢٥٧ |
| فەرهاد پیربال (دکتۆر) | ٥ | ١٣١ |
| فەرهاد حەمزە | ٧ | ٤١٣ |
| فەرهاد شاکەلی (نووسەرو شاعیر) | ١ | ١٤٥ |
| فەرهاد عەونی | ٣ | ١٠٩ |
| فەرهاد مستەفا ئەتروشی (دکتۆر) | ١٢ | ٣٧٥ |
| فەرەیدەن عەلی ئەمین | ٢ | ٣٢١ |
| فەرەیدون دارتاش | ٤ | ٤٥٩ |
| فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (دکتۆر) | ١٠ | ٩٩ |
| فەریاد فازیل (دکتۆر) | ٥ | ١٩٣ |
| فەرید زامدار | ١ | ٣٩٩ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| فەرید مەخمووری | ٩ | ١٩٣ |
| فەریق ئەمین | ١١ | ٢٦٣ |
| فەلەکەدین کاکەیی( نووسەر و ڕۆژنامەنووس) | ٤ | ١١١ |
| فەهمی بالایی | ٣ | ٣٩١ |
| فەهمی کاکەیی | ١٢ | ١٤٥ |
| فەوزیە مەنمی | ٩ | ٢٧١ |
| فەیسەل مستەفا | ٣ | ٣٥١ |
| فوئاد ئەحمەد | ١ | ١٦٥ |
| فوئاد سەڕاج | ٤ | ٢٤٧ |
| فوئاد مەجید میسری | ٥ | ٩٩ |
| **ڤ** | | |
| ڤانێس میرانی | ١٠ | ٣١١ |
| ڤینۆس فایەق | ٦ | ٣٤٥ |
| **ق** | | |
| قاچاغی مراد | ١٠ | ٥١ |
| قادر ژەوان | ٨ | ٣٣١ |
| قادر زیرەک | ١٢ | ٤٨١ |
| قاسم شێروانی (شاعیر) | ١ | ٢٥١ |
| قەدری جان | ٤ | ٢١٥ |
| قەرەنی جەمیل | ١٠ | ١٧٣ |
| قەناتی کوردۆ (پرۆفیسۆر) | ٥ | ٣١ |
| قەهار شێخانی | ٤ | ٣٤٧ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| قوبادی جەلیزادە (شاعیر) | ٢ | ١٩٧ |
| **ک** | | |
| کاکە مەم بۆتانی | ١ | ٧٥ |
| کانی | ٦ | ٢٠١ |
| کەریم شارەزا | ١ | ٨٧ |
| کەریم دەشتی (شاعیر) | ١ | ٢٨١ |
| کوردستان موکریانی (دکتۆرە) | ١ | ٩١ |
| کۆکردنەوەی پەرتەوازەکان | ٦ | ٧ |
| کاراپێتێ خاچۆ | ١١ | ٢٩٩ |
| کارلێنێ چاچانی (دکتۆر) | ١١ | ٥٧ |
| کاروان عەلی | ٨ | ٤٥١ |
| کاروان عوسمان خەیات | ٥ | ٤٤١ |
| کاژین یوسف دۆسکی | ١٠ | ٤٧٣ |
| کاکەی فەلاح | ٣ | ٩١ |
| کامبیز کەریمی | ١٠ | ٢٠٣ |
| کامل ئەلبەسیر (دکتۆر) | ٤ | ٩٧ |
| کامەران حاجی | ٩ | ٣٩٧ |
| کامەران موکری | ٣ | ٤١ |
| کامیران بەدرخان (دکتۆر) | ١٠ | ٣٧ |
| کامیل ژیر | ٤ | ١٠٥ |
| کاوس قەفتان( دکتۆر) | ٣ | ٣٣ |
| کاوێس ئاغا | ٩ | ٤٠٥ |
| کنیازی ئیبراهیم (دکتۆر) | ٩ | ٢٩٣ |
| کنێر جەمیل | ٩ | ٤٤٩ |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| ٤٣٧ | ١١ | کنێر عەبدوڵڵا |
| ٥١ | ٩ | کەریم ئاغا وەیسی |
| ١٧٣ | ٨ | کەریم تاقانە |
| ٢٤٩ | ٨ | کەریم دیار |
| ٥٥٩ | ٣ | کەریم سۆفی |
| ٤٣٩ | ٤ | کەریم کابان |
| ١٦٩ | ٦ | کەریم کاکە |
| ٤٧١ | ١٢ | کەریم خەمزەیی |
| ٢١ | ١٢ | کەریم زەند |
| ٨٩ | ١١ | کەریمی عەلەکە |
| ٦١ | ١٢ | کەریمی حیسامی |
| ٣٢٩ | ٢ | کەژاڵ ئەحمەد (شاعیر) |
| ٦١١ | ٢ | کەژاڵ ئیبراهیم خدر |
| ٨٥ | ٣ | کەمال ڕەئووف محەمەد |
| ٤١٣ | ٢ | کەمال سەعدی (دکتۆر) |
| ١١٧ | ٢ | کەمال غەمبار (دکتۆر) |
| ٦١ | ٢ | کەمال فوئاد (دکتۆر) |
| ٤٣ | ٢ | کەمال مەزهەر (دکتۆر) |
| ١٩١ | ٢ | کەمال میراودەلی (دکتۆر) |
| ٣٠٩ | ١١ | کەمال یاسین ڕێکانی |
| ٢٩٩ | ٦ | کەیفی ئەحمەد (دکتۆر) |
| ٣٨٧ | ٥ | کۆسرەت ئەحمەد بێکەس |
| ٢١٣ | ٨ | کۆنی ڕەش |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| کیژان ئیبراهیم خەیات | ١٠ | ٣٨٥ |
| گ | | |
| گرفتار کاکەیی | ٣ | ٥٣٥ |
| گەزیزە | ٧ | ٢٣٩ |
| گەلاویژ خان | ٨ | ٩ |
| گولنار عەلی | ٤ | ٤٩٩ |
| گوڵبەهار | ٤ | ٤٤٧ |
| گوڵزار  فەرەج | ١٠ | ٣٩٩ |
| گوڵزار جەلال | ٨ | ٣٨٣ |
| گوڵستان ئاواز | ٧ | ٢٩٧ |
| گوڵستان پەروەر | ٦ | ٣٦٧ |
| گوڵێ سەلیم | ٧ | ٣٠٩ |
| گیوی موکریانی | ٦ | ١٥ |
| ل | | |
| لامارا پاشاییڤا (دکتۆر) | ١١ | ١١٥ |
| لەماڵێکدا پرۆژەیەک بە شەونخونیی هەمووان | ٣ | ٦١٣ |
| لەتیف حامید | ١٠ | ١٩٣ |
| لەتیف فاتیح فەرەج | ١١ | ٢٩١ |
| لەتیف هەڵمەت | ٢ | ١٦٧ |
| لەیلا بەدرخان | ١٢ | ٧٩ |
| لوقمان یوسف | ١٠ | ٤٨٧ |
| لوقمان محەمەد ڕەشید | ١٢ | ٥٣٧ |
| م | | |
| ماجد سورەمیری | ١١ | ٢٨٥ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ماجید شالیار | ١٠ | ٤٩٣ |
| مارف ئاغایی | ٨ | ٨٣ |
| مارف خەزنەدار (پرۆفیسۆر) | ١ | ٢٥ |
| مارف عومەر گوڵ (دکتۆر) | ٣ | ١٢٣ |
| مارگریت ڕۆدینکۆ (دکتۆر) | ٧ | ١٤٥ |
| مامز ساڵح | ٨ | ٣٩٩ |
| ماهین شێخانی | ١١ | ٢٧٩ |
| محەمەد شەهاب چەلەبی | ١ | ٣٣١ |
| محەڕەم محەمەد ئەمین | ٥ | ٢٣٩ |
| محەمەد ئەحمەد ئەربیلی | ٣ | ٣٧٥ |
| محەمەد ئەمین پێنجوینی | ١ | ٤٥ |
| محەمەد ئەمین هەورامانی | ٤ | ١٢٥ |
| محەمەد ئۆزون | ٧ | ١٩ |
| محەمەد باوەکر | ١١ | ٣٠٣ |
| محەمەد بەدری | ٦ | ٢٢٧ |
| محەمەد بەرزی | ١٠ | ٢٤٥ |
| محەمەد پەژار کەلاری | ١١ | ٢٧١ |
| محەمەد تۆفیق وردی | ٥ | ٢٧٧ |
| محەمەد جەزا بەرزنجی | ٣ | ٣٨١ |
| محەمەد جەزا (هونەرمەند) | ١ | ٣٥٧ |
| محەمەد چەلکی | ٥ | ٤٠٨ |
| محەمەد حسێن موهەندیس | ٦ | ٤١٥ |
| محەمەد حەمۆ | ١٠ | ٣٧٧ |
| محەمەد زادە (خۆشنووس و دیزاینەر) | ١ | ٣٦٥ |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| ١٧٣ | ٤ | محەمەد ڕەسوڵ هاوار |
| ٣٥٧ | ٣ | محەمەد ڕەشید فەتاح |
| ٤٠١ | ٥ | محەمەد ڕەشیدی ئەمینی |
| ٣٩٧ | ٦ | محەمەد ساڵح بەرزنجی |
| ٧٧ | ٣ | محەمەد ساڵح دیلان |
| ٥١٧ | ٢ | محەمەد سەلیم سواری |
| ٢٥ | ١٠ | محەمەد شەریف (دکتۆر) |
| ٤٥٣ | ٤ | محەمەد شێخۆ |
| ٣٣٧ | ٢ | محەمەد عارف سیامەنسووری (دکتۆر) |
| ٢٠٣ | ١ | محەمەد عارفێ جزیری (سترانبێژ) |
| ٢٧٩ | ٩ | محەمەد عەبدوڵلا ئامێدی |
| ٧٧ | ١٠ | محەمەد عەلی سوڵتانی (دکتۆر) |
| ١٦١ | ٨ | محەمەد عومەر عوسمان (ژەنەڕاڵی پایز) |
| ٥٩١ | ٣ | محەمەد کەریم نانەوا |
| ٢٣٣ | ٩ | محەمەد کەساس |
| ٣٦١ | ٤ | محەمەد کوردۆ |
| ٣٦٣ | ٣ | محەمەد مەردان |
| ٨٩ | ٢ | محەمەد مەهدی جەواهیری |
| ٦٧ | ١ | محەمەد مەولود (مەم) |
| ٣٣١ | ٤ | محەمەد موکری |
| ٥٣ | ١١ | محەمەد موکری (دکتۆر) |
| ٤٩٧ | ٣ | محەمەد وەسمان |
| ٤٩٣ | ١٢ | محەمەد پاکژ |
| ٥٨١ | ١٢ | محەمەد خدر مەولوود (دکتۆر) |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| محەمەد عەلی سوەیرەکی (دکتۆر) | ١٢ | ٦٩ |
| محەمەدئەمین زەکی بەگ | ١١ | ١٣ |
| محەمەدئەمین سەعدون | ١١ | ٣١٣ |
| محەمەدی قازی | ١١ | ٤٣ |
| محەمەدی ماملێ | ٤ | ٤٢٥ |
| محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | ٢ | ١٩ |
| محێدین زەنگەنە | ٦ | ١٠٧ |
| مریەم خان | ٦ | ٣٣٣ |
| مزگین حەسکۆ | ٩ | ٢٥١ |
| مستەفا ئەتروشی | ١١ | ٣١٩ |
| مستەفا زەڵمی (دکتۆر) | ٤ | ١١ |
| مستەفا زەنگەنە (دکتۆر) | ٧ | ١٩١ |
| مستەفا ڕابەر | ٧ | ٢٨١ |
| مستەفا ساڵح کەریم | ٢ | ٥٥٩ |
| مستەفا نەریمان | ١٢ | ١٥ |
| مشکۆ هەولێری | ١ | ٣٢٥ |
| معروف جیاووک | ١ | ٢٩٣ |
| مهاباد قەرەداغی | ٢ | ٦٠٥ |
| مەجید ئاسنگەر | ٣ | ١٨٥ |
| مەجید خۆشناو | ٧ | ٤٠٥ |
| مەجید عەبدولڕەحمان | ٧ | ٤٤٩ |
| مەحفوز مایی | ٥ | ٢٣٣ |
| مەحمود زامدار | ١ | ٣١١ |
| مەحموود باجەلان | ٩ | ٣٤٥ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| مەحموود دەروێش | ٢ | ١٣٩ |
| مەحموود هۆمەر باوزێ | ١١ | ٣٣٣ |
| مەدحەت بێخەو (شاعیر) | ١ | ٣١٩ |
| مەدیحە برادۆستی | ٢ | ٦٠١ |
| مەدیحە سۆفی (دکتۆرە) | ٥ | ٢٠٩ |
| مەرزییە فەریقی | ١٢ | ٢٩٣ |
| مەریوان مەسعوود | ١٠ | ٣٦٣ |
| مەزهەری خالقی | ٦ | ١٤٥ |
| مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی | ١٢ | ٤٩٩ |
| مەسعود پەرێشان | ٢ | ٣٩٩ |
| مەسعود خالد گولی | ١٠ | ٤٦٥ |
| مەسعود محەمەد (بیرمەندو روووناکبیر) | ١ | ١٩ |
| مەعسوم مائی | ٨ | ٢٠٩ |
| مەغدید حاجی | ٩ | ١٢٥ |
| مەغدید سەپان (دکتۆر) | ٤ | ١٦٥ |
| مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (بیرمەندو ڕۆناکبیر) | ٢ | ١١ |
| مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی | ١١ | ١٢٥ |
| مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | ٥ | ١١ |
| مەلا عەبدوڵلا فەرهادی | ٩ | ٩ |
| مەلا محەمەد سەعید بریفکانی | ١١ | ١٣٣ |
| مەلا مەسعودی بێبەش | ١ | ١٤١ |
| مەلا محەمەدی شەلماشی | ١٢ | ١١ |
| مەلای گەورەی کۆیە | ٧ | ١١ |
| مەلەڤان ڕەسووڵ | ١١ | ٣٤١ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| مەلەک ڕۆژهات | ٩ | ٢٨٩ |
| مەولود ئیبراهیم حەسەن (دکتۆر) | ٤ | ١١٩ |
| موئەیەد تەیب | ٢ | ٢٣١ |
| موجتەبای میرزادە | ١١ | ٣٢٥ |
| موحسن عەبدولڕەحمان | ٦ | ٥٠٥ |
| موحسین ئاوارە (شاعیر) | ١ | ٢٣٧ |
| موحسین قۆچان | ٣ | ١٢٩ |
| موحسین محەمەد | ١٢ | ١٧١ |
| موسا عەنتەر | ٨ | ٦٩ |
| موسەدەق تۆڤی | ٣ | ٣٤٣ |
| موکەڕەم تاڵەبانی | ١٠ | ٤١٥ |
| مومتاز  حەیدەری | ١ | ٢٦٩ |
| میدیا بێگەرد | ٨ | ١٧٩ |
| میر جەلادەت بەدرخان | ١٠ | ١٧ |
| میرزا مەنگوڕی | ٦ | ١١٩ |
| **ن** | | |
| ناجح گوڵپی | ٩ | ٢٧ |
| ناجی تەها بەرواری | ٧ | ٤٩١ |
| نادیە کەریم کۆیی | ١١ | ٣٤٧ |
| نارین عومەر | ٧ | ٦٣ |
| ناز فەلەکەدین | ٦ | ٣٥٩ |
| نازم دڵبەند (شاعیرو نووسەر) | ١ | ٣٨٥ |
| نازم کەریم | ٦ | ٤٣٣ |
| ناسر حەسەن | ٢ | ٢٩٩ |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| ٣٤١ | ٨ | ناسر حوسامی |
| ٤٣١ | ٤ | ناسری ڕەزازی |
| ٣٢٩ | ١ | نافیع ئاکرەیی (دکتۆر) |
| ٣٣٩ | ١٢ | ناڵە حەسەن |
| ٣٣ | ٧ | ناهیدە ڕەفیق حیلمی |
| ٣٠١ | ٨ | نزار جەرجیس |
| ٣٣٥ | ١ | نەجمەدین موفتی |
| ٥١٣ | ١ | نەبیل عەریف خدر (وێنەگر) |
| ٤٧٥ | ١ | نەجات خەتات |
| ٧٧ | ٢ | نەجاتی عەبدوڵڵا (دکتۆر) |
| ٥٢٩ | ١ | نەجمەدین عەزیز سمایل |
| ٣٩٣ | ٧ | نەجمەدین غوڵامی |
| ٣١ | ٦ | نەجمەدین مەلا |
| ٥٢٧ | ٢ | نەجیب بالایی |
| ٣٠٧ | ١٠ | نەجیبەی مەلای گەورە |
| ١٥٧ | ٤ | نەزەند بەگیخانی (دکتۆر) |
| ١٠٧ | ٥ | نەژاد عەزیز سورمێ |
| ٥٥٥ | ١٠ | نەسرین حەسەن ئیسماعیل |
| ٤٧٧ | ٦ | نەسرین شێروان |
| ٩٧ | ٢ | نەسرین فەخری (دکتۆرە) |
| ٤٥٥ | ١٢ | نەسرین دڵیار (دکتۆر) |
| ٢٢٣ | ١٠ | نەفیسا ئیسماعیل (دکتۆر) |
| ٣٥٧ | ١١ | نەواف بەشار |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| ٣٠٣ | ٩ | نەوزاد حاجی شوشە |
| ٢١١ | ٣ | نەوزاد ڕەفعەت |
| ٣٧١ | ١ | نەوزاد عەلی ئەحمەد (دکتۆر) |
| ٣٣٥ | ٧ | نورەدین زازا (دکتۆر) |
| ١٨٧ | ٥ | نووری عەلی ئەمین |
| ٩٧ | ٨ | نوین بەهادر (پرۆفیسۆر دکتۆر) |
| ٣٥٣ | ١١ | نیزام شوکر |
| ٣٢٣ | ٩ | نیشتمان عەبدولقادر |
| ٤٤٥ | ١ | نیعمەت عەبدوڵڵا |
| | | هـ |
| ٣٤٣ | ١ | هادی چاوشلی |
| ١١٩ | ٧ | هادی زیائەدینی |
| ٣٦٩ | ١١ | هاژە بەرزنجی |
| ٤٨٧ | ١ | هاشم جەباری (میدیاکار) |
| ٣٦٣ | ١١ | هاشم سەڕاج |
| ٢٦٩ | ٢ | هاشم عەلی مەندی |
| ٩٣ | ١٢ | هاشم ئەحمەد زادە |
| ١٥٧ | ٧ | هاوڕێ باخەوان |
| ٢٩١ | ٦ | هاوژین سلێوە( دکتۆر) |
| ٣٣٥ | ٤ | هەردەوێڵ کاکەیی |
| ١٧٩ | ٤ | هەژار موکریانی |
| ١١ | ٣ | هەڵوەستەیەک(.... خۆم و (یان)من و) |
| ٥١٥ | ٤ | هەنار موفتی |
| ٤٣٣ | ١٢ | هەوار محەمەد |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| هەوریی | ١٢ | ٣٥٧ |
| هوشیار سەید ئەحمەد( هونەرمەند) | ١ | ٤٤١ |
| هوشیار عەبدوڵڵا | ١١ | ٤٤٥ |
| هیام عەبدولڕەحمان | ١١ | ٤٤٩ |
| هیڤی حەمۆ | ١٠ | ٤٣٥ |
| هیمەت کاکەیی | ١٢ | ٢٥٧ |
| هیوا سەرهەنگ | ١ | ٢٢٥ |
| هێرش کەمال ڕێکانی | ٩ | ٣٣٧ |
| هێڤی بەرواری | ٣ | ٣٩٧ |
| هێمن عومەر خۆشناو (دکتۆر) | ٩ | ٣٠٩ |
| هێمن موکریانی | ٤ | ١٩١ |
| **و** | | |
| وتەیەک | ١١ | ١١ |
| وریا ئەحمەد( هونەرمەند) | ١ | ١٩٥ |
| وریا عومەر ئەمین( دکتۆر) | ٢ | ٦٧ |
| ولیەم یۆحەننا | ٣ | ١٥٩ |
| وەزیری نادری | ١١ | ٣١ |
| وەلات توفیق | ٩ | ٤٦٩ |
| وەلید مەعروف | ٩ | ٤٢٧ |
| ویداد قازی | ٣ | ٤٦١ |
| **ی** | | |
| یاسین قادر بەرزنجی | ٦ | ٢٧٣ |
| یاسین مستەفا | ٥ | ٤٨٩ |
| یەحیا مەرجان (هونەرمەند) | ١ | ٤٦٩ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| یەڵماز گۆنای | ٨ | ٧٥ |
| یوسف زەنگەنە (دکتۆر) | ٨ | ٣٥ |
| یوسف مەنتک | ٣ | ٤٧٣ |
| یونس ڕەزایی | ١٠ | ٣٦٩ |

## پێرست


| ناو | لاپەڕە |
|---|---|
| مەلا محەمەدی شەلماشی | ١١ |
| مستەفا نەریمان | ١٥ |
| کەریم زەند | ٢١ |
| عەلی گەلاوێژ | ٢٩ |
| جۆزێف(یوسف)ئۆربێللی (دکتۆر) | ٣٧ |
| حەمەسەعید حەسەن | ٤٣ |
| حەسەن سەیف قازی | ٥٣ |
| کەریمی حیسامی | ٦١ |
| محەمەد عەلی سوەیرەکی (دکتۆر) | ٦٩ |
| لەیلا بەدرخان | ٧٩ |
| عەبدولڕەحمان زەبیحی | ٨٥ |
| هاشم ئەحمەد زادە | ٩٣ |
| ئەمیر حەسەنپوور (دکتۆر) | ٩٩ |
| سەیدایێ کەلەش | ١٠٥ |
| سەیدایێ تیرێژ | ١٠٩ |
| عومەرێ لەعلی | ١١٥ |
| زارێ یوسوپۆڤا (دکتۆر) | ١٢١ |
| دکتۆر جەلیلی جەلیل | ١٢٩ |
| ئەمین شوان | ١٣٩ |
| فەهمی کاکەیی | ١٤٥ |
| جیهاد دڵپاک | ١٥٣ |
| عەلی کەریم | ١٥٩ |
| ئەحمەد محەمەد | ١٦٥ |

| ناو | لاپەڕە |
|---|---|
| موحسین محەمەد | ١٧١ |
| تەڵعەت تاهیر | ١٨١ |
| ئەحمەد قەرەنی (دکتۆر) | ١٨٧ |
| ڕەزوان بادینی (دکتۆر) | ١٩٧ |
| ئازاد سەعید | ٢٠٥ |
| عەبدولسەتار کازم سورەمەیری | ٢١٣ |
| سەید کەریمی ئەیوبی (دکتۆر) | ٢٢١ |
| ئاوات حەسەن | ٢٢٧ |
| ئەمین سەپان | ٢٣٥ |
| سەلاح ئاشتی | ٢٤١ |
| فاتمە عیسا | ٢٥١ |
| هیمەت کاکەیی | ٢٥٧ |
| بەکر شوانی | ٢٦٣ |
| شاناز ڕەمزی هیرانی | ٢٦٩ |
| پەری عومەر خەیلانی | ٢٧٥ |
| سوارەی فتوحی | ٢٨١ |
| بەهار حسەینی | ٢٨٧ |
| مەرزییە فەریقی | ٢٩٣ |
| خوداداد عەلی | ٢٩٩ |
| سەعید یوسف | ٣٠٥ |
| ئەسعەد قەرەداغی | ٣١١ |
| شەونم یەحیا (دکتۆرە) | ٣١٧ |
| عەبدولخالق بەرزنجی | ٣٢٥ |
| تارا ڕەسووڵ | ٣٣٣ |

| لاپەڕە | ناو |
|---|---|
| ٣٣٩ | ناڵە حەسەن |
| ٣٤٧ | حەسەن سیساوە |
| ٣٥٣ | پەری شێخساڵح |
| ٣٥٧ | هەوریی |
| ٣٦٣ | سەعدون کاکەیی |
| ٣٦٩ | حەمید ڕەشاش |
| ٣٧٥ | فەرهاد مستەفا ئەتروشی (دکتۆر) |
| ٣٨١ | ئاسیا خەلیل |
| ٣٩١ | شیلان گەیلانی |
| ٣٩٧ | سمکۆ محەمەد |
| ٤٠٥ | شەیدا مەعروف |
| ٤١١ | ئەرسەلان سەید زادە (دکتۆر) |
| ٤١٧ | سابیر عەبدولڕەحمان |
| ٤٢٥ | سمکۆ عەبدولکەریم |
| ٤٣٣ | هەوار محەمەد |
| ٤٤١ | سەلاح نیساری |
| ٤٤٩ | بەیار زاوێتەیی |
| ٤٥٥ | نەسرین دڵیار (دکتۆر) |
| ٤٦٣ | عومەر حاجی عەلی شەناغەیی |
| ٤٧١ | کەریم خەمزەیی |
| ٤٧٥ | عارەب عوسمان |
| ٤٨١ | قادر زیرەک |
| ٤٨٩ | عەتا چاوشین |
| ٤٩٣ | محەمەد پاکژ |

| لاپەڕە | ناو |
|---|---|
| ٤٩٩ | مەڕوان شێخ حەسەن ڕەشکانی |
| ٥٠٥ | پەیمان عەبدولڕەزاق |
| ٥١١ | ڕێدار سابیر |
| ٥١٧ | ئیسماعیل مستەفا |
| ٥٢٣ | سولین لەوەند شکاک |
| ٥٢٧ | سەفقان ئۆرکیش |
| ٥٣١ | سەردار نۆڕیێ |
| ٥٣٧ | لوقمان محەمەد ڕەشید |
| ٥٤٣ | تانیا فازیل |
| ٥٤٧ | ئیدریس عەلی |
| ٥٥٣ | ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد |
| ٥٥٧ | زاگرۆس نانەکەلی |
| ٥٦٣ | عەباس داودی |
| ٥٦٩ | فاتیح بەختەوەر |
| ٥٧٥ | ئاوات ئەبوبەکر |
| ٥٨١ | محەمەد خدر مەولوود (دکتۆر) |
| ٥٨٧ | ستیڤان شەمزینی |
| ٥٩٧ | ڕوونکردنەوەیەک |
| ٥٩٩ | چەند سەرنجێکی شاعیرو نووسەرانی کورد دەربارەی خۆم و ئەستێرە گەشەکان |
| ٦٧٥ | خۆم و ئەستێرە گەشەکان)لەبەر دەست و دیدی شاعیر و نووسەر و خوێنەران |